# هەژان

**رێخراوی هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت**

**ساڵی بیست و چوارەم**

**2023**

# 32

**ڕێکخراوی هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت**

**ساڵی بیست و چوارەم**

**2023**

**سەرنووسەر: تەحسین حەمەغەریب**

**سرکتێری نووسین: نوعمان محەمەد ئەڵماس**

**دەستەی نووسەران:**

**سەلمان نادر**

**موصعەب ئەدهەم**

**یاسین حەمەسەعید**

**کارزان ئەحمەد**

**ئاری عەلی**

**نەخشاندنی دەرەوە: کەژان عوسمان**

**نەخشاندنی ناوەوە: ئاری عەلی**

**پەیوەندییەکانی گۆڤار لەڕێگەی سکرتێری نووسینەوە:**

**07701927887**

**یان**

Hazhan.mag@gmail.com

# پێڕست



| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 0 | پێشەکی | |
| 1 | پەیوەندیی مێژوو و زمان، مێژوو لە بەستێنی گوتاردا | |
| 2 | کێشەی ژنان: چارەسەرێکی ئەخلاقی و مەعنەوی | |
| 3 | پەیوەندیی ئایینی و سێکیولار لە سەردەمی پۆست سێکیولاریزمدا لە روانگەی (یۆرگن هابرماس)ەوە | |
| 4 | تێڕوانینە فیکری و فەلسەفییەکان بەرامبەر خودا | |
| 5 | هونەر، ناوچە خۆڵەمێشییەکە، پرسی (حەرام و حەڵاڵ)ی، هونەر لە ئایینی ئیسلامدا | |
| 6 | زمانی ئایین و زمانی زانست | |
| 7 | مشتومڕ لەسەر جەوهەری فەلسەفەی ئیسلامی | |
| 8 | رۆڵی سیستمی یاسایی لە بەدامەزراوەییکردنی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا | |
| 9 | فەلسەفەی زمان: دیدی ئەزموونگەرای کلاسیک بۆ واتا | |
| 10 | ناسینی خودا بەبێ بەڵگە: ئایا باوەڕبوون بە خودا پێویستی بە بناغەیەک هەیە؟ | |
| | | |
| | | |
| | | |

## پێشەکی

### بەردەوامیدان بە بەردەوامیی

سەرەڕای کەمبوونەوەی بواری لەچاپدان لەسەرئاستی جیهان، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە، وشەی (لەچاپدراو) هێشتا کێشی خۆی هەیە، بەڵکو هیچ دەستەواژیەکی تر، تەنانەت (گفتوگۆی راستەوخۆ)یش جێی ناگرێتەوە. بەتایبەت لە هەردوو بواری (فیکر و مەعنەوییەت)دا کە دوو پایەی سەرەکی پرۆژەی هەژانن، بۆیە لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکەمان دوای تێپەڕبوونی بیست و چوار ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەیدا بەردەوامین. (بەردوامیی) بووە وشەی چاپکراوە لای دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە. گرنگ بەردەوامیدانە بە بەردەوامیی وەک داستیۆفسکی دەڵێت.

ئێمە بەتەمای بەردەوامیی زیاترین، هەر بۆیە بە هیممەتی کۆمەڵێک قەڵەمی پێگەیشتوو، نووسەری بەردەوام، ئەم ژمارەیە بە شێوازێکی نوێ، بەردەوامیی بە کاروانی بەردەوامیی گۆڤارەکە دەدەین.

زۆر سپاسیان دەکەین، خوازیارین بۆ ژمارەکانی داهاتوو، کاروانی فیکر و مەعنەوییەت بەردەوام بێت.

# پەیوەندیی مێژوو و زمان

## مێژوو لە بەستێنی گوتاردا

**بێستون عەبدولکەریم***

دەوترێت مرۆڤ بوونەوەرێکی گۆیایە، هەندێکیتر دەڵێن مرۆڤ بوونەوەرێکی ریواتکەرە، یان گرووپێکی تر باوەڕیان وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە و هەندێکیتر مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کەلتووریی لەقەڵەم دەدەن، ئەو دەستەواژانەی سەرەوە هێمان بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی مێژووییە، بوون، شوناس و خەسڵەتی مرۆڤ مێژووییە. ئەگەر ئەو پێدراوانەی سەرەوە وەک بەرهەمی بیرکردنەوە، کردار و کۆششەکانی مرۆڤ ببینین، ئەوکات ئەوە زمانە مانا، کارکرد و هورم بەم جیهانە مێژووییە دەبەخشێت. زمان ئەم جیهانە پیشان دەدات و دەیناسێنێت، لێرەدا بە مانا هایدگەرییەکە زمان دەبێتە ماڵی "بوون"، ئێمە لەنێو زماندا دەژین و بیردەکەینەوە. زمان رایەڵ و پردی پەیوەندی ئێمەیە بەو جیهانە مێژووییەوە. زمان پایەیەکی گرنگ و رەگەزێکی پێکهێنەر و کەرەستەیەکی نێوبەشیی زانستە مرۆڤایەتییەکانە، زانستە مرۆڤایەتییەکان مەعریفەیەکن لە دەروونی زماندا، زمان دەیان خوڵقێنی و فرێیان دەدات، لە بنەڕەتەوە ئەم چەشنە لە زانست دەرهاویشتەی کارکردی زمان و گوتارە، لێرەدا زمان پووچەڵکەرەوە نییە، بەڵکو وەک رەگەزێکی چالاک کاریگەریی دادەنێت. بەواتایەکی تر، مەرگی رابردوو رادەگەیەنرێت و مێژوو وەک دەق تەماشا دەکرێت. رابردووی مێژوویی دەبێتە وێنە و تێڕوانینێک لە ئەندێشەی مێژوونووسدا، لەسەر ئەو بنەمایە مەعریفەی مێژوویی بەدیدێت. لەم گۆشەنیگایەوە، رابردوویەکی سەربەخۆ و دابڕاو لە زەینی مێژوونووسدا بوونی نییە، مێژوو گرێدراوی مێژوونووسە. لەڕێگەی زەینییەت و ئاگایی و درکی خۆیەوە بە پاڵپشتی بەڵگەنامە و دیکۆمێنێت و زانیاری و داتا مێژووییەکان، وێنە و نیگاری رابردوو دەکێشێت، واتا مێژوو وەک چیرۆکێک لەبارەی چیرۆکەکانەوە دەناسرێت، بۆیە مێژوو ئەوە نییە کە روویداوە، بەڵکو ئەوەیە کە مێژوونووس درکی دەکات و پیشانی دەدات. بەوتەی میشێل فۆکۆ

«مێژوو شانۆی کردەی گوتارەکانە». لێرەوە جەنگی ریوایەتەکان دەست پێدەکات و مێژوو دەبێتە گۆڕەپانی راڤە و ریوایەت. وتراوە فەلسەفەی هاوچەرخ فەلسەفەیەکە زمان چەقەکەیەتی. زمان لە دونیای ئەمڕۆدا تەنها کەرەستەی راڤە و رانان نییە، تەنها ئامرازی پەیوەندیی و رایەڵە نییە، ئەرکی زمان لە رووبەری وێناکردن و بەیانکردندا قەتیس نابێت، بەڵکو رۆڵی پێکهاتەشکێنی و ئافراندن دەبینێت. هەروەک ژاک لاکان بڕوای وایە «ئەوە جیهانی وشەکانە جیهانی شتەکان دەخوڵقێنێت».

پۆستمۆدێرنیزم بە یەکێک لە روانگە سەرەکییەکانی سێ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمی زایینیی لە کایە و بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا دادەنرێت، کە سەرەڕای لێکەوتە و دەرهاویشتە پێکهاتەشکێن و بەرخوردە نەرێنییەکانی لە پانتایی پانوبەرین و درێژخایەنی گوتاری مێژوویی و مێژوونووسیی، کاریگەریی و دەرئەنجام و بەکارهێنانی جیاوازی هەبووە. ئەم وشەیە، هاوشێوەی وشەکانی تری وەکو مۆدێرن، کلاسیک یان رۆمانتیک، دەرخەری ئەوەیە کە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامانی تیۆریی دەبارەی قۆناغێکی تایبەت بەکاردێت.

یەکێک لە پێناسەکانی پۆستمۆدێرنیزم لێکدانەوەیە بۆ رۆڵ و بەشداریی پۆستمۆدێرنیزم وەک جۆرێک لە گوتاری تیۆریی بزێو، دینامیکی و تەنگەژەساز کە بەردەوام لە دۆخی پەرەگرتن و پەرەسەندن، زۆربوون و فرەبووندایە لە پەرەپێدان و فراوانکردنی بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لەوانە مێژوو و کایەی مێژوونووسیی لەبەرچاو دەگیرێت. دەرخەری سرووشت یان ماهییەتی نەرێنی و گومانئامێز لەگەڵ بەدگومانی و بێمتمانەیی لەبارەی ئەو شتانەی لە ئێستا و رابردوودا بوونیان هەبووە و هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی مەبەستەکانی زەمەنی ناوبراو. هەروەها پۆستمۆدێرنیزم ئاماژەیە بۆ دەرخەری نەبوونی دڵنیایی و یەقین لەبارەی ئاڕاستە و لایەنگیریی گۆڕانکارییەکان، ئەمەیش دەرخەری ئەو راستییەیە کە چیتر لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ناژیین. هەروەها دەرخەری جۆرێک لە دابڕان و نابەردەوامی، جۆرێک لە سستی و هەرەس، وەستان و پچڕانی کۆمەڵایەتی و

مێژوویی، هەروەها جۆرێک لە گەیشتن بە کۆتایی، یان کۆتایهاتنی سەردەمێکی دیاریکراو و جیاواز، واتا سەردەمی مۆدێرن بە فۆرم و چوارچێوە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و کەلتوورییەکانیەوە.

زۆرێک لە رەخنەگران، دەیەی 1960 بە وێستگەی کۆتایی هێڵی مۆدێرنیزم لێکدەدەنەوە، درک و تێگەیشتن لە مۆدێرنیزم لانیکەم بۆ روونکردنەوەی ئەو شتەی کە پێویستە لەسەر مۆدێرن بیزانین زەرووریيە. ئەو قۆناغە دەستپێکی دەرکەوتنی رەوتە نوێیەکانی بواری مێژوونووسیی و میتۆدناسییە لە ئەورپا، ژمارەیەک ناونیشان، بابەت و روانگەی نوێ سەبارەت بە پرس و مژارەکانی بواری مێژوو خرایەڕوو، لە دەیەکانی 1970 و 1980 ئەم رەوتە نوێیانە پەرەسەندن و پێشکەوتنی زیاتریان بەخۆوە بینی. پۆستمۆدێرنیزم وەک نەریتێکی فکری رەخنەی ئەو گوتارە زاڵ و باڵادەستانە دەکات کە بنکە و ناوەندە کەلتوورییەکانی مۆدێرنی رووبەڕووی تەنگەژە کردۆتەوە، وەک گوتاری جێگیریی، لێبڕاوەیی (حەتمییەت)، حەقیقەتی دەق و بنەما و پێکهاتەکانی زانست لە کایەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی.

روانگەی مۆدێرنیزم لەبارەی مێژووەوە ئەوە بوو کە مێژوو لەسەر هێڵێکی راستەوانەی روولەپێشکەوتنە و رابردوو دەکرێت بناسرێت و شیانی دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەتی مێژوویی رێی تێدەچێت، هەروەک لۆرد ئاکتۆن دەیگوت دەتوانین مێژووی تەواوی قۆناغە مێژووییەکان بنووسین و دۆسیەی ئەو رووداوە دابخەین و دەرگای گومان و ڕاڕایی نەهێڵین و جێگەی رەزامەندی هەمووان بێت.

ئەندێشەی پۆستمۆدێرنیزم، زۆرێک لە بیروباوەڕە چەقبەستووەکانی لە کایەی مێژوونووسیی و فەلسەفەی مێژووی خستە ژێر پرسیارەوە، بۆ نموونە، ئەو بیروباوەڕەی کە پێی وایە لێکۆڵینەوەی مێژوویی، دەبێت لێکۆڵینەوەیەک بێت دەربارەی رابردوو، تەنها لێکۆڵینەوەی رێپێدراو و باوەڕپێکراو دەربارەی رابردوو، لێکۆڵینەوەیەکە کە بەشێوەیەکی بێلایەنانە و واقیعی قسە لەسەر درکی رابردوو بکات و بەدوای دۆزینەوەی بنەچەی حەقیقەتی رابردوودا بگەڕێت.

مێژوو لەسەر بنەمای بەڵگە و رووداوە واقیعییەکانی ژیانی مرۆڤ پێکدێت و مێژوونووس بە بینینی ئەو رووداوانە یان لەسەر بنەمای گێڕانەوەی بینەران، هەوڵدەدات پەسن و شیکاریی زانستیی دەربارەی ئەوانە بخاتەڕوو. ئەم واقیعییەتە حەقیقییە بە هورمی واقیعییەتێکی "سەروو-دەق"ی دەخوێنرێتەوە، بەواتایەکیتر "رووداو لە رابردوو"دا بەهاوکاری نواندنەوە بەشێوەیەکی زمانیی" کەلام"یی دەردەکەوێت. ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کە مێژوو دەقە، ئەوکات ئێمە بەهیچ شێوەیەک دەستمان بە رووداوی واقیعیی رابردوو ناگات و تەنیا ریوایەت و تەفسیری ئەو رووداوە لەبەردەستە و ئەو ریوایەتەیش تێکەڵ بە دەرمارگیری، بەها، باوەڕ، هەست و دیدگای تایبەتیی مێژوونووس دەبێت. لێرەدا ریوایەت رەگەزێکی سەرەکییە بۆ ناسینەوەی رابردوو. لەڕووی ریوایەتەوە، حەقیقەتی مێژوویی پەرتەوازە و فرە جەمسەرە و زیاد لە رووخسارێکی هەیە، گەڕان بەدوای بنجوبناوان و خاوەندارێتی و شوناسە ئەسڵییەکەی حەقیقەت، جگە لەوەی لە فکری پۆستمۆدێرندا هیچ ژێرخانێکی تیۆریی و فکریی پاڵپشتی ناکات، هاوکات هەوڵێکی تاقیکراوە و سواوە. کەواتە حەقیقەت خاوەنێکی هەمیشەیی و کەلەپوورێکی تاپۆکراو و سەنتەرێکی دیاریکراو و چەقێکی نەگۆڕی نییە، ئەوەی جێگەی باسوخواسە ئەوەیە کێ بانگەشەی بوونی حەقیقەت و بەرهەمی دەهێنێت، چۆن راڤەی دەکات و لە کوێدا دەیخولقێنێت و بۆ چ مەبەستێک دەیخولقێنێت.

پۆستمۆدێرنیزم، گۆشەنیگا و روانگەی نوێی بەڕووی تیۆری فەلسەفەی مێژوو، مێژوونووسیی و فێمێنیزم و ژینگە و کایە هەمەجۆرەکاندا کردەوە. لەدیدی پۆستمۆدێرندا، مێژوو تەنها لەڕێگەی نواندنەوەوە لەبەردەستدایە و بەم هۆیەوە مێژوو سرووشتێکی "سەروو-دەق" ی هەیە. بەواتایەکیتر، روانگەی پۆستمۆدێرن، دروشمە گەورەکانی کایە جیاوازەکانی مێژوو رووبەڕووی کێشە دەکاتەوە، بەتایبەت لە هەوڵدایە تا نیشانی بدات کە بانگەشە رەهاکانی حەقیقەت- ئەو بانگەشانەی کە جەخت لەسەر گەیشتن بە حەقیقەتی رەها دەکەنەوە و لافی ئەوە لێدەدەن حەقیقەتی رەهایان لەبەردەستدایە و بەشێوەیەکی مسۆگەر، تۆقێنەر، قۆرخکراو بە مولکی بێهاوتای خۆیانی دەزانن، بانگەشەیەکی فشۆڵ و پووچە.

پۆستمۆدێرنیزم بزوتنەوەیەکە لەسەر بنەمای خەسڵەتی بەرەنگاری و تەنگەژەخوازانە پێکهاتووە، پێش هەر شتێک، دژ بە بنچینەکان، بەراییەکان، بنەماکان و ئەو مەعریفەناسییەی کە هەیە- واتا ئەو شێوە و ڕێگایانەی کە بەهۆیەوە بڕوامان وایە گەیشتووین بە ڕاستییەکان- ڕاپەڕیوە. ئەو جەخت لەسەر زمان وەک گێڕەرەوە، نیشاندەر و ناسێنەر دەکاتەوە و دەڵێت زمان توانای ئەوەی نییە بتوانێت وێنەیەکی یەکسان و چوونیەک لەگەڵ واقیعدا بخاتەڕوو. جێنکینز ( Keith Jenkins) بڕوای وایە «شتێک بەناوی واقیعییەتی ڕاستەقینە و حەقیقی لە دەرەوە بوونی هەیە، بەڵام ئەگەری دەستڕاگەیشتن بەو واقیعییەتە لەڕێگەی نواندنەوەی زمانییەوە ڕەت دەکاتەوە». زۆرینەی تیۆردانەرانی پۆستمۆدێرن هاوڕان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئیمکانی بوونی حەقیقەتی تاقانە، ڕەتکردنەوەی خستنەڕووی وێنەی حەقیقەتی تاقانە لەسەر جیهانی دەرەکی و ڕەتکردنەوەی ئەگەری وێناکردن یان خستنەڕووی وێنەی حەقیقی و تاقانە لەسەر ڕابردوو یان ئێستا.

بنەما فکرییەکانی پۆستمۆدێرنیزم بریتییەلە دەرخەری جۆرێک لە باڵادەستی و زاڵبوونی مێژوویی، بەواتایەکی تر، ئاشکراکەری جۆرێک لە تێپەڕاندن و بەزاندنی قەڵەمڕەوی مۆدێرنیتە. ئەوەی لە هزری مێژوویی پۆستمۆدێرندا گرنگە ئەوەیە کە مێژوو چۆن درک دەکرێت، چ لێکدانەوە و تێگەیشتنێک بۆ مێژوو هەیە، لە هەمووی گرنگتر مێژووە جیاوازەکان، هەریەکەیان چۆن و بەهاوکاری چ میتۆد و ڕێبازێک تۆمارکراون، نووسراون یان دەنووسرێن، واتە چەندە ناوەڕۆک، مانا و شوناس و لێکەوتەکانی ڕووداوە مێژووییەکان گرنگن، ئەوەندەش نواندنەوە، ناساندنەوە، دووبارە بیرلێکردنەوە و ئافراندنەوەی گرنگە. لێرەوە مێژوونووس لەو شانۆ مێژووییەدا وەک گێڕەوە و ریواتکەر پێگە و قورسایی زیاتر پەیدا دەکات. خەیاڵدانی مێژوونووس ئاوێنەیەک نییە هەرکات تیشکی ڕووداوەکان بەریکەوت، وەک خۆی پیشانی بداتەوە، لەوێ جۆرێک لە باوەڕ، گریمانە، هەست، بەها و لایەنگیریی هەیە، ئەمانە دەبنە لەمپەر و وێنە واقعییە مێژووییەکە خەوشدار دەبێت و وێنەیەکی تری لەبەردەگیرێتەوە. بە تێپەڕبوونی زەمەن ڕووداوە مێژووییەکان، وێنە ئەسڵی و حەقیقییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن و دەگۆڕدرێن بۆ جۆرێک ریوایەت و تەفسیر

و وێنەی رووداو و ئیتر یەک "مێژوو"مان نییە، بەڵکو "مێژووەکان"مان هەیە. ئەوەی کە لە رابردوودا مێژوونووسان هەریەکەیان لەسەر بنەمای ئەو شێواز، سەلیقە، ژانر و رێبازانەی کە خۆی پەسەندی کردووە، خەریکی تۆمارکردن و نووسینەوەی بەسەرهاتەکانی رابردوو بووە، ئیتر زۆر بەهەند وەرناگیرێت، بە پێچەوانەی هەوڵ و هەنگاوە تیۆرییەکانی پێشووەوە، لەم چەند دەیەی کۆتاییدا، هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی مێژوو و پێوانی ئاراستە و دیاریکردنی لایەنگرییە تازەکان بۆ ئەم بوارە دەبینرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، گوتاری مێژوو چۆتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێک کە بە کێشەی تایبەت و رێگەچارەی تایبەت، پێکهاتەی تایبەت، بەکارهێنانی بونیادە تایبەتەکان، ئامراز و کەرەستە تایبەتەکان ناسراوە، ئەم سەردەمە کە هەندێک بە قەرزوەرگرتن لە ژان فرانسوا لیوتار بە دۆخی "پۆستمۆدێرنیتەی مێژوو" ناوی دەبەن.

گوتاری پۆستمۆدێرنیزم لە کایەی مێژوونووسییدا کە کاریگەری لەسەر زۆرێک لە مێژوونووسان و توێژەرانی مێژوو هەبووە و هەیە، ئەوەیە کە ئەوان بەو دەرئەنجامە مشتومڕهەڵگر و کێشەسازە گەیشتوون کە چیتر لەبارەی حەقیقەتی رابردووەوە نەنووسن، هەروەک نیچە دەیگوت «حەقیقەت ئەفسانەی مۆدێرنەیە». لە ئێستادا، ژمارەیەکی کەم لە مێژوونووسان هێشتا باوەڕیان وایە دەربارەی حەقیقەتی رابردوو بنووسن. ئەوەی خوێندنەوە و گوتاری پۆستمۆدێرن دەربارەی مێژوو لە تەواوی خوێندنەوە و گوتارەکانی پەیوەندیدار بە مێژوو و مێژوونووسیی جیا دەکاتەوە، دەرکەوتنی روانگەی میتۆدناسیی پێکهاتەشکێنییە، تێڕوانینی پێکهاتەشکێنی دەربارەی مێژوو، لەبارەی سەرچاوە و بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکان، دەربارەی شرۆڤە و راڤە مێژووییەکان، لەبارەی کەرەستە و ئامرازەکان، لەبارەی شێواز و رێگاکانی مێژوونووسیی و فەلسەفەی مێژوو بووە هۆی ئەوەی کە تەواوی کایەی مێژوو تووشی گۆڕان و وەرچەرخانی ریشەیی و بونیادیی بێتەوە. بەجۆرێک لە ئێستادا، لە پانتایی پۆستمۆدێرندا یان لانیکەم لە هەلومەرجی پۆستمۆدێرندا، کارگوزارانی مێژوو وەکو مێژوونووسەکان، فەیلەسووفەکانی مێژوو،

مامۆستایان و خوێندکارانی مێژوو، تیۆردانەران و راڤەکاران بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لە پێشوو لە مێژوو دەڕوانن و درک و تێگەیشتنی جیاواز دەخەنەڕوو.

مێژوونووسان و تیۆردانەرانی مێژوو جەخت لەسەر بایەخدان بە مشتومڕ و بابەتەکانی پۆستمۆدێرن دەکەنەوە، لەوانە بیرمەندانی وەک:

هایدن وایت (Hayden V. White)

ئالۆن مانسلۆ (Alun Munslow)

کیت جێنکینز (Keith Jenkins)

فرانک ئەنکرئسمیت (Franklin Ankersmit)

تونی بێنت ( Tony Bennett) و ئەوانی تر.

ئەو باسوخواسانەی کە پۆستمۆدێرن گرنگیی پێدەدات، بریتییە لە بێلایەنی مێژوونووس، بەها، گوتار، زمان، ریوایەت، نواندنەوە، زەنییەت.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی تێڕوانینی پۆستمۆدێرنیزم سەبارەت بە مێژوو ئەوەیە کە مێژوو لە بنەڕەتدا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، رەوتێکی تیۆرییە، بۆیە تەواوی کارگوزارانی ئەم بوارە، نەک تەنها دەبێت مەسەلەی چییەتیی یان ماهییەتی مێژوو و مێژوونووسیی لە رەهەندە جیاوازەکانی بوونناسی، مەعریفەناسی، میتۆدناسی و گوتارییەوە بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، بەڵکو دەبێت لە دەستکەوتە گرنگەکانی پۆستمۆدێرنیزمیش ئاگادار بن. لە ئێستادا روانگەکانی پۆستمۆدێرنیزم بۆ مێژوونووسیی لە ریزی گرنگترین و کێشەدارترین روانگەکان بۆ مێژوو و مێژوونووسیی هەژمار دەکرێت. پۆستمۆدێرنیزمەکان بڕوایان وایە ئەگەر تێگەیشتنی زۆر وردمان لەسەر ئەم روانگەیە هەبێت، دەتوانین هاوکاریی لێکۆڵینەوە و هۆشیاریی رەخنەی مێژوونووسیی بکەین. هەروەها لەلایەکی ترەوە، ئاشنابوون بە تێڕوانینەکانی پۆستمۆدێرنیزم دەبێتە هۆی نەمانی بێئاگایی تیۆریی خوێندکاران بۆ ئەم رشتەیە.

ناتوانین مێژوو و رابردوو یەکسان دابنێین، بەڵکو مەودایەک لە نێوانیاندایە، رابردوو رووداوێکە تێپەڕیوە کە مێژوو هەوڵدەدات بیگێڕێتەوە و تەفسیری بکات، لەم روانگەیەوە مێژوو راپۆرتێکی واقیعگەرایانە سەبارەت بە رابردوو نییە، بەڵکو شێوەبەندییەکە لەلایەن تێڕوانینەکانی دامەزراوەکان و نیگای ئەبڵەقاوی و واقوڕماوی دەسەڵات ئافرێندراوە، ئەوەی بە رابردوو ناوی دەبەین، تەنیا لەڕێگەی بابەتە زەینییە ئایدۆلۆژییەکانەوە خولقێنراوە. بەواتایەکی تر، مێژوو بە قسەکردن لەگەڵ ئێمەدا درێژەی دەبێت نەک لەڕێگەی رابردوویەکی واقیعی و بەردەست، هەروەها لەڕێگەی کۆیادەوەری، خەیاڵسازی و ئەفسانەدارشتنەوە بەدیدێت. مێژوو درکی ئێمەیە لەسەر رابردوو و کردارێکی گوتارییە کە هەوڵدەدات رابردوو یەخسیر و تەفسیر بکات، ئی.ئێچ.کار (Edward Hallett Carr) وتەیەکی هەیە دەڵێت: «مێژوو گفتوگۆی بێکۆتایی مێژوونووسە لەگەڵ رابردوودا». یان بە وتەی مەولانا «ئەم پەیڤ و کەلامە کۆتایی نییە، هۆشی هەیە». مێژوو پەیوەندی دانەبڕاوی کۆمەڵگا و رابردووە، رابردوو هەرگیز نامرێت و ئاوا نابێت، چونکە بە بەردەوامی پێناسەی دەکەین و بەرهەمی دەهێنینەوە و وێنە و مانای نوێی لێ وەردەگرین، بەوتەی عەبدولکەریم سرووش «مێژوو بوونێکی زیندوو و رۆحدار و خاوەن ئیرادەیە، کەواتە رابردوو کۆتایی نەهاتووە و لە ئێستادا دەژی و هاونشینی ئێمەیە». یان بەوتەی عەباس وەلی «مێژوو هەر تەنها رابردوو نییە، بەڵکو تەفسیری رابردوویشە».

گوتار زاراوەیەکی ئاڵۆز و گشتگیر و مێژووکردە، ئامرازی دارشتن و بەرهەمهێنان و نواندنەوەیە و لە دەرەوەی کات و شوێندا نییە. دیاردەکان، پرسەکان و رووداوەکان لە پانتایی گوتاردا مانا پەیدا دەکەن و شوناس وەردەگرن. ئەگەر لە گۆشەی گوتار و زمانەوە لە دۆخەکە بڕوانین، هیچ هەلومەرجێکی مێژوویی و واقیعیی جێگیر و نەگۆڕ بوونی نییە، ئەوەی هەیە بریتییە لە رستێک گوتاری ناکۆک و دژبەیەک کە هەریەکە هەڵگری پێکهاتە و بکەر و مەبەست و روانینی تایبەتە و لە هەوڵی خولقاندنی واقیعێکی ساختە و دروستکراودان. ناکۆکی و ململانێی نێوان گروپ و هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەناو بازنەی گوتاردا رەنگدەداتەوە. گۆڕەپانی

گوتار خاڵی بەیەکگەیشتنی هێزەکانە و ئەو پنت و شوێنەیە هێزەکان بەریەکدەکەون و بەگژ یەکتریدا دەچنەوە و دروشم و پەیام و مەبەستەکانی یەکتری تێدا دەخەڕوو. بەدەربڕینێکی تر، واقیع دەرکەوتە و زادەی گوتارە، لە دونیای ئەمڕۆدا، شتێک نییە لە دەرەوەی گوتار، ئێمە لەگەڵ گوتارەکاندا بەرخورد دەکەین، گوتارەکان ئامرازی گرێدانەوەی ئێمەن بە دونیای دەوروبەرەوە و دەروازەیەکن لەو رێگەیەوە لە کۆمەڵگە دەڕوانین و دەیخوێنینەوە. گوتارەکان حەقیقەت نادۆزنەوە، بەڵکو هێما، واتا و نیشانە دەخوڵقێنن. هاوکات گوتارەکان تەنها کۆمەڵێک وشە، رستە و ئاماژە نین ئەرکیان ریوایەت و تەفسیرکردنی دۆخەکە بێت و ئاوێنەیەک بن واقیعەکە نیشان بدەن و دەرخەری جەوهەری راستەقینەی بەشێکی زۆری دیاردە و رووداوەکان بن، بەڵکو کەرەستە و ئامرازێکی کاریگەرن و توانای بەرهەمهێنان و دەسکاریی و گۆڕینی واقیعەکەیشان هەیە. بەکورتی، ناتوانین لەژێر رکێف و جڵەوی گوتارەکان قوتارمان بێت و لەنێو خانەی گوتاردا دەژیین.

بەبۆچوونی فۆکۆ «گوتار هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت، هیچ کایە و رووبەرێکی تر لە دەرەوەی گوتاردا لە ئارادا نییە، هەموو شتێک لەڕێگەی گوتارەوە درک دەکرێت، بەم شێوەیە جیهانی کۆمەڵایەتیی لە چوارچێوەی گوتاردا دەکرێت بناسرێت و لە دەرەوەی گوتاردا، هیچ حەقیقەتێکی پایدار و رەسەن بوونی نییە». گوتارەکان لە کۆمەڵێک دەستەواژە پێکهاتوون کە بە شێوەیەکی واتادار پەیوەستن بەیەکەوە و بۆچوون و تێگەیشتینی ئێمە بۆ واقیع و جیهان پێکدەهێنن. بەوتەی لودڤیگ ڤیتگنشتاین «جیهانی ئەمڕۆ جیهانی زمانە، تەنها رێگەی گەیشتن بە جیهان زمانە، ژیان لە زمان دانابڕێت».

سەرەتا بۆ ئەوەی لەو واقیعە مێژووییە ساختەیە تێبگەین، دەبێت پێشوەخت لە سروشت و چییەتی گوتارەکان بکۆڵینەوە کە لەبارەی واقیعەکەوە بەرهەمهێنراون. ناسینی بەستێن و ژینگەی گوتارەکان، پێشمەرجی تێگەیشتنێکی دروستی و عەقڵانییە لە واقیعەکە. دەبێت پرسیار لەوە بکەین ئەم گوتارە چییە و کێ بەرهەمی هێناوە و چۆن بەرهەم هاتووە؟ و لە چ دۆخێکدا خوڵقێنراوە و بۆ چ مەبەستێک بەدیهاتووە؟ پێکهاتەکەی چییە و بەرگری لەچی دەکات؟ لەبەرئەوەی ئەم گوتارانە

دیاردەی فەرهەنگیی و زمانیی رووت نیین، کردەیەکی بێلایەن و بێمەبەست نیین، بەڵکو رەهەندی هزری، سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە و تەنراون بە کۆمەڵێک روانین و مەبەستی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو. مێژوو لە بۆشاییدا روونادات، بەڵکو بەرهەمی دژبەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. مێژوو گوتارێکە شەرعییەتی خۆی لە بونیادەکانی دەسەڵاتەوە بەدەست دەهێنێت و مافی قسەکردنی تایبەت بە رابردوو بۆ خۆی تایبەت دەکات.

گوتارەکان لە پرۆسەی خولقاندنی واتا و نیشانەکاندا هەوڵدەدەن شتێک بە ناوی حەقیقەتەوە دەستەبەر بکەن و بەرگری لێبکەن و لەرێگەی دارشتنی کۆمەڵێک چەمک و زاراوەوە بەدوای بەرهەمهێنانی حەقیقەتەوەن. رەوایەتی گوتاری مێژوویی لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کام گوتار نزیکە لە راستی و حەقیقەتەوە و کامیان لەسەر گریمانە و زانیاری و بەڵگە بیناکراوە، بەڵکو پەیوەندیی بە دەزگا، بونیاد و دەسەڵاتی گوتارەکەوە هەیە، پەیوەندیی بە هێزی گوتار و میکانیزمەکانی و تۆری گەیاندن، پەخشکردن و بڵاوکردنەوەوە هەیە. گوتارە مێژووییەکان لەسەر پۆلێنکردن و جیاکردنەوە دارێژراون و کار لەسەر پەراوێزخستن و چەپاندن و بێدەنگکردنی یەکتری دەکەن، هەندێ شت گەورە، زەق و بایەخدار دەکەن و هەندێ شتیش بچوک و بێدەنگ و بێنرخ دەکەن.

مێژوونووس بێلایەن و بێدەمامک نییە، بەڵکو لایەنگیر و خاوەن نییەت و مەبەستی تایبەتی خۆیەتی، سنووردارکردنی رۆڵی مێژوونووس لەوەدا کە تەنها تەماشاکەر و ناسێنەری مێژووە، دیدێکی خێچ و تێگەیشتنێکی هەڵە و مەترسیدارە. مێژوونووس پێناسە تەقلیدییەکەی خۆی لەدەستداوە، تەنها کەناڵی پەخش، گەیاندن و گێرەرەوەی رووداو و چیرۆکەکان بێت، مێژوونووس لە دونیای ئەمرۆدا سنوورە لۆکاڵییەکەی تێپەراندووە و بەشدارییەکی فراوانتری هەیە و سەرقاڵی بەجێهێنانی ئەرکی نوێیە. مێژوونووس بە چاویلەکەیەکی تایبەت و دونیایەک غەرەز و نیەتی شاراوە و مەرامی ئایدۆلۆژییەوە لە رابردوو دەروانیت، پەیامی مێژوونووس لەو جێگایەدا کۆتایی نایەت کە تەنها ئامرازی رووماڵ و نمایشی وێنەی رووداوەکەیە، بەڵکو مێژوونووس شتەکان دەهارێت و دەپاڵێوێت و بەجۆرێکی تر دایدەرێژێتەوە. بەوتەی یورگن هابرماس «مێژوونوس تەنها تەماشەکەر و ناسێنەری مێژوو نییە، بەڵکو

یاریکەر و سازێنەری مێژوویشە»، هەروەها عەبدولکەریم سرووش باوەڕی وایە نابێت «مێژوو تەنها وەسف و کەشف بکرێت، بەڵکو دەبێت بخوڵقێنرێت».
مێژوونووس کۆی وێنەی رووداوە مێژووییەکە پیشان نادات، لە کات و شوێنی دیاریکراو و بۆ مەبەست و خواستێکی پێشوەخت داڕێژراو لە وێنەکە دەڕوانێت، ئەو گۆشەنیگای تایبەتی خۆی هەیە، واتە وێنەکە ئاوەژوو دەکاتەوە و تەنها برگە و پارچەیەک لە رووداوەکە دەخاتەڕوو و ئەوەی تری لێ دەقرتێنێت و دەیشارێتەوە. بەو رادەیەی کە حەقیقەتت کەشف دەکات، بەهەمان ئەندازە لەولاوە خەریکی شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی بەشەکەی تری حەقیقەتە. بەو رادەیەی حەقیقەتت بۆ باس دەکات، ئەوەندەشت لێ بزر و لێڵ دەکات. لێرەوە ئەوە زیاتر روون دەبێتەوە ئەوەی کە روودەدات و دەگوزەرێت و دەبێتە پێشهات، جیاوازە لە زمانی تەفسیر و وێناکردن و لێکدانەوە. بۆیە پێویستە خوێنەر مەودایەک لە نێوان واقیعییەتی مێژوویی و ئەو شتەی کە مێژوونووس دەیڵێت بهێڵێتەوە و نابێت چوونیەک تەماشایان بکەیت.
هایدن وایت یەکێکە لە مێژوونوسە پۆستمۆدێرن و ناودارەکانی ئەمریکا، سەرنجەکانی لەم بوارەدا جێگەی تێرامانن، ئەو لە سەکۆی زمانەوە لە مێژوو دەڕوانێت، بڕوای وایە مێژوو لەڕێگەی ریوایەتی مێژوونووسەکانەوە دەخوڵقێنرێت. کەواتە مەعریفەی مێژوو تەنها درکی راستیی دەرەکیی یان حەقیقەتی رابردوو نییە، بەڵکو بەرهەمی گوتاری مێژوونووسە. مێژوونووس راستییەکان لە دەرەوە کەشف ناکات، بەڵکو حەقیقەتەکانی رابردووی مێژوو لەڕێگەی ریوایەت و مەجازەوە ساختە دەکات. کەوایە مێژوو کردەیەکی زمانی و گوتارییە، ماهیەت و حەقیقەتی مێژوو لە رووبەری زماندا پێکدێت. لە دەرەوەی زماندا شتێک نییە ناوی مێژوو بێت، مێژوو لەڕێگەی زمانەوە دەخوێنرێتەوە و دەناسرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە، مامەڵەی ئێمە لەگەڵ رووداو و پێشهات و دۆخە مێژووییەکە دا نییە، بەڵکو لەرێگەی زمانەوە لەگەڵ مێژوودا پەیوەندی دروست دەکەین. ئەم ریوایەتە لە دونیای ئەمڕۆدا و لەناو واقیعی ئێستادا پێکدێت.
هایدن وایت بڕوای بە دیدگای ریوایەتباوەڕیی بۆ مێژوو هەیە، هاوکات تێڕوانینەکانی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بینینی واقیعییەتی رابڕدوو ناتوانێت حەقیقەتی مێژوویی ئاشکرا بکات، ئەندێشەیەکی لەم شێوەیە لەسەر ناتەبایی

دوانەیی هاوشێوەی (سوژە- ئوبژە، واقیعی– زەینیی، راستی- درۆ، واقیعییەت– چیرۆک) بونیادنراوە. مێژوو لە دیدی وایتەوە کردەیەکی گوتاریی و رەوانبێژییە نەوەک کۆمەڵێک راستیی شیکراوە و واقیعی و ئاشکرا. ئەو راستیی بە رووداوێکی وەسفکراو دەزانێت، مەبەستی ئەوەیە راستیی مێژوویی ساختەی زمانی مێژوونوسەکانە، راستیی ناتوانێت لە وەسفی زمانی جودا بێتەوە. کەواتە رووداوە مێژووییەکان پەیوەستن بە سنوری راستییەکانەوە. بەڵام راستییەکان پەیوەستن بە گوتاری مێژووییەوە. وایت نکوڵی لە راستیی رووداوەکانی رابڕدوو ناکات، بەڵکو بۆچونی وایە هەر دەربڕینێک دەربارەی راستیی یاخود راستییەکان هەبێت، بەتەواوی ساختەی ریوایەتەکانی ئەو رووداوەن. مێژوونوس دەستی ناگات بە راستیی رابردوو، بەڵکو تەنها دەتوانێت دەستی بگات بەو گوتارانەی کە بانگەشەی راستیی دەربارەی رابڕدوو دەکەن. لەم گۆشەیەوە لەبنەڕەتدا مێژوو کردەیەکی «دەق» ییە. کاتێک مێژوونووسەکان رووداوەکانی رابردوو وەسف دەکەن، لەڕاستییدا دەیانەوێت دەربارەی ئەوە قسەبکەن کە ریوایەتەکانی تر بە چ شێوەیەک چیرۆکی رابردوویان ناساندووە.

یەکێک لە گرنگترین سەرنجەکانی وایت ئەوەیە کە رابردووی سەربەخۆ لە روانگەی نواندنەوە مێژووییەکەیەوە بوونی نییە، ئەم نواندنەوە مێژووییانە ( دەقی مێژوویی)ن و خۆیان بەرهەمی ئەدەبین. واتە نواندنەوە مێژووییەکان بەشێکن لە مێژوو، نەک دەقی مێژوویی. ئەم بۆچوونە تاڕادەیەک لەسەر بنەمای ئەو ئەندێشەیەیە کە رووداوەکانی رابردوو، ناتوانن وەکو راستیی دانیان پێدابنرێت. دەتوانین تەفسیرە جیاوازەکانی رابڕدوو بەیەکتر بەراود بکەین و رەخنەیان بکەین، تاوەکو بەهێزترین ریوایەتیان دەست نیشان بکەین. بەڵام دەستڕاگەیشتن بە خودی رووداوەکان مەحاڵە. لەسەر ئەم بنەمایە وایت باوەڕی وایە دەبێت مێژوو ئاوڕ لە زمان و بەتایبەت ریوایەتی مێژوویی و نەریتەکانی مێژوونووسین و ئەو شێوازانە بداتەوە کە بۆ ریوایەتی گوتاری مێژوویی سودی لێ دەبینرێت و سەرنجیش بخاتە سەر لایەنەکانی تری زمانناسی و دەقی مێژوویی. بە واتایەکی تر پێویستە سەروو- مێژوو یان "مێتا-مێژوو" metahistory بێت. بەو واتایە پێویستە مێژوو لە گریمانە و ستراتیژەکان بەئاگا بێت و لەو رووەوە بۆ مانابەخشین بە رابردووە سوودی لێوەربگیرێت. بە بۆچوونی وایت ئەوە فۆرمی گوتارە کە مانا مێژووییەکە

دەسەلمێنێت. هیچ مێژوویەکیش بەبێ گوتار نەبووە و نابێت. یەکێک لە پێشگریمانە کاریگەرەکانی وایت ئەوەیە کە هەر جۆرە توێژینەوەیەکی مرۆیی کە توێژینەوەی مێژوویی لەخۆدەگرێت، هێمای سیاسیی یا ئایدیۆلۆژیی هەیە، ریوایەتە مێژووییەکان و نواندنەوەکانی تری رابردوو هەموویان ئایدیۆلۆژین. هەروەها پەرەپێدەری ئەو دیدگایانانەن بۆ مێژوو کە ناتوانێت بەرامبەر هەمان حەقیقەت یان واقیعییەت بێت کە لە ماهییەتی دەقی کردەی مێژوونووساندا دانراوە.

میشێل فۆکۆ لەبارەی سرووشتی ریوایەتەوە دەڵێت پێت وەها نەبێت ئەو ریوایەتەی لەبارەی رووداوەکانەوە خراوەتەڕوو کوتومت پەیوەستە بە خودی زاتی رووداوەکانەوە، چونکە ئەم ریوایەتانە ئەبەدی و جەوهەری و هەمیشەیی و پایدار نیین، پێویستە ئەمانە مێژووییانە لێکبدرێنەوە، بۆیە وشەکانیش تەواوی واقیعییەت پیشان نادەن، ئەمیش بەشێک لە حەقیقەت باس دەکات و مێژوو خۆی وەک "بوون" واقیعییەتێکی هەیە و لەگەڵ ئەو واقیعییەتە زمانییەی کە مێژوو دەیخاتەڕوو جیاوازە، دوو شێوەی "بوون" ی مێژوویی دەردەکەون. شیکاریی زمانیی جوڵە میتۆدناسییەکە بەدوای چۆنێتی و بۆچییێتی رووداو و دیاردەی مێژووییدا ناگەڕێت، بەڵکو مێژوو لە قاڵبی زماندا پاساو دەدات، لەو رێگەیەوە واتا و ئەزموونی مێژوو کەشف دەکات. هەموو ئەزموونە واقیعییەکانی مرۆڤ لەناو مێژوودا هەیە و بە نێوانگیریی زمان شیاوی ناسینە.

وایت شێوازی ریوایەتی ئەدەبی بە کرۆکی پیشەی مێژوونوسەکان دەزانێت. هەروەها مێژوو بەتەفسیرێک دەزانێت کە فۆرمی ریوایەتی لەخۆگرتووە. لێرەدا بە جیاوازی نێوان زانست وەکو روونکردنەوە و مێژوویش وەکو تەفسیر رازی دەبێت. ئەو بە برەوپێدانی ئەم جیاوازییە، دەیەوێت غروری زانستی مێژوو ئاشکرابکات. غرورێک کە گوایە زانستی مێژوو، روانگەی روونکرنەوەیی بەکاربردووە و دەبات و باوەڕیان وایە راستییەکان و رووداوە دەرەکییەکان بە شێوەیەکی دروست، لۆژیکیی و حەقیقیی پەسن دەدەن.

لەسەر بنەمای وتەکانی سەرەوە، هەموو رووداوێکی مێژوویی دوو وێنەی هەیە، وێنەیەک لە ساتەوەختی روودانەکەوە لەگەڵیدا لەدایکدەبێت و لێی دانابڕێت و دەبێتە رەمزی رووداوەکە، وێنەیەکیش کە لەناو کایەی شیکاریی و لێکدانەوە و تەفسیردا بۆی دەخوڵقێت. بەدەربڕینێکیتر، هەر رووداوێک دوو رووی هەیە، روویەکی

رەسەن و حەقیقی کە رەگێکی راستەقینەی ئاشکرای هەڵگرتووە و لە ژیانی واقیعیدا روویداوە، ئەوەی کە زۆرینەی مێژوونووسان و فەیلەسووفەکانی مێژوو باوەڕیان بە بوونی دەرەکیی رووداوەکان هەیە، ئەم وێنەیە دەرهاویشتەی جەوهەری رووداوەکەیە و رۆحی رووداوەکە نیشان دەدات. وەک دیمەنی ئەو رووداوانەی کە لەپێش چاومان روودەدەن و بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەریان دەکەوین و هیچ بۆشایی و کەلێنێک لە نێوان ئێمە و رووداوەکەدا بوونی نییە و شوێنێک بۆ گومان و راڕایی نامێنێتەوە. لەگەڵ وێنەیەکی نیگارکراو و ساختە و دروستکراو لەسەر بنەما و شوناسی وێنە ئەسڵییەکە، لەشێوەی گێڕانەوە و نواندنەوە وخوڵقاندنەوەوە. ئەم وێنەی رووداوە دەکەوێتە ناو بازنەی دەق و نووسینەوە، ئەم وێنەیە هاوتا و لێکچوو و رەنگدانەوەی وێنە سروشتییەکەی رووداوەکە نییە و لەناو پانتاییە خەیاڵی و زەینییەکاندا دروست دەبێت و لە چوارچێوەی کردەی زمانیی و تەفسیردا پیشان دەدرێت. واتە بوونی مەودا و جیاوازیی لە نێوان پرۆسەی روودانی رووداو و پرۆسەی گوتاری و کەلامیی دەربارەی رووداوەکە، شتێکی روونە. ئەم وێنە لەبەرگیراوەیە گرفتئامێزە و جێگەی مشتومڕە، بۆیە رووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە «چۆن ریوایەتەکان بناسین و راڤەیان بکەین». لێرەوە چەمکی "رابردووی رابردوو" یان "ریوایەتی ریوایەت" سەرهەڵدەدات.

جیاوازیی لە نێوان روانگەی ئەو مێژوونووسانەی کە هاوچەرخی رووداوەکەن و ئەو مێژوونووسانەی کە لە نەوەیەکی ترن و پەیوەستن بە قۆناغی دواترەوە، هەیە، لەم روانینەوە، پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیی مێژوونووس، هەروەها کردەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاینیی و کەلتووری مێژوونووس لەبەرچاودەگیرێت، چونکە مێژوونووس لەسەر بنەمای ئەمانە دەست بۆ نووسینی مێژوو دەبات، ئەم مەسەلانە سنووری ریوایەتەکانی مێژوو بەرتەسک و بچووک دەکەنەوە. بەوتەی کوزەلک (Reinhart Koselleck) «مێژوو لەگەڵ ئەو شتەی کە لە پێشدا یان لە کاتی روودانیدا دەوترێت جیاوازە، مێژوو ئەو شتەیە کە مێژوونووسان لە دیدی تاکەکەسیی خۆیانەوە دەیخەنەڕوو». واقیعییەتی رابردوو، سەرەتا بەشێوەی مێژووی نووسراو دەردەکەوێت و تۆمارکردنی لە شێوەی نووسیندا، خاڵی دەستپێکە بۆ دروستبوونی جیاوازیی نێوان مێژوویەک کە بۆ یەکەمجار دەرکەوتووە و لەگەڵ ئەو شێوە زمانییە کە لە قۆناغی دواتر

لەخۆیدەگرێت. بەم پێیە، شێوەی نووسراوی مێژوو، ڕەهەندێکی مەعریفیی لەخۆدەگرێت. بە تێپەڕبوونی کات، ئەو مێژووەی کە شێوەی زمانیی لەخۆگرتووە، وێنەی جیاوازی لەبەردەگیرێتەوە و کۆپی دەکرێت، نوسخەی تازەی لێ بەرهەمدێت و دەگوازرێنەوە بۆ قۆناغی تر. پاشان دەرگای ڕەخنە و ناسینەوەی و پێداچوونەوە بەڕووی ئەو ریوایەتانەدا دەکرێتەوە. کاتێک مێژوونووس سەرچاوەی تازە، روانگە و ئەندێشەی نوێ و میتۆدی نوێ دەستبەر دەکات، سەرلەنوێ ناسینەوەی مێژوو دەبێتە زەرورەت، لێرەوە وێنەی مێژوو گۆڕانی بەسەر دێت و ریوایەتی تازە دەخوڵقێنرێت و چیتر ریوایەتە کۆنەکان جێگەی باوەڕ نین و قبووڵکراو نین، پرسیار و مەسەلەی نوێ دەخرێتەڕوو. ئەو زنجیرە مێژووییە گوازراوەیەی کە تا ئێستا هاتووە، توانای وەڵامدانەوەی نییە، ئەمەیش پێویست دەکات کە مێژووەکانی رابردوو دووبارە بنووسرێنەوە.

لەم روانگەیەوە، مێژووە گواستراوەکان لە رابردووەوە بە دووبارە بیرلێکردنەوە بەڵام بە بەراوردکردن بە ئارگیۆمێنتە نوێیەکان سەرلەنوێ دەنووسرێنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەزموونە نوێیەکان و گۆڕاوەکانی مێژوو زیاتر بسازێت. بەواتایەکی -تر، پاساودانە نوێیەکان خۆیان پێویستیان بە بەڵگەی نوێ هەیە و لێرەوە ڕەخنەی سەرچاوە خۆی نیشان دەدات. ڕەخنەی سەرچاوە، تەنها کاتێک فەراهەم دەبێت کە پرسیاری نوێ بخرێتەڕوو. بۆیە ئەم شێوەیە لە ڕەخنە لە جۆری خۆیدا، تەنها ئامرازیکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ئەو وەڵامانەی کە ناتوانین لەڕێگەی ئەو مێژوونووسییە گواستراوانەی رابردووەوە پێیبگەین. هەر شێوەیەک لە دووبارە نووسینەوەی مێژوو، شوێنکەوتەی زەرورەتێکە کە گۆڕانکاریی لە ئەزموونداد دروستیکردووە، زەرورەتێک کە مێژوونووس ناچار دەکات، روونکردنەوە جێگرەوەکان یان تەواوکارییەکان بخاتەڕوو.

هەموو رووداوێکی مێژوویی تاقانە، تایبەت، جودایە و یەکجار روودەدات، بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسی یەکجار روویداوە، بەڵام سەدان پەرتووک و توێژینەوەی لەسەر نووسراوە و تاوەکو ئێستایش لەو بارەیەوە دەنووسرێت. واتا هیچ رووداوێک بۆ هەمیشە تێناپەڕێت، کۆتایی نایەت و دۆسیەی هیچ رووداوێک داناخرێت، وێنەی هەموو رووداوێک لەناو ئەو نووسین و دەقانەدا دەمێنێتەوە کە دەربارەی ئەوە بەرهەم دەهێنرێت. وێنە و ریوایەتی رووداوەکانیش جێگیر نیین و بەپێی کات،

شوێن، روانگە و میتۆد و ئامانجی مێژوونووس دەگۆڕێن. بەڵام هەمیشە پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان واقیعییەت وەکو بوونێکی دانەبڕاو و هەمیشەیی رابردوو و تاوتوێکردنە زمانییەکەیدا هەیە.

لەڕاستییدا، مێژووی رابردوو تا کاتێک "بوون"ی هەیە لە شێوەی نووسین، لەڕێگەی لەبەرگرتنەوە و دووبارە نووسینەوەوە درێژە بکێشێت. واقیعییەتە مێژووییەکانی رابردوو، بە هەر پێشگرمانەیەکی زمانیی لە قەڵەمڕەوی مێژوودا، تەنها بەشێوەی زمانیی دەردەکەوێت. زۆرێک لە دەرئەنجام و لێکەوتەکانی رووداوەکان بە ئاگامەندیی لە بەرکاهێنانی میتۆدی گونجاو، لە پرۆسەی گواستنەوەدا باوەڕیان پێدەکرێت و قبووڵ دەکرێن. بەم هۆیەوە، ئێمە ئەو واقیعییەتانەی کە لە پێشووەوە دەیزانین لە بۆتەی گواستنەوەی زمانیدا دەینووسینەوە و دووبارەی دەکەینەوە. بەڵام لە رووبەڕووبوونەوەی ناچاریی لەگەڵ ئەزموونە نوێیەکان، جگە لەوەی کە مێژووەکانی رابردوو لە گۆشەنیگایەکی نوێوە ببینین و بنووسینەوە، هیچ رێگایەکی تر نییە. ئەمە بەو واتایە نییە کە مێژووەکان چیتر "هەمان" مێژووەکان نیین. ناتەبایی واقیعییەتی رابردوو و شێوەبەندییە زمانییەکەی، هەرگیز کۆتایی نایەت. ئەپیکتتوس دەڵێت «ئەوەی کە خەڵک دەهەژێنێت و هەڵدەگەڕێنێتەوە ئەو رووداوە نییە کە روویداوە، بەڵکو ئەو وشانەیە کە لەو بارەیەوە وتراون».

مێژوو پەیوەستە بە چوارچێوەی ژانرێکی ریوایەتییەوە و شوناسی بونیادی نووسینی داستانی و مێژووییش لەسەر بنەمای ئەم واقیعییەتەیە. بۆیە درک و تێگەیشتنی مێژوویی لە چوارچێوەی ریوایەت و بە یارمەتی ئامرازی ریوایەتیی، رێکخستنەکان و پێکهاتەکانی ئەوەوە پێکدێت. بەواتایەکی تر، ئامانجی میکانیزمە ریوایەتیی و داستانییەکانی ئەو مژۆڵی خوڵقاندنەوەی ئەو رابردووەیە کە لە واقیعدا هەبووە. ئەرکە لەسەر دەقی مێژوویی تا ئەو شوێنەی رێی تێدەچێت ئەو رابردووەی کە لە پێش دەقدا و لە دەرەوە بوونی هەیە، بنوێنێتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە مێژوو بەدی دەهێنێت و لە چیرۆک و داستان جیای دەکاتەوە.

راڤەی مێژوویی چیتر بە واتای پاساودانی رووداوی رابردوو نییە، بەڵکو وەکو شێوازێک، جۆرێک کار یان پرۆسەیەک بۆ ناساندن و دەستنیشانکردنی ژانر و جۆرەکانی گوتارە بەکارهێنراوەکان لە ریوایەتدا هەژماردەکرێت. زمان پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مێژوودا هەیە، بەم پێیەیش، ریوایەتی مێژوو چەندین جار بە

بێژنگ و پاڵێوی زماندا تێدەپەڕێت و پاشان دەگاتە خوێنەران و مێژوونووسان. نووسەرێک دەربارەی مێژوو دەڵێت «ئەوە ئاشکرایە کە ئەگەری رەهابوونی خوێندنەوەکان و قبووڵکردنی پەیوەندیی بەو خاڵەوەیە  کە دانانی بەشێک لە راڤەکان وەک ناوەند و چەق، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە ئەوانە حەقیقین یان لەڕووی میتۆدناسییەوە راستن، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەوانە لەگەڵ گوتاری باڵادەستەکاندا سازگارن. لێرەوە کە پەیوەندیی گوتار و مەعریفە پێکدێت».

 لە قەڵەمڕەوی زماندا، دەتوانین مێژوو وەکو کۆمەڵەیەک لە نیشانە زمانییە پێکهێنەرەکانی بابەتی مێژوو- واتا رابردوو- بناسین. "وەرچەرخانی زمانیی" لە دەیەی 1960 دیدی زمانیی کلاسیکیی بۆ مێژوو گۆڕی. یارییە زمانییەکان و گریمانەی سەرەکیی مێژوونووسانی کلاسیکیی ئەوە بوو دەتوانین لەڕێگەی زمانەوە پەسندان و روونکردنەوەی واقیعییەتەکان بخەنەڕوو، ئەمەیش بە واقیعییەتی گریمانەکراوی رابردوو بەراورد بکەین. پەسندانی رووداوی رابردوو لەڕوانگەی زمانەوە یان تێڕوانینی بۆ مێژوو و شیکاریی زانیارییەکان و واقیعیەتە مێژووییەکان لەسەر بنەمای پارادایمی "وەرچەرخانی زمانیی" ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە یارییە زمانییەکان لە مێژوویشدا  دەقاودەق بە سیمای گرنگ و سەرەکیی یارییەکانی دەسەڵات لێکدەدرێتەوە. بەم هۆیەوە، خوێندنەوە کلاسیکی و مۆدێرنەکان لە بواری مێژوو و مێژوونووسیی لەڕووی هورم، رەوایەتی، باوەڕپێکراویی و رەسانەیەتییەوە رووبەڕووی تەنگەژەی تیۆریی و هەتەریی و پێکهاتەشکێنی بوویەوە. پۆستمۆدێرنیزم بڕوای وایە حەقیقەت نەک هەر بابەتێکی شیاوی ناسین نییە، بەڵکو هەموو ئەوەی کە بەناوی واقیعییەتەوە لە دەرەوەدا بوونی هەیە، جگە لە خوڵقێنراوێکی زەینی مێژوونووس، هیچی تر نییە، لە بنەڕەتدا ئەوە زمانە کە واتا دەخوڵقێنێت و واتایش وێنەی ئێمە لەسەر واقیعییەت دەخوڵقێنێت.

هەندێک لە رەخنەگران ئەم بۆچوونانە بە هەڕەشەی هەتەری بۆ سەر شوناسی مێژوو دەزانن، پێیان وایە ئەگەر شتێک لەودیوی دەقەوە بوونی نەبێت، لەو حاڵەتەدا تەلاری مێژوو بەو چەشنەی کە تاوەکو ئێستادا ناسیومانە، بەتەواوی دەڕووخێت و ئیتر واقیعییەت و ئەفسانە لەیەک جیانەکرێتەوە. پۆستمودێرنیزمەکان نکۆڵی لە هەبوونی رابردوویەکی ماددیی و واقیعی و حەقیقیی ناکەن، بەڵام بڕوایان وایە ئەم

رابردووه واقیعییه تەنها لەڕێگەی دەق و وەکو جۆرێک لە خوێندنەوە، شیاوی دەستپێڕاگەیشتن و تێگەیشتنە.

*زانکۆی گەرمیان؛ کۆلێجی پەروەردە، بەشی مێژوو

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

–راینهارت کوزلک، تاریخ مفهمومی، ترجمه عیسا عبدی، چ1، تهران، فرهامه، 1401.

–آر.اف. اتکینسون، مایکل استنفور، والتر بنیامین و دیگران، ترجمه و تدوین حسینعلی نوذری، چ2، تهران، طرح‌نو، 1387.

–مایکل استنفورد، درآمدی بر فلسفه تاریخ، ترجمه احمد گل‌محمدی، چ1، تهران، نی، 1382.

–سارا میلز، گفتمان، ترجمه فتاح محمدی، چ3، تهران، هزاره سوم، 1392.

–سارا میلز، میشیل فوکو، ترجمه مرتضی نوری، چ2، تهران، نشر مرکز، 1392.

–فرانک، آر. انکر اسمیت، پست‌مدرنیزم و نظریه تاریخ، ترجمه حسینعلی نوذری، مجله تاریخ ایران معاصر، شماره 13 و 14، 1379.

–امیر علی نجومیان، تاریخ، زمان و روایت، پژوهشنامه علوم انسانی، شماره 52، 1385.

–دبلیو. اچ. والش، مقدمه بر فلسفه تاریخ، ترجمه ضیاءالدین علایی طباطبایی، چ1، تهران، امیرکبیر، 1363.

–تاریخ‌شناسی و تاریخ‌نگاری، به کوشش حسن حضرتی، چ1، تهران، پژوهشکده تاریخ اسلام، 1391.

–کیت جنکینز، بازاندیشی تاریخ، ترجمه حسینعلی نوذری، چ1، تهران، آگه، 1387.

**کێشەی ژنان**

**چارەسەرێکی ئەخلاقی و مەعنەوی**

**1.1** بابەتی ژنان یەکێک لە بابەتە هزری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی نوێیە. مرۆڤی بەویژدان هەروا ناتوانێت بەسەریدا تێبپەڕێت. سەبارەت بە کەسێکی وەک منیش ئیماندار، ناتوانم بەرامبەری بێباک بم. بە هاوڕێکانم گوت: ئەگەر بمرم و لەسەر ئەم بابەتە مرۆییە هیچم نەگوتبێت، وا دەزانم ئەرکی خۆم جیبەجێ نەکردووە (سەبارەت بە کەسی خاوەن هزر، وتن واتە کردن، نەک هەر کردن، بەڵکو کردنی شێلگیرانەی بەڵگەدار).

لە خوێندنەوەی ئەخلاقییش، مەبەست بابەتی ئەخلاقی کۆمەڵایەتییە، نەک ئەخلاقی تاکی. بەو مانایەی دەکرێت مرۆڤ لە ئاستی تاکدا زۆر ئەخلاقییانە مامەڵە بکات، بەڵام هاوکات ئەخلاقی کۆمەڵایەتییش (دادپەروەریی) لە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بوونی نەبێت!

**1.2** مەبەست لە خوێندنەوەی مەعنەوییانە، تەنها خوێندنەوەی ئایینیانە نییە، بابەتە ئایینیەکان کرۆکیان مەعنەوییەتە، بەڵام خوێندنەوەی مەعنەوی:

**یەکەم:** تایبەت نییە بە ئایینێکی دیاریکراو، بەڵکو هەر ئایینێک بانگەشەی مەعنەوییەت بکات و ئەزموونی رۆحی و مەعنەوی بە شوێنکەوتوانیشی ببەخشێت.

**دووەم:** مەعنەوییەت ئایینەکان تێدەپەڕێنێت، بەو مانایە مەعنەوییەت دەبێتە پێوەر بەسەر ئایینەکانەوە، نەک ئایینەکان پێوەر بن بەسەر مەعنەوییەوەتەوە. هەروەک چۆن ئەم بابەتە سەبارەت بە ئەخلاقیش بە هەمان شێوەیە واتە ئەوە ئەخلاقە پێوەرە بەسەر ئایینەوە، نەک ئایین پێوەر بێت بەسەر ئەخلاقەوە. ئەخلاق پیشانی دەدات کە ئایینێک ئەخلاقییە، ( یوم ینفع الصادقین صدقهم).

**1.3** دادپەروەرییش کۆی رێسا ئەخلاقییەکانە، یاخود گرنگترینیانە. بۆیە مەبەست لە خوێندنەوەی ئەخلاقییانە بەشێکی زۆری بەسەنتەرکردنی دادپەروەرییە لە بابەتەکەدا.

**ئایا چۆن دادپەروەرانە کە لەگەڵ بابەتی ژندا مامەڵە بکرێت؟**

هەروەک دادپەروەریی لەم بابەتەدا نەک تەنها رۆڵێکی چارەسەرانەی هەیە، بەڵکو (بە بۆچوونی من) لەوە گرنگتر رۆڵێکی ناسێنەرانەیشی هەیە.

**1.4** پێشگریمانەی بوونی دادپەروەریی ئەم بابەتە بریتییە لەوەی کە مرۆڤ ئامانج بێت نەک ئامراز، دادپەروەربوونی و تەندروستبوونی هەر کۆمەڵگەیەک وەک ئەریەک فرۆم دەڵێت بە بۆچوونی من ئەمەیە کە مرۆڤ ئامانجە و ئامراز نییە.

بەم پێوەرە، نادادپەروەریی لە بابەتێکی وەک کێشەی ژناندا نەک تەنها پەیوەندیی بە خوێندنەوەی ئایینییەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندیی بە روانینە کولتوورییەکانەوە هەیە. روانینی کولتووریش تەنیا دیوێکی مێژوویی نییە، کە هەر لە رابردوودا بووبێت، بەڵکو پەیوەندیی بە کولتووری نوێیشەوە هەیە. کە بە (ئینساف)ەوە نەک هەر لە مێژوودا ژن بە ئامراز سەیرکراوە، بەڵکو لەم سەردەمەیشدا بە هەمان شێوەیە.

پێشگریمانەی ئەم خوێندنەوەیەش، بریتییە لەوەی کە دەبێت هەوڵی چارەسەر بە کەمترین گۆڕانکاریی لە کوولتووری قووڵدا روووبدات، نەک لەڕیشەدەرهێنان و وێرانکردنی کۆمەڵگە، کە بە بۆچوونی من کێشەی سەرەکی کەسانی ئەم بوارە بریتییە لەوەی ئەم رێسایە رەچاو ناکەن.

دەرەنجامی ئەمەیش بریتییەلە: تێکدانی خێزان وەک سەرەکیترین سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، بە ژنبوونی پیاو... هتد.

**1.5** کاتێک کۆمەڵگە ناتەندروست بوو، ئەوا توێژێک یان رەگەزێک بە تەنیا ستەمی لێ ناکرێت، بەڵکو توێژەکانی دیکەیش بۆ نموونە: لە بابەتی ژناندا ئەوە تەنیا ژنان نیین کە دەچەوسێنەوە، بەڵکو نێرینە و پیاوانیش بە هەمان شێوە دەچەوسێنەوە، تواناکانیان دەبن بە ژێرەوە، تۆ سەیری بابەتێکی مرۆیی قووڵی وەک گریان بکە، کە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، تەنانەت لە رووی ئایینیشەوە پێگەیەکی گەورەی هەیە، لە کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەرانە و نامرۆییانەدا چۆن لە پیاواندا دەپووکێتەوە. ئەمەیش

کاریگەریی لە هەموو کایەکانی وەک پەروەردە و سیاسەت و هونەر و تەنانەت ئایینیش هەیە.

ئەمە جێکەوتی لەسەر بابەتە سیاسییەکانیش هەیە، کە سیاسەت دەبێتە بابەتی شەڕ و ئاژاوە، یەکلاییکرنەوەی بابەتەکان لەڕێگەی ململانێوە دەبێت، نەک ئەخلاق و دادپەروەریی.

**2.1** لەڕووی ئایینییەوە بابەتی ژن بابەتێکی فەرزکراو نییە بەسەر ئایینەوە، بەڵکو لە کرۆکی ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ روونکردنەوەی ئەمە گوتەی یەکێک لە بیریارە ئایینیەکان دەهێنمەوە کە دەڵێت: بابەتی کۆیلە بابەتی ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو بەسەر ئیسلامدا فەرزکرا. ناچار بوو ئەحکامی بۆ دابنێت. تا چارەسەری بکات. واتە ئەگەر لەسەردەمێکی دیکەدا دابەزیایە، بۆ نموونە لەم سەردەمەدا ئەوا ئەحکامی کۆیلە بوونیان نەدەبوو، بەڵام کێشەی ئافرەت وا نەبوو، بەڵکو بە هەر لادانێکی ئایینیی ژن دەبێتە چەوساوە.

**2.2** نموونەکەی مامۆستا ناسری سوبحانی لە تەفسیری قورئاندا بۆ روونکردنەوەی ئەمە زۆر باشە. کە ئایناسی(قورئاناسی)ی ناسری سوبحانی بەم شێوەیە:

کە سورەتی (الفاتحە) دەقی هەموو قورئانە و سورەتەکانی تری قورئان راڤەی ئەو دەقەن. سورەتی( البقرە) کە دوای سورەتی (الفاتحە) دێت باسی وەرچەرخانێک لە ژیانی ئایینیی مرۆڤایەتیدا دەکات، باس لەوە دەکات خەلافەتی مرۆڤ بۆ خودا لەسەر زەویدا لە جولەکە و نەسارا وەردەگیرێتەوە و دەدرێت بە ئوممەتێکی نوێ، کە تازە دروست دەبن، ئەوانیش موسڵمانانن، ئایەتی (فلنولینک قبلە ترضاھا) باسی ئەو وەرچەرخانەیە.

لە پاش سورەتی البقرە، سورەتی (آل عمران) دێت، ئەمیش باسی هۆکارە بابەتییەکانی ئەو سەندنەوەیە دەکات، کە بریتییەلە وەرچەرخانی بیروباوەڕی. بۆیە سورەتەکەیش باسی لادانی بیروباوەڕی شوێنکەوتوانی ئەو دوو ئایینە دەکات.

دواتر سورەتی(النساء)ە، کە باسی هۆکارە بابەتییەکانی ئەو سەندنەوەوەیە دەکەن، کە ئەویش ستەمکردنە لە ژن و منداڵ، هەر بۆیەش سورەتەکە ناوی سورەتی(النساء)ە.

**سێ خوێندنەوە بۆ ئایین**

**2.3** ئەگەر بڕیار بێت ئایین بۆ رابردوو نەبێت و زیندووانە بێت و ئەحکامەکانی کۆتاییان نەهاتبێت، ئەوا دەبێت فەرمانەکانی بەردەوام بن، بۆ ئەمەش سێ خوێندنەوە بۆ ئایین دەکرێت:

**یەکەم:** خوێندنەوەی دامودەزگایی، بە تایبەت دامودەزگای رەسمی (خوێندنەوەی رەسمیانە بۆ ئایین)، زۆرتر بۆ جێگیرکردنی کۆمەڵگە و راگرتنی ئەو دۆخەیە لەناو کۆمەڵگە و بە قازانجی دەسەڵاتە.

**دووەم:** خوێندنەوەی دەقیانە بۆ ئایین، کە بە بۆچوونی من ئەوەندەی لە نەناسینی دەقەوە سەرچاوە دەگرێت ئەوەندە لە دەقەوە نییە.

**سێیەم:** خوێندنەوەی دەرگیرانە، کە بە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵگە و ژیانەوە دروست دەبێت، عاریفەکان ئەمەیان کردووە.

**2.4** هەر لەم خوێندنەوانەدا جیاوازیی لەنێوان (مامەڵەی حەقیقی) و (مامەڵەی حقوقی)دا دروست دەبێت.

مەبەست لە مامەڵەی حەقیقیش دوو شتە:

**یەک:** ئەو خاڵە جیاوازانەی لەناو کۆمەڵگەدا هەن و لە مێژووەوە هاتوون خاڵگەلێکی سروشتیین و دەبێت وا بن (ئەمە لە کاتێکدا ئەو پرسیارە دەبێت بکرێت کە بابەتە سروشتییەکان شیانی گۆڕانکاریی نیین:

أ- ئەگەر ئەو پەیوەندییانە سروشتیین چۆن دەستکاریی دەکرێن، چونکە بابەتە سروشتییەکان وا نا گۆڕێن.

ب- ئەگەر سروشتیی و گەردوونیین ئیتر رۆڵی بابەتە بەهاییەکانی وەک ئەخلاق و یاسا و سیاسەت و ئایین و هونەر چییە کە دەیانەوێت گۆڕانکاریی بکەن؟

**دوو:** ئەو جیاوازییە حەقیقییانە بنەمای بابەتی ماف و دادپەروەریین. هەر لێرەوە پێشتر و پاشترەکان کامە بە بنەڕەت و کام بە پاشکۆ دادەنرێت، بۆ نمونە: پیاو دەبێتە بنەڕەت و ژن دەبێتە پاشکۆ (تیۆریای موسەخەربوون) لە ئاییندا لەمەوە سەرچاوەی گرتووە.

**2.5** بەڵام ئەمە خوازەیەکە (وێنەیەکی جێگیرە)

ئەمرۆ خوازە و وێنەی زەینی بابەتێکی گەورەی زانستە مرۆییەکانە، فەیلەسوفێکی گەورەی وەک دەیڤیدسن بەوە ناسراوە کە رۆڵی خوازەی لە بابەتێکی ئەدەبییەوە گواستەوە بۆ بابەتێکی مەعریفی و زەینی. پێگەی خوازەی هەم لە ئەقڵ و هەم لە رەفتاری ئێمەدا پیشاندا.

**2.6** وێنە نەریتییەکەی ژن و پیاو بریتییەلە تابیعبوون، بە زمانی فیکری بە شتبوون و ئامڕازبوون.

ئەمە خوازەی بنەڕەتیی روانینی باوە کە ئەوی بەرامبەر، شتێکە، هی منە. تەنیا ژنی منە و هیچی تر. تەنیا دەبێت پیاوی من بێت و هیچی تر. ژن ئامڕازە ئامڕازی خزمەتکردن. پیاویش خزمەتکار. هەرچی ئەم ئامڕازبوونە بەهێزتر بێت، کۆمەڵگە نادادپەروەرانەتر دەبێت. لێرەوە ئەو کۆمەڵگە نەریتییە دادپەروەرانەترە کە ژن وەک ئامڕاز و دەستی کار سەیر ناکات. لەبیرم دێت زۆر شۆک بوو بەلامەوە کە لە کتێبی (پەیامی خوشکان)دا دەمخوێندەوە خوشکانی هان دەدا کە هاوسەرگیریی نەکەن)!

**2.7** سەرەڕای نادادپەروەریی وێنە نەریتییەکە، بەڵام ئەم وێنەیەم لا دادپەروەرانەترە کە ژنان ناکاتە کاڵای بازاڕ، تا ئەو وێنە نوێیەی هیچ تایبەتمەندییەک بۆ مرۆڤەکە ناهێڵێتەوە، ستایلێک لە ژیانی بەسەردا دەسەپێنێت کە ناهێڵێت خۆی بێت.

ئەو خوازەیەش لە بنەڕەتدا خوازەیەکی کولتوورییە  کە دواتر ئایین مامەڵەی لە تەکدا کردووە، چونکە لەناو ئەو کولتوورانەدا  دەرکەوتووە کە ئەو خوازەیەی  تێدا بووە،  بەڵام  ویستوویەتی  بیگۆڕێت.

**2.8** ئەو خوازەیەش لە ناو دەقەکاندا ئامادەیی مەزنی  هەیە،  هەر بۆیە  خوێندنەوە ئایینییەکان سەبارەت بەم بابەتە  دەبنە سێ  گرووپی  سەرەکی،  کە ئەوانیش بریتیین لە:

**یەکەم: ئاییندارە بنەڕەتخوازەکان:** کە ئەوان وێنەکە بە تەواوەتی وەردەگرن کە ئاوا لە دەقەدەکەن لەڕووی تیۆرییەوە  تێدەگەن و لەڕووی کردەییشەوە مامەڵە دەکەن، کە بەبنەماکردنی وێنەکە تاکە تەفسیری راستەقینە و عادیلانەترین و  سروشتیترینی مامەڵەیە کە دەبێت کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنەمایە لە نێوان ژن و  پیاودا مامەڵە بکات.

**دووەم: نەریتگەراکان:** ئەوانەی پێیان وایە دادپەروەرانەترین پەیوەندیی هەمان وێنەکەیە و لەسەر بنەمای ئەو نەریتە دەبێت ئایین راڤە بکرێت، بەڵام ئەوانیش لەناو خۆیاندا دەبنە دوو رووگەی سەرەکی:

**رووگەیەکیان** نەریتگەرای ئەوپەڕگیرن کە باوەڕیان وایە دەبێت  هەموو شتێکی نوێ رەت بکرێتەوە، چونکە ژیانی ئایینی و ئەخلاقی و زانستی و حەکیمانە  ئەوەیە بە شێوە نەریتییە پێش  مۆدێرنەکە بژیین.

**رووگەیەکی** تریان ئەو نەریتگەرایانەن کە باوەڕیان  بە نەریت  هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان وایە کە ناکرێت سەردەمی نوێ رەت بکرێتەوە، بەڵکو ناتوانیت لە ناو ئەم سەردەمەدا نەژییت. ئەم بۆچوونە هەر چەند وێنە نەریتییەکەی پێ تەواو عادیلانە و ئاقڵانەیە، بەڵام هەندێک دەستکاریی دەرەکی پێویستە لە رووکەش و دیوی سەرەوەی پێویستە، بۆئەوەی لەگەڵ ئەم سەردەمە بیهێننەوە (بابەتەکانی مافی ژنان و تەڵاق و میرات لەم رووەوە دەوروژێنرێن).

## 3.1 بابەتی ژنان  لە رووی  بوونەوە  چییە ( چییەتی  بابەتی  ژنانە)

بۆئەوەی ئەم بابەتە بە تەواوەتی روون بکەمەوە، پێویستم بە بنەمایەکی مرۆڤناسیانە هەیە، کە ئەویش دابەشکردنی مرۆڤە لانیکەم بۆ دوو جیهان، ئەوانیش جیهانی بینراو و نەبینراوی مرۆڤن: کە لانیکەم مرۆڤ دیوێکی بینراو و دیوێکی نەبینراوی هەیە:

**3.2 دیوی یەکەم:** کە دیوێکی جەستەیی بینراو و لەبەرچاوە، وادەردەکەوێت کە بوونێکی سروشتیی و فیزیکی هەیە، هەر چەند گەلێک کەس پێیان وایە تەنانەت جەستەیش دەکەوێتە بەر گۆڕانکارییە کولتووری و مرۆییەکان.

**دیوی دووەم**: دیوی دەروونی و نەبینراوی مرۆڤە (کە دەکرێت بە دیوی کولتووری نەبینرا و ناوزەد بکرێت). کە ئەویش لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش:

**1. باوەڕەکانی مرۆڤ:** ئەوانیش نەک هەر باوەڕە ئایینییەکان بەڵکو گەلێک جۆری دیکەی باوەڕ. لەوانەیش باوەڕە ئەخلاقییەکان، لەوانەیش هەندێک لە باوەڕە ئەخلاقییە پیاوانەکان، وەک: خۆدیسپلین کردن و ئازایەتی و تووڕەبوون و... هتد، کە ئەمانە لە بواری ئاساییدا وا دەناسرێن کە ئەقڵانیین و بەڵگەدارن.

**2. هەست و سۆز و هەیەجانەکان:** وەک پێخۆشبوون، پێناخۆشبوون، هیوا بێهیوایی، ترس و رق کە ئەمانە بە خەسڵەتی خێرایی زوو وەڵامدەرەوە ناسراون و دیوی بەڵگەیی و مەعریفی و ژیریشیان نییە. ئەمانە لە وێنە نەریتییەکەدا بە بابەتی ژنانە ناسراون.

**3. بابەتی ویست و ئیرادە و هەڵبژاردن:** کە زۆر بە کورتی پاشکۆی هەست و سۆزەکان یان بیروباوەڕەکانن، واتە کاتێک ویست دەبزوێت رووگە بە باوەڕ دەدات.

### 3.3 بەڵام ئایا بڕیاری سەرەکی لای کام لە هەر دوو باوەڕ یاخود هەست و سۆزەکانە؟

تیۆریای نەریتی تا رادەیەک ئاوای بۆ دەڕوات کە ئەوەی حوکم دەکات ئەقڵە، ئەقڵ وێنە نەریتییەکەیە، ئەقڵ هەست و سۆزەکان بە شوێن خۆیدا رادەکێشێت، هەروەها هەر دوو هێزی تووڕەیی و حەز دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. هێزی دیسپلینی

میانەڕەویی، نە ئەمپەڕگیر نە ئەوپەڕگیرە بۆ حەز و ترس. ئەمە ڕەمزی پیاوە و دەبێت کاروبار بە دەست ئەوەوە بێت.

ئەوەی کە دەبێت پشتگیر و گوێڕایەڵ بێت هەست و سۆزەکانن، نابێت بهێڵرێت لە سنووری خۆیان تێبپەڕن. ئەگەر ڕێگەیان پێبدرێت ئاشووب دروست دەکەن، ئەوانەش ڕەمزی ژنن.

**3.4** بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لیکۆڵینەوەکان بەوە گەیشتوون کە نەک هەندێک جار ئەوە هەست و سۆزەکانن ویست بەشوێن خۆیاندا دەهێنن، بەڵکو باوەڕەکانیش بەشوێن خۆیاندا دەهێنن، ئەمەش لەو بابەتانەدا دەردەکەوێت کە عیشق، ئەقڵ بە شوێن خۆیدا دەهێنێت، ئەم بابەتە بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنیدا دیارە:

واتە هەست و سۆزە نەرێنییەکان ڕێ لەبیرکردنەوەی ئاقڵانە دەگرن، حەز یان ئارەزووی فریودەر لێرەوە هاتوون.

هەروەها بە دیوە ئەرێنییەکەیشدا بە هەمان شێوەیە، بۆیە ئەوەی بە خۆشەویستی و عیشق دەکرێت بە ئەقڵ ناکرێت چیرۆکی (بە حزووری عیشق ئەقڵ غایب دەبێت لێرەوە هاتووە).

**3.4** ئایا کامیان کاریگەریی لەسەر ئەویتریان هەیە، رای جیاواز لەسەر ئەم بابەتە هەیە، واتە هەندێک لە لێکۆڵەران باوەڕیان وایە کە باوەڕەکان هەست و سۆزەکان بە شوێن خۆیاندا رادەکێشن، هەندێکیش باوەڕیان وایە هەست و سۆزەکان باوەڕەکان بە شوێن خۆیاندا رادەکێشن. بەڵام بۆچوونی باو و هەنوکە ئەوەیە کە پەیوەندییەکە دوو لایەنەیە، واتە هەردوولا یەکدی رادەکێشن.

بۆچوونی نەریتی و وێنە حەقیقییەکە باوەڕسەنتەرە، هەر لێرەوە ئەوە پیاوانن ژنان بەرزەفت دەکەن، باوەڕ هێزە، لەڕاستییدا هێزیش موڵکییەتە، لەئەنجامیشدا موڵکییەت بەشتکردنە، ئەو مرۆڤە دەبێت ببێت بە شت ئینجا دەبێتە موڵکی من.

**3.6** لای سیستمە باوە نوێیەکانیش (خوێندنەوە ناعەدالەتسەنتەرەکان) ئەم بۆچوونە تێنەپەڕیوە، هەر بۆیە تەنانەت فۆکۆ گوتەنی، لە گوتاری ژنانەی مۆدێرنیشدا ئەمە

هەر هەیە، واتە ئەگەر پیاوان ژنان بەرزەفت دەکەن، ژنانیش دەیانەوێت پیاوان بەرزەفت بکەن، لێرەدا ژنانیش دەیانەوێت ببنە پیاو، نەک هەر بابەتە حەقیقییەکان لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراون، بەڵکو بابەتە یاسایی و حقوقییەکانیش لەسەر ئەمە بینا بوون.

**3.7** بابەتە سۆزاوییە قووڵەکان دیوی مەعریفی و ئەخلاقی قووڵیان هەیە، واتە باسەکە هەر ئەوە نییە کە هەست وسۆزەکان مرۆڤ دەخولقێنن، بەڵکو مەعریفەی قووڵ دەخولقێنن. هەر لەسەر ئەو بنەمایە فەیلەسوفانێکی وەک خاتوو (لیندا زاگۆڤسکی) تیۆریای مەعریفەی فەزیلەتمەندانە دەخاتەڕوو. هەروەها لە سەردەمی نوێدا قوتابخەی فەزیلەتگەرا لە ئەخلاقدا دەردەکەوێتەوە، هەرچەند لەلایەن هەر دوو تیۆریای کارگەرا و ئەنجامگەراوە تەنگی پێهەڵچنراوە.

**3.8** ئەوەی جێی سەرنجە لە مێژووی ئایینەکاندا بۆ نموونە: لە ئایینی ئیسلامدا سەرەتای دەرکەوتنیاندا هەست وسۆز سەنتەر بوو، هەر بۆ نموونە: سەیری قورئانی پیرۆز بکە، دەبینیت ئەوەی جێی سەرنجە زۆر بەڕوونی هەستسەنتەریی دەبینیت. ئەمە بێجگەلەوەی هەر کاتێک چاکسازییەک کرا بێت گەڕانەوە هەبووە بۆ لای هەست و سۆزەکان. هەر لەبەر ئەوەیە عاریفەکان هەرچەند لە ژێرکاریگەریی کولتووری باودا گوتەی دژە ژنانەیان هەیە، بەڵام زۆر سۆزسەنتەر بوون. وەک ئەوەی مەولانا مەعشوقی راستەقینە دەچوێنێت بە دایکی موسی، کە ئەو سینگی هیچ دایکێک ناگرێت سینگی ئەو نەبێت، هەروەها لەسەردەمی داڕمانیشدا عەقیدە و باوەڕ بووەتەوە سەنتەر.

**4.1** مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی ئافرەتدا وەک خوێندنەوەیەکی مەعنەوی و ئەخلاقی پێویستی بە لێکدانەوەی لایەنە ئەخلاقییەکە هەیە. بۆ ئەمەیش دەبێت هەندێک لە رێساکانی لۆجیکی ئەخلاق بەکار بهێنین، بۆ نموونە: دوو رێسای ئەخلاقیی (رێسای زێڕین) و (گشتگیربوون) بۆ ئەوەی دیوی ئەخلاقیی ئەم بابەتە لێک بدەینەوە.

رێسای زێڕینیش بریتییە لەوەی (ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە، بۆ ئەوانی تریش پێت خۆش بێت، ئەوەی بۆ خۆت پێت ناخۆشە، بۆ ئەوانی تریش پێت ناخۆش بێت).

ئەمە لە کاتێکدا ڕێسای گشتگیربوون بریتییە لەوەی (هەر شتێک ئەگەر لە هەمان کاتدا ئەنجامدرا، زیان بۆ ئەوانی تر زیاد نەکات، بەڵکو خۆشییان زۆرتر بکات).

**4.2** ئەوەی ڕێسای زێڕین لەناو کۆمەڵگەدا دابینی دەکات مافی یاساییە، دابینبوونی مافیش پێی دەوترێت دادپەروەریی، گوایە دادپەروەریی بابەتێکی پیاوانەیە، لە دادپەروەرییدا مافی خۆت و مافی ئەوانی دیکەش مسۆگەر دەکەیت، ئەمەیش یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندی نێوان یاسا و ئەخلاقە، بەڵکو گرنگتربوونی ئەخلاقە لە یاسا.

**4.3** بەڵام جیاوازیی نێوان ڕێسای گشتگیربوون و ڕێسای زێڕین لەوەدایە کە ڕێسای گشتگیربوون تەنها بەرامبەر ئەوانی دیکە نییە، بەڵکو بەرامبەر بە کەسەکە خۆشییەتی، بۆ نموونە: زۆرخۆریی، تەمبەڵیکردن، کاتێک تەنیا پشت بەرێسای زێڕین دەبەستین، هەژارەکان ئەگەر هەر هەژار بن، پێچەوانەی ئەخلاق نەجوڵاوینەتەوە، بەڵام لە ڕێسای گشتگیربووندا ئەوە تێدەپەڕێنیت، خۆشی و ناخۆشی، سوود و زیانی ئەوانی دی دەبێتە سەنتەر.

**4.5** ئەگەر دادپەروەریی دەرکەوتەی ڕێسای زێڕین بێت، ئەوا گرنگیپێدان یان شەفەقەت، ئەوەی قورئان ناوی دەنێت (هەستی ئەخلاقیی)، ئەگەر لە وێنەکەشدا دادپەروەریی بابەتێکی پیاوانە بێت، ئەوا شەفەقەت بابەتێکی ژنانەیە، ئەگەر لە دادپەروەرییدا مافی هەردوو لا سەنتەر بێت، ئەوا لە شەفەقەتدا ئەوی تر سەنتەرە. ئەگەر لە دادپەروەرییدا یاسا و بەرزەفتکردن و ئەقڵ سەتەر بێت، ئەوا لە شەفەقەتدا هەست و سۆز و مەعنەوییەت سەنتەرە.

**4.6** هەر لەبەر ئەوەیە ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر بنەمای دادپەروەریی دادەمەزرێت، کۆمەڵگەیەکی بێلایەن و چاکساز نییە، ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی شەفەقەتسەنتەر کۆمەڵگەی دەستێوەردەر و چاکسازە.

ئەمڕۆ سیستمە یاسایی و سیاسییەکان بەرەو کۆمەڵگەی شەفەقەت رووگە دەگوازنەوە. هەر لەبەرئەوەیشە کاتێک تەنیا بە (سیاسەتی یەکسانیی ماف) مامەڵە دەکرێت، تەنیا ژنان زیان ناکەن بەڵکو پیاوانیش زیان دەکەن.

**4.7** ئەگەر ژنان چەوساوەن ئەوا پیاوانیش چەوساوەن، لە ریشەوە دەرهێنانی بابەتەکەیش زیان بە هەمووان دەگەیەنێت. چونکە ژنانیش دەیانەوێت لەو بەهرەیە خۆیان و مرۆڤایەتی بێبەش بکەن. هەرچەند لە توانای ئەم بابەتە بەدەرە، ئەگەرنا ئەم باسە زۆر دەهێنێت لەسەری بڕۆین. بنەمای هەموو زانستە مرۆییەکان و سیاسەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

ئەگەر پایەی بنەرەتیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بریتی بێت لە ئەقڵانییەت و ئەقلانییەتیش بریتی بێت لە (ناچاری)، پچڕاندنی بەشی خۆ، ئەگەرنا بەشت نادەن، بۆ ئەمەیش هەڵبژاردنی ئەقڵانی سەردەکێشێت بۆ یارییەکانم کە تەنها خۆم هەڵنابژێرم، بەڵکو دەبێت ئاگام لە هەڵبژاردنەکەی ئەوانی یکەش بێت، ئەویش بە پێشگریمانەی خۆ پەرستانەوە.

ئیدی ئەگەر بنەما لە مامەڵەی ئاقڵانەی پیاوانەدا سیاسییانە بێت، یان دابینکردنی بەرژەوەندیی خۆت بێت، ئەوا لە مامەڵەی شەفەقەتانەدا مەراق و کەڵکەڵەی پارێزگاری ئەوانی تر دەبێتە سەنتەر. (سیمۆن ڤێی) ئەمە ناودەنێت (سیاسەتی مەعنەوییانە) ئەگەر ململانێی ئەوانی دیکە بزوێنەری مرۆڤ بێت، ئەوا لێرە کەڵکەڵەی چاکە و یارمەتیدانی ئەوانی دیکە سەنتەرە. بۆیە ئەمڕۆ سیاسەتی ژنانە سەنتەرە و رۆژبەڕۆژ گرنگیی پەیدا دەکات، واتە ئەوسا ئەگەر ( لن یفلح قوم ولوا امرهم امرأە) ئەوا ئەمڕۆ ( قد افلح قوم ولوا امرهم امرأە).

**4.8** رێسای (ئەخلاقی شەفەقەت) سێ رێسای لێ دەبێتەوە، ئەوانیش بریتیین لە (دادپەروەریی، ئیحسان و خۆشەویستی رەها)، دادپەروەرییەک لە شەفەقەتەوە سەرچاوەی گرتبێت، واتا بەلامەوە گرنگە دادپەروەرانە لەتەک تۆدا بجولێمەوە، ئەگەر دادپەروەریی بریتی بێت لەوەی هەوڵ بدەم کە مافی تۆ دابین بکەم، ئەوا لە

ئیحساندا واز لە مافی خۆم دەهێنم لە پێناو تۆدا، خۆشەویستی رەهایش بۆ ئەوانی دیکە.

ئەو دادپەروەرییەی لە شەفەقەتەوە سەرچاوەی گرتووە سێ ئەنجامی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

**یەک: یەکسانیی هەلەکان بۆ هەمووان:** ئەمە زۆر لەولای دابەشکردنی یەکسانانەی شتە هاوبەشەکان و تیۆریای خۆشگوزەرانییەوەیە، تەنیا یەکسانکردنەوەیەکی رووکەش نییە کە کۆمەڵێکی کەم خۆیان بکەنە سەرپەرشتیاری ئەوانی دیکە. بەمەش لە (بنەمای یەکسانەکان)ـەوە دەگوازینەوە بۆ (بنەمای یەکسانیی هەمووان) لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ.

**دوو: بە گوێرەی توانا سروشتییەکان کار بەهەر کەس بسپێردرێت.**

**سێ: توانای هەڵبژاردن بسپێردرێت، بە جۆرێک لە چوارچێوەی هەلەکاندا ئەوە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیەوێت.**

## ئەنجام

1. خوێندنەوەیەکی ئەخلاقییە کە هەم لە رووی ئایینەوە فەرمانی زیندووی ئایین جیبەجی دەکەین، هەم دەبێت دادپەروەریی جێبەجی بکرێت.
2. مەبەست لە مەعنەوییەت تێپەڕاندنی (ئەخلاقی دادپەروەرانە)یە بۆ (ئەخلاقی شەفەقەتانە) و دروستکردنی کۆمەڵگەی ئەخلاقی تەندروست لەسەر ئەو بنەمایە.
3. بۆ ئەمەیش پێویست ناکات کۆمەڵگە لە بنەوە دەربهێنرێت، بەڵکو چاکسازیی دەوێت، تەنیا گۆڕانکاریی پێویستە، نەک ژن ببێتە پیاو و پیاویش ببێتە ژن.
4. کورتەی ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە مرۆڤ وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و نەبێتە ئامراز.

## لیستی سەرچاوەکان

1. ابراهيم عبدالسلام بغدادى، المراه والعمل السياسى، مركز عمان لدراسات حقوق الانسان، عمان.2010م.

2. استنلى اى.بن، برابرى اخلاقى و اجتماعى در دانشنامه فلسفه اخلاق (ويراسته پل ادواردز/ دونالد ام بورچرت، مقدمه ترجمه وتدوين: انشاو الله رحمتى نشر سوفيا، تهران، چاپ نخست، 1392هـ ش.

3. آرش نراقى، فلسفه حقوق (متن درس گفتار)، اموزشكده (توانا) براى جمعه مدنى ايران، 2015م.

4. آزيتا افراشى، استعاره و شناخت، پژوهشگاه علوم انسانى مطالعات فرهنگى، چاپ اول، تهران(١٣٩٧)

5. آمارتيا سن، فكرة العدالة: مازن جندلى، الدار العربية للعلوم ناشرون/ ترجمه مؤسسة بن راشد آل مكتوم، الطبعه الاولى، (1431هـ-2010م).

5- بروفيسور زكريا رشيد امام، المرأه والعولمة والهوية الثقافية، الخرطوم، ورقة مقدمة لمركز دراسات المرأة 2000م.

6-الان سوبيو،الإنسان القانونى(بحث فى وظيفة القانون الانثروبولوجية)، ترجمة: عادل بن نصر، المنظمهة العربية للترجمة، الطبعة الأولى، بيروت، ايلول(سبتمبر)، 2012..

8- تحسين حمەسعيد، تطور الفكر القانونى ودوره فى جلب الرضا الشعبى، المجلة العلمية لجامعة جهان، المجلد (1)، العدد(2)(2017).

9- تحسين، حمەغريب(جون راولز فيلسوف العدالة) نظريته فى العدالة ونتائج تطبيقها على القانون (القانون الدولى نموذجا)، رۆشنبير للنشر والتوزيع، سليمانية، الطبعه الأولى 2007.

10- تحسين حمەغريب، العدالهة و نظرياتها مع نظرة خاصة لنظرية آمارتيا سن فى العدالة)من منشورات جامعة االتنمية البشرية، السليمانية الطبعة الاولى، 2016.

11- تحسين حەمەغريب، دواييينەكان، پرۆژەی گەشە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٦.

12- تبسى هاله سعيد، حقوق المرأة (فى ظل اتفاقية القضاء على جميع اشكال التميز ضد الماره) . الطبعه الاولى، منشوارت الحلبى الحقوقية لبنان، 2011م.

13-دباغ سروش، سكوت ومعنا (جستارهايى درفلسفه ويتگنشتاين)، مؤسسه فرهنگى صراط ، تهران،1387 هـ . ش.

14- الكوتا النسائية فى الانتخابات اللبنانية، برنامج امم المتحده الانمائى، مشروع دعم انتخابات اللبنانية، 2015م.

15-غلامحسين مقدم حيدرى، قياس ناپذيرى پارادايم هاى علمى، نشر نى، تهران، چاپ دوم، 1387 هـ . ش.

16-محمدپور، احمد، روش در روش، انتشارات جامعەشناسان، چاپ سوم، 1389 هـ . ش.

17-محمد سيد فهمى، المشاركة السياسية والاجتماعية للمرأة فى العالم الثالث، دار والوفاء لدنيا الطباعة والنشر الاسكندرية، 2007م.

18- مثنى أمين الكردستان، حركات تحرير المرأة من المساواة الى الجندر، دار القلم، الكويت، الطبعه الاولى، 2002 م.

19- منال فنجان علك، مبدأ عدم التمييز ضد المأرة فى القانون الدولى والشريعة الإسلامية، منشوارت الحلبى الحقوقية لبنان، 2007م.

20- مارك تبيت، فلسفه حقوق، ترجمه: حسين رضايى خاورى، دانشگاه علوم اسلامى رضوى ، مشهد، 1384 هـ . ش.

21- مايكل ساندل، ليبراليسم و محدوديتهاى عدالت، ترجمه: حسن افشار، نشر مركز، چاپ اول، 1394 هـ . ش.

22- مایکل والتزر حوز های عدالت (در دفاع از کثرت گرایی و برابری، ترجه: صالح نجفی، نشر ثالث، طهران، چاپ اول، 1389 هـ . ش.

23- میشیل اندریه پیکار با تبعیض جنسی، ترجمه: محمد جعفر پیونده، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، 1376 هـ . ش.

24- Bartltt Kathrine, (1995),Traditinal Cangeand the Idea of progress in Feminist legal Thought,1995) Wisconsin Law Review.

25- Dwokin Ronald "foundation of libral equality" published in "The Tanner، 1990"، lectures on edited by Grethe Peterson human valves

26- Donovan, j., 2000, Feminist Theory: The Intellectual, Traditions, Third edition, London, Continuum

27- Friedman, Marilyn, 2000, Feminism In Ethics: Conception Of Autonomy , in: The Cambirdge

28- Hilary Putnam,(2002) The Collampse of Fact/ Value, ) arrangement with Harvard Univercity

## پەیوەندی ئایینی و سێکیولار لە سەردەمی پۆست سێکیولاریزمدا لە روانگەی (یۆرگن هابرماس)ـەوە

نووسینی: پ.د. ئەنوەر محەمەد فەرەج

لە عەرەبییەوە: محەمەد عەلی وەلی

**پوختە:**

ئەم **توێژینەوەیە** ئیشکالییەتی پەیوەندی نێوان هەردوو ئاڕاستەی ئایینی و سێکیولار لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا تاوتوێ دەکات، ئەوەش دەخاتەڕوو کە تاچەند دەتوانرێت لە بواری گشتییدا سودی لێوەربگیرێت بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە پێکەوەژیانی ئەرێنی و بنیاتنەر، لە چوارچێوەی بەشدارییەکانی بیرمەند و زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی (یۆرگن هابرماس)و پێداچوونەوەکانی بۆ پرۆسەی بەسێکیولارکردن و گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەی پۆست سێکیولار و هەڵکشانی رۆڵی ئایین لە بواری گشتییدا. توێژینەوەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر (ستراتیژی فێرکردنی دووسەرە) وەک تێزێکی گونجاو لە نێوان هەردوو ئاڕاستەی ئایینی و سێکیولاردا، لەڕێگەی پشتبەستن بە (میکانیزمی دیمۆکراسی راوێژکاریی) و (بەکارهێنانی گشتییانەی ئەقڵ) لەنێوان هاونیشتمانیانی ئازاد و یەکساندا.

**وشە کلیلیەکان:**

هابرماس، بواری گشتی، ئایین، پێکەوەژیان، سێکیولاریزم، پۆست سێکیولاریزم.

## باسی یەکەم

## چەمکی سێکیولارو پۆست سێکیولار

گفتوگۆی فیکری و ئەکادیمی لەبارەی هەڵوێست لە ئایین و رۆڵی ئایین لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا نوێیەکاندا پەیوەستە بە گفتوگۆی سێکیولاریزم و پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی و پەیوەندی کڵێسا بە دەوڵەتەوە لە مێژووی خۆرئاوادا بە شێوەیەکی تایبەت، سەرباری ئەوەی کە زاراوەی سێکیولاریزم بە زاراوەیەکی نوێ دانانرێت لە بورای فیکر و سیاسەت و توێژینەوەی ئەکادیمیدا، بەڵام دەبینین کە بیرمەندان و زانایانی کۆمەڵناسی و سیاسەتناسی لەبارەیەوە جیاوازن.

### لقی یەکەم: لەبارەی سێکیولاریزم و بەسێکیولارکرنەوە:

کتێبی (سەردەمی سێکیولار)ی فەیلەسوفی کەنەدی (چارلز تایلۆر) بە یەکێک لە کارە بناغەییەکان دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئاماژەکانی سێکیورلاریزم، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە چەند لایەنێکی جۆراوجۆری (سێکیولاربوون، Secularity) لە دیدی ئەودا دەکەین، کە لە سێ لایەندا کورتی دەکاتەوە، کە ئەمانەن: (پاشەکشەی ئایین لە ژیانی

گشتیدا، پاشەکشەی ئایین لە باوەڕ و پیادەکردندا، گۆڕانکاریی لە بارودۆخی باوەڕداریدا) (Taylor, 2007, P. 423). هەروەها تایلور لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (سێکیولاریزمی خۆرئاوایی) مانای بڕیارەوتەی (مۆدێرنێتی خۆرئاوایی سێکیولارە.) بەوە دیاری دەکات، کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە ژیانی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی باوەڕو پەیڕەوە ئایینییەکان، هەروەها مانای (سەردەمی سێکیولار)یش بەوە دیاری دەکات کە، باوەڕبوون بەخودا بابەتێکە ناکۆکی لەسەرە و دەکەویتە ژێر لێپرسینەوەوە، ئەو باوەڕە تەنها بژاردەیەکە لەگەڵ کۆمەڵێک بژاردەی تردا (تایلور، 2016).

بەپێی زۆرێک لە توێژەران وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە نموونەیەکی واقیعی دادەنرێن بۆ پیادەکردنی ئاماژەکانی سێکیولاریزم، لێرەدا پشت بە بەشدارییەکانی زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی (جان پۆڵ ویللام) دەبەستین بۆ دیاریکردنی بەکارهێنانەکان و بنەماکانی سێکیولاریزم، کە جیاوازیی دەکات لەنێوان سێ چەمکدا لەبارەی سێکیولاریزمەوە، کە ئەمانەن: "سیکیورلاریزم وەک بێلایەنییەک بۆ هەموو ئایینەکان و دیدوبۆچوونەکان لەبارەی جیهانەوە، سێکیولاریزم وەک گۆشەنیگای (سێکیولار)ی جێگرەوەی بیروباوەڕە ئایینییەکان، هەروەها سێکیولاریزم وەک رەخنە یان دژی ئایینەکان" (ویللام، 2016، ص 142)

جان پۆڵ ویللام لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (سێکیولاریزم لەسەر ئاستی ئەوروپا) سێ پرانسیپ بۆ سێکیولاریزم دیاری دەکات (Willaime, 2010, P. 8).

1. ئازادی ویژدان و بیر و ئایین کە ئازادی پەیڕەویکردنی هەر ئایینێک دەگرێتەوە، یان ئازادی پەیڕەوینەکردنی هیچ ئایینێک، یان گۆڕینی ئایینی تاک (تەنها بەو پێیەی لەگەڵ یاساکان و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤدا دەگونجێت).
2. یەکسانی لە مافەکان و ئەرکەکان لە نێوان هەموو هاوڵاتیاندا، بێگوێدانە بیروباوەڕی ئایینییان یان فەلسەفییان یان بە دەربڕینێکی تر: نەبوونی جیاکاریی لەسەر ئەم بنەمایە لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتی گشتییەوە.
3. سەربەخۆیی هاوشان بۆ هەریەکە لە دەوڵەت و ئایینەکان، ئەمەش بەمانای دانانی بە سەربەخۆیی دەوڵەت لەلایەن ئایینەکان و سەربەخۆیی ئایینەکان لەلایەن دەوڵەتەوە.

**لقی دووەم: بۆچوونەکانی هابرماس لەبارەی سێکیولاریزم و دەوڵەتی دەستورییەوە :**

لەپێناو زانینی بۆچوونی هابرماس لەبارەی سێکیولاریزمەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، کە جیاکاریی کردووە لە نێوان (سێکیولار، Secular) و (سێکیولارگەرا، Secularist). بەپێچەوانەی هەڵوێستی کەسێکی سێکیولار کە بایەخ بە بانگەشەی ئایینەکان نادات، کەسی سێکیولارگەرا هەڵوێستێکی پڕ لە هەڵچوونی هەیە دژ بە بیروباوەڕە ئایینییەکان، باوەڕی وایە کە تێزی گۆڕان بەرەو سێکیولاریزم لەسەر ئەو گریمانە بنیاتنراوە کە دەڵێت پەیوندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان نوێکردنەوەی کۆمەڵگە و ئارەزووی دانیشتوانەکانی بۆ سێکیولاریزم.

هابرماس رای وایە کە ئەو گریمانەیە لەسەر سێ پاساو بنیاتنراوە: (هابرماس، 2016، ص 50)

**یەکەم**: پێشکەوتن لە زانست و تەکنەلۆژیادا دەبێتە هۆی برەودان بە تێگەیشتنێکی (مرۆڤ –سەنتەر)ی بۆ "جیهانێکی لە تەلیسم دارنراو"؛ لەبەرئەوەی کۆی رووداو و بارودۆخە ئەزمونییەکان دەکرێت راڤەیەکی سەرپێیان بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەقڵی "رۆشنکراوە بە زانست" ناتوانێت بەئاسانی دیدێکی (کەهەنووت – سەنتەر)ی و میتافیزیکییانە بۆ جیهان قبوڵ بکات.

**دووەم**: جیاکاریی ئەرکەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتییە لاوەکییەکان: بۆ نمونە، کڵێسا و دامەزراوە ئایینییەکانی دیکە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر یاسا و سیاسەت و کاروباری گشتی و پەروەردە و فێرکردن و زانستدا لەدەست دەدەن، بۆیە خۆی سنووردارکردووە لە رۆڵی دروستی خۆیدا، کە پەیوەستە بە سەرپەرشتیکردنی ئەو ئامرازانەی رزگاریی رۆژی دوایی تێدایە .

**سێیەم**: پێشکەوتن لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی و پۆست پیشەسازی دەبێتە هۆی پلەیەکی باڵا لە چاودێریی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئەوەی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پێویستیی تاک بۆ مامەڵەکردن کە خۆی ئامادە بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کارەساتانەی کۆنترۆڵ نەکراون لە سۆنگەی باوەڕبوون بە هێزێکی "باڵا" یان گەردوونی.

لە سۆنگەی دیدی هابرماسەوە لەبارەی ئەو گریمانانەی هەوڵ دەدات چەمکی سیکیولاریزمی پەیوەست بە دەوڵەتی دەستوری بێلانەوە بخاتەڕوو، دەکرێت هەندێک لەو بیرۆکانەی لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (ئایین لە بواری گشتیی دا) خستوونییەتیەڕوو، بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: (هابرماس، 2011)

1. لە دەوڵەتی سێکیولاردا، پێویستە حکومەت لەسەر بنەمای نائایینی دابمەزرێت، دەستوری لیبراڵی پێویستە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بۆ ڕەوایەتی (شەرعییەت)ی دەوڵەت دروستبووە بەهۆی بەسێکیولارکردنەوە، کە پێشتر ڕەوایەتی دەسەڵاتی خۆی لە خوداوە وەردەگرت.
2. پێویستە دەستورەکان ڕەنگدانەوەی مافە بنەڕەتییەکان بن، کە پێویستە هاوڵاتیانی ئازاد و یەکسان بۆ یەکتری دەستەبەر دەکەن، ئەگەر ویستیان پێکەوەژیانی ئەقڵانیان لەسەر ئەو بنەمایە و لە ڕێگەی یاسا دانراوەکانەوە ڕێکبخەن.
3. دابینکردنی ئازادیی دەستوریی ئاییندارِیی، وەڵامدانەوەیەکی سیاسییە بۆ ئاستەنگەکانی فرەیی ئایینی، کە بەهۆی ئەوەوە دەکرێت کۆنترۆڵی ململانێکان بکرێت لەسەر ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ بەردەوامبوونی ململانێی نێوان بیروباوەڕە جیاوازەکان لەسەر ئاستی مەعریفی.
4. لە دەوڵەتی سێکیولاردا بڕیارە سیاسییەکان کاتێک ڕەوایەتیی بەدەستدێنن کە بتوانرێت بە شێوازێکی بێلایەنانە پاساوی باوەڕپێکراویان بۆ بهێنرێتەوە لەژێر ڕۆشنایی ئامڕازە گشتییە بەردەستەکاندا، واتە پاساوی بڕیارەکان لەلایەن هاوڵاتیانی ئاییندار و بێئایین و بیروڕاکانی تریشەوە قبوڵکراو بن.
5. پێداچوونەوە بە نەریتەکاندا هەرگیز مانای ئەوە نییە کە بەتەواوی لێیان ڕزگار ببین، چونکە تەنانەت پارێزگاریکردن لە ئازادییە ئەخلاقییەکانیش پێویستیان بە پرۆسەی بەسێکیولارکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێگری دەکات لە گشتاندنی جیهانبینی سێکیولارانە بەسەر هەمووواندا، چونکە هەر دەوڵەتێک ئەوە بکات، ئەوە دەوڵەتێکی مەزهەبی و ئایدۆلۆژییە (کریب، 2010، ص 92). لەم بارەیەوە هابرماس دەڵێت: "هەرگیز جیهانبینی بێلایەن لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، کە بەرپرسە لە دابینکردنی ئازادی ئەخلاقی بۆ هەموو هاوڵاتییەک، لەگەڵ گشتاندنی سیاسیانەی جیهانبینی سێکیولاردا ناگونجێت،

هەروەها مافی هاوڵاتییەکی سیکیولار نییە، تا ئەو کاتەی خۆی وەک هاوڵاتی پێناسەدەکات، کە نکوڵی لە ئەگەری راستودروستیی جیهانبینییە ئایینییەکان لەبارەی جیهانەوە بکات، هەروەها نابێت هاوڵاتی باوەڕدار بێبەش بکات، لە مافی خۆی لە گوزارشتکردن بە زمانێکی ئایینییانە" (هابرماس، 2013، ص 62-63).

پوختەی مەبەست، دەبینین هابرماس رەخنە لە دیدگای لیبراڵییەکان و کۆمەڵگەراکان دەگرێت بۆ پلۆراڵیزمی کەلتوریی لە کۆمەڵگا دیمۆکراسییە هاوچەرخەکاندا، هەڵوێستەکەی لەوەدا کورتدەکاتەوە کە لیبراڵەکانی وەک (جون راوڵز و رونالد دورکین) داوای سیستەمێکی یاسایی دەکەن کە لە روانگەی ئیتیکییەوە بێلایەن بێت، هەروەها کۆمەڵگەراکانی نمونەی (چارلز تایلور و مایڵ والزر) نارازین لەسەر بێلایەنی ئیتیکیی یاساکان، هابرماس هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە (ماف، الحق) لە (چاکە، الخیر) لەپێشترە، بۆیە پێویستە لەسەر دەوڵەتی یاسا گرنگیی پێویست بدات بە کەلتوری سیاسی بۆ کۆمەڵی هاوڵاتیان، جەختیش دەکاتەوە کە ئەم کەلتورە ناکرێت ببێتە خاوەنی سروشتێکی دیموکراسی یاسایی مەگەر ئەو کاتەی دان بە واقیعی پلۆراڵیزمی کۆمەڵگاکانیدا بنێت، هەروەها کەشوهەوایەک بسازێنێت کە ئەو کەلتوارنە رێچکەی گفتوگۆ بگرنەبەر، بە ئامانجی گەیشتن بە رێککەوتنێک کە بەردەوامی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکە مسگەر بکەن و رێگریی لە پەرتبوون بکەن (رکح، 2011، ص 163-170).

**لقی سێیەم: گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی پۆست سێکیولار:**

لە سەدەی بیست و یەکدا، سەرباری چاوەڕوانیکردنی مردنی ئایین، بەڵام ئایین نەمرد، بەڵکو پارێزگاری لە مانەوە و ئامادەیی خۆی کرد تەنانەت لە خۆرئاوای سێکیولاریشدا، واتە ئایین نەک هەر خۆی لە دیارنەمان پاراست یان مانەوە بەشێوەیەکی سنووردار (وەک ئەوەی ببێتە بەشێک لە ژیانی تایبەت و تاکەکەسی مرۆڤەکان) بەڵکو زۆر کەسیشی ناچارکرد، بگەنە باوەڕێک لە بارەی پێویستی جیهانێکەوە کە تێیدا فەلسەفە (بەتایبەت بە رووپۆشی ئەقڵانییەتی لیبراڵیزمەوە) لەگەڵ ئایین لە چوارچێوەی رۆشنبیریی گشتییدا لەپاڵ یەکتردا پێکەوەبژیین. ئەو واقیعەی کە زۆرێک لە خەڵک هێشتا باوەڕیان وایە ئایین بەشێکە لە واقیعی پلۆراڵیزم، پاڵنەربوو بۆ هەندێک کە لەبارەی پۆست سێکیولاریزمەوە بدوێن،

هەروەها دووبارە بیرکردنەوە لە سێکیولاریزم بەشێوەیەک کە پێگەیەک بۆ ئایین دابنێت (شامبرز، 2015).

زانای تیۆلۆجیناسی یۆنانی (کۆنستانتینوس د. جیانیس، Konstantinos D. Giannis) بۆچوونە باوەکان لەبارەی پۆست سێکیولاریزمەوە بەم شێوەیە کورتدەکاتەوە: زانایانی سیاسەتناسی جەخت لەسەر دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی حاکمییەتی ئایین لە تیۆری پۆست سێکیولاریزم و هەموارکردنەوەی بە مەبەستی گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەی فرە ئایینی، بەڵام فەیلەسوفە سیاسییەکان لە نمونەی یۆرگن هابرماس، لای ئەوان پۆست سێکیولاریزم وەڵامدانەوەیە بۆ سێکیولاریزمی ئایدۆلۆژی، هەرچی زانایانی تیۆلۆجیایە وەک بارودۆخێکی تایبەت سەیری پۆست سێکیولاریزم دەکەن، کە پێویستە کڵێسا پێگە و رۆڵی خۆی پێناسەبکاتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا کە چیتر بە تەنها لەلایەن سێکیولاریزمەوە پێداویستییەکانی دیاری ناکرێت، هەرچی مێژوونووسانیشە پۆست سێکیولاریزم دەخەنە چوارچێوەی زەمینە مێژوویی گشتگیرەکەی مۆدێرنێتی و مێژووی رۆشنبیرییەوە، داوای ئەوەش دەکەن کە پێویستە پرۆسە و بارودۆخێکی مێژوویی هەبێت بۆ دیاریکردنی بەسێکیولارکردن (جیانیس، 2016، ص 106).

لە درێژەی وانەگوتاری (کۆمەڵگای پۆست سێکیولاریزم)دا هابرماس پرسیار دەکات: ئەم دەستەواژەیە چی دەگەیەنێت؟ بۆیە بەدیدێکی رەخنەیی توندەوە لەو گریمانەیە دەڕوانێت کە پێی وایە مۆدێرنێتی هاوبەند و هاوکاتە لەگەڵ سێکیولاریزمدا، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی رۆڵی ئایین پشتگوێ و کەناربخرێت، بەتایبەتی لەبواری گشتییدا. ئەوەشی تاوتوێکردووە، کە ئەو باوەڕەی پێی وایە کە ئایین لە ئەنجامی پرۆسەی نوێکردنەوەدا بە پلەبەندی دیارنامێنێت، زەمینەیەکی واقیعی بەهێزی نییە، پێدەچێت ئێمە لە ئێستادا و لە وڵاتانی خۆرئاوایی دەوڵەمەنددا لە قۆناغی پۆست سێکیولاریزمدا بژیین (عوکل، 2008).

لە گفتوگۆ بەناوبانگەکەیدا لەگەڵ (کاردینال راتسینگەر) هابرماس دەڵێت: "ئەمرۆ سەرلەنوێ دەنگدانەوەی تیۆرییەک دەبیسترێت جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە بەتەنها ئایین دەتوانێت یارمەتی مۆدێرنێتی تێکشکێنراو بدات لە دووبارە خۆبنیاتنانەوەی لەسەر بنەمایەکی باڵای ترانسێندێنتاڵ، لەپێناو دەرهێنانی لەو

تەنگەژەیەی تێیکەوتووە" (هابرماس، ص 55). ئەو دەنگدانەوەیەش لە بەیەکگەیشتنی سێ دیاردەدا کورت دەکاتەوە، کە بۆچوونێکی لادروست کردووە، بە هاتنەکایەی بازدانێکی ئایینی لە جیهاندا، ئەوانەش: (هابرماس، 2016، ص 50-51).

أ. **فراوانبوونی کاری مژدەدەری ئایینی:** ئەمە لەسەر ئایینەکانی وەک هیندۆیی و بودیی جێبەجێدەبێت، هەروەک لەسەر ئایینە یەکتاپەرستییەکانیش جێبەجێ دەبێت، ئەوەی سەرسوڕهێنەرە بەرفراوانبوونی ئەم ئایینانەیە بۆ ئەفریقا و وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

ب. **گۆڕان بەرەو رادیکاڵییەتی ئوسوڵگەرایی:** ئەوەی ئەم بزوتنەوانە دەیکەن، ئەوەیە یان شەڕی جیهانی نوێ دەکەیت، یان لێی دەکشێیتەوە، بەگشتی کەناری لێدەگرێت، شێوازی پەرستنیان تێکەڵەیەکە لە جۆرێک لە ڕۆحانییەت و دنیابینییەکی ئەخلاقییانەی چەقبەستوو، هەروەها شوێنکەوتنێکی دەقاودەقی دەقە پیرۆزەکان لەلایەکی ترەوە.

ج. **گۆڕینی ئەگەری پەنابردن بۆ توندوتیژی لە زۆربەی ئایینەکانی جیهاندا بۆ ئامرازێکی سیاسی:** زۆرجار ئەو ناکۆکییە ئاگرین و خوێناوییانەی روودەدەن، زۆرینەیان (پیسن) لە حەقیقەتیاندا، بەڵام بە رووکاری ئایینی رووپۆش کراون. ئەم ڕێسایە لەسەر ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش جێبەجێ دەبێت، هەروەک بۆ ململانێی بەردەوامی نێوان هیند و پاکستانیش راستە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی راسترەوی ئایینی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش راستە لە سەررووبەندی داگیرکردنی عێراقدا.

بەپێی بۆچوونی هابرماس وەسفکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرن بە پۆست ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی پەیبردن و تێگەیشتن لە سێ دیاردەدا: (هابرماس، 2016، ص 52-53)

**یەکەم**: پەیبردنی فراوان بە ململانێ جیهانییەکان، کە زۆرجار وانیشاندەدرێت لەسەر ناکۆکییە ئایینییەکان بەندە، هۆشیاریی گشتی دەگۆڕێت، ئەو باوەڕە سێکیولارەش نغرۆدەکات کە جەخت لە نزیکبوونەوەی کۆتایی ئایین دەکاتەوە.

**دووەم**: ئایین بەتەنها لەسەر ئاستی جیهان کاریگەریی زیاتر بەدەست ناهێنێت، بەڵکو لە ئاستی نیشتمانیشدا هاوشێوەیە، لەبەرئەوە دەبینین کڵێساکان ڕۆڵی زیاتر دەبینن

وەک (کۆمەڵگای ڕاڤەکردن) لە بواری گشتییدا، هەروەها کۆمەڵگا پلوراڵەکانمان ژینگەیەکی گونجاو پێکدەهێنن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دەستێوەردانانە، چونکە لەبارەی بەهاکانەوە تووشی دابوشبوونی گەورە بووە، بۆ نمونە: ناکۆکی لەسەر لەباربردنی کۆرپەلە یان کۆشتنی بەڕەحمانە.

**سێیەم:** فاکتەری هاندەر بۆ گۆڕینی هۆشیاریی لەناو دانیشتواندا، بریتییەلە کۆچکردنی کرێکاران و پەناهەندەکان بەتایبەت ئەوانەی لە وڵاتانێکەوە هاتوون کە پاشخانی کلتوری و نەریتی جیاوازیان هەیە.

(خوزییە کازانۆفا) لەبارەی پەیوەندیی نێوان سێکیولار و ئایینییەوە لە کۆمەڵگەی پۆست سێکیولاردا دەڵێت: "لە ڕاستیدا پێویستە مرۆڤ دان بەوەدا بنێت کە تەواوی جیهان پێکەوە و لە هەمانکاتدا بەرەو ئایینداریی زیاتر و بەسێکیولارکردنی زیاتر هەنگاو دەنێت، ئەوەش لەپاڵ بەجیهانیکردنێکی هەڵکشاو بۆ سیستەمی پۆلێنکردنی دوانەیی مەسیحی ڕۆژئاوایی: بۆ هەردوو (واقیعی ئایینی/ واقیعی سێکیولاری)، بێگومان بۆ یەکەمجار هەردوو وتەزای (ئایینی) و (سێکیولار) لە هەموو کەلتوورە ناخۆرئاواییەکاندا بەجیهانی کراوە" (کازانوفا، 2017).

## باسی دووەم

### پێکەوەژیان لە نێوان هەردوو ئاڕاستەی ئایینی و سێکیولاردا

هابرماس لە پرۆژەکەیدا دوو ئامانجی هەیە: لەلایەک بەئەقڵانیکردنی ئایین، لەلایەکی تریشەوە ڕاستکردنەوەی سێکیولاریزمی توندڕەو، داوا لە هەردوو ئاراستەی سێکیولار و ئایینی دەکات لەیەکتر نزیکببنەوە بەگیانی پێکەوەسازان و لێکتر فێربوونەوە وەک هاوڵاتی یەکسان. هۆشیاریی ئایینی پێویستی بەوەیە بەخۆدا بچێتەوە و بیر لەخۆی بکاتەوە، هۆشیاریی سێکیولاریش پێویستی بەوەیە لە سنورەکانی خۆی باڵاتر ببێتەوە (شامبرز، 2015). لێرەوە هابرماس لە دژی دوو هەڵوێست دەوەستێتەوە، لەلایەک دژی ئەو ڕۆشنگەرییەیە کە بەخۆی دەنازێت و لاف و گەزاف لێدەرە، کە بوونی هەر جۆرە ئەقڵانییەتێک لە ئاییندا ڕەتدەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە بەو وێنە ئایینییە نەریتییە ڕازی نییە کە ئەقڵ وەک ملکەچی ئایین پێشکەش دەکات (عطار، 2012).

**لقی یەکەم: پێویستبوونی پێکەوەژیان لە نێوان هەردوو ئاراستەکەدا:**

هابرماس لە قەیران و پێویستییەکانی کۆمەڵگاکان بۆ هەردوو ئاراستەی سێکیولار و ئایینییەوە دەستپێدەکات، لەپێناو تێپەڕاندنی کێشەکان و گەڕان بەدوای چارەسەردا، جیاکارییش دەکات لە نێوان چوار جۆر قەیران لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا: (مارتوشيلي، 2015)

1. **قەیرانی ئابووری**، کاتێک ڕوودەدات کە سیستەمی ئابووری بڕی پێویستی شمەک و پێداویستی بە ئەندازەی بەکاربردن بەرهەم ناهێنێت.
2. **قەیرانی ئەقڵانییەت**، کاتێک ڕوودەدات  کە سیستەمی کارگێڕیی بە ئەندازەی پێویست بڕیارە ئەقڵانییەکان لەبەرچاو ناگرێت.
3. **قەیرانی ڕەوایەتی**، کاتێک ڕوودەدات کەلێنێک لە نێوان پێویستبوونی خستنەگەڕی سیستەمی سیاسی – ئابووری و ئەو پاڵنەرانەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی کەلتووری بەرهەمی دەهێنێت.
4. **قەیرانی پاڵنەرەکان**، کاتێک سیستەمی کۆمەڵایەتی – کەلتووری بڕی پێویست لە ماناداریی پێشکەش ناکات، بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەری جوڵە و بزاوت.

وەک بەشداریکردنێک لە چارەسەری قەیرانەکان بە شێوەیەکی گشتی و قەیرانی پاڵنەر بەشێوەیەکی تایبەتی، هابرماس ڕای وایە کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی دەستورییدایە کە لێبوردەیی خۆی لە بەرامبەر هەموو سەرچاوە کەلتوورییەکاندا کە ژێدەری هۆشیاریی پێوەرگەرایی و هاریکاری مەدەنین نیشانبدات، ئەوەش واتای وایە کە هیچ سنوورێکی جێگیر نییە ڕێگربێت لەوەی کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراسی ببێتە هەڵگری یەقینە ئایینییەکان، لەبەرئەوە تا ئەو کاتەی ئەم یەقینە ئایینییانە ڕۆڵیان هەبێت لە بەهێزکردنی پاڵنەری ئەقڵیانە، بێگومان بەشێک دەبن لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بواری گشتی. پێدەچێت هابرماس ڕای وابێت لە سەردەمێکدا کە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە هاریکاریی و کاری چاکەکاریی تێیدا لاوازبووە، دەکرێت بیروباوەڕە ئایینییەکان ببنە جێگرەوەیەکی ڕەوا بۆیان (فوسيل، 2015).

لە جیهانی نوێدا، زۆر ئەستەمە ئامادەیی ئایین لە کاروباری گشتییدا پشتگوێ بخرێت، ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن تا ئەندازەیەک بە شێوەیەکی ڕۆژانە ئەو نموونانە

پێشکەش دەکات، تا دەیسەلمێنێت ئەو گەل و دامەزراوە و هزرانەی کە بواری ئایینی پێکدەهێنن گرنگییەکی بەردەوامیان هەیە سەبارەت بە بواری سیاسی(Moyser, 1991, P. 1). لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییەوە بڕێکی زۆر لە گفتوگۆ لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بوو سەبارەت بە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ئایین و سیاسەت، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ژیانی گشتی دیمۆکراسییانەدا. چیتر گوزارشتی (تیۆلۆجیای سیاسی، Political Theology) بە تەنها کورتناکرێتەوە لە (کارڵ شمیت)و زانستی تیۆلۆجیای ئازادیخوازییدا، بەڵکو ئێستا دەچێتەپاڵ چەند وشەیەکی سەردەمییانەی وەک: (سێکیولاریزم و پۆست سێکیولاریزم و ئایینی سیاسی). هەروەها دابەش دەبێت بەسەر پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکاندا، لە نمونەی (ئەخلاق، جوانیناسی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و مێژووناسی). هەروەها فەیلەسوفانێک دەبینین جا لە پارێزگارە سیاسییەکانی وەک (روجەر سکرۆتۆن)بن یان لە لیبراڵییەکانی وەک (یۆرگن هابرماس) یان لە پۆست مۆدێرنەکانی وەک (جاک درێدا)، بانگەشەی گەڕانەوە دەکەن بۆ دابونەریتە ئایینییەکان، وەک سەرچاوەیەک بۆ تێڕامانی ئەخلاقی و سیاسی ( Ward, 2010, P. 31).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەرەسەندنانەی کە گفتوگۆی زانستی بەخۆیەوە بینیویەتی سەبارەت بە رۆڵ و سنوری بەڵگە ئایینییەکان لە دەوڵەتی سێکیولاردا، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە، گفتوگۆیەکی زیندوو لەنێوان توێژەران و بیرمەنداندا دەستی پێکردووە، بەتایبەت لە بوارە مەعریفییەکانی، وەک: فەلسەفەی ئایین، توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان، فەلسەفەی یاسا، فەلسەفەی ئەخلاق. لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەدا سێ هەڵوێستی سەرەکی دروستبوون، سەبارەت بە پەیوەندیی ئایین بە سیاسەت و بواری گشتی، کە ئەمانەن: (أميم، 2014، ص 2-3)

**هەڵوێستی یەکەم:** پێویستە لەسەر باوەڕە ئایینییەکان کە لە گفتوگۆ سیاسییە گشتییەکاندا دیارنەمێنن، یان تەنها لەسنوری بواری تایبەتی تاکەکەسەکاندا بمێننەوە، لە دیارترین نوێنەرانی ئەم هەڵوێستە (ریچارد رۆرتی، R. Rorty )یە.

**هەڵوێستی دووەم:** پێویستە باوەڕە ئایینییەکان لە گفتوگۆ سیاسییەکاندا بدرەوشێنەوە، ئەم هەڵوێستەش فەیلەسوفی ئایینی (نیکۆلاس

ولتەرستۆرف، Nicholas Wolterstorff) و زانای تیۆلۆجیا (ستانلی هاورواس، Stanley Hauerwas) نوێنەرایەتی دەکە.

**هەڵوێستی سێیەم:** دەکرێت باوەڕە ئایینییەکان لە گفتوگۆ سیاسییەکاندا دەرکەون، بەومەرجەی لە بنەڕەتەوە سنووردارو قەتیسبکرێن لەو بانگەشەو داوایانەدا کە ناپەیوەستن بە ئایینەوە، دەکرێت لەڕێگەی ئەقڵەوە لێی تێبگەین. لە دیارترین پێشەنگەکانی ئەم هەڵوێستەیش (یۆرگن هابرماس)، (جۆن راوڵز، John Rawls) و (رۆبێرت ئاودی، Robert Audi).

هەڵوێستی یەکەم نوێنەرایەتی دیدگای سێکیولاری پەتی بەتەواوەتی دەکا، (رۆرتی) لە وتارێکدا بەناونیشانی (ئایین وەک وەستێنەری گفتوگۆ، Religion as Conversation Stopper) تێیدا جەخت دەکاتەوە، کە نابێت ئایین بخزێنرێتە ناو پرسە سیاسییە گشتییەکان و داوای کرد بەتەواوی پەراوێز بخرێت، لەسەر ئەو بنەمایە تیۆری بەتایبەتکردن و سنوردارکردنی ئایینی پێشکەش کرد.

هەڵوێستی دووەم پشت بە دوو بەڵگە دەبەستێت: یەکەمیان، دەڵێت قەدەغەکردنی ئایین لە بواری گشتییدا بەرپرسیارێتییەکی نادادگەرانەیە و بێمروەتییانەیە کە بەسەر هاولاتییە ئاییندارەکاندا دەسەپێنرێت کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی لیبراڵی دیمۆکراسیدا ژیان دەگوزەرێنن، دووەم، بەرگری لەوە دەکات کە رێگریکردن لە ئایین دەبێتەهۆی بێبەشبوونمان لە گرنگترین رێنمایی و نەریتە سیاسییە ئایینییەکان، دواتریش پشتگوێیان دەخات، بوارێک بۆ کۆمەڵگا نارەخسێنێت کە لە شوێنەوارە ئەرێنییەکانیان سودمەندبێت (زارعي، 2017، ص 185).

پشتبەست بە هەڵوێستی سێیەم، هابرماس بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پێویستە ئەو دیدگایە تێپەڕێنرێت کە دەڵێت، مۆدێرنێتی لەگەڵ سێکیولاریزمدا دەگونجێت نەک لەگەڵ ئاییندا، چونکە ئایین لەلایەن سێکیولاریزمەوە دوورخراوەتەوە و پشتگوێ خراوە، ئیتر هیچ رۆڵێکی بەرچاوی لە سیستەمی گشتییدا نەماوە، لێرەوە بیری پۆست سێکیولاریزم بانگەشە دەکات بۆ زیندووکردنەوەی گفتوگۆی نێوان هەردوو ئاڕاستەی ئایینی و سێکیولار (بلال، 2014).

هابرماس جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لە توانای ئاییندایە، پاڵپشتییەکی گەورەی سیاسی پێشکەشبکات بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای دیمۆکراسی، چونکە گوتاری

ئایینی هێشتا گوتارێکی زیندووە، چەندین ڕێنمایی ڕەسەن لەخۆدەگرێت کە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ دروستکردنی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و چەسپاندنی شوناسە مرۆییەکان (Habermas, 2008, P. 131). لەبەرئەوە هابرماس داوادەکات پێگەیەکی نوێ بدرێتە ئایین، بە جۆرێک کۆمەڵگەی بەسێکیولارکراو نزیک بێت لە دیاردەیەکی هارمۆنی کە بوونی هەردوو لایەنی سێکیولار و ئایینی لەخۆبگرێت، بەو شێوەیەش پرۆسەی بەسێکیولارکردن دەبێتە (ڕێچکەیەکی تەواوکاری) لە نێوان هەردوولادا، بەڵکو باوەڕوایە کە بەرژەوەندی دەوڵەتی دەستووری لەوەدا ڕەچاوی هەموو سەرچاوە کلتورییەکان بکات، کە چاوگەی هاریکارییین لەنێوان خەڵک و هۆشیارییان بە بەهاکان پەرەپێدەدات، بۆیە پێویستە باوەڕداران و سێکیولارەکان بە ڕێزگرتنی یەکترەوە مامەڵە بکەن (المهيذبي، 2013).

**لقی دووەم: پێکەوەژیانی هەردوو ئاڕاستەکە لەڕێگەی میکانیزمی فێربوونی دووسەرەوە:**

سەبارەت بە بەشداریکردنی سێکیولارەکان و ئایینییەکان لە گفتوگۆیەکی ئەقڵانی لە چوارچێوەی ئەو پێکگەیشتنەی چاوی لەسەرە و هیوایان هەیە بێتەدی، (مایکل نۆڤاک، Michael Novak) لە توێژینەوەکەی بەنای (کۆتایی سەردەمی سێکیولار، The End of the Secular Age) دا رای وایە کە هابرماس چەند پرسیارێک لەبارەی ئەگەری دروستبوونی گفتوگۆیەکی دروست، مەرج و بنەماکانییەوە دەخاتەڕوو، کە ئەمانەن: (المحمداوي، 2011، ص 348)

1. ئایا سێکیولارەکان توانای لێبوردەییان هەیە و دەتوانن گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە لەگەڵ لایەنی ئایینی دەستپێبکەن، سەرباری ئەوەی چەندین نەوە بەسەر پشتگوێخستن و بەکەم سەیرکردنی ئاییندا تێپەڕیون؟
2. ئایا سێکیولارەکان دەتوانن باوەڕ بکەن و ئەوە بە ڕاست بزانن کە زۆرێک لە نەگۆڕەکانی چەمکسازیی سێکیولاریزم لە بنەڕەتدا قەرزاری ئایینن؟ هەروەها ئایا دەتوانن بە ئاشکرا بەم ئایینە ڕازی ببن؟
3. ئایا هەردوولا ئامادەن دانبەوەدا بنێن کە لێبوردەیی هەمیشە بە دوو ئاڕاستە دەبێت؟ واتا پێویستە لەسەر پیاوانی ئایینی نەک تەنها لە نێوان خۆیاندا، بەڵکو

لەگەڵ بێباوەڕ و سێکیولارەکاندا، بچنە گفتوگۆیەکی پڕ لە لێبوردەییەوە، بەپێچەوانەشەوە پێویستە لەسەر سێکیولارەکان ئاییندارەکان لە گفتوگۆ دورنەخەنەوە.

لە هەمانکاتدا هابرماس پرسیارێک دەکات کە ئایا پێویستە لایەنی سێکیولار بچێتە پرۆسەیەکی فێربوونی هاوشێوەوە، ئەگەر هاوڵاتییە سێکیولارەکان بەردەوامبوون لەسەر سەرنجەکانی رابردوویان لەبارەی خۆلادان لە خەڵکە پاشخان ئایینییەکان و باوەڕبوون بەوەی کە خەڵکانێکن ناکرێت بە گرنگییەوە وەربگیرێن، ئەگەر وابن ئەوا ئەو بنەما سەرەکییانەیان روخاندووە کە بۆ داننان بە بەرامبەردا دانراون لە پرۆسەی بەشداریکردن لە هاوڵاتیبووندا (عوکل، 2008). بۆیە سنوری نێوان بەڵگە سێکیولارییەکان و بەڵگە ئایینییەکان لە هەموو هەلومەرجێکدا سنورێکە ناکرێت بەردەوامی هەبێت، بۆیە دروستکردنی سنور ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت، ئەوەندە گرنگە پێویستە وەک کارێکی هاریکاریی لێی تێبگەین، پێویستە لەسەر هەردوو تیمەکە هەریەکە بە دیدگای تیمەکەی تر رازی ببێت (هابرماس، 2006، ص 132).

لە چوارچێوەی دیمۆکراسیدا هەڵوێستی خودی کەسەکان جێگەی دەبێتەوە (لەبارەی مانای ژیان و قەدەغەکراوە ئەخلاقییەکان و تەنانەت رزگاربوونیش) ناتوانرێت بە تەنها لە رێگەی ئامرازی راپەڕاندنی پەتییەوە بەهاکانیان جێگیربکرێت، دەنگەکانی باوەڕدارەکان و خوداناباوەڕەکان لە ناوچەی ناکۆکیدا تێکەڵ بەیەکتر دەبن، لەو ناوچەیەی بە یەکسانی بەڵگەکان دەخرێنەڕوو، هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە بانگەشەی بوونی هیچ دەسەڵاتێک بکات، نە لەلایەن خوداوە، نە لەلایەن زۆرینەوە. بۆیە هابرماس داوادەکات هەوڵەکانی سازشکردن لە هەردوولاوە بخرێتەکار: لایەنی ئایینەکان لەو شتە بەڵگەنەویست و پێوەرگەراییانە دوور بکەونەوە کە ئیمان بۆ پاراستنی خۆی بەکاریان دێنێت، لایەنی هاوڵاتیانی نازانمگەرا یان خوداناباوەڕەکانیش پێویستە بەوە رازی ببن کە هەندێکجار وەک پێداویستییەکان یان هۆکارو پاڵنەرەکانی ویژدانێکی ناوەکی دەخرێنەڕوو، بۆیە پێویستە وەک "پرۆسەی راهێنانی دووسەرە" لە پرۆسەی بەسێکیولارکردن تێبگەین (فوسیل، 2006، ص 127).

پێویستە لایەنی باوەڕداران پەیڕەوی لە بیرکردنەوەیەکی سێ ڕەهەندی بکەن لە بارەی پێگەکەیانەوە لە ناو کۆمەڵگایەکی فرەییدا: (هابرماس، 2006، ص 127)

**یەکەم**: پێویستە هۆشیاری ئایینی هەوڵێک بدات بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە مەعریفییە تێپەڕێنێت کە لەکاتی گەیشتنی بە تایەفە و ئایینەکانی تردا دەردەکەوێت.

**دووەم**: پێویستە لەگەڵ دەسەڵاتی زانستدا خۆی بگونجێنێت، کە قۆرخکردنی کۆمەڵایەتی مەعریفەی بۆ خۆی پاراستووە لە جیهانی ئەمڕۆماندا.

**سێیەم**: پێویستە هەڵوێستێکی کراوەی بەرامبەر کارە لە پێشینەکانی دەوڵەتی دەستوری هەبێت، کە پشت بە ئەخلاقێکی دنیاییانە دەبەستێت.

لە دیارترینی ئەو بیرۆکانەی هابرماس لە توێژینەوەی (ئایین لەبواری گشتییدا) پێشکەشی کردووە و شایانی ستایش کردنە، بریتییەلە بیرۆکەی "لێبوردن بناغەی دیمۆکراسییە" کە رای وایە ڕێگەیەکی دوو ئاراستەیە، لەبەر ئەمە ناکرێت باوەڕداران تەنها لەبەرامبەر بیروباوەڕی ئەوانی تردا لێبوردەییان هەبێت، لەناویشیاندا بیروباوەڕی بێباوەڕەکان بەتەنها، بەڵکو دەبێت سێکیولار و خوداناباوەڕەکان ستایشی باوەڕی ئەو هاوڵاتییانە بکەن کە پاڵنەری ئایینی دەیان جوڵێنێت، ئەگەر لەم دیدگایەوە بۆ تیۆری کردەی پەیوەندیکردن لای هابرماس بڕوانین دەبینین، ئەو قسەیەی ئاماژە بۆ پێویستبوونی پاڵپشتیکردنی دیدگای ئەوانی تر بکەین (وولن، 2005).

سەردەمی هاوچەرخمان وەک هابرماس بە پۆست میتافیزیک ناوی دەبات، هیچ گەرەنتییەک بۆ زانینی حەقیقەت نییە نە لە کەلتوور و نە لە زانستدا، بەلای هابرماسەوە ئەقڵی پەیوەندیکردن و پێکگەیشتن لەوە زیاترە تەنها مامەڵەیەکی زارەکی بێت لەگەڵ زمان، چونکە لەگەڵ ئەقڵدا کە ئامانجی لێکتێگەیشتنە، شێوەکانی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی دەردەکەون (نیغت، 2015).

هابرماس خوازیاری ئەوەیە زمانی ئایینی بگۆڕین بۆ زمانێکی سێکیولاری دنیایی کە هاوڵاتیانی ئایینداران و نائاییندار لێی تێبگەن، ئەم داخوازییەش پێویستە وەک ئەرکێکی هاوبەش دەرکی پێبکرێت، پێویستە هاوڵاتیانی نائاییندار بەهەمان ئەندازە بەشداری تێدابکەن، لە کاتێکدا دەکرێت هاوڵاتیانی باوەڕدار بەشدارییە گشتییەکانیان لە زمانە

ئایینییەکەیانەوە کە تایبەتە بەخۆیان بیگۆڕن بۆ زمانێکی گشتیی کە ملکەچی مەرجەکانی پیادەکردن و گۆڕین بێت، پێویستە هاوڵاتییە سێکیولارەکانیش گوێکانیان بکەنەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەو راستییەی کە لە هەناوی ئەم نموونە ئایینییانەدایە و لەگەڵیدا بچنە گفتوگۆوە، کە دەکرێت لەئەنجامدا بەڵگە ئایینییەکان بگۆڕدرێن بۆ بەڵگەی گونجاوی گشتی (هابرماس، 2011).

لەلایەنی ئایینییەوە ئامادەیی بۆ گفتوگۆ و هاریکاری دەبینین، ئەوەی بە وردبوونەوەوە لە بەشدارییەکەی کاردینالْ رایتسینگەر بڕوانێت لەکاتی گفتوگۆکەی لەگەڵ هابرماسدا، سەرنجی ئەوە دەدات پێشنیازەکانی کە خستونیەتییەڕوو لەسەر پێنج بنکەی یەک لەدوای یەک بنیاتنراوە: (بانگکردن بۆ بەیەکگەیشتن و هاریکاری نێوان ئەقڵ و باوەڕ، ئەو بەربەستانەی رووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە، بیرۆکەی مافی سروشتی وەک مافێکی ئەقڵی، فرەیی کەلتووریی وەک فەزایەک بۆ بەستنەوە و بەیەکگەیشتنی ئەقڵ و ئیمان، ئەقڵ و ئیمان بانگهێشتکراون بۆ پاککردنەوە و چارەسەرکردنی دەردی یەکتری (هابرماس، 2013، ص 32).

هابرماس نیگەرانیی خۆی دەخاتەڕوو لەبارەی ئەو بۆچوونە پێچەوانانەوە کە جەخت لەوە دەکەنەوە ناکرێت ئایین لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بڕوات و سەرکەوتوو نابێت لە سیستەمێکی لیبراڵی دیمۆکراتیدا، بۆیە دەڵێت: "ئەوەی سەرسوڕمانبوونم دەوروژێنێ لەبارەی ئەم ژیانە لیبراڵییە نوێیەوە، پەیوەستە بە پێشنیارەکەم سەبارەت بە دووبارە خوێندنەوەی چەمکی هاوڵاتیبوون، ئایا ئەم چەمکە هێشتا هۆکارە بۆ سەپاندنی هەندێک بەرپرسیارێتی بێبنەما و پاساو بەسەر ئەو هاوڵاتییانەی کە پاشخانێکی ئایینداراونەیان هەیە لە کۆمەڵگا مرۆییە جیاوازەکاندا" (Habermas, 2008, P. 138).

بۆیە هابرماس دژی ئەو هەڵوێستە باوەیە کە لە زۆرێک لە گفتوگۆکانی نێوان سێکیولاریزم و ئایینیدا دەبینرێت، کاتێک هەڵوێستی سێکیولاری بەجۆرێک دەخرێتەڕوو کە هەڵوێستێکی سروشتی، بێلایەن، ئەقڵانییە، لە کاتێکدا هەڵوێستی ئایینی بەو جۆرە دەخاتەڕوو کە نارەخنەیی، نائەقڵانییە، هەمیشە پێویستی بە بیانووی زۆرە بۆ باوەڕپێهێنان، واتە لە (سەردەمی سێکیولاردا) کە ئیمان تیایدا بووە بە یەکێک لە بژاردەکان و بەڵام بژاردەیەکە هەمیشە پێویستی بە پاساوی

زیاتر هەیە (محمد، 2016). هابرماس جەخت دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەگەر بەسێکیولارکردنی کۆمەڵگا وەک پرۆسەیەکی فێربوونی تەواوکاریی دابنێین، ئەوا دەگونجێت هەریەکە لە کۆمەڵگای سێکیولار و ئایین وەک یەک، بەشدارییەکانیان پێشکەش بکەن لەبارەی ئەو بابەتانەی کە خەڵکی جیاوازن لەسەریان لە ژیانی گشتییدا، هەروەها بە هۆی هۆکارە ئەقڵییەکانەوە هەریەکەیان ئەویتر بەهەند وەربگرێت و رەچاوی بکات" (هابرماس، 2013، ص 60).

**لقی سێیەم: بواری گشتی وەک چوارچێوەیەک بۆ پێکەوەژیانی هەردوو ئاراستەکە:**

هابرماس لە (ئایین لە بواری گشتییدا) جەخت لەوە دەکاتەوە کە "لێبوردەیی" وەک بنەمایەک بۆ هەر کەلتوورێکی دیمۆکراسی بەهێز، بە بەردەوامی وەک شەقامێکی دوو ئاڕاستە وایە، بۆیە کارەکە لەوەدا کورت ناکرێتەوە کە "ئاییندارەکان" لێبوردە بن لەگەڵ بیروڕای ئەوانیتردا، بە بێئایین و مولحیدەکانیشەوە، بەڵکو ئەرکی کەسانی سێکیولاریشە کە رێز لە بیروڕای ئەو هاوڵاتیانە بگرن کە پاڵنەری باوەڕی ئایینییان هەیە. (دیب، 2006)

هابرماس بژاردەی دیموکراسییەتی دەستاودەستکاریی دەخاتەڕوو، بەڕای ئەو رێگە بە تێپەڕاندنی ئەو سەرئێشانە دەدات، کە مۆدێرنێتی سیاسی لە سەرەتاوە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، لەنێوان بیروباوەڕە تاکەکەسییەکان (بەتایبەتی ئایینییەکان) و ئەقڵی سیاسی گشتییدا، ئەمەش بە فراوانکردنی مەودای گفتوگۆی بەکۆمەڵ تا بتوانێت بیروبۆچوونە بنچینەیی و پێوەرییەکان لەخۆی بگرێت کە پێشتر لە بازنەی ئەخلاقی تاکەکەسیدا قەتیسکرابوون. بەمشێوەیە پێوەرە ئایینییەکان دەگەڕێنەوە بۆ بواری گشتی وەک گوزارشتێک لە مافی باوەڕە تاکییەکان بۆ دەرچوون بۆ گۆڕەپانی گفتوگۆی بەکۆمەڵی ئاشکرا و قووڵکردنەوەی گفتوگۆیەکی کۆمەڵگەیی لەسەر بنەما بنەڕەتی و ناوەکییەکان، بەمەش ئایین دەگەڕێتەوە بۆ بازنەی کاروباری گشتی نەک وەک دەسەڵاتێکی پاوانخوازی رەها، بەڵکو وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەکانی گفتوگۆی گشتی. (ولد أباه، 2012).

هابرماس لە بەشدارییەکەیدا لەبارەی (سیاسی)یەوە لە کتێبی (هێزی ئایین لە بواری گشتییدا) گفتوگۆیەک دەکات لەگەڵ فەیلەسوفی دادپەروەی (جۆن راوڵز)، سەبارەت بەو پێشنیازەی کە داوادەکات کە رۆڵێکی دیاریکراو بدرێتە ئایین لەبواری گشتییدا،

هەروەها هێنانە ناوەوەی بیروباوەڕە ئەقڵانییە گشتگیرەکان، جا ئایینی بن یان نائایینی، بۆ ناو گفتوگۆی جەماوەری گشتیی، بەو مەرجەی لە کاتێکی گونجاودا بێت، ئەوەش دوای پێشکەشکردنی هۆکاری سیاسی گونجاوی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی هەموو ئەوانەی بیروباوەڕە گشتگیرەکان دەیڵێن. هابرماس ڕووبەڕووی ئەم "مەرجە راوڵزییە" بوویەوە لە ڕێگەی ئەو بەرهەڵستییە ئەزموونییەی (الإعتراض التجريبي) کە دەڵێت: زۆرێک لە هاوڵاتیان ناتوانن یان ئارەزووی ئەوە ناکەن جیاکردنەوەی پێویست بکەن لە نێوان ئەو بەشدارییانەی کە بەشێوازی ئایینی گوزارشتیان لێدەکرێت و ئەوانەی تر کە بە زمانی سیکێولاری گوزارشیتان لێدەکرێت، کاتێک هەڵویستێکی سیاسی دەنوێنن، هەروەها بەو بەرهەڵستییە پێوانەییە (الإعتراض المعياري) کە دەڵێت: دەستوری لیبراڵی، کە گەرەنتی پیادەکردنی شێوازەکانی ئاییندارییی دەکات لە ژیاندا، پێویستە قورساییەکی زیاتر نەخاتە ئەستۆی هاوڵاتییە ئاییندارەکانی کە نا یەکسانی لێبکەوێتەوە. (هابرماس، 2013، ص 58)

هابرماس تێزێکی جێگرەوە دەخاتەڕوو، بەپێی ئەم پێشنیازە دەبێت هەموو ئازاد بن لەوەی زمانی ئایینی لەبواری گشتییدا بەکاربهێنن یان نا، ئەگەر ویستی ئەوەیان هەبوو پێویستە بەوە رازی بن کە ناوەڕۆکی راستەقینەی ئەو دەربڕاوە ئایینییانە بگۆڕن بۆ زمانێکی خوازراوی ویستراو، پاشان لە چوارچێوەیەکی فراواندا پراکتیزەی بکەن، پێش ئەوەی ڕێگەی خۆیان بگرەنەبەر بۆ کارنامەی پەرلەمانەکان، یان دادگاکان، یان دەستە کارگێڕییەکان و کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانیان هەبێت. لەبری ئەوەی هەموو هاوڵاتییان ملکەچ بکرێن بۆ پاڵفتەکردنی رەخنە و راوبۆچوونە گشتییەکانیان لە زمان و گوتاری ئایینی کە پڕە لە رەمز و رەوانبێژیی، پێویستە دامەزراوەیەکی پاڵاوتنی دەستوریی دابمەزرێت لەنێوان پەیوەندیکردنی نافەرمی لە بواری جەماوەریدا و ئاڵوگۆڕە فەرمییەکانی دەستە سیاسییەکان کە بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ وەڵامدەرەوەی بڕیارە پابەندکارەکانە. ئەم تێز و پێشنیارە ئامانجی لیبراڵیزم دێنێتەدی، لە دەستەبەرکردنی ئەوەی هەموو ئەو بڕیارانەی ئەگەری سەپاندنیان هەیە لە ڕووی یاساییەوە و لەسەر ئاستی گشتییش دانپێدانراون، دەکرێت بە زمانێک دابڕێژرێت کە لەلایەن هەمووانەوە قبووڵکراو بێت، بەبێ سەپاندنی هیچ کۆتوبەندێک بەسەر هەمەچەشنی و فرەیی دەنگە جەماوەرییەکان

لەسەرچاوەی یەکەمیاندا. بێگومان بەشدارییە (تاکەکەسییەکان)ی هاوڵاتیانی ئاییندار پشت بە هەوڵەکانی هاوڵاتیانی هاوکاریان دەبەستێت بە مەبەستی وەرگێڕانی ئەو زمانە ئایینییە بۆ زمانێکی گشتی و هاوبەش، ئەگەر بیانەوێت ئەو بەشدارییانە ببیسترێن و پشتگوێ نەخرێن. (هابرماس، 2013، ص 58)

خاڵی هەرە گرنگتر ئەوەیە: ئایا خودی ئایین چۆن بەبێ جیاوازی و لە بواری گشتییدا گفتوگۆی هەردوو ئاڕاستەی ئاینداریی و سیکیۆلاریی دەکات؟ بەڕای (سیمۆن چامبەرز، Simone Chambers) سێ ڕێگەی لێکئاڵاو هەن کە زمان و مانای ئایینی بەهێز دەکەن لە گفتوگۆکانی بواری گشتییدا: (شامبرز، 2015)

**1. ئایین هاوپەیمانە لە ململانێی بەرگریکردن دژ بە هەژموونی سروشتگەرایی دۆگماگەرا:**

سەرچاوەی دۆگماییبوون بناژووخوازیی ئایینی بێت یان سروشتگەرایی سێکیولاری بێت، کاریگەریی نەرێنی هەیە لەبواری گشتییدا، ئایین وەک کۆگایەک بۆ باڵابوون ڕۆڵی گرنگی هەیە، ئایین ڕێگری لە هاوڵاتیانی کۆمەڵگە نوێیە سێکیولارەکان دەکات، کە لەناو خواساتە پیشەییەکان و سەرکەوتنە دنیاییەکاندا ڕۆبچن، ئایین بۆ کەسانێک پێویستیان پێی هەبێت ئەزموونی زۆری کاری تر پێشکەش دەکات وەک: بەهای ئایینی بۆ خۆشەویستی، ژیان لەناو کۆمەڵدا، هاوکاری و پاڵپشتییەک کە لە خواترسانەوە سەرچاوەی گرتووە بۆئەوەی ببێتە جێگرەوەی هەژموونی ڕکابەرایەتی و دەستکەوت و گەندەڵی.

**2. ئایین سەرچاوەیەکی وزەی نوێبووەوەیە بۆ فەلسەفەی سێکیولاریزم بەتایبەت لە ڕەگە یەهودییە – مەسیحییەکەیدا:**

بۆ ماوەیەکی درێژ هابرماس مکوڕ بووە لەسەر ئەوەی زۆرێک لە چەمکەکانی فەلسەفە ئەخلاقیی و سیاسییەکان کە پێگەیەکی شکوداریان هەیە، لە بنەڕەتدا گوزارشتن لە بیروباوەڕی یەهودییەت و مەسیحییەت، بەڵام پیرۆزییان لەسەر لادراوە. لێرەوە فەلسەفە ڕەگی خۆی لەناو کلتوری ئایینیدا دەبینێتەوە، پاڵنەرێکی نوێش دەدۆزێتەوە ئەگەر لە ئازادکردنی ناوەڕۆکە مەعریفییەکەی لە توێکڵە دۆگماییەکەی سەرکەوتوو بێت، جێکردنەوەی لە چوارچێوەی گوتاری ئەقڵیدا.

**3. ئایین دیدێکی ئەخلاقییانە دەخاتەڕوو کە هێشتا بۆ فەلسەفە نەڕەخساوە:**

هابرماس هۆشداریی داوە کە فەلسەفە ناتوانێت جێگەی ئایین بگرێتەوە، چونکە ئایین ناوەڕۆکی دەلالی ئیلهامبەخش هەڵدەگرێت و دەتوانێت خۆی قوتاربکات لە هێزی راڤەیی زمانی فەلسەفە، بەردەوام بێت لە بەرگرییکردن لەوەی وەربگێڕدرێت بۆ گوتارێکی ئەقڵی. سێ نموونە هەیە لەسەر شکستی فەلسەفە لە خستنەڕووی دیدی پێوەرییانە بەشێوەیەکی شایستە، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (بیری شەڕ و قوربانی، هاریکاری گەردوونی، تاکگەرایی) کە ناکرێت قەرەبوو بکرێنەوە.

لەسەروبەندی قسەکردن لەسەر پەیوەندیی ئایین و سیاسەت، سێ بابەت بەتوندی دەخرێنەڕوو، کە ئەمانەن: (Mcgown, 2004, P. 874)

**یەکەم**: زیادبوونی پابەندبوونی ئایینی بەهێز لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای باشوور و ئەمریکای باکوور، ئەوەش وادەکات کە کەنەدا و ئەوروپا وەک شوێن زیاتر سێکیولارتر دەربکەون.

**دووەم**: ئایین یان ئاڕاستە ئایینییە بەهێزەکان لەناوەڕۆکیاندا هۆکارێک نین بۆ نائارامی جیهان.

**سێیەم**: ئەو تیرۆرەی دەیبینین لەسەر بنەمای ناتوانایی ئابووری و سیاسی دروستبووە نەک لەسەر بیروباوەڕی ئاینی بەهێز.

لەچوارچێوەی ئەو رەخنانەی ئاراستەی بیروڕاکانی هابرماس کراون، دابەشبوونێک لەنێوان توێژەراندا هەیە لە گفتوگۆکانیان سەبارەت بە جۆری ئەو گوتاری دیمۆکراسییەی کە سەر بە بواری گشتییە، بۆنمونە، یەکێک لە راوبۆچوونەکان باسی ئەگەری بەکارهێنانی هەندێک جۆری دیاریکراوەکانی گوتار دەکات بە مەبەستی دورخستنەوەی جیاوازییەکان، ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی (ئەقڵانییەت)ەوە یان لە رێگەی بەکارهێنانی پرۆسەی پیادەکردنی دەسەڵاتەوە، ئەم گفتوگۆیانە پەیوەستن بە ناکۆکی بەردەوام لەسەر پرسیاری پێشکەشکراو سەبارەت بە ئەگەری ئەوەی کە پێناسەکەی هابرماس بۆ بواری گشتی ببێتە هۆی لەناوبردنی جیاوازیی لە رێگەی سەپاندنی سازان لەنێوان

بیروبۆچوونەکاندا، واتە ترسێک لە ئارادایە کە گەڕان بەدوای کۆدەنگی و سازان ببێتە هەڕەشە لەسەر فرەیی و پلۆراڵیزم. (Martin, 2005, P. 366)

لە کۆتاییدا دوو بۆچوون هەیە سەبارەت بە شیکردنەوەی ئاراستەی کۆتایی هابرماس بەرەو ئایین:

**یەکەمیان**: رەتکەرەوە و رەخنەگری هابرماسە، کە بۆچوونی وایە تیوری رەخنەیی لای هابرماس بەدەست کەموکورتیی لە واتای ئەخلاقی بنیاتنەرانەوە دەناڵێنێت، لەپێناو ئەمەدا هەوڵدەدات پەنا بۆ ئایین ببات بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکە.

**دووەمیان**: پاڵپشتی دەکات، باوەڕی وایە هەڵوێستەکانی هابرماس بەرامبەر بە ئایین لە هەڵوێستی دژە ئایینەوە لەسەر بنەمانی مارکسییەتەوە پەرەیسەندووە بۆ هەڵوێستێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە نەک تەنها ئایین لە بازنەی کاری سیاسی دەرنەکرێت، بەڵکو بە پێویستی دەزانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وەک دیفاکتۆیەک لە فەزای گشتییدا کە پێویستە قبووڵ بکرێت. (غفاری، 2017، ص 91).

## دەرئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا گرنگتیرن دەرئەنجامەکان لەچەند خاڵێکی چڕدا کۆدەکەینەوە:

1. هابرماس باوەڕی بە دەوڵەتی دەستوریی بێلایەن هەیە، لەبەرامبەر ئایینگەراکان و سێکیولارگەراکان و پێداگری دەکاتەوە لەسەر پێویستبوونی پێکهێنانی حکومەتێک لەسەر بنەمای نائایینی پشتبەستوو بە شەرعییەت و رەزامەندی هاولاتیان، بەلام جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی دەستوریی ئایینەکان و پارێزگاریکردنی فرەیی ئایینی لە کارلێکی کۆمەلایەتیدا. بە دەربڕینێکی تر، بانگەشەی بە سێکیولارکردنی دەسەلاتی سیاسی دەکات، بەلام گشتاندنی سیاسییانەی دیدگای سێکیولاریزم لەسەر هەموو هاولاتیان رەتدەکاتەوە.

2. هابرماس لە دیدگای خۆیەوە لەسەر (کۆمەڵگەی پۆست سێکیولاری) رەخنەیەکی توند لەو گریمانە بنەڕەتییەی تیۆری بەسێکیولارکردن دەگرێت، کە دەڵێت، کردەکانی نوێکردنەوەی کۆمەڵگەکان لەگەڵ پشتگوێخستنی ئایین لەبواری گشتیدا هاوئاهەنگ و بەیەکەوەبەستراو بن، تا دەگاتە ئاوابوون و دوورخستنەوەی لە هەموو ژیان. لەم

رەخنەشیدا پشت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی جیهاندا کە ئامادەییەکی تەواوی ئایین هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کەسەکان و گەڕانەوەی بەهێزی ئایین بۆ بواری گشتی بە شێوازی هەمەجۆر تا دەگاتە ئاستی کاریگەریی لەسەر ئەجێندای سیاسی دەوڵەت.

3. هابرماس باوەڕی وایە لەبەرژەوەندی دەوڵەتی دەستوری بێلایەندایە، ئەگەر لێبوردە بێت لەبەرامبەر هەموو سەرچاوە کەلتوورییەکان کە هۆشیاریی پێوەریی و هاریکاری مەدەنی گۆش و تێراو دەکەن. بۆیە ئەو پاڵپشتی ئەو هەڵوێستانە ناکات کە ئامادەیی بیروباوەڕە ئایینییەکان لەبواری گشتییدا بەتەواوی رەتدەکەنەوە، پاڵپشتی ئەو هەڵوێستانەیش ناکات کە بانگەشەی پێویستبوونی درەوشانەوە و دەرکەوتنی بیروباوەڕە ئایینییەکان دەکەن لەهەموو گفتوگۆ و دانوستانە سیاسییەکاندا، بەڵکو هەڵوێستی سێیەم دیاری دەکات کە بانگەشەی بۆ دەکات، لەوەی ئایین دەتوانێت بەشداری لە بواری گشتییدا بکات، بەڵام بەپشتبەشتن بە بەڵگە ئەقڵانییەکان و پاساوە لۆجیکییەکان و پێشکەشکردنیان بە زمانێک لە بواری گشتییدا کە هەمووان لێی تێبگەن.

4. هابرماس پشتگیریی گفتوگۆ و پێکەوەژیان دەکات لەنێوان هەردوو ئاراستەی ئایینی و سێکیولاردا لە چوارچێوەی (ستراتیژییەتی فێربوونی دوانەیی) و توانای فێربوون لەیەکترەوە، پێویستبوونی هاوبەشی و هاریکاریی، و رازیبوون بە دیدگای ئەوانی تر، لە چوارچێوەی میکانیزمی دیمۆکراسی گونجاو لە بواری گشتی و لەناو بازنەی کەلتووری رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بەبێ بانگەشەکردن بۆ هیچ دەسەڵاتێکی مەعریفی لەسەر بنەمای ئایین یان زۆرینە، لێرەوە هابرماس بانگەشە دەکات بۆ تێگەیشتنی بەسێکیولارکردن وەک پرۆسەیەکی راهێنانی دوانەیی دووسەرەی هەردوو ئاراستەکە بەیەکەوە.

5. هابرماس پێداگریی دەکات لەسەر ئەو راستییەی کە لێبوردەیی بنەمای کەلتووری دیمۆکراسییە، بەڵام لەهەمانکاتدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەمیشە لێبوردەیی رێگەیەکی دوو ئاراستەیە، واتە پێویستە هەردوو لایەن یان زیاتری هاوکێشەکە لەگەڵ پێویستی بوونی ئامادەیی هەردوولا بن بۆ لێبوردەیی، بەمانایەکی تر، لێبوردەیی پێویستە هەموو ئاراستەکان بگرێتەوە، (باوەڕدارە ئاییندارەکان،

بێباوەڕەکان، نازانمگەراکان و سێکیولارەکان) لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ پرۆژە فراوانەکەی هابرماس لەبارەی بنەماکانی ئەخلاقی گتفوگۆی ئەقڵانی و دیمۆکراسی دەستاودەستی و دەوڵەتی دەستوری بێلایەن و کەلتووری مافی مرۆڤ.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: عەرەبی:**


1. أحمد عطار، **هابرماس والعالم الإسلامي**، مجلة (لوغوس)، دار كنوز، الجزائر، العدد/ 1، جولية/ 2012، على الرابط: https://fshs.univ-tlemcen.dz/assets/uploads/dep%20sh%20philo/laboratoire%20philo/01.pdf
2. آرمان زارعي، **مابعد العلمانية في فكر يورغن هابرماس: الدين في رحاب الحياة الليبرالية المعاصرة**، ترجمة: أسعد مندي الكعبي، مجلة الإستغراب، المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، مكتب بيروت، العدد/ 8، السنة/ 3، صيف/ 2017.
3. أوسكار نيغت، **هابرماس: المثقف السياسي إلى هابرماس في عيد ميلاده الثمانين**، ترجمة: رشيد بوطيب، مجلة (فكر وفن)، العدد/ 92، السنة/ (49)، 2010، متاح على موقع (معابر)، بتاريخ (2015/11/6)، على الرابط: http://maaber.50megs.com/philosophy/habermas.htm
4. تشارلز تايلور، **العلمانية الغربية**، ترجمة: طارق عثمان، مركز نماء للبحوث والدراسات، سلسلة أوراق نماء، رقم (120)، ص 34. متاح على موقع (مركز نماء) بتاريخ (2016/10/20) على الرابط الألكتروني: http://nama-center.com/ActivitieDatials.aspx?id=30720
5. جان بول ويلم، **الجدل حول العلمانية في عصر ما بعد العلمانية**، ترجمة: ألبير شاهين، مجلة الإستغراب، تصدر عن المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، مكتب بيروت، العدد/ 2، السنة/ 2، شتاء/ 2016.
6. جوديث بتلر، كورنيل ويست، تشارلس تيلر، **قوة الدين في المجال العام**، ترجمة: فلاح رحيم، بيروت، دار التنوير للطباعة والنشر، 2013.

7. ثائر ديب، **الدين والعلمانية في الفكر الغربي من هيجل إلى هابرماس**، نيسان/ 2006، متاح على موقع (معابر) على الرابط: http://www.maaber.org/issue_april06/perenial_ethics1.htm

8. دانيلو مارتوشيلي، **يورغن هابرماس: العقلنة والديموقراطية**، ترجمة: إبراهيم بومسهولي، متاح على موقع (أنفاس)، في: (2015/11/6)، على الرابط: http://anfasse.org/2010-12-30-16-04-13/2010-12-05-17-29-12/6378

9. ريتشارد وولن، **أنعيش في مجتمع مابعد علماني؟ الإنعطافة الدينية عند الفيلسوف يورغن هابرماس**، ترجمة: خالدة حامد، متاح على موقع (إيلاف)، بتاريخ (2005/8/7)، على الرابط: http://elaph.com/elaphweb/ElaphWeb/ElaphLiterature/2005/7/80179.htm

10. سيمون شامبرز، **كيف يخاطب الدين اللاأدري: هابرماس وقيمة الدين الباقية**، ترجمة: توفيق فائزي، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، الرباط، 2015، ص20. متاح على موقع المؤسسة، على الرابط: http://www.mominoun.com/pdf1/2015-07/559a90c55c5271919914436.pdf

11. حسين غفاري، معصومة بهرام، **دور الدين في الفضاء العمومي: دراسة في تطور رؤية هابرماس الفلسفية**، ترجمة: محمد حسن زراقط، مجلة الإستغراب، المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، مكتب بيروت، العدد/ 8، السنة/ 3، صيف/ 2017.

12. خوزيه كازانوفا، **مابعد العلماني: سجال مع هابرماس**، ترجمة: طارق عثمان، مركز نماء للبحوث والدراسات، سلسلة أوراق نماء، رقم (141). متاح على موقع (مركز نماء) بتاريخ (2017/7/2) على الرابط الألكتروني: http://www.nama-center.com/ActivitieDatials.aspx?Id=40768

13. عبدالجليل أميم، **الدين والعقل العمومي: في أهمية المعتقد عند هابرماس**، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، الرباط، يناير/ 2014، ص 2-3، متاح على موقع المؤسسة، وعلى الرابط: http://mominoun.com/pdf1/2014-12/54a13847b447891311318.pdf

14.عبدالعزيز ركح، **مابعد الدولة – الأمة عند يورغن هابرماس**، منشورات الإختلاف-الجزائر، دار الأمان-الرباط، 2011.

15.عبد الله السيد ولد أباه، **الدين في الفلسفة الحديثة**، مجلة (التسامح)، العدد/ 38، السنة/ 10، (خريف، 2012) متوفر على موقع (تفاهم)، وعلى الرابط: https://tafahom.om/wp-content/uploads/magazine/non.pdf

16.علي عبود المحمداوي، **الإشكالية السياسية للحداثة: من فلسفة الذات إلى فلسفة التواصل هابرماس أنموذجا**، الرباط، دار الأمان، الجزائر، منشورات الإختلاف، 2011.

17.كريم محمد، **"الابتزاز العلماني" والموقف الديني**، متوفر على موقع (إضاءات) على الرابط: http://ida2at.com/secular-religious-stance-blackmail/

18.كونستانتينوس د. جيانيس، **الدين والسياسة: مسار النظريات العلمانية والمابعد العلمانية**، مجلة الإستغراب، تصدر عن المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، مكتب بيروت، العدد/ 3، السنة/ 2، ربيع/ 2016.

19.كيرستن كريب، **المسألة الدينية لدى هابرماس: جمال الفكر في تعدده واختلافها**، ترجمة: رشيد بوطيب، مجلة (فكر وفن)، العدد/ 92، السنة/ (49)، 2010، متاح على موقع (معابر)، بتاريخ (2010/6)، على الرابط: http://www.maaber.org/issue_june10/epistemology1.htm

20.محمد المهيذبي، **حقيقة مجتمع ما بعد العلمنة عند هابرماس**، متاح على موقع (الأوان)، بتاريخ (2013/12/8)، على الرابط: https://www.alawan.org/2013/12/08

21.موقاي بلال، **سؤال الدين في المجال العمومي: قراءة في تصور يورغن هابرماس للمسألة الدينية**، مجلة المواقف للبحوث والدراسات في المجتمع والتاريخ، العدد/ 9، ديسمبر/ 2014، متاح على موقع (ASJP) على الرابط: https://www.asjp.cerist.dz/en/article/5816

22.ميكائيل فوسيل، **معتقدات الإنسان الديمقراطي هابرماس والمسألة الدينية**، ترجمة: محمد صدام، متاح على موقع (بوابة العرب) على الرابط: http://vb.arabsgate.com/showthread.php?t=482141

23.هشام عوكل، **مابعد العلمانية: قراءة بفكر الفيلسوف يورغن هابرماس حول صياغة نظرية للحداثة ولعقلانية جديدة**، متاح على موقع (الصفصاف)، بتاريخ (2008/4)، على

الرابط: http://www.safsaf.org/04-2008/art-safsaf/oukalHisham/alelmaneya.htm

24.يورغن هابرماس، **الدين في المجال العام**، ترجمة: هشام عمر النور، (29/ 9/ 2011)، متاح على موقع منتديات هنا وردة (مدونة النظرية النقدية)، على الرابط: http://hunawarda.blogspot.com/2011/09/blog-post_29.html

25.يورغن هابرماس، **المجتمع "مابعد العلماني": تأصيل المعنى والتجربة**، ترجمة: د. ريم اليوسف، مجلة الإستغراب، المركز الإسلامي للدراسات الإستراتيجية، بيروت، العدد/ 2، السنة/ 2، شتاء/ 2016.

26.يورغن هابرماس، **مستقبل الطبيعة الإنسانية: نحو نسالة ليبرالية**، ترجمة: جورج كتوره، بيروت، المكتبة الشرقية، 2006.

27.يورغن هابرماس، وجوزيف راتسينغر (البابا بندكتس XVI)، **جدلية العلمنة: العقل والدين**، تعريب وتقديم: حميد لشهب، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت، 2013.

**دووەم: ئینگلیزی:**

1. Charles Taylor, **A Secular Age**, Harvard University Press, Cambridge, 2007.
2. George Moyser, **Politics and Religion in the modern world: an overview**, in: George Moyser (Editor), Politics and Religion in the modern world, London: Routledge, 1991
3. Jean-Paul Willaime, **Secularism at the European level: A struggle between non-religious and religious worldviews, or neutrality towards secular and religious beliefs?** In Religious Studies Conference: Debating Secularism in a Post-Secular Age, April 9 -10, 2010. Washington University, Saint Louis (Missouri).
4. Jürgen Habermas, **Between Naturalism and Religion: Philosophical Essays,** (UK, **Cambridge**, **Polity Press,** 2008).

5. David Mcgown, **When Religion and Politics Collide**, International Journal, Published by: Sage Publications, Ltd. on behalf of the Canadian International Council, Vol. 59, No. 4, (Autumn, 2004), P. 874. Available at: http://www.jstor.org/stable/40203987
6. Ian Ward, **Democracy After Secularism**, The Good Society, Published by: Penn State University Press, Vol. 19, No. 2 (2010). Available at: http://www.jstor.org/stable/10.5325/goodsociety.19.2.0030
7. Robert W. T. Martin, **Between Consensus and Conflict: Habermas, Post-Modern Agonism and the Early American Public Sphere**, Polity, Published by: The University of Chicago Press, Vol. 37, No. 3 (Jul., 2005), available at: http://www.jstor.org/stable/3877112

## تێڕوانینە فکری و فەلسەفییەکان بەرامبەر خودا

**صلاح الدين ئەحمەد**

خودا پانتاییەکی گەورەی لە هزر و فەلسەفەی مرۆڤایەتیدا داگیرکردووە، هەر لە سەرەتاوە تێڕوانینەکان بەرامبەری جیاواز بوون، بەشێوەیەک پرسیارگەلێکی یەکجار زۆر لە بەرامبەریدا هاتوونە کایەوە، بۆ نموونە: ئایا خودا وەک بوونێکی سەربەخۆ بوونی هەیە؟ کە بوونی هەیە چۆنە؟ ناو و سیفەت و کردارەکانی چۆنن؟ پەیوەندیی بە بوون و مرۆڤ و گەردوونەوە هەیە یان نا؟ کە پەیوەندیی هەیە پەیوەندییەکە چۆنە؟ راستەوخۆیە یان ناڕاستەخۆ؟ خودا سەرەتای هەیە یان نا؟ ئەزەلییە؟ هەر دەمێنێت یان نا؟ ئەبەدییە؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری دیکە لە بەرامبەر خودادا دروستبوون و دروستدەبن، ئێمە لەم نووسین و توێژینەوە کورت

و گوشراوەدا هەوڵدەدەین وەڵامی هەندێک لەم پرسیارانە بدەینەوە لە تێڕوانینی هەندێ لە بیرمەندان و فەیلەسوفاندا، واتە چەند نموونەیەکیان لێ وەردەگرین.

## هەڵوێستەکان بەرامبەر بوونی خودا

باسی خودا و بەتایبەت بوونی (وجود) ی خودا، یەکێکە لە بابەتە هەرە گەرمەکانی فەلسەفەی بوون و (وجود)، هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ، هەڵوێستەکانیش لە بەرامبەریدا جیاوازن، دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ (8) ڕێباز [1]

1- الألوهية 2- الربوبية 3- الإلحاد 4- اللاأدرية 5- الشيئية 6- اللاأكتراثية 7- وحدة الوجود 8- السوفسطائية

## خودایی (الألوهی) (Theism)

باوەڕدارانی ئەم ڕێبازە باوەڕیان وایە خودا بریتییەلە زاتێکی تەواو کە هەموو سیفەتێکی تەواوی هەیە، ئەم زاتە (خودایە) پەیام و پەیامبەری ناردووە، هەروەها بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین: مەزهەبی ئولوهی بڕوای بە چوار شتی سەرەکی هەیە:

1- بڕوابوون بە خودا، وەک ئافرێنەری گەردوون و بەڕێوەبەری گەردوون

2- بڕوابوون بە پەیام و وەحی و پەرتووکی ئاسمانی

3- بڕوابوون بە پێغەمبەرێک کە لە لایەن خوداوە نێردراوە بۆ مرۆڤایەتی

4- بڕوابوون بە زیندووبوونەوە و ڕۆژی دوایی

دیارە ئەوانە بریتیین لە شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانییەکان، وەک (ئیسلام و مەسیحییەت و جوولەکە).

## روبوبییەکان (الربوبية، Deism)

[1] براهين وجود الله، سامي عامري، ل (57) و دواتر، ميليشيا الإلحاد (مدخل لفهم الإلحاد الجديد) - عبدالله بن صالح العجيري ، ل (70).

ئەم ڕێبازە (مەزهەبە) بڕوای بە زاتێکە کە بریتییەلە خودا، کە ئەم گەردوونەی ئافراندووە و ئەندازەی گرتووە و ڕێکی خستووە و خستویەتییە سەر سیستەمێکی ڕێک بە شێوەیەک کە پێویستی بە ئاڕاستەکردن و ڕێنموونیکردن نەبێت، وەک کاتژمێر، کە دروستدەکرێ پاشان خاوەنەکەی لێی دەگەڕێت ئەویش بەپێی ئەو سیستەمەی کە تێیدایە کاردەکات، بەبێ ئەوەی پێویستی بە ئاڕاستەکردن بێت.

**جیاوازی ئولوهی و روبوبی:**

1- ئولوهی بڕوای بە وەحی خودایی و پەرتووکی ئاسمانی هەیە، بەڵام کەسی روبوبی بڕوای بە پەیامی خودایی و وەحی و پەرتووکی ئاسمانی نییە، بەڵکوو ئەوان بڕوایان بە وەحی گشتی (الوحي العام) هەیە، کە بریتییە لە راستییەکانی ئەقڵ و ئاماژە گەردوونییەکان، واتە سەرچاوەی زانیاری لای ئەوان بریتییەلە ئەقڵ و زانست، لەو دەرهاویشتەی کە لە گەردوون و ژیانەوە دەستمان دەکەوێت، بۆیە ئەوان پێیان وایە کە ئەوە ئەقڵ و زانستن خۆشبەختی و کامەرانی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەدەن، نەوەک وەحی و پەیامی خودایی.

2- ئولوهی بڕوای بە پێغەمبەری نێردراو هەیە کە لە لایەن خوداوە نێردراوە، بەڵام کەسی روبوبی بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە پێغەمبەر و پێغەمبەرایەتی نییە، واتە: بڕوایان بەوە نییە کە خودا پەیوەندیی لەگەڵ یەکێک لە مرۆڤەکاندا هەبێت، هەر بۆیەش بڕوایان بە دەرئاسا و هەموو ئەو بەڵگانەی دیکەش نییە کە پێغەمبەران لەگەڵ خۆیان هێناویانە.

3- ئولوهی خاوەن ئایینە، بەڵام روبوبی هیچ ئایینێکی نییە، پێیان وایە ئایین هی خەڵکی ساویلکە و نەزانە و لە بێدەسەڵاتی و بێزانستی خەڵکانی سەردەمی کۆن سەرچاوەی گرتووە، دەشڵێن: ئایین تەنها ئامرازێکە بۆ جووڵاندنی سۆزی خەڵک و راکێشانیان بۆ دەسکەوتی دنیایی و ماددی.

4- ئولوهی بڕوای بە ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەی دواڕۆژ هەیە، بەڵام زۆرێک لە روبوبییەکان بڕوایان بە ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە نییە.

## بێباوەڕی (الالحاد، Atheism)

ئەم ڕێبازە (مەزهەبە) باوەڕی بە هیچ خودا و بەدیهێنەر و ئافرێنەرێک نییە کە ئەم گەردوونەی لە نەبوونەوە دروستکردبێت، وەک باوەڕداران باوەڕیان وابوو. بێباوەڕانی کۆن پێیان وابوو مادده ئەزەلی و هەر هەبووە و پێویستی بە هێزێکی دەرەکی نییە بۆئەوەی بیهێنتە بوون، بەڵام لە دوای تەکانی دووەمی فیزیا و هاتنە کایەی فیزیای سەردەمی دوای ئەنیشتاین ئەم بیروڕایە لە وەلانرا و سیناریۆی جیاوازیان بۆ بیروبۆچوونەکانیان داهێنا، هەتا بە زمانی حاڵ نکوولی لە هەبوونی خودا بکەن و واز لە باوەڕی تەقلیدی کۆنی خوداباوەڕی بهێنن، کە لە سیناریۆ هەرە بەهێزەکان بۆ گەردوون فرەگەردوونییە و ڕەگەکەی بە سودفە و ڕێکەوت پاڵپشتی دەکرێت، سیناریۆی هەبوونی ژیانیش پەرەسەندنە کە ڕەگەکەی سازش کردن و خۆگونجاندنیانە لەگەڵ دەوروبەر (البقاء لمن انسب و اصلح).

بۆیە ئەوان باوەڕیان وا نییە کە کەسێک سەرپەرشتی گەردوون بکات و بەڕێوەی ببات، یان پەیام و وەحی و پێغەمبەر و ئایین بنێرێت یان زیندووبوونەوە هەبێت، ئەوان هەموو ئەمانە ڕەتدەکەنەوە و بەتەواوی دژی دەوەستنەوە[2].

## نازانمگەرایی (اللاأدرية، Agnosticism)

نازانمگەرا (اللاأدرية) کەسێکە کە بڕوای وایە ناتوانێت دان بە بوونی خودا دابنێت، هەروەها ناشتوانێت نەفی بکات، لەبەرئەوەی کەسی نازانمگەرا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە و نازێت بەڵگەکانی هەبوون بەهێزترن یان نەبوون و لەمەڕ باسەکە نەگەیشتووەتە هیچ ئەنجامێک.

لائەدرییەکان دەڵێن: شتە میتافیزیکییەکان و نادیارەکان و دەرهەست نەبووەکان و شتەکانی ئەودیو سروشت هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ جێگیرکردن و ئیسپاتکردنیان، ناشتوانرێت نەفی بکرێن، کەواتا باشترین ڕێگە ئەوەیە کە بڵێین: نازانین و خۆمانی

---

[2] ئیلحاد جۆری زۆری هەیە، ئێمە لە پەرتووکی (ئیلحاد وەک خۆی) دا 36 جۆری ئیلحادمان باسکردووە.

لێ ببوێرین و بەڵگە لەسەر هەبوون یان نەبوونی نەهێنینەوە، چونکە رەنگە هەر دوو لا بە بڕوادار و بە بێباوەڕ بەڵگەی خۆیان هەبێت، بۆیە لە دیدی ئەوان لەوانەیە بەڵگەکانی هەر دووکیان یەکسان بن، بۆیە حوکم بە هیچ لایەکیاندا نادەن و لایەنگیری هیچ کامێکیان ناکەن نە بە ئیسپات نە بە نەفی.

## شتگەرا (الشيئية، letsism)

رێبازی شتگەرا (الشيئية) واتا: شتێک (شيئ) هەیە، بۆیە ئەم مەزهەبە ناڕوونییەکی تێدایە، ئەم رێبازە لە مەزهەبی روبوبی نزیکە، بەڵام وەک ئەو نییە بەتەواوی، چونکە روبوبی بڕوای بە زاتێکی ئافرێنەری خاوەن سیفەتی زاتی روون هەبوو، بەڵام شتگەرا (الشيئية) ناڕوونییەکی تێدایە، چونکە هەندێک کات بڕوایان نزیکە لە روبوبی بەوەی کە ئەو شتە هێزێکی گەورەی دەرەکییە، بەڵام زۆر جاریش مەفهومەکەی نزیکە لە فریشتە یان هێزێکی رووت لە زات و سیفەت، بۆیە بەپێی سەرژمێرییەک کە لە ئەورووپا کراوە لە ساڵی (2010) 80% بڕوایان وا بووە کە (رووحێک یان هێزی ژیان) هەیە کە بە لای ئەوانەوە ئەوە بریتییەلە خودا.[3]

ئەم رێبازە (مەزهەبە) زیاتر بەهۆی تەمبەڵیی مەعریفی لە رۆژئاوا سەریهەڵداوە، چونکە زۆربەیان خۆیان سەرقاڵ ناکەن بە مانا گەورە گەردوونییەکان یان پرس و پرسیارە گەورەکان و تێگەیشتن لە واتای ژیان و ئامانجەکانی و هۆکاری هاتنەبوونمان، چونکە ئەوان بەتەواوی رۆچوون لە ژیانی ماددی و دوورکەوتوونەتەوە لە لایەنی رووحی و گرنگیدان پێی، بۆیەش دەبینین لەڕووی رووحی و دەروونییەوە بەتەواوی تێکشکاون و تووشی گەورەترین بۆشایی (فەراغ)ی رووحی و دەروونی هاتوون، بە شێوەیەک زۆرترین رێژەی خۆکوشتن لەوێیە، لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی بوارەکانی ژیان کێشەیان نییە و زۆربەی هۆکارەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم هاتووە.

## بێموبالات و گرنگی نەدەر (اللاكتراثية – Apatheis)

[3]- د سامی عامری- براهين وجود الله – ٢٠١٨ – لاپەڕە ٦٨

بێموبالات و گرنگی نەدەر بریتییە لەو کەسەی کە هیچ گرنگییەک نادات بەم بابەتانە، بۆیە ئەم ڕێبازە (مەزهەبە) هەڵوێستێکی کردەییە لە بابەتی بوونی خودا، ئەوانە بەتەواوی تێڕامان لەم بابەتەیان پشتگوێ خستووە و پێیان وا نییە ئەم بابەتە جێی گرنگی پێدان و خۆ خەریککردن بێت پێیەوە، بۆیە ئەوان وا لەسەر زەوی دەژین وەک بڵێی: خودا هەر بوونی نییە، ئەوان تێڕامان و خۆ خەریککردنیان و گرنگیدانیان تەنها بۆ شتە ماددیی و سوودبەخش و چێژبەخشەکان هەیە، کاریان بەوە نییە خەریکی شتێک بن کە بوونی نییە و سوودی نییە و چێژبەخش نییە وەک خۆیان دەڵێن.

### یەکێتی بوون، تاکانەیی بوون (وحدة الوجود- pantheism)

جۆرێکی دیکەشمان هەیە پێیان وایە خودا و گەردوون یەکێکن، واتا خودا گەردوونە و گەردوون خودایە، شتێک نییە لە دەرەوەی گەردوون و سروشت بە ناوی خوداوە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە خودا و گەردوونە، واتە هەر دووکیان یەکن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی جیاوازی **(وحدة الوجود)ی ئیمانی و (وحدة الوجود)ی ئیلحادی** بکەم، چونکە **(وحدة الوجود)ی ئیمانی** بڕوای بەبوونی خودا هەیە، نەک هەر باوەڕی پێیەتی بەڵکو لەبەر بوونی باڵای خودا بوونی لەلا بووە بە نەبوو، واتە هەموو بوونی لێبووە بە خوا، چونکە هیچ شتێک بەبێ خودا ناتوانرێت وێنا بکرێت، کەواتە لە زێدەڕۆیی باوەڕبوون بە خودا بوونی لەلا بووە بە نەبوو و هەموو شتێکی لێ بووە بە خودا[4]! لە کاتێکدا **(وحدة الوجود)ی ئیلحادی** بە پێچەوانەوەیە و لە زێدەڕۆیی باوەڕبوون بە بوون، خودای لێ ون بووە و شوێنێ نەماوەتەوە بۆ بوونی خودا لە دەرەوەی بووندا، واتە ئەوەی هەیە بریتییە لەم بوونە بەبێ پێویستی بە خودا، بوون خودایە و خودا بوونە، لە کۆتاییشدا ئەوەی حەقیقییە ئەم بوونەیە و خودا وەک ناوێکی بێ بنەما و حەقیقەت دەمێنێتەوە.

### سۆفستائی (السوفسطائية، sophism)

[4] زۆرێک لە عاریفان لەسەر ئەم ڕێڕەوە بوون، هەر بۆیە تەکفیر کراون و لە بازنەی ئیمان و ئیسلام خراونە دەرەوە!

سوفستائییەکانیش سێ جۆری سەرەکییان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەن کە بڕوایان بە حەقیقەتی بوون نییە و بوون و نەبوونی گەردوون بێمانایە و دەڵێن: بوون و گەردوون خەون و خەیاڵە و هیچ شتێکی راستی بوونی نییە، هەتا بڕوایان بە بوونی خۆشیان نییە، ئەوانە لەنێو سوفستائییەکان بە (عندیة) بەناوبانگن. کەواتە کەسێک بڕوای بە بوون و بە بوونی خۆی نەبێت، چۆن باوەڕی بە خودا هەیە؟!

لێرەوە بۆمان دەرکەوت هەڵوێست بەرامبەر بوونی خودا جۆراوجۆرە، بەڵام ناباوەڕی (ئیلحاد) بەدرێژایی مێژوو و مێژووی فەلسەفە هەوادارێکی وای نەبووە، بۆیە ئەگەر فەیلەسوفە بێباوەڕەکان سەرژمێریی بکەیت، بە پەنجەی دەستان دەژمێردرێن، هەربۆیە کاتێک لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان دەگەڕێیت بۆ یەکەم مولحید، چاوت بە ناوی "دایاگۆڕاسی مێلۆس" (Diagoras of Melos) دەکەوێت کە فەیلەسووف و سۆفیستێکی سەدەی پێنجەمی پێش زایینە، خەڵکی "مێلۆس"ی یۆنان بوو، هەرچەندە ئەو هیچ شتێکی لەسەر خۆی نەنووسیوە، بەڵام سەرگوزەشتەی بێباوەڕییەکەی وا دەردەخەن کە کەسێکی باوەڕبەخۆبوو و بێزار و زۆر ناسراو بووە، نهێنییەکانی ڕێوەڕەسمی ئێلیوسینیانی[5] بۆ هەمووان ئاشکرادەکرد و وەک شتێکی ئاسایی نیشانیدەدا.

وادیارە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ڕێوەڕەسم و نەریتە پیرۆزەکانی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کردووە تاوەکو هاوسەردەمانی بەهۆش بهێنێتەوە، یەکێک لە بەناوبانگترین چیرۆکەکانی بریتییە لەوەی کە هاوڕێیەکی پێی دەڵێت: وا بیردەکەیتەوە کە خوداکان گرنگی بە مرۆڤەکان نادەن، لەم وێنانەدا نابینی کە چۆن چەندان خەڵک بە پاڕانەوە لە خودا لە تورەیی زریانی دەریاکاندا رزگاریان دەبێت و بەرەو بەندەرێکی سەلامەتیان دەبات، دایاگۆڕاس وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: بەڵێ،

5- Eleusinian Mysteries کۆمەڵە نهێنییەکی پیرۆزی ئایینی ئەو کاتە بوون.

راستە، بەڵام ئەی چی دەربارەی ئەو کەسانەی کە کەشتییەکانیان نووقمبووە و لە شەپۆلەکاندان تیاچوون.[6]

هەر لە دەوربەری ساڵانی 415 پێش زایین بوو کە شاعیر دایاگۆڕاسی میلۆس بە تۆمەتی ناباوەڕی تۆمەتبار کرا کە پێشتر رایگەیاند بوو نەبوونی سزا بۆ جەور و ستەم سەلمێنەری ئەوەیە کە هیچ خودایەک نییە[7]، جەور و ستەم وەک سەربڕین و قەسابخانەی میلۆسییەکان بە دەستی ئەسینایییەکان لە 416 پێش زایین.

ئەسیناییەکان بەم قسەیە هەڵچوون و بە شتێکی کەسی و سیاسییان لێکدایەوە زیاتر لەوەی شتێکی ئایینی بێت، بۆیە دادگای ئەسینا لە 416 پێش زایین سزای قورسی دانا بۆ بێباوەڕەکان و ئەوانەی کە سوکایەتییان بە نهێنیەکانی "ئێلیوسینیان" کردووە کە لە تۆمەتی ئەم سوکایەتییە "ئەلسیبایتیس" و ئەوانی دیکە تێوەگلابوون، "دایاگۆڕاسیش" هەر لەم تۆمەتەوە گلابوو، بەڵکو هی ئەو زیاتریش بوو کە دەستگیر کرابوو بە تۆمەتی سووتاندنی داری پەیکەری هێرقل[8] بۆ لێنانی شێلم، دواتریش وا دەردەکەوێت دایاگۆڕاس توانیویەتی رابکات.[9]

---

[6] -Jennifer Hecht ، Doubt: A History: The Great Doubters and Their Legacy of Innovation ،2010 له Harper Collins 9 لاپەڕە .

[7] – دیارە مەبەست لێی دەستەواژەی کێشەی شەڕە کە بۆچی مرۆڤەکان تووشی ناخۆشی و سەختی دەبن و هەندێک جار ژیانیان لێ تاڵ دەبێت و ئاژاوە و بەدبەختی وماڵوێرانی بەسەریاندا دێت..

[8]– Hercules کوڕی خوداوەند زووسە کە خۆشی یەکێکە لە خوداوەندەکانی یۆنان

[9] -John Mackinnon Robertson ، A history of freethought، ancient and modern، to the period of the French revolution **لە 1936، لە ساڵی** Watts & Company بڵاوکراوەتەوە لاپەڕە **173**) **Volume 1** (

ڕەنگە جیا لە دایاگۆڕاسی میلۆس ئەوەش ڕەوابێت بوترێت کە یەکەم مولحید لە هیندستان بووە، چونکە بەشێک لە مێژووناسان وای لێک دەدەنەوە کە یەکەم مولحیدی مێژووی مرۆڤایەتی کەسێک بووە بە ناوی (سومیخا) کە تەنانەت پێش تالیسیش بووە، دەشوترێت سومیخا کەسایەتی نییە، بەڵکو قوتابخانەیەکی ناباوەڕی بوون و بڕوایان بە خودا نەبووە، جیا لەوەش ئەبیقۆر (Epicurus)یەکەم فەیلەسووفە بەڕوونی دژایەتی خودا دەکات و ئارگومێنتی لە دژ دێنێتەوە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی توێژەران کۆک نیین و ناتوانن مێژوویەکی دیاریکراو بۆ ئیلحاد (ئیلحاد بە واتای نکولێکردن لەبوونی خودا، نەوەک لادان لەڕێی ڕاست) دیاری بکەن و بڵێن: ئەم ساڵە یاخود ئەم سەردەم و کات و ساتە بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیلحاد دادەنرێت، ئەوەش لەبەر نەبوونی کۆدەنگیی لەسەری.

ئەوەی کە روونە و نکوڵی تێدا ناکرێت، ئەوەیە کە سەدەی حەڤدەهەم لە ئەوروپا ئیلحاد بەئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکرا و ناباوەڕان چوست و چالاک بووبوون و هەوڵ و سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەیان دەکرد.

**بەڵام باوەڕداریی سەنتەر بووە لە مێژوودا، تا ناباوەڕیی چونکە:**

1-مروڤ لە بنچینەدا لەسەر زگماک و خوداپرسک (فیترەت) دروستکراوە، هەر وەکو پێغەمبەر دەفەرموویێت: (ما من مولود إلا يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه)[10]، واتا: هەموو مرۆڤێک لەسەر فیترەتی پاک و ڕاستەقینە دروستدەکرێت و لە دایکدەبێت، بەڵام دەوروبەر و دایک و باوک لەسەر ئەم فیترەتە لای دەدەن و دەیکەنە جوو و نەصرانی و مەجوسی. پاشان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا مرۆڤ لە دەسەڵاتی خودا تێدەگات ئەگەر هەر لە تەنهاییشدا بێت و ئاڕاستەیش نەکرێت بەرە و لای خوداناسی، بەڵگە و توێژینەوەکان لەسەر ئەم باسە زۆر و زەبەندەن.

---

[10] متفق عليه: البخاری 1292، ومسلم: 6926.

لێرەیشەوە بەشێک لە زانایانی دەروونناسی دەڵێن: چوار شت لە مرۆڤدا زگماک و خوداڕسکن و لەگەڵ سروشتی مرۆڤدان کە بریتین لە: (زانستخوازی - جوانی خوازی، چاکەخوازی - خوداپەرستی).

2- مێژوونوسان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئاینداریی و خوداناسی ئەسڵن و مێژوویان لەگەڵ مێژووی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدایە، بۆنموونە قسەیەکی بەناوبانگی مێژوونووسی گەورەی یۆنانی (پلۆتارک) هەیە دەڵێت: (زۆر شارمان لە مێژوودا بینیوە بەبێ قەڵا، شورە، کۆشک و تەلار و قوتابخانە، بەڵام هەرگیز شارێکمان نەدیوە بەبێ پەرستگا).

هەروەها فەیلەسووفی فەرەنسی (هێنری بێرگسن) دەڵێت: (کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دوور لە زانست و هونەر و فەلسەفە ژیانیان بەسەربردووە، بەڵام هەرگیز هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی نەبووە دوور لە ئایین ژیانیان بەسەربردبێت).[11]

3- فەیلەسوفە بەناوبانگەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بڕوایان بە بوونی خودا هەبووە بۆ نموونە: (سوقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، ڤۆلتێر، فاڕابی). [12]

4- مێژوونووسی گەورە (ویل دیۆرانت) لە کتێبی (قصة الحضارة)دا دەڵێت: (هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو بیروباوەڕە کۆنە راست و دروستە کە دەڵێت: (ئایین دیاردەیەکە کە هەموو مرۆڤایەتی گرتووەتەوە) )[13]، واتە: خوداناسیی شتێکی گشتیی بووە، ئیلحاد ئەگەر هەشبووبێت شتێکی تاکە کەسی بووە و نەبووە بە دیاردە و خاوەن قوتابخانە و کۆمەڵە و مەزهەب.

## باس و خواسی خودا و خوایەتی (الالوهية)

باس و خواسی خودا و بیرکردنەوە لێی پەیوەست نییە تەنیا بە فەیلەسوفان، بەڵکو هەر لەسەرتای هاتنەبوونی مرۆڤەوە، مرۆڤ بیری لەوە کردووەتەوە، کێ منی

---

[11] الدين، بحوث ممهد لدراسة تاريخ الأديان، عبد الله دراز، (83).

[12] االإسلام يتصدى للغرب الملحد، الدكتور محمد نبيل النشواني (11).

[13] قصة الحضارة، ب 1/ ل 345.

هێناوەتەبوون؟ کێ خاوەنی منە؟ کێ ئەم بوون و گەردوونەی ئافراندووە، بۆکوێ دەچم؟ بۆچی هاتووم؟ بۆ ..؟ بۆ ...؟

کەواتە باسی خودا پەیوەستە بە خودی مرۆڤەوە، جا زانا بێت یان نەزان، ئینجا پێغەمبەران یەکەم کەسێک بوون واتای خوایان بۆ خەڵک روونکرووەتەوە لەژێر رۆشنایی وەحی و پەیامی خواییدا.

فەیلەسوفان و هی یۆنان بەتایبەتی، دوای ماوەیەکی زۆر هاتن و لەم بابەتەیان کۆڵییەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین هی فەیلەسوفان و فەیلەسوفە یۆنانییەکان بەتایبەتی هاتن خستیانە ناو چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە، یەکەم کەسیش کە بەڕوونی باسی ئەو بابەتەی کردبێت، سوقرات بوو.

بەڵام لەکۆتاییدا ئەوەمان بیرنەچێت کە خودا زۆرجار لەلای فەیلەسوفان جیاوازە لە خودای ناو وەحی، خودای ناو وەحی روونە و ئەوەی پێویستە لەبارەیەوە باسکراوە، بەڵام ئەوەی لای فەیلەسوفان جیاوازە، (ئەگەرچی لە هەندێ شتیشدا وەک یەک بن)، چونکە ئەوەی لای فەیلەسوفان لەکۆتاییدا تێگەیشتنی مرۆڤێکە بۆ خودا، خودایش شتێکی مێتافیزیکی ئەودیو سروشتە و شتێکی بەرهەستی ئەزموونکراو نییە، بۆیە زانست پێبوونی وا ئاسان نییە.

سوقرات یەکێک بووە لەو کەسانەی بەڵگەی هێاوەتەوە بۆ بوونی خودا، بڕوای تەواوی پێی بووە، پێی وابووە، خودا خودایەکی خێر و باشە، هیچ ئەقڵێک ناتوانێت بە تەواوی پێی بگات، هیچ وەسفێکیش ناتوانێت وەسفی بکات، هیچ شتێکیش لەوەوە دەرناچێت مەگەر جوانی و باشی، بە هیچ جۆرێک لە دروستکراوەکانی ناچێت، نە لە قسە نە لە کردەوەدا، خودا تاکە و بێ هاوەڵە، ناگۆڕێت، پێویستە لەسەر مرۆڤ فەرمانەکانی خودا جێبەجێ بکات ئەگەرچی ماندوویەتی و ناڕەحەتیشی تێدابێت[14].

---

14 الفلسفة اليونانية، محمد بيصار، ل ٨٢ – ٨٣. في الفلسفة الاسلامية، د. محمد السيد نعيم، ل ٤٦.

سوقرات کە باسی خودا دەکات، باسی خودای تاکانە دەکات، یان باسی خودایەتی دەکات (الألوهية) نەک (الإلهة)، واتە ئەو باسی خواکان ناکات، چونکە بڕوای بە شیرک هاوبەش دانان نییە بۆ خودا، لەگەڵ ئەوەی سەردەمی ئەو سەردەمی شیرک و هاوبەشدانان بووە، چەندان خودای پەرستراو هەبوون. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو سوقرات نەهیشی کردووە لە پەرستش بۆ بتەکان، هەرگیز نەکەوتۆتە ژێر هەژمموونی شیرک و هاوبەش دانان[15].

کەواتە سوقرات بڕوای بە خودای تاکانە هەبووە و بەڵگەشی بۆ هێناوەتەوە و بەرگریشی لێکردووە و دژی شیریکیش وەستاوەتەوە[16].

## خودا لەلای ئەفلاتوون

ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوف بووە باسی لە خودا کردووە وەک بوونێکی سەربەخۆ لە بوون و گەردوون، واتە ئەو پێی وابووە خودا لەگەڵ ئەوەی هەیە و هیچ گومانی تێدا نییە، ئینجا جیاوازیشە لە مادده و گەردوون، واتە شتێکە لەدەرەوەی گەردوون و مادده، پێش ئەفلاتون فەلسەفە کورتهەڵاتبوو لە راڤەی گەردوون و هەموو

15 عيون الأنباء في طبقات الأطباء، ابن أبي أصيبة، ل 17.

16 ئەگەرچی جۆرێک لە کۆڕایی هەیە لەسەر یەک خوداناسی لای سوکرات و هەروەها لە دیالۆگی ئەپۆلۆجیشدا زۆر بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، بەڵام حاڵەتێکی ناوازەش هەیە دەربارەی ئەوەی کە سوکرات باوەڕی بە خودای دیکەیش هەبووە کە بە پێویستمان زانی ئاماژەیەکی پێبکەین. لە کۆتایی دیالۆگی فایدۆن-ی ئەفلاتوندا دوای ئەوەی کە سوکرات ژەهرەکە دەخواتەوە و نزیک بەوەیە گیانی دەربچێت، داوا لە کریتۆنی هاوڕێی دەکات کە کەڵەشێرێک بەناوی سوکراتەوە بکاتە قوربانی بۆ ئەسکلیپیەسی خوداوەندی شیفا چونکە سوکرات ئەو قوربانییە قەرزارە بەرامبەر بەو خوداوەندە. کریتۆنیش لەوبارەیەوە دڵنیای دەکاتەوە. لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ : فایدۆن، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد سوڵتان، ل ١٢٨، چاپخانەی ئەندێشە.

بە گەڕانەوە بۆ میتۆلۆژیای یۆنانی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم خوداوەندە خوداوەندی شیفایە و هەرکەسێک لە نەخۆشی چاک بووبێتەوە ئەم خوداوەندەی بەهۆکاری چاکبوونەوە داناوە و کەڵەشێریان بۆ کردۆتە قوربانی.

شتێکیان دەبردەوە لای مادده و واقیعی ماددەیی، بەڵام ئەفلاتون پێیوایە خودا لەسەرووی ماددەوەیە، کەواتە خودا لەلای ئەفلاتوون بوونی هەیە[17].

## بەڵگەی بوونی خودا

ئەفلاتون دوو بەڵگەی سەرەکی دەهێنێتەوە لەسەر بوونی خودا

1. بەڵگەی جووڵە، ئەفلاتون پێیوایە جووڵە حەوت جۆرە

جووڵەی بازنەیی، جووڵەی راست بۆ چەپ، چەپ بۆ راست، لە پێشەوە بۆ دواوە، لەدواوە بۆ پێشەوە، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، لەخوارەوە بۆ سەرەوە، جا جووڵەی گەردوون جووڵەیەکی بازنەیی و رێکخراوی ئەندازەگیراوە، ئەم جووڵەیەش ناکرێت لەخودی خۆیەوە بێت، بەڵکو بەرهۆیە بۆ هۆیەکی ئاقڵ کە خودایە، کە وای کردووە جووڵەی جیهان و گەردوون جووڵەیەکی بازنەیی بێت بەدەوری خۆیدا و وای کردووە لە شەش جۆرەکەی دیکەی جووڵە نەبێت و سیستەمەکە تێک نەچێت، کەواتە جووڵە و لەناو جووڵەیشدا، جووڵەی بازنەیی و رێکخراو بەڵگەیە لەسەر بوونی خودا.

2. بەڵگەی رێکسازی و سیستەم، واتە ئەم گەردوون و جیهانە هەمووی لەسەر سیستەم و رێکسازییەکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەڕوات، کەواتە ناکرێت ئەم هەموو رێکسازییە لەخۆیەوە بێت، بێگومان دەسەڵاتێکی زۆر گەورە و جوان لە پشتییەوەیەتی کە خودایە[18].

## سیفەتی خودا

ئەفلاتون بڕوای وایە خودا تاکە، رێکساز و مشورخوری هەموو شتەکانە، روحێکی ئاقڵە، یەک پارچە جوانی و خێر و دادگەریی و کەماڵە، جێگیرە و نەگۆڕە، راستگۆیە،

---

[17] في تأريخ الفلسفة اليونانية، د. محمد السيد نعيم، ل 107 _ 115.
الملل والنحل، الشهرستاني، ب 2 ل 146.
[18] تاريخ الفلسفة اليونانية، يوسف كرم، ل ٨١.

شوێن و كات دەورەی نادەن، ئامادەیی بەردەوامی هەیە، مشورخۆری بوونەوەر و گەردوونە.

نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو پێیوایە بوونی خودا و تەواوییەکەی ئەوەندە بەڵگەنەویستە، نكۆڵی لێکردنی تاوانە و دەبێت دەوڵەت سزای بۆ دانێت، بۆیە پێیوایە هیچ گەلێک ناتوانێت بەهێز بێت هەتا بڕوا بەخودا دەهێنێت، ئینجا باوەڕی بە رۆژی دوایی هەبووە، چونکە پێی وابووە، باوەڕبوون بە رۆژی دوایی هێز و ئازایەتیمان پێدەبەخشێت لەبەرامبەر مردندا، هەتا ئەگەر وامان دانا، نە خودا هەیە و نە رۆژی دوایی، ئەوە لەکوتاییدا هەر هیوا و خۆشەویستییە[19].

کەواتە ئەفلاتونیش وەک مامۆستاکەی (سوقرات) بڕوای بە بوونی خودا و سیفەتەکانی هەبووە.

## خودا لەلای ئەرستۆ

زۆرێک لە توێژەرانی فەلسەفە پێیان وایە ئەرستۆ بڕوادار بووە و بڕوای بە خودا هەبووە، راستە ناتوانرێت نكۆڵی لەوە بکرێت کە ئەرستۆ باوەڕی بە شتێک هەبووە وەک زەرورەتێکی ئەقڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خودایەی کە ئەرستۆ باسی دەكات جیاوازە لەو خودایەی وەحی و دین باسی دەکەن، چونکە ئەرستۆ پێیوایە خودا (جوڵێنەری یەکەمە) خودا جوڵێنەرە و خۆی ناجوڵێت و جێگیرە، ئەزەلی و ئەبەدییە، سەرەتا و کۆتایی نییە، دوورە لە هەموو نەقس و ناتەواوییەک، لێکدراو نییە و بەش بەش نییە، بێ پێویستە لە هەموو بوون و بوونەوەر، ئەم جوڵێنەری یەکەمە لەڕووی کاتەوە لەپێش بوونەوەر و ماددەوە نییە، چونکە ئەرستۆ باوەڕی بە ئەزەلیبوون و بێ سەرەتایی ماددە هەیە[20].

## پەیوەندیی خودا بە جیهان و بووونەوە

[19] قصة الحضارة، ویل دیورانت، ل ٣٨.

الفلسفة الیونانیة، محمد بیصار، ل ١٠٥ – ١٠٦.

[20] الفلسفة الیونانیة، د. محمد بیصار، ل 130 _ 131.

ئەرستۆ پێیوایە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان خودا و گەردووندا نییە، جوڵاندنی خوداش جوڵاندنێکی حەقیقی و راستەقینە نییە، بەڵکو هەر ئەوەیە کە گەردوون تامەزرۆی خودا دەبێت و دەخرۆشێت و دەجولێت[21].

واتە خودا وەک (مەعقول) و مەعشوق وایە، (مەعقولە) چونکە ئەقڵێکی رووتە، کارەکەشی ئەقڵاندنە، مەعقول و بیرلێکراوەکەش خودی خۆیەتی نەک شتێکی تر، چونکە خۆی تەواوترین شتەکانە و جگە لەو، هەموو شتەکانی دیکە ناتەواون، کەواتە خودا بەس ئاگای لە خۆیەتی، خۆی ئاقڵ و مەعقول و ئەقڵە، واتە هەموویان یەکن[22].

## زانستی خودا

ئەرستۆ پێیوایە خودا زۆر گەورەترە لە گەردوون تاوەکو زانستی بە گەردوون هەبێت، خودا تەواوی رەهایە، ناکرێت زانستی بەشتێک هەبێت کە ئەو شتە ناتەواوە! کەواتە بەس ئاگای لەخۆیەتی، چونکە هیچ شتێک لەخۆی کامڵتر نییە کە زانستی پێی هەبێت، پێیوایە ئەگەر زانستی بە شتێک هەبێت کە ناتەواوە کەواتە خۆشی ناتەواوە و کامڵ نییە! بۆیە بۆئەوەی خودا کامڵێکی رەها بێت دەبێت دوور بێت لە ناکامڵ و نابێت پەیوەندیی پێوە هەبێت، بۆیە یاسا بەناوبانگەکەی دانا (ئەقڵ وئاقڵ ومەعقول) واتە ئەقڵێکی رەهایە، ئاقڵیشە، بیریش بەس لەخۆی دەکاتەوە[23].

هەر بەم هۆیەوە ئەرستۆ تووشی رەخنە و هێرشی زۆر بووەوە، هەم لەلایەن قوتابی و یارانی هەم لەلایەن نەیارەکانییەوە[24].

[21] تأريخ الفلسفة اليونانية، يوسف كرم، ل 181.

[22] في الفلسفة اليونانية، د. محمد السيد نعيم، ل 74.

[23] في الفلسفة اليونانية، د. محمد السيد نعيم، ل 76.

[24] في الفلسفة اليونانية، د. محمد السيد نعيم، ل 77.

پەیدابووونی بوونەوەر لە خوداوە وەک پەیدابوونی گەرمییە لە ئاگر، یان رووناکییە لە خۆر، بەبێ زانستی ئاگر و خۆر، ئەمەش ئاوایە، واتە ئەم بوونە لە خوداوە پەیدابووە بەبێ ویست و زانستی خودا.

گەردوون و ماددەش ئەزەلی و ئەبەدیین، چونکە خودا ئەزەلی و ئەبەدییە، هۆ (العلة) ئەزەلی و ئەبەدییە، کەواتە بەرهۆش (المعلول) دەبێت ئەزەلی و ئەبەدیی بێت، چونکە پەیوەستن بەیەکەوە، بەرهۆ دەمێنێتەوە تا هۆ مابێتەوە، (هۆ)یش هەر دەمێنێتەوە، کەواتە بەرهۆ بە ئەبەدیی دەمێنێتەوە.

بەکورتی و بەکوردی خودا لەلای ئەرستۆ جیاوازە لە تێگەیشتنە ئایینییەکە، پێیوایە خودا هیچ پەیوەندییەکی بە بوونەوەرەوە نییە و زانستیشی پێی نییە و شتێکە ئەقڵ داخوازی دەکات، بەڵام تا ئەو شوێنەی ئەقڵ دەیەوێت، دوایی هیچ رۆڵێکی نامێنێت و دەبێتە بوونێکی ئەقڵی ناکاریگەر و دوور لە بوونەوەر و گەردوون.

**تیۆری هەڵڕژان (سەرڕێژ) (دە ئەقڵەکە) (نظرية الفيض)**

تیۆری هەڵڕژان (سەرڕێژ) یان (دە ئەقڵەکە) یەکێکە لە تیۆرە خەیاڵییەکان، ئەم تیۆریایە لە بنەماوە بۆ ئەوە پەیدابووە کە راڤەی درووستبوون و پەیدابوونی گەردوون بکات، ئایا ئەم گەردوونە چۆن پەیدابووە لە خوداوە؟ یان خودا چۆن ئەم بوونەوەرەی هێناوەتە بوون؟ بوونەوەر و گەردوون چۆن پەیوەستە بەوەوە؟ چۆن دەیان فامێت؟ پەیوەندیی خودا و بوونەوەر چۆنە و چۆن بووە؟ چۆن ئەم خودا کامڵە پەیوەستە و پەیوەندیی هەیە بەم جیهان و بوونەوەرە ناکامڵە؟

بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە ئەمەیە کە ئەم بوونەوەرە زۆرە چۆن پەیدابووە لە خودایەکی تاکانە؟ یان دەبێت بڵێین بوونەوەر یەکێکە و یەکە و خودا زۆرە و زۆرن، یان دەبێت بڵێین خودا یەکە و تاکە و تاکانەیە و جیهان و بوونەوەر زۆر و زەبەندە. بەدڵنیاییەوە دەبێت بڵێین خودا یەکێکە و بوونەوەر زۆرە، بەڵام کە وامان گوت، ئینجا پرسیارە جەوهەرییەکە دێتە ئاراوە، ئایا ئەم بوونەوەرە زۆر چۆن پەیدابووە لەم تاکە خودایەوە، چونکە لای ئەم فەیلەسوفانە یەک تەنها یەکی لێوە پەیدا دەبێت،

ئێ بوونەوەریش زۆرە و خودایش یەکە، کەواتە ئەم زۆرە چۆن لەم یەکە پەیدا بوو؟ لەکاتێکدا ئێمە وتمان نابێت زۆر لە یەکەوە دەربچێت.

ئەم تیۆریایە ئەرستۆ بناغەکەی داناوە، بەڵام دواتر (ئەفلۆتین) هاتوو زیاتر گەشەی پێدا، پاشان لە فەلسەفەی ئیسلامییدا فارابی هاتوو تەواو گەیاندییە لوتکە.

ئەرستۆ بەم شێوەیە ئەم بابەتە روون دەکاتەوە:

ئاسمانەکان پێیان خۆش بوو ئەوەندەی دەکرێت وەک جوڵێنەری یەکەم (خودا) بژیین، بەڵام ناتوانن، چونکە ئەوان مادديين و خودا نامادديی، بۆیە هاتن خۆیان چواند بەو و بەجوڵانێکی بازنەیی بەردەوام جوڵان، لەم جوڵەیەش گەردوون دروست بوو!

کەواتە بەم شێوەیە بنەڕەتی ئەم بنەمایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ، ئەو بەردی بناغەی ئەم تیۆریا خەیاڵییە هۆنراوەییەی دانا، چونکە ئەم جۆرە لە راڤە بۆ خودا و گەردوون و بووونەوەر بە هەستێکی شاعیرانە و شیعری دەچێت تاوەکو ئەوەی بە فەلسەفە بچێت.

بۆیە لێرەوە بۆمان دەرکەوت ئەم بابەتی دروستبوون و دروستکردنی گەردوونە هەر لەکۆنەوە بیر و هۆشی فەیلەسوفانی سەرقاڵ کردووە و نەیانزانیوە چۆن راڤەی دروستکردنی راستەوخۆی گەردوون بکەن لەلایەن خوداوە.

کێشەی گەورەی ئەرستۆ لەوەدا بووە کە خودای کورتهەڵێناوە لە جوڵاندن و جوڵە، ئەم جوڵەیەش جوڵەیەکی زەروری و لائیرادی و بێ ویستی خۆی بووە، واتە شتێک نەبووە بە ئیرادە و ویستی خۆی کردبێتی، بەڵکو وەک گەرمییە لە ئاگر، یان رووناکییە لە خۆر، بەبێ زانست و ویست و ئیرادەی ئاگر و خۆر، ئەمەش ئاوایە، واتە ئەم بوونە لە خوداوە پەیدابووە بەبێ ویست و زانستی خودا، ئەوەی هەبووە پەیدابوونێکی بێ ویستی بێ زانست بووە، وەک شتێکی زەروری!

بەم بیرۆکەیە بەم شێوەیە سەری هەڵدا، تاوەکو ئەفلۆتین (سۆفی و فەیلەسوفی میسری) هاتوو کردی بە تیۆرێکی فەلسەفی قووڵتر.

ئەفلۆتین وتی: خودا کامڵە و لە هەموو روویێکەوە تەواوە و بێ کەموکوڕییە، خودا (ئەقڵ وئاقڵ ومەعقول)ـە، خودا کە لەخۆی راماوە و فکریوە، بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی ئەقڵی گشتیی (القعل الکلی) لێوە دەرچووە و پەیدابووە، ئەقڵی گشتییش لەخۆی و زاتی خودا راماوە، کە لە زاتی خودا راماوە، نەفسی گشتیی (النفس الکلیە) لێوە دەرچووە و پەیدابووە، نەفسی گشتیش وشە و کرداری ئەقڵی گشتییە، ئەم نەفسە گشتییەش لەو ئەقڵە گشتییەوە پەیدابووە و لەودا رادەمێنێت، بەهۆی ئەم تێفکرینەوە بوونەوەری خوار خۆی دێنەبوون، لەوەوە نەفسە جوزئییەکان هەڵدەڕژێن و هەموو بوونەوەرەکان (ئاژەڵ، زەوی، ئاسمانەکان، ئەستێرە و هەسارەکان) دروست دەبن، ئینجا سیستەم و ڕێساشیان بۆ دادەنێت و جووڵەیەکی بازنەییش دەدات بە هەموو بوونەوەر.

کەواتە کۆی بوونەکان چوارن:

یەکەمی تاک، ئەقڵی گشتی، نەفسی گشتی، بوونەوەرە ماددییەکان

کەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە ئەم هەموو هێنان و بردنە هەمووی بۆ ئەوە بووە کە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن کە دەڵێت: (الواحد لا یصدر منە الا واحد) واتە: یەک تەنها یەکی لێوە دەردەچێ و پەیدادەبێت. کەواتە خودایش کە یەکە تەنها یەک شتی لێوە پەیدابووە کە ئەقڵی گشتییە، ئینجا دوایی بە زنجیرە شتەکانی تر پەیدابوونە، تاوەکو گەیشتووە بە بچووکترین شتە مادییەکان.

بو بۆچوونی خۆیان بەم تیۆریایە وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە کە ئەم هەموو بوونەوەرە چۆن لە یەک خودای تاقانەوە هاتوونەتە بوون، واتە چۆن دەبێت زۆر لە یەکەوە دەربچێت و بێتەبوون.

بەم پێیە لە کۆتاییدا هەمووی دەبێتەوە یەک شت، چونکە بوونەوەرە مادییەکان هەموویان لەکۆتاییدا دەبنەوە یەک شت و دەچنەوە سەر یەکەمی تاقانە (الواحد الاول) کە خودایە، واتە هەموویان دەچنەوە سەر ئەو، لەودا دەتوێنەوە، وەک چۆن هەڵم لە ئاوەوە پەیدا دەبێت، پاشان دەبێتەوە بە ئاو، بەم شێوەیەش هەموو بوون لە

خوداوەیە و هەمووشی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، کەواتە لەوەوە وای لێدێت بڵێین یەکێتی بوون (وحدة الوجود) پەیدا دەبێت.

لەکۆتاییدا دەتوانین ڕای ئەفلۆتین بەم شێوەیەی کە خۆی وتویەتی کورتی بکەینەوە: (بیرکردنەوەی خودا لە خودی خۆی و کەماڵی و تەواوییەکەی، هەڵڕژانی (فیض) لێوە پەیدابوو، ئەم هەڵڕژانە بوو بە جیهان و گەردوون و بوونەوەر، چۆن بڵێسە ڕووناکی لێوە پەیدادەبێت و ئاگریش گەرمی، چۆن تەقانی کانییەک ئاوی لێوە پەیدا دەبێت و بەفریش ساردی، ئا بەم شێوەیەش تیشک و ڕووناکییەک لە خوداوە پەیدابوو کە گەردوون و بوونەوەرە).

لەپاش ئەرستۆ و ئەفلۆتین، کە بەردی بناغەی ئەم بیرۆکە و تیۆریایەیان دانا، فارابی و ئیبن سینا هاتن و ئەم تیۆریایەیان بۆ تیۆریایەکی تر بەکار هێنا، کە دەتوانین بڵێین ڕێک کۆپی تیۆریای ئەمانە بەڵام بەشێوازێکی دیکە، ئەمیش تیۆریای (دە ئەقڵەکە) (العقول العشرة).

## بەڵام لەکۆتاییدا ئەم تیۆریایەش

بۆ ئەوە بووە کە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن کە دەڵێت: یەک تەنیا یەکی لێوە دەردەچێت و پەیدادەبێت. کەواتە خوداش کە یەکە تەنیا یەک شتی لێوە پەیدابووە و دوایی وردەوردە شتەکانی دیکە پەیدابوونە.

## پوختەی دە ئەقڵەکە لای فارابی

ئەقڵی یەکەم کە خودایە و (ئەقڵ وئاقڵ ومەعقول)ـە، فەیز و هەڵڕژانەکەی بەم شێوەیە بووە:

ئەقڵی یەکەم کە تێفکریوە، ئەمانەی بە پلەبەندی و زنجیرە بەدوادا هاتوون:

ئەقڵی دووەم: ئەستێرە جێگیرەکان

ئەقڵی سێیەم: زوحەل

ئەقڵی چوارەم: موشتەری

ئەقڵی پێنجەم: مەریخ

ئەقڵی شەشەم: خۆر

ئەقڵی حەوتەم: گەلاوێژ

ئەقڵی هەشتەم: عەتارید

ئەقڵی نۆیەم: مانگ

لە ئەقڵی نۆیەمەوە فەیز و هەڵڕژانی جیسم و تەن و ماددە ئاسمانییەکان دەوەستن.

ئەقڵی دەیەم: ئەقڵی کارا یان رووحی پیرۆز، جوبرائیل

لە ئەقڵی دەیەمدا فەیز و هەڵڕژانی ناماددیی و ئەقڵی دەوەستێت.

ئەم ئەقڵی کارایە بەرپرسیارە لەم جیهانەی کە ئێمەی تێدا دەژیین، کە پێی دەوترێت جیهانی ژێر مانگ[25].

**تیۆریای هەڵڕژان لە تەرازووی ئەقڵ و نەقڵدا**

تیۆریای هەڵڕژان کە بناغەی لە ئەرستۆوە هاتوو، لەسەر دەستی ئەفلۆتین و فارابی و ئیبن سینا گەیشتە لوتکە، هیچ بنەمایەکی نەقڵی وەحی و ئەقڵی و زانستیی لۆژیکیی نییە، تەنها خەیاڵ و تەئویلێک بووە، بۆ خۆڕزگارکردن لە تێکگیران لە یاسایەکی دانراوی خۆیان، واتە: یەک تەنها یەکی لێوە دەردەچێت و پەیدادەبێت. کە ئەم یاسایەش هیچ بنەمایەکی ئەقڵی و نەقڵی نییە، چونکە:

1. چۆن دەکرێت خودا زانست و ئیرادە و ویست و ....ی نەبێت؟!

[25] دروس في الفسفة الإسلامية، د. حسن الشافعي، د. عبد الحميد مدكور، ل 131 _ 141.
قضايا فلسفية في ميزان العقيدة الإسلامية، د. سعد الدين السيد صالح، ل 217 _ 221.

2. ئەم خودایە چ جۆرە خودایەکە کە هیچ دەستەڵات و ویست و زانستێکی نییە لە بەرامبەر ئەم دروستکراوانەدا و هەموویان بێ ویستی ئەو هاتبنە بوون؟!

3. ئەم سەرڕێژ و هەڵڕژانە (فیض)، بۆ لەم سنوورەدا وەستا و تاوەکو ئەقڵی دەیەم بەردەوامبوو؟! چ ڕێگرییەک هەیە بۆ ئەوەی هەر بەردەوام بێت.

کەواتە بەهیچ شێوەیە هیچ بنەمایەکی ئەقڵی و نەقڵی نییە، خودا زانست و ویست و ئیرادەی ئەزەلی و رەهای هەیە، هیچ شتێکیش بێ ویست و زانستی ئەو روونادات.

## دیکارت و بوونی خودا

(رینێ دیکارت) فەیلەسووف و فیزیایی و زانای بیرکاری فەڕەنسی (1596–1650م) کە بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن ناسراوە.

بەڵگەی دیکارت لەسەر بوونی خودا پێشووتریش بوونی هەبووە کە بە بەڵگەی داواکردنی بەرزیی و ڕێگای تەواوکردن (استکمال) یاخود بە ڕێگای نموونەی هەرە بەرز (المثل الأعلى) ناو دەبرێت، قەشە (ئەنسلیم) لە وێنەی یەکەمیدا دایڕشتووە، کە سەرچاوەی گرتووە لە بنەمایەک کە دانی پێدانراوە لەلایەن باوڕدار و بێ باوەڕەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە هزر و بیرۆکەی خودا لە ناو ئەقڵدا هەیە، هەتا خودانەناسانیش نکوڵی لە پێشبینیکردن و ئەندێشەکردنی خودا ناکەن، بەڵکو نکووڵی لە بوونی خودا دەکەن.

ئەوانەی دوای قەشە (ئەنسیلم) هاتن ئەو بەڵگەیەیان بە جوانی تۆکمە کرد، تا وای لێهات تەواو کامڵ بوو لە ناو چوارچێوەی فەلسەفەی (دیکارت) دا، بۆیە وای لێهات ئەو بەڵگەیە بدرێتە پاڵ (دیکارت) جا ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەیە بەم شێوەیەیە:

ئەقڵی مرۆڤ هەر کە ئەندێشەی شتێکی گەورە بکات، ئەوا ئەندێشەی شتێکی گەورەتر لەو دەکات، چونکە وەستان لە پلەیەک کە بێ توانایی و دەستەوەسانی تێدا بێت، پێویستی بە هۆ هەیە، ئەقڵی مرۆڤیش هۆی بێ توانایی و دەستەوەسانییەکە نازانێت، چونکە هەر شتێکی تەواو و کامڵ هەبێت ئەوا ئەقڵی مرۆڤ هەوڵی گەیشتن دەدات بە شتێک لەو تەواوتر و کامڵتر، تا دەگاتە کۆتایی کۆتاییەکان، کە ئامانج و مەبەستی کامڵ بوونی رەهایە کە نە زیاد و نە کەم دەبێت، ئەو بوونە کامڵە رەهایە

بە بێ چەند و چوون هەیە، چونکە وێناکردنی بە ئەقڵ و ئەندێشەکردنی کەمترە لە بوونە راستەقینەکەی، چونکە لەڕاستییدا بوونی هەیە، لەبەرئەوە سیفەتی کامڵی رەهای لێ دەستێنرێتەوە، بەهۆی نەبوونی بوونەکەی، بەو هۆیە نابێتە خاوەنی هیچ پلەیەکی کامڵ و تەواو، بەڵکو تەنها کەموکورتی رەها دەمنێتەوە کە کامڵی نییە، جا تەنها وێنە و ئەندێشەکردنی ئەو کامڵە بەڵگەی بوونەکەیەتی[26].

(رینێ دیکارت) خودی خۆی دەکاتە بەڵگە لەسەر بوونی خودا، واتا: پەنا ناباتە بەر دەرەوەی خۆی و گەردوون (بەشێوەیەکی گشتی)، بەڵکو خۆی دەکاتە بەڵگە لەسەر بوونی خودا، چونکە دەڵێت: من ئەو هەموو کەموکوڕییەم هەیە، بەردەوام هەست بەو کەموکوڕییەی خۆم دەکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بە زاتێکی زۆر گەورە و کامڵ دەکەم، کە دیارە ئەو هەستکردنە لە خۆوە نییە، بەڵکو دەبێ هێزێکی دەرەکی لە دەرەوەی خودی خۆم ئەو هەستەی لەنێو مندا رواندبێت و چەسپاندبێتی، ئەگەرنا ئەو هەستە چۆن لە خۆوە دروستدەبێت؟ کەواتا ئەو زاتە کامڵ و تەواوە بریتییەلە خودای گەورە، ئەو زاتە تەواوە ئەو هەستەی لای من دروستکردووە کە هەست بە زاتی کامڵ و تەواوی ئەو بکەم.

دیکارت دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی بیرۆکەیەک بیرۆکەیەکی دیکە دێنێتە بوون، بەڵام ئەمە ناکرێت تا ناکۆتا بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێت لەشوێنێک بوەستێت کە تەواوی رەهایە (الكمال المطلق). نووری زگماکی و فیتری رێنموونیم دەکەن بۆ ئەوەی بە زانینێکی بەڵگەنەویست (مەعریفەی بەدیهی) بگەم بەوەی کە هزر و بیرۆکەکان لە ناخی خۆمدا وەک چەند تابلۆ و وێنەیەک وان، بەڵام لەکۆتاییدا کورتهەڵاتوون لە وێناکردنی کەماڵ و تەواوی ئەو شتانەی کە لێیانەوە سەرچاوەیان گرتووە و

[26] proslogium st. Anselm، Monologium، an appendex in behalf of the fool By Gaunilon، P:7. Translated from Latin by Sidney Norton Dean، Chicago. 1910. Edition 2.
Yandell، Keith، God، Man and Religon - readings in the philosophy of religion McGrtaw - Hill Book Company، 1978، p: 397.
الله، عباس محمود العقاد، ل 200. ودراسات في الفرق، دراسات في الفرق والعقائد الإسلامية، د. عرفان عبد الحميد، ل 186.

لێیانەوە رەنگیان داوەتەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناتوانرێت شتێک گەورەتر و تەواوتر لە خۆیان لەخۆبگرن[27].

کەواتە بەم پێیە، دیکارت پێیوایە مرۆڤ بێ توانایە لە داهێنانی ئەم بیرۆکە و بۆچوونە، هەر بۆیە بە نووری زگماکی (النور الفطري) ناویدەبات، کەواتە بەهیچ جۆرێک لە خودی مرۆڤ خۆیەوە نییە، بەڵکو لە سەرچاوەیەکی دەرەکییەوەیە کە خودایە[28].

لە دواتردا دیکارت دەڵێت: کەواتە هیچ شتێک نەمایەوە جگەلە بیرۆکەی خودا، مەبەستم لە خودا جەوهەرێکی بێ کۆتای ئەزەلیی پاکە لە گۆڕان، کە خودی خۆی راوەستاوە بێ پێویستی بۆ دەرەوەی خۆی، دەورەی هەموو شتێکیشی داوە و هیچ شتێک لەژێر دەستەڵاتی دەرناچێت، بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا، من و هەموو شتێکی دروستکردووە[29].

کەواتە (دیکارت) خودی خۆی و خودی خودا دەکاتە بەڵگە لەسەر بوونی خودا، پەنا ناباتە بەر دەرەوەی زاتی خودا (بەشێوەیەکی گشتی) بۆ سەلماندنی خودی خودا.

## فەیلەسووفی هۆڵەندی باروخ دی سپینۆزا (1632 - 1677 ز)

سپینۆزا، یەکێک لە رێبەرانی ئەقڵگەراییە، کە بەهۆیەوە بەرەنگاری بیری (رێبازی رێزلێنانی دەقەکان) بووەتەوە، کە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا باڵی کێشابوو بەسەر ئەوروپادا، سپینۆزا جەختی لەسەربەخۆیی ئەقڵ دەکردەوە و دژی هەموو دەستەڵاتێک بوو لەسەرووی ئەقڵەوە، پێیوابوو هەموو شتێک هەتا کتێبە پیرۆزەکانیش دەبێت بخرێنە ژێر تاقیکردنەوە و پشکنین و ساغکردنەوە.

سپینۆزا سەربە گروپی ئایینی جوولەکەی ئەمیستردام بووە، بەڵام لە پەرستگا دەریان کردووە و سووکایەتیان پێکردووە و هەوڵیان داوە بیکوژن، ناوبراو رەخنەی گرتووە لە ئایینەکان و وتویەتی: جگە لە رووپۆشێکی دەرەکی و بڕوایەکی وشک

---

[27] تأملات في الفلسفة الأولى، ترجمة وتقديم وتعليق: عثمان أمين، ل 148.

[28] تأملات في الفلسفة الأولى، ترجمة وتقديم وتعليق: عثمان أمين، ل 148.

[29] تأملات في الفلسفة الأولى، ترجمة وتقديم وتعليق: عثمان أمين، ل 148.

هیچیتر نین، سپینۆزا لە روانگەی (رەخنەی مێژووییەوە) یەکەم فەیلەسووف بووە لەئایینەکانی روانیوە و نکۆڵی لەوە کردووە کە نووسراوە ئاسمانییەکان سەراپایان لەلایەن خواوەندەوە هاتبن، جۆرە خوێندنەوەیەکی رەخنەیی لە ناتەبایی نێوان نووسراوە جیاوازەکانی روونکردووەتەوە، ئەم کارەی بووە بەهۆی گۆشەگیرکردنی و هەموو ژیانی بۆ فەلسەفە تەرخانکردووە، بژێوی ژیانی بە درووستکردنی (شوشە زەرەبینی) چاویلکە دابینکردووە، بەهەمان شێوە فەلسەفەکەشی بریتیبووە لەوەی خەڵک بەشێوەیەکی وردو نوێ بڕواننە شتەکانی دەوروبەریان، وا هەستبکەن کە بەشێکی بچکۆلەی هەموو ژیانی سروشتن و سەربە شتێکی یەکجار گەورەن.

لەفەلسەفەکەیدا (میتۆدی ئەندازە)ی بەکارهێناوە و بەهۆیەوە ویستوویەتی یاساکانی سروشت نیشانبدات، بڕوای بەیەک ماددە هەبووە، بوونی هەمووشتێکی گەڕاندووەتەوە بۆ یەک شت، بەو شتەی وتووە (مادە ڕەسەنەکە) یان (خودا) یان (سروشت) ناویبرووە، بەلای سپینۆزاوە تەنانەت شتە رۆحانییەکانیش (خودا) بەشێوەی (بیرکرنەوە، رۆح) یان بەشێوەی (درێژبووەوە، ماددە) خۆی دەردەخات، لەوانەشە خودا خاوەنی تایبەتمەندی بێپایانیش بێت، بەڵام مرۆڤـەکان تەنها ئەو تایبەتمەندییە دەناسن، بەبڕوای ئەو ماددە درێژبووەوەی رۆحە، بەڵام لە رەچەڵەکدا هەردوکیان دەربڕینێکی خودان، تێڕوانینەکەی لەم رووەوە پێچەوانەی دیکارت بوو، چونکە دیکارت دەیگوت دوو جەوهەرمان هەیە: ئەقڵ و ماددە، هەردووکیشیان سەربەخۆن، بەڵام سپینۆزا پێی وابوو یەک جەوهەر هەیە، ئەو جەوهەرەیش بێکۆتا و بێسنوورە، ئەو جەوهەرە خودایە، هەموو ئەو شتانەی لەدەوروبەرمان دەیان بینین لە شێوەی جیاوازدا، بۆنموونە ئاژەڵ و مرۆڤ و خانوو و ...، هەموو ئەم وێنانە تەنها شەپۆلێکن لەناو کات و شوێندا، هەموویان لە جەوهەری بێکۆتا سەرچاوەیان گرتووە کە خودایە، واتە گەردوون خودایە و خوداش گەردوونە، هەموو شتێک خودایە و خوداش هەموو شتێکە، واتە بڕوای بە یەکانەیی و یەکێتی بوون، (وحدة الوجود) بووە[30]. هەر بۆیە دەڵێت: (ناکرێت لە سروشتدا دوو یان

[30] سبینوزا: رسالة في اللاهوت والسیاسة، ترجمة: د. حسن حنفي، مراجعة: د. فؤاد زکریا.

زیاتر لە جەوهەر بوونی هەبێت، واتە هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندییان هەبێت)[31]. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: (لە خودا بەولاوە ناکرێت جەوهەرێکی دیکە بوونی هەبێت و پەی پێ ببرێت)[32]. لەم دەقانەی سپینۆزا و دەقەکانی دیکەی بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت کە: خودا و سروشت و جەوهەر یەکن. بۆیە (سروشتی داهێنەر) (natura naturans) خۆی لەخۆیدا بۆخۆی هەیە و هەموو تایبەتمەندیی و خەسڵەتێکی هەرە کۆنی بێسنووری لە رادەبەدەری هەیە، ئەو خۆی هۆکاری هەموو شتێکە و هۆکاری خۆیشیەتی، هەر بەهۆی خۆیەوە دەناسرێت و پەی پێدەبرێت، جەوهەر، داهێنەر، بەرهەمهێنەر و خودا خۆیەتی. سروشتی داهێنراو ( natura naturta) لە سروشتی داهێنراو و بەرهەمهێنراو بەولاوە نییە کە بە ناچاری لە سروشتی خوداوە پەیدابووە کەوتووەتەوە[33] و تایبەتمەندی و خەسڵەتی خودایە، ئەگەر وەک شمەک و شتیش سەرنج بدرێت، لە دەرەوەی خوداوە نییە و بەبێ خودا ناکرێت و ناشێت هەبێت و پەی پێ ببرێت و بناسرێت و بزانرێت. کەواتە بەم پێیە لە بووندا یەک تاکە جەوهەر هەیە و بەس، ئەم جەوهەرە خەسڵەت و تاییبەتمەندیی دیاری هەیە، لەلایەکەوە خودای داهێنەرە، لەلایەکەی دیکەوە سروشتی داهێنراوە! کەواتە ئەگەر خودا لەسۆنگەی خەسڵەتە بێسنوورە بێکۆتاییەکانییەوە سەرنج بدرێت، کاریگەرە و داهێنەرە (natura naturans)، ئەگەریش سەرنجی رەوشە دیار و بەرچاوەکانی بدرێت، سروشتی داهێنراو دەبێت (natura naturta).

**کانت و بوونی خودا**

---

قصة الفلسفة الحديثة، د. أحمد أمين وزميله، ل 101.
تأريخ الفلسفة الحديثة، يوسف كرم، ل 180.الفلسفة .
الفلسفة الحديثة، د. كريم متي، ل 102.
31 Spinoza Ethik. Lehrasatz. 5. S. 8.
32 Spinoza Ebenda. Def. I
33 Spinoza Ebenda. Lehrsataz. 29. S. 34.
فەلسەی نوێ لە ئەوروپا، د. حەمید عزیز، ل 114.

کانت فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، لە ساڵەکانی (1724 _ 1801)دا ژیاوە، کانت پێی وایە هەموو ئەو بەڵگانەی پێشووتر هێراونەوە لەسەر بوونی خودا، بە بەڵگە ناشێن و نابنە بەڵگە لەسەر بوونی خودا، پێی وابوو ئەقڵی تیۆریی هەرگیز ناتوانێت بوونی خودا بسەلمێنێت، هەروەک چۆن نایشتوانێت نەبوونی خودا بسەلمێنێت، کەواتە ئەقڵ سەلماندنی بوون و نەبوونی خودای لە تواناد‌ا نییە و ناتوانێت[34]، هەربۆیە لەو سەردەمەدا هێرشێکی زۆری کرایە سەر و بە زندیق و بێباوەڕ و دووڕوو ناوبرا، چونکە دەیان وت لەژێر ناوی دیندارییدا دەیەوێت ئیلحاد و ناباوەڕیی بڵاوبکاتەوە، بەدرێژایی چەندان ساڵ ئەم بۆچوونەی کانت وەک دەسکەلایەک بووە بەدەستی مولحیدانەوە و دەڵێن ئەوەتا کانت باوەڕی بە خودا نەبووە و پێیوابووە هیچ بەڵگەیەک لەسەر بوونی خودا نییە، بەڵام ئەمە راست نییە، چونکە:

1. کانت چۆن وتوویەتی بەڵگەی ئەقڵی نییە لەسەر بوونی خودا و ناتوانرێت بە ئەقڵ بسەلمێنرێت، ئاوایش وتوویەتی ئەقڵ ناتوانێت بیسەلمێنێت کە خودا بوونی نییە، واتە سەدا پەنجا بە پەنجایە.

2. کانت بە ئەقڵی کردەیی و بەڵگە لەسەر بوونی خودا دەهێنێتەوە، واتە بە بوونی بنەمای ئەخلاقی لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا، هەر لێرەوە بەڵگەی ئەخلاقی لەسەر بوونی خودا چەکەرەی کردوو بووە بەهێزترین بەڵگە لەسەر بوونی خودا، پوختەکەی:

بەڵگەی ئەخلاقی بریتییەلە بەڵگەهێنانەوە بە هەبوونی چەند شتێکی ئەخلاقی، کە هەندێک شت بە باش و جوان و چاک دەزانێت، هەندێک شتی تریش بە خراپ و ناشیرین و بێزراو دەزانێت، ئەوە لەسەر بنەمایەکی سەربەخۆ کە هیچ پەیوەندییەکی بە زەوقی کەسی یان عادەت و عورفەوە نییە، کەواتە ئەو رەوشتانە ئەخلاقی بابەتیین (الأخلاق الموضوعي) و سەربەخۆن و هێزێکی دەرەکی لە دەرەوەی ماددە لە ناو دڵ و دەروون و ناخ ئەقڵ و هۆشی مرۆڤدا سەپاندوویەتی و چاندوویەتی، ئەو چەسپێنەر و چێنەرە ئەگەر هەبێت، دیارە حەتمەن خوای پەروەردگارە، ئەگەرنا،

[34] موسوعة الفلسلفة، عبد الرحمن بدوي، ب 2، ل 281.

مادده بۆ خۆی رەوشتی لە کوێ بوو تا رەوشت ببەخشێت؟! (فاقد الشئ لا یعطیه) واتا: نەبوویی شتێک ناتوانێت ئەو شتە ببەخشێت.

بۆ نموونە کێ لە دڵی مرڤیدا چاند و چەسپاندنی کە:

1-دادگەریی، راستگۆیی، ئەمانەتپارێزی و چاکەکردن، بەزەیی هاتنەوە، میهرەبانی، دڵسۆزی، یارمەتیدان، لێبووردەیی، عیزەت، ... هتد، باشن؟!

2-ستەم، درۆ، خیانەت، ... هتد، خراپن؟!

کەواتە کێ ئەو هەست و رەوشتانەی لە مرۆڤدا چاند؟ بۆ نموونە چ شتێک وا لە مرۆڤ دەکات حەزی بە راستگۆیی و دادگەریی و ئەمانەتپارێزیی و ... بێت؟ چ شتێک وا لە مرۆڤ دەکات رقی لە ستەم و درۆ و خیانەت و ... بێت؟

جا ئەوەی کە زۆر سەیرە، زۆرجار ئەو شتە لە زیانی مرۆڤیشە بەڵام هەر دەیکات، بۆ نموونە دەفتەرێک دۆلاری دۆزیوەتەوە، یان کەسێک دە دەفتەر دۆلاری لا داناوە، بەڵام ئەو راستگۆیە و خیانەت ناکات. لەگەڵ ئەوەی لە چاوی مرۆڤدا وایە ئەگەر ئەو دە دەفتەر دۆلارە ببات و خیانەت بکات، قازانج دەکات، بەڵام ئەو مرۆڤە شتێک لە ناخیدا هەیە کە رێی پێنادات، ئایا ئەو هەستە کێ دروستی کرد؟! مادده دەتوانێت ئەو هەستە دروست بکات؟! یان کەسێک هەیە دەتوانێت ستەم بکات و قازانجێکی زۆر بەدەست بهێنێت بە هۆی ئەو ستەمەیەوە، بەڵام شتێک لە ناخییەوە هاوار دەکات و ناهێڵێت ئەوکارە بکات، ئەگەرچی رەنگە ئەگەر ستەمەکە بکات، بە سەدان ملیۆن دۆلار قازانج بکات و بەدەستی بهێنێت.

یان زۆر جار مل دەدات بۆ بڕیارێک کە زیانییەتی، بەڵام تەنها بۆ چەسپاندنی دادگەریی وادەکات، واتا ناخی داوای دادگەریی دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە زەرەریشیەتی، ئایا کێ ئەو هەستە دادگەرییەی لە دڵدا چەسپاند؟ مادده دەزانێت دادگەری چییە تاوەکوو لە ناخی مرۆڤدا بیچەسپێنێت؟!

یان زۆر جار کەسێک بەهۆی راستگۆییەوە قازانجێکی زۆر لەدەست دەدات، یان زەرەرێکی زۆر زۆر دەکات، بەڵام هەستێک لە ناخییەوە هاوار دەکات دەڵێت: درۆ

مەکە، چونکە نارەوشتییە، زۆر جار بە درۆیەک رەنگە بە دەیان دەفتەر دۆلار قازانج بکات، یان زەرەر لەسەر خۆی لاببات، بەڵام ئامادە نییە درۆیەکە بکات، ئایا ماددە دەزانێت راستگۆیی چییە تا بیبەخشێت بە مرۆڤ؟!

**دەتوانین بەڵگەی کانتی لەسەر بوونی خودا بەم شێوەیە کورت بکەینەوە**

1-خێر و چاکەی هەرە بەرز و گەورە لەلای مرۆڤ بریتییەلە هێنانەدی بەختەوەریی و جێبەجێکردنی ئەرک و واجبەکان.

2-هەموو کەسێکیش لەسەری پێویستە هەوڵی خێر و چاکەی هەرە گەورە بدات.

3-مرۆڤیش لەتوانایدایە ئەوە جێبەجێ بکات کە لەسەری واجب و پێویستە.

4-بەڵام مرۆڤ و مرۆڤایەتی بێتوانان لە هێنانەدی ئەم خێر و چاکە هەرە گەورە و مەزنە لەم دونیایەدا.

5-کەواتە مرۆڤ پێویستی بە ژیانێکی دیکەیە لە جیهانێکی دیکەدا بۆ ئەم مەبەستە (هێنانەدی خێر و چاکەی هەرە گەورە و مەزن)، ئەم جیهان و ژیانەش بریتییەلە ژیانی قیامەت و دوارۆژ.

6-رۆژی دواییش پێوییستی بە خودا هەیە و بەبێ خودا نابێت.

7-کەواتە خودا بوونی هەیە.

بەڵگەی کانتی ئەوەندەی پشتدەبەستێت بە ئەقلانییەتی میتۆدی ئەخلاقی، ئەوەندە پشت نابەستێت بە سروشتی ئەخلاق، بۆیە دەتوانین بڵێین بەڵگەی کانت بەڵگە نییە لەسەر بوونی خودا، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر دادگەریی خودا لە دوای مردن، بۆیە دەشتوانین بەم شێوەیە بەڵگەی کانتی بخەینەڕوو:

1-مامەڵە لەگەڵ ئەخلاقدا مامەڵەیەکی ئەقڵانییە.

2-مامەڵەی ئەخلاقی تەنها کاتێک ئەقڵانی دەبێت کە دادگەریی بێتەدی.

3-دادگەریی تەنها کاتێک دێتەدی کە خودا بوونی هەبێت.

4-کەواتە: خودا بوونی هەیە[35].

## نیچە و خودا

ئێمە خودامان کوشت، من و تۆ و هەموومان بکوژەکەی ئەوین، هەموو خواکان مردن[36]!

ئەمە وتەی نیچەیە، کە هەندێک پێیان وایە، سەردەمی ئەو بەولاوە سەردەمی مردنی خودایە، مردنێکی کلتوری فەرهەنگی رەمزی، نەک مردنێکی فیزیکی، ئەم وتەیە لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە، هەندێک پێیان وایە بەڵێ خودا لەڕووی فەرهەنگی و کلتوری و رەمزییەوە مردوو، تیۆرییە زانستییەکانی وەک داروین و تیۆریاکانی فیزیک و .. جێیان گرتەوە ...، هەندێکی تر دەپرسن: ئایا نیچە خۆشحاڵانە جاڕی ئەم مەرگە دەدات یان با بڵێین ئاشکرای دەکات؟ یاخود ئەم ئاشکراکردن و جاڕدانەی بەلاوە ناخۆشە؟

کەسانێک هەن پێیانوایە کە ئەو دەربڕینانەی کە نیچە بەکاری هێناون بۆ جاڕنامەکەی، ئەوە دەردەخات کە نیگەرانە بەم دۆخە لەهەمان کاتیشدا توانای هێنانی بەدیلیشی نییە، گەرچی سوپەرمانەکەیشی هێنا، چونکە نیچە پێیوابوو مرۆڤی پێشوو و سەدەکانی ناوەڕاست، بەهۆی خوداوە دڵگەرمییەکیان پەیداکردبوو و بووبووە هۆی بزاوتێک (هەرچەند لەکۆتاییدا باوڕبوون بەم خودایەش هەر هۆکاربوو بۆ هاتنەکایەی ئەخلاقی کۆیلەکان)، بەڵام مرۆڤی مۆدێرنە خودایشی لەدەستدا و خودایشی کوشت و ئەوەشی نەما، تاوەکو تۆزێک دڵگەرمی و جووڵەی تێدابێت و بتوانێت هەڵسوڕێت، دوایی نەشیتوانی شتێک لەجێی خودا دابنێت، کەواتە حاڵی مرۆڤی مۆدێرنە زۆر خراپترە لە حاڵی مرۆڤی پێشوو، هی پێشوو هێشتا

---

[35] The Kantian Moral Argument
philosophyofreligion. info/ theistic - proofs/ the - moral - argument/ the - .http:// WWW /kantian - moral - argument

[36] هكذا تكلم زرادشت، نيتشه، ل 65.

باشتر بوو، چونکە شتێکیان داهێنابوو بەناوی خوداوە و تۆزێک دڵگەرمییان بۆ پەیدابووبوو، لەگەڵ سلبیاتەکانیشی.

هەندێکی دیکەیش پێیان وایە لەوەدا پێی خۆشحاڵە کە خودای کڵێسە دەمرێت، بەڵام نیگەرانە بەوەی کە خودا (وک سیستمێکی بەها) بمرێت.

بۆیە زۆرێک پێیانوایە جارِدانی مەرگی خودا لای نیچە جارِدانی مەرگی خودای تەورات و ئینجیلە.

بەڵام هەرچۆنێک بێت وتەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە بێباوەڕ بووە.

هەموو ئەمانە لە کتێبەکانیدا بەڕوونی وتووە و هیچی نەشاردووەتەوە و لەدەربڕینی بۆچوونەکانیدا بوێر بووە.

## پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی (الوضعية المنطقية)

ئەم ڕێبازە لەلایەکەوە درێژکراوەی ڕێبازی پۆزەتیڤیزمی کلاسیکی (ئۆگست کۆنت) هەژمار دەکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە درێژکراوەی ڕێبازی ئەزموونییە کە لە سەدەی هەژدەدا لەسەر دەستی: (هیوم و لۆک) و لەدوای ئەوانیش (جۆن ستیوارت میل) لەدایکبوو.

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی لەسەر بنەمایەک دامەزراوە، ئەویش بنەمای پشکنین (verification) واتە بۆ ڕاستی هەر بابەت و وتە و بۆچوونێک پێویستە لەڕووی ئەزموونییەوە پشکنینی بۆ بکرێت و ئەزمونکراو بێت، واتە هەموو بابەتە مێتافیزکییەکان و غەیبییەکان و نابەرهەستەکان درۆ و پووچ و بەتاڵن! چونکە ناتوانین لەڕێی ئەزموونەوە بپشکنرێن، هەر لێرەوە پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی، بە هەموو تەوژمەکانییەوە هێرشێکی توند دەکەنە سەر هەموو ئایین و ئایینییەکان، پێیان وایە هەموو بابەتە ئاینییەکان و ئایینەکانیش درۆ و دەلەسە و شتی پڕوپووچن، چونکە

ئەم بنەمایەی ئەوان دایان ناوە بۆ راستیی هەر بابەتێک نایەتەجێ و نایەتەبوون لە بابەتە ئایینییەکاندا[37].

بۆنموونە کە دەڵێیت: خودا بوونی هەیە، ئەمە بڕیارەوتەیەکی بەتاڵە، بێ بنەمایە! چونکە ناتوانین لەڕووی ئەزموونیەوە پشکنینی بۆ بکەین!

هەربۆیە پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی بەئاشکرا ناباوەڕیی و ئیلحادی خۆی دەرخستووە و نەیشاردۆتەوە، ئەوەتا یەکێک لە ڕێبەرانیان بەناوی (کارناپ) دەڵێت: وشەی (خودا) وشەیەکی میتافیزیکییە و بەتاڵە لە هەموو مانایەک[38]!

هەموو بنەما ئایینییەکانی وەک (وەحی، پێغەمەرایەتی، ڕۆح، نەفس، رۆژی دوایی، ...هتد) نکۆڵی دەکەن و پێیان وایە خورافەن و شتی پڕوپوچن و هیچ مانایەکیان نییە، چونکە لە جیهانی بەرهەست و ئەزموون و واقعیدا ناتوانرێت بسەلمێنرێن[39]!

## پراگماتیزم و خودا

پراگماتیزم ناوی ڕێبازێکی فەلسەفەیە کە لە ئەمریکا سەریهەڵداوە، ناوەکە یەکەمجار (چارلس پێر) بەکاری هێناوە و بناغەی فەلسەفەکەی داڕشتووە، وتارێکیشی نووسی بەناوی (چۆن وابکەین هزر و بیروکەکانمان روون بن؟)، لەدواییدا لەلایەن (ولیام جەیمس) کراوە بەناونیشانی ئەم ڕێبازە، (جۆن دیوی) یش ڕۆڵی باشی هەبووە لە دامەزراندنی.

وشەکە لە پراگما (PRAGMA) وەرگیراوە، کە خۆی یۆنانیی و لاتینییە و بەواتای کار دێت، بۆیە مرۆڤی پراگماتی بەکەسێک دەوترێت کە سەرگەرمی گەڕان بێت بەدوای سوودبەخشیندا و خەریکی کار و کاردن بێت و کەسێکی کارا و کردەیی بێت.

---

[37] نحو فلسفة علمية، زكي نجيب محمود، ل 274.
والموسوعة الفلسفية المختصرة، 538 _ 539.

[38] الميتافيزيقا عند الفلاسفة المعاصرين، ل 240.

[39] نحو فلسفة علمية، زكي نجيب محمود، ل 248.

پوختەی فەلسەفەی پراگماتیزم: هەموو پراگماتییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێوەری راستەقینە بۆ دیاریکردنی حەقیقەت بریتییە لەو بەروبووم و کاریگەرییانەی لەدوایەوە پەیدا دەبێت، راستبوونی هەموو بیرۆکە و بۆچوونەکانیش بەو سوودە دەپێورێت کە لێیەوە پەیدا دەبێت، واتە سوود و قازانج سەنتەرن، لەم رووەوە هاوڕایە لەگەڵ تەوژمی ئەزموونگەرا کە بەس پشتی بە ئەزموون و هەست و واقیع دەبەست، ئەزموونگەرا مەعریفە دەگەڕێنێتەوە بۆ ریشەکەی کە لێیەوە پەیدابووە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، بەڵام پراگماتیزم وانییە، سەیری بەرووبووم و ئەنجام و کاریگەریی و سوودی ئەو بیرۆکە و بۆچوونە دەکات، واتە چییان لێ پەیدا دەبێت و سوود و کاریگەرییان چییە، کەواتە پراگماتیزم کاری بەهیچ شتێکی هزر و مەعریفە نییە، چۆنە و چۆن بووە و ...، کاری بەوەیە بەروبووم و ئەنجام و سوودەکەی چییە.

بەڵام جۆن دیوی شێوەیەکی ترمان لە پراگماتیزم نیشان دەدات، کە پێی دەوترێت ئامرازگەرایی ( Instrumentalism)، کەواتە بەم پێیە مەعریفە تەنها ئامرازە بۆ ئیش و کار و بەس، بیرۆکە و بۆچوونی راست ئەوەیە کە دەتبات بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان.

## هەڵوێستی ولیەم جیمس دەربارەی خودا و ئایین

دەربارەی خودا و ئایین هەڵوێستی ولیەم جیمس ناڕوون و ناڕێکە، چونکە هەندێک قسە و بۆچوونی هەیە وای لێ دەخوێندرێتەوە کە باوەڕی بە بوونی خودا وەک بوونێکی سەربەخۆ هەیە، زەمی ئیلحادیش دەکات، بەڵام لەولایشەوە هەندێ بۆچوون و قسەی دیکەی هەیە کە وا دەگەیەنن کە بڕوای بە بوونی سەربەخۆی خودا نییە لە دەرەوەی زەینی مرۆڤدا، واتە تەنها شتێکی زەینییە و هزرێکە و بەس، یان گریمانەیەکە لە مێشکی مرۆڤدا و بەس، هەربۆیە توێژەران راجیان لە دیاریکردنی هەڵوێستەکەی دەربارەی خودا، چونکە ئەم ناڕوونییە هەیە لە وتە و

بۆچوونەکانیدا[40]، بەڵام ئێمە بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستەکەی لەنێوان دوو پێگەدا جیاکاریی دەکەین:

**1. پێگەی باوەڕ بە بوونی خودا:** ولیەم جیمس نکۆڵی ناکات لە بوونی خودا، بەڵکو بانگەوازی بۆ دەکات و پێیوایە شتێکی راستە، چونکە ئەگەر پەرستش ببەستینەوە بە سەرەنجام و ئەنجامە باشەکانی، ئەوە زۆرترین کاریگەریی باشی هەیە لەسەر سلوک و مامەڵەی باوەڕداران، چونکە وەک باسی دەکات ئەگەر ئێمە بەراوردێک بکەین لەنێوان سلوک و مامەڵەی ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیە، لەگەڵ ئەوانەی بێباوەڕن بە خودا، ئەوە دەبینین بەوەڕدارەکان گەشبین و ئومێدی زۆریان هەیە، بەڵام بێباوەڕەکە رەشبینە و پڕە لە بێ ئومێدی[41].

**2. پێگەی سروشتی بوونی خودا:** ئایا خودا بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە دەرەوەی زەین و مێشکی مرۆڤدا؟ وتەکانی ولیەم جیمس ئەوە دەگەیەنن کە ئەو بڕوای بە بوونی سەربەخۆی خودا نییە لە دەرەوەی زەین و مێشکی مرۆڤدا، بەڵکو پێیوایە خودا بوونێکی زەینییە، تەنیا گریمانەیەکی زەینییە مرۆڤ خۆی بۆخۆی دایهێناوە لە زەینی خۆیدا[42].

دەربارەی هەڵوێستی ولیەم جیمس دەربارەی ئایین و پابەندبوون پێیەوە، ئەو نکۆڵی لەوە ناکات، بەڵکو بانگەشەی بۆ دەکات و ستایشی دەکات، چونکە ئایین کاریگەریی زۆر باشی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ، گەشبینیی پێدەبەخشێت، رەشبینیی لەناو دەبات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێی وا نییە ئایین و بنەماکانی حەقیقەتێکی بابەتییان هەبێت، کە لە زاتێکی بەرزەوە هاتبێت، سەربەخۆ بێت لە زەینی مرۆڤ و بوونێکی سەربەخۆی هەبێت، واجب و پێویست بێت گوێڕایەڵیی بکرێت و پەرستشی بۆ

[40] تاريخ الفلسفة الحديثة، وليم كلي رايت ل (498). والفلسفة والاعتقاد الديني (وليم جيمس نموذجا) محمد عبد الحفيظ (95، 118، 133).

[41] البراجماتية، وليم جيمس ل (106، 347).

[42] البراجماتية، وليم جيمس، ل 105.

بکرێت، بەڵکو شتێکی لاوەکییە و لەسەر هیچ بنەمایەکی ئەقڵی دانەمەزراوە و هیچ بەڵگەیەکی یەقینی لەسەر نییە[43]!

کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە (ولیەم جیمس) لە چوارچێوەی ئیلحادی دیندار جێی دەبێتەوە، کە باوەڕی بە خودا و هیچ غەیبێکی دیکە نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دژایەتی ئایین ناکات بەڵکو بانگەوازی بۆ دەکات بۆ دینداری و مانەوە لەسەری و دەست پێوەگرتنی، چونکە کاریگەریی باشی هەیە لەسەر تاک وکۆمەڵگە، هەڵوێستەکەی زۆر نزیکە لە فیورباخ.

## مارکسیزم و خودا

مارکسیزم ڕێبازێکی فەلسەفی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە، دامەزرێنەری سەرەکی (کارڵ مارکس)ە کە لە ساڵی (1818) لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و بە دامەزرێنەری کۆمۆنیزم دادەنرێت، لە ساڵی (1883)ش مردووە، خاوەنی چەند پەرتووکێکە لەوانە (سەرمایە) کە بووە سەرچاوەیەکی گرنگی کۆمۆنیزم.

لێرەدا وتەی سێ ڕێبەری مارکسیزم دێنین کە بە ئاشکرا نکوولی لە بوونی ئایین و خودا دەکەن.

مارکس دەڵێت: (من رقم لە هەموو خوداکانە)[44].

لینین دەڵێت: (بەهیچ شێوەیەک ئەوە ڕاست نییە کە خودا بوون ڕێکدەخات، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بیرۆکەی خودا بیرۆکەیەکی خورافی ئەفسانەییە! مرۆڤ خۆی دروستی کردووە بۆ ئەوەی بەهانە بۆ نەتوانینەکانی بهێنێتەوە، بۆیە هەر کەسێک بەرگری لە بیرۆکەی خودا بکات، ئەوا کەسێکی نەزان و بێ توانایە)[45].

---

[43] البراجماتية، وليم جيمس، 969.

[44] الفرق بين فلسفة الطبيعة عدن ديمقريط وفلسفة الطبيعة عند أبيقور، ل (1841).

[45] النظام الشيوعى، ل 53، وحركات ومذاهب، فتكي يكن، ل 15.

ستالین دەڵێت: (پێویستە ئەوە روون بێت کە ئایین شتێکی خورافی و ئەفسانەییە، بیرۆکەی خودایش بەهەمان شێوە بیرۆکەیەکی خورافی و ئەفسانییە، ناباوەڕیی و ئیلحادیش ڕێبازمانە)[46].

**پوختەی تێڕوانینی ئیسلام بۆ خودا و پەیوەندی بە بوون/وجودەوە**

1–ئافرێنەر و بەڕێوەبەر و ئەندازەگیر و ڕێکخەر و .... گەردوون و بوون و بوونەوەر تەنیا یەکێکە کە خودای تاکانەیە، واتە یەک خودا هەیە لە هەموو رووەکانەوە بێهاوەڵ و شەریکە لە هەموو روویەکەوە، تەنها ئەویش زاڵ و دەستەڵاتدارە بەسەر گەردووندا و لەژێر دەستەڵاتی خۆیدایە و هیچ شتێک لەژێر دەستەڵاتی ئەو دەرناچێت.

2–بوون ئافرێنراوە و سەرەتای هەیە و خودای گەورە دروستی کردووە.

3–لە بچووکترین بەشی گەردوونەوە تا دەگات بە گەورەترین بەشی گەردوون دروستکراوی خوای گەورەیە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت، گەردیلەیەکیش لە نەبوونەوە دروست بکات، کەواتە ئەگەر خودا دروستی نەکردبێت، لەکوێوە هاتووە؟!

4–ڕێکخەر و ئەندازەگیر و بەڕێوەبەر و چاودێریکار و ...، بوون و گەردوون و بوونەوەر لەژێر دەستەڵاتی خودادایە، چونکە هەموو ئەمانە لەخۆیانەوە نابن و ناکرێت دروستکراو دروستکاری نەبێت، ناکرێت ڕێکخراو ڕێکخەری نەبێت، ناکرێت ئەندازەگیراو ئەندازەگیری نەبێت، ناکرێت چاودێریکراو چاودێری نەبێت، ناکرێت ... .

5–خودا بەرزترین نموونەی تەواوی و جوانی و ڕێکییە، وەسفدارە بە هەموو سیفەتێکی جوان و تەواو و گەورە (جمال، جلال، کمال).

6–خودا دوورە لە هەموو ناتەواوییەک، لە هەموو ناشیرنییەک، لە هەموو پێویستییەک، لە هەموو کەموکوڕییەک.

[46] النظام الشیوعی، ل 53.

7-خودا هاووێنە و هاوشێوەی نییە، بێهاوتا و بێوێنەیە، هیچ شتێک لەو ناچێت و لە هیچ شتێکیش ناچێت.

8-دروستکراوەکانی خودا دوو جۆرن، بینراو و نەبینراو، هەستپێکرا و هەستپێنەکراو.

9-خودا مرۆڤ و گەردوونی بێ هودە دروست نەکردووە، گەردوونی بۆ مرۆڤ دروستکردووە، مرۆڤیشی بۆ تاقیکردنەوە و بەهرەمەندبوون لە نیعمەتەکانی خودا و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و ناسینی خودا دروستکردووە.

10-مرۆڤ و گەردوون و بوون و بوونەوەر وەک درستکراوی خودا، دەکرێت بخرێنە بەرباسی زانستی و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، هەمو شتێکیش لەمانە شیانی قسە لەسەرکردنن، لەکۆتاییدا ئەمانە هەموویان دروستکراوی خودان، ئیدی بۆ گەڕان بەدوایاندا و لێکۆڵینەوە لێیان دەیان دەقمان هەیە کە هانی ئەوە دەدات، بۆیە دەرگا لەسەر پشتە بۆ باس و خواسی زانستیی، بەڵام زانستیی بن، نەوەک بەزانستیکراو، وەک ئەوەی زۆرجار دێن بەناوی فیزیا و کیمیا و بایەلۆجی و گەردونناسی و ... خودا لە باسەکان دەخەنە دەرەوە.

11-گەردوون سەرەتا و کۆتایی و هەیە و رۆژێک دێت کۆتایی پێدێت و مرۆڤیش رۆژێک دێت زیندوو بکرێتەوە و حیساب و کیتابی لەگەڵدا بکرێت.

## ئەنجام

خودا و بوونی خودا پانتاییەکی گەورەی لە هزر و فەلسەفەی مرۆڤایەتی داگیر کردووە، هەر لە سەرەتاوە هەڵوێست و تێڕوانینەکان جیاواز بوون بەرامبەری، بەشێوەیەک پرسیارگەلێکی یەکجار زۆر لە بەرامبەریدا هاتوونەتە کایەوە، هەڵوێست و تێڕواینەکان بەرامبەر بوونی خودا بەم شێوەیە بوو: خودا بوونی هەیە و پەیوەندیی بە مرۆڤ و گەردوونەوە نییە و جێی هێڵاون وەک سەعاتی قورمیشکراو. خودا بوونی هەیە و پەیوەندیشی هەیە پێیەوە، هەر بۆیە پەیام و پەیامبەریشی ناردووە و زیندوبوونەوەش بوونی هەیە. بە رەهایی خودا بوونی نییە. خودا گومانی لەسەرە کە بوونی هەیە یان نا، ناتوانرێت بەتەواوی بزانرایت خودا بوونی هەیە یان

نا. گرینگ نییە بزانین خودا بوونی هەیە یان نا. خودا ئەگەر هەبێت لەگەڵ بوون یەکە و لێک جیاواز نیین. شتێک بوونی هەیە، جا ئەو شتە مەرج نییە سیفەتی خودای تێدا بێت، بەڵکو بۆی هەیە نوورێک بێت یان ... .

دەربارەی سیفەت و کاری خودایش بەهەمان شێوە هەڵوێستەکان جیاوازن: خودا شتێکی نامادی و نابەرهەستە، بێ جەستە و بێ ماددەیە. خودا جەستەی هەیە وەک هەر شتێکی دیکەی ماددی، خودا وێنا ناکرێت. دەکرێت خودا وێنا بکرێت. خودا کاری بە مرۆڤ و بوون و گەردوونەوە نییە، خودا بە هەموو شتێکی مرۆڤ و بوون و گەردوون ئاگادارە، خودا داهێنەری راستەقینەی بوونە. خودا بوونی لێ هەڵڕژاوە نەک بە ویستی خۆی دروستی کردبێت. خودا لێپرسینەوەی داناوە لە دوای ژیانی مردن. خودا لێپرسینەوە ناکات، یان زیندوبوونەوە نییە.

## هونەر، ناوچە خۆڵەمێشییەکە

## پرسی (حەرام و حەڵاڵ)ی هونەر لە ئایینی ئیسلامدا

یعملون لە ما یشاء من محاریب وتماثیل ... قورئانی پیرۆز

مطرب آغازید پیش ترک مست
در حجاب نغمه اسرار الست .

(هونەر مرۆڤەکان لە خەوی غەفڵەت بە ئاگا دەهێنێت)، مەولانا.

ئەم بابەتە پڕۆژەیەکی ناوەوە ئایینییە، پەیوەندیدارە بە خودی موسڵمان و ئەو مرۆڤانەی بەتەنگ ئیمانیانەوەن، وەک جگەرگۆشەی یەک شەوە لە ئامێزیان گرتووە و دەیپارێزن.

پرسی 'حەرام و حەڵاڵ'ی هونەر، پرسێکی خۆڵەمێشی و ناڕوونە و لە شوێنکات و کلتوری جیاوازدا وەڵامی جیاوازمان چنگکەوتووە، تا ئێستا جێگەی پرسیاری زۆرینەی کۆمەڵگەیە، چی وادەکات کایەیەکی وەک هونەر بەم هەموو جوانی و داهێنانەوە جێگەی شک و گومان بێت؟ لە چوارچێوەی ئاینداریدا هونەر پرسێکی خۆڵەمێشی/ناروونە، لەبەرئەوەی هیچ دوو زانایەک نادۆزیتەوە هاوڕابن، یەکێک دەڵێت دەبێت وێنەکان بەناتەواوی بکێشرێن، یەکێکی تر دەڵێت نابێت سێبەریان هەبێت، یەکێکی تریان دەڵێت ئەگەر فۆتۆ و ڤیدیۆ بوو سوودی هەبوو کێشە نییە، قەیناکا! کەسێکی تر دەبێژێت ئەگەر وێنەی نازیندوو بوو گرفت دروست ناکات، یاخود پەیکەرەکان بووکەشووشەی یاری منداڵان بن قەدەغە نییە، یان فریشتە ناچێتەماڵێکەوە وێنەی تێدا بێت، چەندین لێکدانەوەی سەیر و سەمەرەی تریش، ئەم بابەتەیان بۆ چارەسەر نەکراوە. بە بڕوای بیریاران گرفتە سەرەکییەکەی ئەم جۆرە لە تێگەیشتن ئەوەیە کە ناتوانن لە سەردەمی نوێ تێبگەن، ئەوەی پێی دەوترێت ئاناکرۆنیزم، کە بابەتی سەردەمێک بە سەردەمێکیتر بخوێنیتەوە. د.سرووش دەڵێت: ئەم جۆرە لە تێگەیشین درەختی پر بەرهەمی ئەم شارستانییەتە نابینێت کە گەورە بووە، بەڵکو دەیگەڕێنێتەوە بۆ تۆوی درەختەکە، ئەمەیش پێچەوانەی ئەقڵ و لۆژیکی سەردەمی نوێیە.

دەمەوێت لە دەسپێکی ئەم بابەتەدا بە ئەزموونێکی کەسیی دەست پێبکەم، کە پرسی شیاوی و نەشیاوی هونەر، خەوی لێزڕاندبووم ئەو دەمەی خوێندکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بووم. لەخۆم دەپرسی هەر بەڕاستی مژۆڵی بابەتگەلێکم پێچەوانەی ئەخلاقیاتی ئایینداریی منە! لە کاتێکدا هەمیشە لە بیرکردنەوەکانی خۆمدا، ئەوەم زۆر لەلا روون بوو کە چ 'ئایین' و چ 'هونەر' خۆشئەخلاقیان کردووم، بۆ دەبێت شایستەی کۆکردنەوە نەبن. ئێمەی دیندار لە ئێستادا لەچی دەترسین هێندە

دوورەپەرێزین لە کایەکانی وەک "هونەر، زانست، فەلسەفە، گەردوونناسی، ...".
بەڕاستی ئاینداریی ئێمە ئەوەندە لاواز و بێ بنەمایە، ترسی لە تابلۆیەک هەبێت؟ لێرەو لەوێ، گوێبیستی حەرام و حەڵاڵ دەبین و ئەنجامدەرانیان وەک ئەهریمەن وێنا دەکەین. بۆ من هەمیشە پرسیار بووە ئەم جیهانبینی و تێڕوانینە بۆ هونەر و کایەکانی دیکەش لەکام تێگەیشتن و دەقی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە. پاش ئاشنا بوونم بە بەڕێز (د. تەحسین حەمەغەریب)، بە تێروانینە قووڵ و ئەقڵییەکانی خۆی و بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەکانی زانای گەورەی کورد (مامۆستا ناسری سوبحانی) ئەوەی بۆ روونکردمەوە کە هیچ گرفتێک لە نێوان هونەر و ئاییندا نییە و دوو رووی یەک دراون، نەک حەرام نییە، بەڵکو عیبادەتە بەدەستی مرۆڤی بە ئەخلاق و ئیماندارەوە، ئەم تێگەیشتنەیش بەندەی لە جیهانێکەوە گواستەوە بۆ جیهانێکی تر.

## جیهانبینی ئایینەکان

هەموو ئایینێک سێ جیهانبینیی گشتیی هەیە، هیچ ئایینێک ئاراوتە نییە لێی، بۆ نموونە: لە ئایینی ئیسلامدا بریتین لە: رەهەندەکانی"شەریعەت، کەلام، عیرفان". ئەگەرچی دەوترێت مەسیحییەت شەریعەتی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاینداریی دەبن بەم سێ بازنەیەوە.

**یەکەم: جیهانبینیی شەریعەت/فیقهی:** کە ئەرکی رێکخستنی دیوی کرداری و ژیانی رۆژانەی موسلمانانی لە ئەستۆ دایە. لەم رەهەندەوە باس لە دوو بیرمەند دەکەین کە بریتیین لە تیتۆس بوکهارت و مامۆستا ناسری سونحانی، یەکەمیان دەبێژێت ئێمە لە قورئاندا، ئایەتگەلێمان نییە ئاراستەمان بکەن چۆن چۆنی هونەر بکەین، خودا فەزڵی نواندووە بۆ ئەقڵ و خەیاڵی ئیماندارانی جێهێشتووە. دووەمیان دەبێژێت هیچ بەڵگەیەکمان نییە لەسەر حەرامی کایەیەکی گەورەی وەک هونەر، بەڵکو ئایەتێکمان هەیە پشگیری دەکات.

**دووەم: جیهانبینیی کەلامی:** بابەتە هزری و فەلسەفییەکانی تێدا تاوتوێدەکات کە پەیوەندیدارە بە عەقیدەی ئیماندارانەوە. فەیلەسوفەکانی ئەم بوارەیش دەکرێت لە

سێ رووگەدا پلەبەندییان بکەین، ئەوانیش مەشائییەکان، کە ئەقڵسەنتەرن، ئیشراقییەکان کە شهود دەکەنە پێوەری هزرین، فەیلەسوفە -عارفەکان کە سەنتەری مامەڵەکردنیان رۆحییە. بێگومان ئەوپەڕی ئەقڵکاریی لای هەرسێ رووگەکە لە لوتکەدایە.

**سێهەم: جیهانبینیی عیرفان و ئەخلاق:** کە پەیوەندیدارە بە ئەزموونی ئایینیی و ئەخلاقی و رۆحیی تاکەکانەوە. سەنتەر لای ئەم رووگەیە بریتییەلە 'وەحی، شهود، خەیاڵ'، هەر لەبەر ئەوەیە دەڵێین هونەر و فەلسەفەی جوانناسی سەر بەم رووگەی سێیەمەیە. گەرچی هونەر رەهەندەکانی تر لەدیدە دەگرێت، بەڵام خەیاڵ و ئەزموونی رۆحی دەکاتە سەنتەر، خەیاڵێک کە پردی پەیوەندی نێوان جیهانی بینراو (عالم شهادە) و جیهانی نەبینراوە (عالم غیب)ـە، بەوپێیە بەرهەمهێنانی هونەر هیچ پەیوەندیدار نییە بە شەریعەتەوە، بەڵکو سەر بە بازنەی سێیەمە، جیهانبینیی عیرفانی.

لێرەوەیە هونەر و بابەتە هونەرییەکان دەچنە چوارچێوەی ئەخلاق و عیرفانەوە، د. سەید حسێن نەسر دەبێژێت:" هونەر رۆحی ئایینە". مرۆڤ چەند رۆحی جوان بێت ئەوەندە جوانکردار و جوانگوفتار دەبێت، بە مەش عارفەکان تا ئەوپەڕی توانا هونەریان کردووە، هونەر توانیویەتی رۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە پەروەردەکردنی رۆحی و ئەخلاقیدا، بەڵکو هونەریان بە عیبادەت و خوداناسی زانیوە، هەر لەبەر ئەوەیشە لە شارستانییەتی ئیسلامییدا هونەرمەندەکان عارفی گەورەیش بوون. لەم شارستانییەتەدا، هەرکاتێک ئەم سێ جیهانبینییە لەگەڵ یەکتریدا هەماهەنگ و سازگار بووبن، ئەوا بەرهەمی ناوازەیان پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، ئەمەیش تێگەیشتنێکی کلتوریمان پێدەدات بۆ هەوڵدانی هەرچی زۆرتر دروستکردنی سازگارییە لە نێوانیاندا، بەمەیش باغی هونەر گوڵی هەمەچەشنمان پێشکەش دەکات.

## قورئان و سازاندنی نێوکۆ بۆ هونەر

ئەگەرچی قورئانی پیرۆز هیچ رێنماییەکی روونی لەمەڕ بابەتە هونەرییەکان نییە، بەڵام بەزاراوەی سەید حسێن نەسر، ئەوەی گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە کە

قورئان نێوکۆ (سیاق/Context) بۆ هونەر و فەلسەفەی هونەر لە ئیسلامدا دروست دەکات، هونەری ئیسلامی لە حەقیقەتەوە سەرچاوەی گرتووە، لەمانا شاراوە و نادیارەکانی قورئانەوە. هەر لەبەرئەوە ناوی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان نا (ناوچە خۆڵەمێشییەکە)، وەک بابەتەکانی تر نییە دەقی تایبەتی لەبارەوە هاتبێت و دروستی و نادروستی و رەش و سپییەکەی وەک رۆژی روون دیار بێت. ئەوەی کە لەبەردەستە چەند فەرموودەیەکی خۆشەویستمانە کە باس لە نادروستی وێنە و پەیکەر- تصویر، دەکەن.

لە جیهانبینیی فیقهیدا یاسایەکمان هەیە دەڵێت: (بڕیاردانت لەسەر هەرشتێک بەشێکە لەتێگەیشتنت بۆ ئەوشتە). روونە واتای هەر شتێکت باش نەناسی ناتوانیت داوەریی بکەیت، دەبێت بەرمەبنای شارەزایی و ناسینی ئەو کایە بێت، بڕیاری پێشوەختە بۆ هەر بابەتێک جێگەی گومانە و ئەقڵی تەندروست قبووڵی ناکات. یەکێک لەو بابەتانەی کە بۆ من زۆر جێگەی تێڕامانە، بۆ هەمیشە پەیکەرسازیی و وێنەکێشان گرفتی لەسەرە، لەهەمان کاتدا فیلم و ڤیدیۆ و بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکان ئەوەندە بەر حەرامکردن ناکەون. لە دوو هۆکار بەدەر نییە، یان لەبەرئەوەیە لەزەمەنی کۆندا ئەم میدیەمانە نەبوون، یاخود نازانن هونەرمەند لە پشتی ئەو بەرهەمانەوەیە. روونیشە لە نێو وێنەکێشانیشدا جیاوازیی زۆر هەیە بەتەنها ئەو جۆرەیان گرفتئامێزە کە لاسایی واقیع دەکاتەوە، نوێنەراتی جیهانی دەرکی دەکات. ئەفلاتوون گوتەنی: "ئاوێنەیەکە رووبەرووی ریالیتی". واتە بە ئاسانی رەگەزەکانی بەرهەمە هونەریەکە دەناسرێتەوە وەک: (مرۆڤ، گیاندار، سروشت، ...)، ئارگیۆمێنتەکەیش لەدژیان ئەوەیە کە هەرکەس وێنەی مرۆڤێک یان گیاندارێک بکێشێتەوە، دەبێت لەرۆژی پەسڵاندا رۆح بکاتەوە بەبەریدا، ئەگینا سەخترین سزا دەدرێت. ئاشکرایشە کەس توانای ئەوکارەی نییە، بۆیە پێویستە خۆمانی لێ بە دوور بگرین. ئەم ئارگیۆمێنتەیش هەر یەخەی موسڵمانی نەگرتووە، بەڵکو لای مەسیحییەکانیش بە (ئایکۆنۆ کلاسیزم- بەواتای قەدەغەکردن و لەناوبردنی بەرهەمە هونەرییەکان) ناسراوە. ئۆلێگ گغەبا (Oleg Grabar) لەناو ئیسلامدا بە (ئەنیکۆنیک یان ئەنیکۆنیزم) ناوی دەبات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری خودا، خەڵکی

پەیکەر و ئایکۆنی خواوەندەکانیان دروستکردووە بۆ پەرستش، کە ژمارەیان سێ هەزار ئایکۆن و بت بووە. لەسیرەدا هاتووە کە پەیکەری خواوەندەکەیان لە خورما دروست دەکرد، بەڵام کە برسیان دەبوو دەیان خوارد!

لێرەدا خاڵێکی گرنگ جێگەی تێڕامانە، کێپڵ ئارچیباڵد کامیرۆن کریسویڵ ( Keppel Archibald Cameron Creswell) دەڵێت: بابەتێکی سایکۆلۆجی هەیە مرۆڤی کۆن لە بەرچاویان گرتووە، پێی وایە بابەتی حەرامی وێنە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، بەدەویەکان باوەڕیان وا بووە هەرکاتێک وێنە یان پەیکەری کەسێک بەرجەستە دەکرێت بەشێک لە کەسایەتی کەسەکە دەچێتە ناو بابەتە کێشراوەکەوە! واتە بەشێک لە کەسایەتییەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ ناو بەرهەمە هونەرییەکە. بەمەیش کاریگەریی سیحراوی لەسەر کەسەکە دادەنێت و هێزی ئەفسوناوی بەسەردا دێنێت.

لە کتێبی (شاکار)ی بەڕێز د.تەحسین حەمەغەریبدا، کە راڤەی (ریسالە فی علوم الحدیث)ی مامۆستا ناسری سوبحانییە، ئاماژە بە زیاتر لە (دە) فەرموودە کراوە کە دژی وێنەکێشان و پەیکەرسازیی و هەڵواسین و کۆکردنەوەیانن. بۆ نموونە: ئیبن مەسعود دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو: ئەوانەی سزای سەختیان هەیە لای خودا وێنەکێشەکانن! یاخود حەزرەتی عائیشە فەرموویەتی پێغەمبەر (د.خ) لە گەشتێک دەگەڕایەوە، بینی پەردەیەکی سووری ناسکم هەڵواسیبوو بۆ جیاکردنەوەی بەشێک لە ماڵەکەمان، رەسمی پەیکەری لەسەر بوو (قیرام بەو قوماشە وتراوە کە لە فارس و رۆمەوە هاتووە وێنەدار بووە)، حەزرەتیش دڕاندی و فەرمووی لێم دوورخەرەوە ئەوانەی سزای سەختیان هەیە لەرۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە لاسایی خەلقی خودا دەکەنەوە. منیش کردم بە سەرین و پاڵپشت. لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرمووێت سور هەڵگەڕاو و فەرمووی ئەوانەی ئەم جۆرە وێنانە دەکێشن پێیان دەوترێت (احیوا ما خلقتم) ئەوەی دروستانکردووە زیندووی بکەنەوە، روونیشە بێتوانان لە ئەنجامدانی وەها کارێک! بۆیە منیش کردم بە دوو بەشەوە و کردم بە پاڵپشت و هیچی نەوت، (رەنگە هەر لەوەشەوە هاتبێت کە دەڵێن دەبێت وێنەکە بکرێت بەدوو بەشەوە، یاخود بەشێکی تەواو نەبێت). فەرموودەکان

بەردەوام دەبن، لێرەوە مامۆستا ناسری سوبحانی دەگاتە ئەو ئارگیۆمێنتەی کە ئامانجی ئەو فەرموودانە بۆ زەمەنێک بوون، ئێستا ئەو مانا و مەدلولانە نادەن. پێویستە ئێمە لە زەمەنی خۆیاندا لێیان تێبگەین، مەبەست لەو فەرموودانەیش ئەو بتانەن کە موشریکەکان بۆ پەرستش بەکاریان هێناون، بە پشتبەست بە قورئانی پیرۆز، لە قورئانەوە میتۆد و ڕێسای گشتیی دەدۆزێتەوە و بەراوردیان دەکات و پاشان دەرئەنجام دەگرێت، بەمەش فەرع دەگەرێتەوە بۆ ئەسڵ.

مامۆستا ناسر لە شیرکەوە دێتەوە بۆ بابەتی هونەر، دەفەرمووێت: بانگەشە بۆ شیرک لە خودی شیرک خراپترە، لێرەوەیە پەیکەر و شتی زیادە بۆ ئایین شیرکە و نادروستە، سزای هەر گوناهێکیش بە ئەندازەی تاوانەکەیە، بەتایبەتیش ئەو هاوەڵدانانەی کە شیرکی ئولوهیەتیان تێدایە، کە خودانەپەرستن، بەڵکو جگەلە پەروەردگار بپەرستن. پاشان ئەگەر بۆمان دەرکەوت هاوەڵدانان بۆ خودا، لە گوناهە گەورەکانە کەواتە دروستکردنی پەیکەر کە لەبری خودا بانگی لێدەکرێت ئەوپەڕی گوناە و بەدکارییە. لەبەر ئەو هۆکارەیە پێغەمبەری خودا زۆر بەشیددەت بووە کە هیچ شتێک و هیچ کەسێک لە شوێن پەروەردگار بپەرسترێت و هانای بۆ ببرێت. شکاندنی بتەکان لە کەعبەی پیرۆزدا هەرئەوەمان پێدەڵێت کە هیچ کەس نابێت شیرک بۆ خودا قەرار بدات. ئەی چۆن پێغەمبەرێک فەرمان دەکات بە دروستکردنی پەیکەر؟ بە گوتەی زۆرێک لە زانایان دەبێت وەڵامەکەی لە قورئاندا دەست بکەوێت.

بنەما قورئانییەکە بۆ حەرام نەبوونی هونەر بەتایبەت "وێنەکێشان  و پەیکەرسازی" لای هەریەک لە (مامۆستا ناسر) و (ئەبو عالیە) خوێندکاری سەحابە بووە و (شێخ محمد ئیبن ئەمین) خوێندکاری ئیبن تەیمیە بووە هەر ئەم دوو ئایەتەی سورەتی سەبەئە: (ولسليمان الريح غدوها شهر و رواحها شهر و أسلنا له عين القطر  ومن الجن من يعمل بين يديه بإذن ربه ومن يزغ منهم عن أمرنا نذقه من عذاب السعير(١٢) يعملون له ما يشاء من محاريب وتماثيل وجفان كالجواب وقدور راسيات اعملوا آل داوود شكرا وقليل من عبادي الشكور(١٣))

دەفەرموێت حەزرەتی سولەیمان فەرمانی دەکرد بە جنۆکەکان کە پەیکەری بۆ دروست بکەن، کەواتە لە شەریعەتەکەی ئەودا ڕێگەپێدراوە، ڕوونیشە هیچ پێغەمبەرێک فەرمانی بە شیرک نەکردووە و ناکات. ئارگیۆمێنتی دژی ئەم بەڵگەیەش دەڵێن ئەو ئایەتە شەریعەتی لەوەوپێشە (شرع من قبلنا)، پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نییە. مامۆستا ناسر دەڵێت هیچ پیاوێکی ئاقڵ شتی وا ناڵێت، مادام ئایەت و فەرموودە نییە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو بسەلمێنێت. هەروەها شەریعەتی لەمەوپێش بەس لە بابەتە کردەییە ڕۆژانەییەکان و جوزئیاتەکانە، نەک لە بابەتی ئەخلاق و عەقیدەدا. ( بڕوانە کتێبی شاکار لاپەڕە: ٢٢٠). هەروەها شێخ محەمەد بن ئەمین ئەم ئایەتەی سورەتی دوخان دەکات بە دەلیل کە لەڕووی عەقیدەوە هەموو پێغەمبەرەکان فەرمانیان بەهەمان شت پێکراوە، ئەگەر وانەبووایە دەبوو ڕێگە بە حەزرەتی سولەیمان نەدرێت جنۆکەکانی پەیکەری بۆ دروست بکەن. (شرع لكم من الدين ما وصى به نوحا والذي أوحينا إليك وما وصينا به إبراهيم وموسى وعيسى أن أقيموا الدين ولا تتفرقوا فيه كبر على المشركين ما تدعوهم إليه الله يجتبي إليه من يشاء ويهدي إليه من ينيب. (سورەتی شورا: (١٣))

کەواتە ئێمە گەیشتینە ئەوەی لەبەرئەوەی ڕێسا گشتییەکە لای پێغەمبەر سولەیمان حەڵاڵە بۆ ئێمەیش حەڵاڵە و هیچ گرفتێکی شەرعی نییە. ئەو فەرموودانە لەبەرئەوە بوون کە هۆکاری پەرستنیان بۆ جگەلە پەروەردگار تێدا بوو، ئەوەیش لەتەک مەقامی ئیلاهیدا مامەڵەیەکی نائەخلاقی و ناشایستە بووە، بەڵکو ستەمە لە خالق، هەر لەبەر ئەم هۆکاری شیرکە بوو نەک خودی هونەر گرفتی هەبێت، ڕێگە بە وێنەکێشان و پەیکەرسازی نەدراوە، ئەگەرنا هەرشتێک بووبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە پەروەردگار و پیرۆزکردن، ئیمانداران دژی وەستاون، وەک درەختەکەی دەرەوەی شاری مەدینە، کە وتیان لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا نوێژی لەژێر کردووە پیرۆزە، حەزرەتی عومەریش فەرمانی کرد بیبڕنەوە و بیسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی بڵاو بکەنەوە بەبیاباندا.

**حەقیقەتە مێژووییەکان لە ئایینی ئیسلامدا**

چەند فاکتێکی مێژوویی دەربارەی ئەوەی کە هونەرکردن لە ئیسلامدا بێکێشە بووە، محەمەد بن ئەمین داناییەکی زۆر ورد ئەخاتەڕوو دەڵێت: حیکمەتی منداڵ زۆرجار لە هەنێک پێگەیشتوەکان باڵاترە، چونکە هەرگیز منداڵێک نابینیت ئەو بووکە شووشەیە بپەرستێت کە یاری پێدەکات. لێرەوە کاتێک منداڵەکان یارییان بە بووکەشووشە کردووە، لە شەرمی پێغەمبەری خودا شاردویانەتەوە، پێغەمبەریش (د.خ) پێی داونەتەوە و فەرموویەتی بەردەوام بن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە زۆرێک لە زاناکان وتوویانە (تماثل) یاری منداڵان ناگرێتەوە، لەکاتێکدا یاری منداڵانی ئەو دەمەش هەر لەلایەن پەیکەر سازەکانەوە دروست کراوە، زۆر بەشیان لەدەرەوەی دورگەی عەرەبییەوە هاتوون و گرفتێکیش نەبووە.

لە کاتی فەتحی مەککەدا، پێغەمبەری خودا فەرمانی بە شەعبانی کوڕی عوسمان کرد کە بتەکان بشکێنن، بەڵام وێنەی حەزرەتی مەریەم و عیسا و ئیبراهیم و ئیسماعیل بە لقی دارخورما داپۆشن. لە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت، هەموو پەیکەرەکان بشکێنن و وێنەکان بسڕنەوە، دەستی خستە سەر پایەیەک کە وێنەی حەزرەتی مەریەم بوو عیسای لە کۆشدا بوو، جگە لەمەی ژێر دەستم. یاخود کاتێک ڕەسمی حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل دەبینێت وەرەقەی قوماریان (الازلام) بەدەستەوەیە، دەفەرمووێت بەر نەفرەتی خودا بکەون، هەرگیز پێغەمبەرانی خودا ئەهلی ئەو جۆرە کارانە نەبوون. ئەم حەقیقەتە مێژووییانەی وێنەکان تا ساڵی ٦٨٣ مابوون، بەڵام لە جەنگی نێوان عبداللەی کوڕی زوبێر و ئومەوییەکاندا کە کەعبەیان سوتاند لەناو چوون.

سکەی پارەیش بابەتێکە شایەنی هەڵوێستە لەسەرکردنە، لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن، بە ئاڵوگۆڕی شتومەک یاخود بە سکەی پارە بووە، سکەکەکانیش روونە لە هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆمییەوە هاتوون، وێنە و پەیکەری بارزی ئیمپراتۆرەکان یان خواوەندەکانی لەسەر بووە، کە بریتی بوون لە سکەی ئاڵتونی بیزەنتینی و درهەمی زیوی ساسانی. هیچ کەسیش بە پێغەمبەری خودای نەگوت کە ئێمە کۆیین و سکە لەماڵماندا هەیە و

فریشتە روی تێناکات! لە راستییدا پێغەمبەر خۆیشی بەکاری هێناوە و گرفتی نەبووە، چونکە بۆ مەبەستێکی تر بەکار هاتووە، نەک پەرستن.

بۆ یەکەم جار لەمێژووی موسڵمانانەدا دارشتەی پارە لەلایەن خەلیفە عەبدول مەلیکی کوڕی مەڕوان دروستکرا، بەناوی سکەی ئالتونی خەلیفە وەستاوەکە ( Standing Caliph Gold Coin)، کە رووپەکی وێنەی خۆی لەسەر بووە، وەستاوە بەپێوە و بەدەستێکی شمشێری پێیەوە بەدەستەکەی تریشی گۆچان، لەوکاتەیشدا هاوەڵانی پێغەمبەر زیندوبوون و هیچیان نەوتووە. بەڵام، پاش خۆی وێنەکەیان لابرد و وشەی (لا إله إلا الله محمد رسول الله) یان دانا لەسەری، کە ئەمەیش بۆ یەکەم جار بوو لە مێژوودا نوسین بچێتە سەر پارە (سکە)، بە داهێنانی موسوڵمانان هەژمار دەکرێت.

پاشان کاتێک موسڵمانەکان دەچنە نێو میسر، هیچ کەسێک دەستی نەبووە لەتێکدانی هەڕەمەکان و پەیکەری خواوەند و فیرعەونەکان (بە بەڵگەی ئەوەی تائێستایش ماونەتەوە)، خودی ئیمامی عومەریش رۆیشتووە، چونکە نەپەرستراون لەو سەردەمەدا. جاحظ لە کتێبی (حوسن المحاضرة) باسی جوانیی و سەرسورهێنەریی هەڕەمەکان و پەیکەری فیرعەونەکانی کردووە. پرۆفیسۆری زانکۆی قاهیرە ئەیمەن ئەلسەمەری دەڵێت: دیاردەی حەرامکردنی هونەر تازەیە، لە کاتی خۆیدا سەحابەکان لە میسردا دەستکاریی هیچ شتێکی مێژووی ئەو وڵاتەیان نەکردووە، هەرکات دڵنیابوونەتەوە بۆ پەرستش بەکارنابرێن. بەڵام لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە گوێمان لە فتوای سەیر و نامۆ دەبێت لەمەڕ هونەری فیرعەونی، لە هەموویان سەیرتر پەیکەری ئاکۆن و سوڤەنیەر (پەیکەر و سیمبولی بچوکن بۆ دیاری و یادگاری)، رەهەندە هونەرییەکەشی بخەرە ئەولاوە، بەڵام ئەوندە کورتبین بیت نەزانیت ئەم سوڤەنیەرانە سەرچاوەی داهاتی دەیان هەزار خێزانی هەژاری میسرییە.

سەعدی کوری وەقاس لە فەتحی عێراقدا، کۆشکی (خوسرە و شای دووەم) لە ئەلمداین لە نزیک بەغدادی ئێستا لە شوێنێک جومعە دەکات کە بە کیتسفۆن

(Ctesiphon)، ناسراوه، پڕییەتی لە پەیکەر و وێنەی نەخشێنراوی سەر دیوار، تەنیا دایان دەپۆشێت و لەناویان نابات، بۆ ئەوەی موسڵمانەکان لەکاتی نوێژدا خەیاڵیان نەڕوات. تاوەکو ئێستایش ماوەتەوە و یەکێکە لە شوێنە مێژوویە جوانەکان.

راستییە مێژووییەکان زۆر و زەبەندەن کە هەرکاتێک شتگەلێک بۆ شیرک و پەرستشی جگەلە خودا بەکاربرابێتن ئەمان دژی وەستاونەتەوە، قورئان باسی بەخوداکردنی حەزرەتی عیسا و گوێرەکە ئاڵتونەکەی لای موسامان بۆدەکات، بۆئەوەی هەمیشە بەتەنگ یەکتاپەرستییەوە بین. ئەگینا شەرعزانی گەورەی مەزهەبی مالیکی سەدەی حەوتەم ئەلقیرافی هەرگیز نەدەبوو بە پەیکەرساز (لە کتێبی شەرح المحشورادا هاتووە).

بە درێژایی مێژوو لەو شوێنانەی کە شیمانەی پەرستشی شتەکان لە ئارادا بووبێت، خودی شتەکە گرنگ نەبووە چییە، موسڵمانەکان لەناویان بردوون بۆ نموونە لە سند (پاکستانی ئێستا)، پەیکەرەکانیان لەناوبردووە کە زانیویانە دەپەرسترێن، لە پاکستان و هندستان و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی لابراون، بەڵام لە عێراق و فارس و شام دەستکاریی نەکراون، لەم روانگەیەوەیە بەشێکی زۆر لە مێژووناسان و بیریارانی ئیسلامی پێیان وایە ئەم بابەتە پەیوەندیدارە بە پێشخان و گەشەی شارستانییەوە، هەر کۆمەڵگەیە وەرچەرخانی کلتووری بەسەردا هاتبێت و لەڕووی شارستانییەوە گەشەکردوو بێت، ئەوا گرفتیان لەگەڵ هونەردا نەبووە، بەڵکو ئەوپەڕی وردەکارییان تێدا کردووە تا ئاستی داهێنان.

## تێگەیشتنی هاوچەرخییانە بۆ هونەر

هونەری هاوچەرخ رەنگدانەوەی ئەزموون و ژیانی ئێستا و رابردوویەکی نزیکە، زەمانحاڵی ئەو گۆڕانکاریی و گۆڕانە یەک لەدوای یەکانەیە کە لە کۆمەڵگە و سیاسەت و تەکنەلۆجیادا روودەدەن، هاوشێوەی جیهانی ئێستامان هونەریش جێگیر نییە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕان و فراوانبووندایە، لێرەوەیە هونەری هاوچەرخ رەنگدانەوەی ئێستایە. پلاتفۆرمێکی گرنگە بۆ رەخنەی کلتووری و بەهای

کۆمەڵایەتی و پرسە وجودیەکانی ڕۆژگار. ئارگیۆمێنتی ئەم بەشەمان لەوەدا کورت دەبێتەوە، ئەگەر ئایین گرفتێکی لەگەڵ هونەردا هەبێت، کە نییەتی و بەو بەڵگە زۆرانەی بەشەکانی پێشوو، ئەوا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هونەری هاوچەرخ و میدیەمە نوێیەکاندا نییە. بەڵکو هاوکارێکی باشی یەکترن ئەگەر لەگۆشەی هزری و فەلسەفییەوە تەماشایان بکەین.

پیتەر سلۆتەردایک (Peter Sloterdijk)، دەڵێت: هونەری نوێ فۆرمێکی هونەرییە پێشتر هاوشێوەی نەبووە، هەموو مانا سیستەمییەکان لێک هەڵوەشاون و ئاماژەدەرە باڵاکان لەناوچوون، چیرۆکە گەورەکان کۆتاییان هاتووە. لەم زەمەندا هونەرەکان گرێدراون بە کۆمەڵێک کۆد و سیمبولی تایبەتەوە کە ناروون و نائەقڵانی دەردەکەون، ئەگەر بێت و فێری کۆدەکانیان بیت ئەوکات بۆت نومایان دەبێت چەند ئەقڵانیین، ئەمەیش دیاردەیەکی گرنگی جیهانی هونەرە لە ئێستادا. بە پێچەوانەی سلۆتەردایک، ئەگەر چیرۆکە گەورەکانیش بێ ڕۆڵ بووبن، کە هاوڕای نیم، بەڵام دەکرێت ئەزموونی ناوەکیی مرۆڤەکان ڕۆڵی گەورە بگێڕن لە نێو پانتایی هونەردا.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیی لە هونەری جیهانی بڕوانین، دەبینین مێژوونوسەکان باس لە سێ پارادایمی گەورە دەکەن کە مێژووی هونەر پێیدا گوزەری کردووە، ئەوانیش بریتیین لە پارادایمی "جوانی، زمان، ئەقڵ". واتە جیهانی پێش مۆدێرن جوانی سەنتەر بووە، لە جیهانی مۆدێرندا دەگوازێتەوە بۆ زمانی هونەری، پاشان لە ئێستادا، واتا لە هونەری هاوچەرخدا، ئەقڵ سەنتەری کارە هونەرییەکانە. لەبەرئەوەی هونەر دیاردەیەکی مێژووییە، تێگەیشتنە مێژووییەکان، تێگەیشتن بەرامبەر بە هونەریش دەگۆڕن.

سەنتەری هونەرکردنی هاوچەرخ ئەقڵانییەت و مرۆڤسەنتەرییە، کە هەردوو بابەتەکە لەگەڵ ئاییندا گونجاون و بێگرفتن. هونەر پرسە گەرموگوڕەکان و دیاردە و ئارێشە نوێکان بەهەند وەردەگرێت، کە لە جیهاندا جێگەی بایەخی مرۆڤەکانن، وەک پرسی جەنگ، ژینگە، جێندەر، کۆچ، نادادپەروەریی، مەعنەوییەت، کات، ئەخلاق، هەژاری ....،

دوور و نزیک ئەم پرسانەیش پرسی فیکری و فەلسەفی و ئاینیشن، دەخوازێت ئیمانداران دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەن. راستر بڵێم پێویستە دیندارەکان لە هەموو کەس زیاتر گرنگی بەم پرسانە بدەن و وەڵام و چارەسەری تایبەتیان هەبێت بۆیان. رووگە هونەرییە هاوچەرخەکان نێوکۆ/کۆنتێکست گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە، وەک هونەرەکانی سەردەمەکانی پێشوتر نییە، بەتەنها کار لەسەر فۆرم و زمانی هونەر بکرێت، ژینگەی کلتووریی کارە هونەرییەکەیش رەچاودەکرێت. لێرەوە دەکرێت بابەتە ئایینییەکان پشکی شێر وەربگرن. بۆ نمونە: هونەرمەندی ئەمریکی بیل ڤیۆلا (Bill Viola) کە یەکێکە لە دیارتین ڤیدۆ ئارتێستەکان، کارەکانی لەنێو نێوکۆیەکی ئایینییەوە دەهێنێت، بەتایبەت عیرفان و مەعنەوییەتی ئایینەکان.

لە کۆتایدا، دەمەوێت جەخت لەو خاڵە بکەمەوە کە بابەتە کلتورییەکان، کە هونەریش یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا جێگە و پێگەیەکی ئێجگار گرنگیان هەیە، بەڕادەیەک زۆرێک لەبیریاران دەبێژن هونەر ئایینی سەردەمی نوێیە و مۆزەخانە و گەلەرییەکان کڵێسا و پەرستشگایە، بە ئاوایەکی تر لە زۆرێک لە وڵاتاندا هونەر جێگرەوەی یەکەمی ئایینە، مرۆڤەکان بۆ ئەوەی ئەزموونی ئایینی و مەعنەوی بکەن کاتەکانیان لە مۆزەخانەکاندا بەسەر دەبەن. خۆشبەختانە لەناو ئێمەدا هێشتا بابەتە ئایینییەکان گەرموگوڕن، یاخود راستر بڵێم ئایین سەنتەریترین کایەی کلتووریی ئەم دەڤەرەیە، گۆڕانکاریی لە ئایین و هونەردا دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی لە فەرهەنگیشدا. هەروەک فەیلەسوفی پاکستانی ئیقباڵ لاهوری دەڵێت: " کەچووە ناو گیانەوە، گیان دەگۆڕێت. هەرکە گیانیش گۆڕا، جیهان دەگۆڕێت". ئەم میتافۆرە لای من هاوشێوەی هونەرکردنە، هەرکاتێک چێژی راستەقینەی هونەر هاتە ناوتەوە ئەوا کەسایەتیت دەگۆڕێت. هەرکات کەسایەتیشت گۆرا، بەدڵنیایەوە وجودیش لەبەرچاوت دەگۆڕێت.

لێرەوەیە هونەر هەم گۆڕانکاریی لە پەروەردەدا و هەمیش گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا بەدیدێنێت، کە ئێمە بە وەرچەرخانی کلتووری ناویدەبەین.

**سەرچاوەکان:**

1.قورئانی پیرۆز، سورەتی سباء ئایەتی١٣، سورەتی الدخان ئایاتی ١٣.

2.مەولانای رۆمی، مسنەوی مەعنەوی، دەفتەری شەشەم. (https://ganjoor.net/moulavi/masnavi/daftar6/sh21)

3.شاکار راڤەی (رسالە فی علوم الحدیث)ی مامۆستا ناسری سوبحانی، تەحسین حمەغەریب، زنجیرەی مەعنەوی ١٩ساڵی، چاپی یەکەم ٢٠١٥.

4."الدلیل إذا تطرق إلیه الاحتمال بطل به الاستدلال".

5.کارزان ئەحمەد، حیکمەتی بێدەنگ، گۆڤاری هەژان، ژمارە، ٢٠١٩

6.گۆران عبداللە، کارزان جان، هونەر و مەعنەوییەت، زنجیری هەژان ٢٤، ٢٠١٨

7.Oleg Grabar, The Formation of Islamic Art, 1973.

8.Seyyed Hossein Nasr, Art and Spirituality, 1987.

9.Aziz Doganay, The Understanding of Art and the Prohibition of Images in Islam in Light of Sacred Scriptur, 2012. ( https://www.lastprophet.info/the-understanding-of-art-and-the-prohibition-of-images-in-islam-in-light-of-sacred-scripture).

10.Ikram Hawramani, A Traditionalist critique of the Islamic Prohibition on Taswer, 2018

(https://hawramani.com/a-traditionalist-critique-of-the-islamic-prohibition-on-taswir/)

11.K. A. C. Creswell, The Lawfulness of Painting in Early Islam, 1946, jstor. (https://www.jstor.org/stable/4515631).

12.Kyung An, Jessica Cerasi, Who’s Afraid of Contemporary Art, 2022, thamas & Hudson.

13.Alain de Botton and John Armstrong, Art as Therapy, 2013, phaidon

## واتا لە زمانی ئایین و زمانی زانستدا

ئاری عەلی ئەمین

**پوختە**

پۆلێنکردنی بەکارهێنانی واتا، لە بوارە جیاوازەکاندا کارئاسانیی و تۆکمەیی بۆ تێگەیشتن فەراهەم دەکات، ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ کێشانی نەخشەیەکی سەرەتایی و ئاسان دەربارەی جیاوازییەکانی راست و هەڵە لە زمانی ئایین و زمانی زانستدا، دەربارەی باوەڕی زانستیی و باوەڕی ئایینیی، لێرەدا لەبەر رۆشنایی دەستەواژەکانی ڤیتگنشتایندا، بەتایبەت 'گەمەی زمان' و 'شێوەی ژیان' واتا لای ئاییندار و بێئایین خراوەتەڕوو.

**پێشەکی**

یەکێک لە بابەتە زۆر گرنگەکانی فەلسەفەی زمان  و فەلسەفەی ئایین لە سەردەمی هاوچەرخدا باسی زمانی ئایین و زمانی زانستە، یاخود یەکێک لەو بابەتانەی کە لە باسی ئایین و زانستدا دێتە پێشەوە زمانی ئایین و زمانی زانستە.

لە ئاخاوتن دەربارەی خودا و باسی زمانی دەقە ئایینییەکاندا گەلێک تیۆریا هەیە، بەڵام ئێمە تەنیا یەک لەوان باس دەکەین، ئەویش تیۆریای (سەربەخۆیی زمانی ئایین)ـە. هەندێجار بە فیدیزم/فیدایزم ناودەبرێت، واتا ئیمانگەرایی، ئەم تیۆریایە لەسەر بۆچوونەکانی دوو فەیلەسوف بونیاد نراوە، (سورین کیرکەگارد) و (ڤیتگنشتاین)، کیرکەگارد سەربە نەریتی فەلسەفەی کیشوەرییە و ڤیتگنشتاین سەر بە نەریتی فەلسەفەی شیکارییە. تیۆریای (سەربەخۆیی زمانی ئایین) بەم شێوەیە لەسەر بۆچوونەکانی ئەو دوو فەیلەسوفە بونیادنراوە: لای کیرکەگارد ئایین ناکرێت بە بەڵگاندنی ئەقڵانی کاری سەلماندنی تێدا بکرێت، ئایین بابەتێکی بانئەقڵانییە، بەڵام لەم نووسینەدا دەربارەی بونیادنانی تیۆریای (سەربەخۆیی زمانی ئایین)، تەنیا دەچینەلای ڤیتگنشتاین، سوود لە هەردوو تیۆریای (شێوازی ژیان) و (گەمەی زمان) وەردەگرین.

**چەمکە کلیلییەکان:** واتا، زمان، باوەڕ، زانست، ئایین، زمانی ئایین، زمانی زانست

## شێوازی ژیان

مەبەست لێی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ژیانە، ستایلێکی ژیانە، رووگەیەکی تایبەتە لە ژیان، بۆ نموونە ئاییندارێک شێوازێکی ژیانی هەیە، جیاوازە لە شێوازی ژیانی بێئایینێک، یان تەنانەت لەناو ئاییندارەکانیشدا باوەڕدارانی ئایینە جیاوازەکان و شێوازی ژیانیان جیاوازە، ئیتر بگرە لە باوەڕدارانی نێو یەک ئایینیشدا لە مەزهەبە جیاوازەکاندا شێوازی ژیانی تایبەت بە خۆیان هەیە، چونکە بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە کورتی چەند هەمەجۆریی فەرهەنگیی مرۆیی هەبێت هێندەیش

رووگە بۆ ژیان و شێوازی ژیان هەیە، ئیتر ئەمە بۆ  جیاوازیی زمان، کەلتوور و جوگرافیایش هەر وایە.

کەواتە کەسی ئاییندار کاتێک دەربارەی ئایین دەدوێت، جۆرێک زمان بەکار دێنیت کە زمانێکی ئایینییە، با وشە و چەمکەکانیش هەمان ئەوانە بن کە کەسانی بێئایین بەکاریان دێنن. لەبەرئەوەی باوەڕدار سەربە ئایینێکە، واتا جۆرێک بیروباوەڕی تایبەتی هەیە، ئیمان و عەقیدە یان بیروباوەڕیش رەفتار و جیهانبینی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێت، واتە شێوازێک لە شێوازەکانی ژیان بەو کەسە دەبەخشێت، هەر لەم پێودانگەوە زمانی کەسانی ئاییندار زمانێکە تایبەت بە خۆیان و بیروباوەڕەکەیان، ئەم زمانە تەنیا لەنێو خودی خۆیدا وەکخۆی بەکاردەهێنرێت، واتە تەنیا لە خودی خۆیدا ماناداره، دواتر راست و هەڵە و هەر هەڵسەنگاندێکی تر دەیگرێتەوە، چونکە راست و هەڵە دەکەوێتە دوای قۆناغی ماناداریی‌یەوە، بۆیە زمانی ئایین دەبێت تەنیا بە پێوەرەکانی زمانی ئایین بۆی بڕۆین و گفتوگۆی بکەین، واتا ناکرێت بە فیزیا یان فەلسەفە راست و هەڵەی بەسەردا بێنین، یان ماناداربوونی لەڕێگەی زانستێکی ترەوە بسەلمێندرێت، بۆ نموونە: کاتێک دەڵێم: (من باوەڕم بە خودا هەیە.) ئەمە جیایە لەوەی کە (من باوەڕم بە شتەکان هەیە.) واتە بەڵێ وشەی 'باوەڕ' لە هەردوو رستەکەدا هەیە، بەڵام هەر یەکەیان سەربە جیهانێکی جیاوازن، (باوەڕ بە شت) وەک (باوەڕ بە خودا) نییە، تەواو جیاوازن، بەمەش هەمان دال دوو دەلالەتی جیاوازی هەیە، ئیتر ئەمە بۆ هەموو وشە و چەمکەکانی تریش هەمان راستییە.

بەڵام ئەمە لە زمانی زانستدا وا نییە، ئەو وشە و چەمکانەی بەکاردەهێنرێن دەبێت هەمان مانا و مەبەست بگەیەنن، بۆ نموونە: ئەگەر لە زانستێکی وەک کیمیادا ملیۆنان کەس بڵێن ئاو هەر دەبێت یەک دەلالەتی هەبێت، ئەویش($H_2O$)یە. لێرەیشدا لە زەمینەی ئەم زانستەدا دەبێت بڕیاری راست و هەڵەی بۆ دەربکەین، نەک بۆ نموونە بێین لە روانگەی فەلسەفە و ئایینەوە بۆی بچین، کە ناتوانین.

**ناتوانرێت ئەزموونی ئایینیی وەکخۆی بگوازرێتەوە.**

خاڵێکی زۆر گرنگی زمانی ئایین ئەوەیە کە کەسی ئاییندار ناتوانێت پڕاوپڕ هەموو ئەو ئەزموون و هەست و ویژدانە ئیمانییەی خۆی بە زمان بگوازێتەوە، ئیتر هەر چەندیش بڵێت و بنووسێت، هەر ناتوانێت، چونکە ئیمان یان ئەزموونی ئایینی بابەتی وتن نییە، بەڵکە بابەتی پیشاندانە، دەبێت ببینرێت، دەکرێت عەقیدە، ئامۆژگاریی یان ڕێنمایی سرووت و دروشمە ئایینییەکان بنووسرێن یان بوترێن، بەڵام باوەڕ/ئیمان نە دەنووسرێتەوە، نە دەوترێت، بەڵکو دەردەکەوێت، جا کەسی باوەڕدار بخوازێت یان نا، ئەو باوەڕەی کە هەیەتی دەرکەوتەی هەیە و بۆ مرۆڤەکانی تر دەردەکەوێت.

ئەمە بۆ زمانی زانست وا نییە، لە زمانی زانستدا لە چەمکێکەوە تا تیۆریایەک بگرە کۆتیۆریایەک دەبێت بە شێوەیەک روون و سادە بێت کە هەموو زاناکانی ئەو بوارە زۆر بەئاسانی تێبیگەن، واتا زمانی زانست نابێت لێڵیی تێدابێت، بۆ نموونە نابێت بگوترێت ئاسن لای زانایەک بە گەرمی دەکشێت و لای یەکێکی تر ناکشێت، یان لای هەمان زانا هەندێجار دەکشێت و هەنێجاریش ناکشێت.

## گەمەی زمان

کاتێک باوەڕدارێک دەڵێت: (من باوەڕم بە خودا هەیە.) و بێباوەڕێکیش دەڵێت: (من باوەڕم بە خودا نییە.) ئەم دوو رستەیە، ئەم دوو بڕیارەوتەیە یەکتر رەت ناکەنەوە، واتا رووبەڕووی یەکتر نەبوونەتەوە، چونکە لێرەدا وشەی 'خودا' لە یەک جۆر روانگەوە نەهاتووە، چونکە هەر یەک لەم دوو کەسە خاوەن شێوەیەکی ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە، هەریەکەو جۆرە بیرکردنەوەیەکی هەیە، جۆرە رووگەیەکی هەیە، بۆیە وشە/دالی 'خودا' هەمان مەدلول و مانا ناگەیەنێت، ئیتر با هەمان وشە بەکاربهێنن، واتا چەمکی 'خودا' لێردە دەبێتە هاوبێژ، واتا یەک وشە بە هەمان ڕێنووس، بەڵام لە دوو گەمەی جیاوازدا، بە دوو واتای جیاواز، رونتر بڵێین ئەو دوو رستەیە بۆیە وەڵامی یەکتری نادەنەوە چونکە سەربە یەک رووگە نیین، سەربە هەمان گەمە نیین، پێشتر وتمان خودا شت نییە، فاکت نییە، دالی 'خودا' بوون/میصداقێکی دەرەکی نییە، یان بوونێکی جەستەیی نییە، با بە نموونە روونی بکەینەوە، وشەی بەرد، هەرچییەکی پێ بگوترێت لەنێوان یەک زماندا بێت یان

لەنێوان زمانەکاندا دواجار بەرد یەک بوونی دەرەکی هەیە، بە هەر دالێک ئاماژە بە بەرد بکرێت هەر هەمان مەدلول دەگەیەنێت، ئەمە ئیشی زانستە، ئەوەی لە زانستدایە شتە، بەڵام 'خودا' شت نییە، بۆیە هەمان وشەی 'خودا' کە لە دوو روانگەی جیاوازدا بەکار هاتووە، هەمان مانای نییە، هەر بۆیەشە ئەو دوو رستەیە یەکتری رەت ناکەنەوە.

**بەڵگە و سەلماندنی بوون و نەبوونی شتێک یان بابەتێک جیاوازە لە بوون و نەبوونی ئەو شتە یان ئەو بابەتە.**

دەکرێت باوەڕدارێک چەندین بەڵگەی لا بێت سەبارەت بە سەلماندنی نەبوونی خودا، بەڵام هێشتا سوورە لەسەر باوەڕەکەی و ئیمانی هیچ لەرزەی تێدا نییە، ئەمە چۆن وایە؟ بەم شێوەیەی خوارەوە روونی دەکەینەوە:

بەڵگە و سەلماندنی بوونێک جیاوازە لە خودی ئەو بوونە، بە هەمان شێوە، بەڵگە و سەلماندنی بوون یان نەبوونی بابەتێکی ئیمانیی جیایە لە خودی ئەو بابەتە، کاتێک کە بەڵگە بۆ هەر بابەتێکی ئیمانیی دەهێنینەوە، ئیتر بۆ سەلماندنی بوون یان نەبوونی ئەو بابەتە ئیمانییە، ئەو سەلماندن و بەڵگەکارییە سەربە (جۆرێک) لە مەعریفە و لۆجیکە، واتا دەکرێت بە (جۆرێک)ی تر لە مەعریفە و لۆجیک دژی ئەو سەلماندنە بووەستینەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو بابەتەی کە هەوڵی سەلماندنی دراوە هەر لە جێی خۆیەتی و سەبارەت بەو هیچ لەگۆڕێ نییە. واتا کاتێک هەوڵی سەلماندنی (بوونی بابەتێک) دەدەین، ئەم سەلماندنە لە چوارچێوەی (ئەقڵانییەتێکی دیاریکراو)دایە، هەروەها بۆ هەوڵی سەلماندنی (نەبوونەکەیشی) هەر بە هەمان شێوە ئەویش هەر لە چوارچێوەی (ئەقڵانییەتێکی دیاریکراو)دایە، بۆیە دەکرێت هەر لە چوارچێوەی (ئەقڵانییەتێکی دیاریکراو)ی تردا پووچەڵ بکرێتەوە، بۆ روونکردنەوە، نموونە:

من بە بەڵگە (بوون)ی خودا دەسەلمێنم.

تۆیش بە بەڵگە (نەبوون)ی خودا دەسەلمێنیت.

لە کاتێکدا 'خودا' لە دەرەوەی هەردوو سەلماندنەکەیە، چۆن؟ چونکە خودا بابەتێکی ئیمانییە، ئیمانییە بەو واتایەی سەربە (ئەقڵانییەتی باوەڕی ئایینی)یە. هی سەلماندن نییە. بۆئەوەی باوەڕ بە خودا بنهێنیت، دەبێت باوەڕ بە خودا بهێنیت، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە، هەر ڕێگەیەک بۆ سەلماندنی بوون و نەبوونی خودا بگرینەبەر، هەر زۆر بە ئاسانی شیمانەی ئەوە هەیە کە دژەکەی هەبێت یان کەلێنی تێبکەوێت، چونکە ئەو ڕێگەیە هەرچی بێت هەر زادەی ئەقڵی مرۆڤە، ئەم ئەقڵەیش بەردەوام پڕە لە شیمانەی بەرهەمهێنانی ڕێگەی نوێ و پووچەڵکردنەوەی ڕێگە کۆنەکان، بۆیە ناتوانین سەلماندنەکە بە هەردوو دیوەکەدا بە جێگیر و نەگۆڕ وەری بگرین و بیکەینە بابەتێکی ئیمانیی.

لەو سۆنگەیەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە باسی هەر بابەتێکی ئیمانیی تەنیا لەنێو گەمەیەکدا، لەنێو شێوەیەک یان ڕووگەیەکی ژیاندا مانای هەیە، ئەویش شێوەی ژیانی ئیماندارانەیە، یان تەنیا لە گەمەی زمانی ئایینیدا ئیش دەکات، باسی خودا یان هەر وشەیەکی ئیمانیی، بۆ نموونە: فریشتە، بەهەشت و دۆزەخ و ... تەنیا لەمیانەی ئەو شێوە ژیانەدا واتای هەیە کە باوەڕداران باوەڕیان پێی هەیە، لێرەدا دەتوانین زۆر نموونەی ژیانی کوردەواری باس بکەین، ئەو کاتەی کە کۆمۆنیزم دێتە کوردستانەوە، نموونەی "ئەو برادەرەی دەچێتە ریزەکانی حیزبی شیوعییەوە، بۆ یەکەم جار شەو لە بارەگای حیزبەکە دەمێنێتەوە، بەیانی مەلابانگدان بۆ نوێژ هاوڕێکانی بەخەبەردێنێ! ئەوانیش زۆر پێدەکەنن.." لێرەدا بۆ ئەمە بەلامانەوە جێگەی پێکەنینە، چونکە باس لە تێگەیشتنی دوو ڕووگەی جیاوازە بۆ ژیان.

## زمانی زانست و بوونێکی دەرەکی

بەڵام لە زمانی زانستدا هەر ڕستەیەک/بڕیارەوتەیەک دەبێت یەک بوونی دەرەکی/میصداقی هەبێت، ڕاست و هەڵە وەربگرێت، واتا ئەگەر کۆمەڵێک زانا باسی هەمان حەقیقەتی زانستی بکەن، دەبێت هەموویان باس لە یەک فاکت بکەن، با بە زمانی جیاوازیش باسی بکەن، بۆیە بە کورتی لە زانستدا باسەکە ڕووگە و شێوازی

ژیان نییە، بەڵکو سەلماندنی بوونێکی دەرەکییە، ساغکردنەوەی حەقیقەتێکی تاقیگەییە.

**باوەڕی ئایینی لەسەر خۆی وەستاوە.**

ئایین تێداژیان و بۆژیان و لەگەڵژیانە، ئایین لەسەر باوەڕ وەستاوە، باوەڕیش تەنیا لەسەر باوەڕ وەستاوە، لە قوڵایی باوەڕی ئایینیدا هەرکەس بە جۆری خۆی باوەڕی هێناوە، باوەڕی ئایینی لەسەر بەڵگە بە مانا زانستییەکەی نەوەستاوە، واتا ئیمانهێنان بەدەست مرۆڤ نییە، ئەوە ویستی خودایە، ئەمە بەڕوونی لە زۆر شوێنی قورئانیشدا باس کراوە، (إنک لا تهدي من أحببت ولكن الله يهدي من يشاء وهو أعلم بالمهتدين: القصص:56) و چەندین ئایەتی تریش.

**ئاییندار لە بەرامبەر بەهاکاندا ناتوانێت بێلایەن بێت.**

تێگەیشتن لە چەمکە ئایینییەکان بەوە نابێت بزانیت مانا زمانەوانییەکەی چییە، ئەوە تەنیا مانا قاموسییەکەیەتی، بەڵکو درکی ئەو چەمکانە تەنیا بەوە دەبێت کە ببیت بەبەشێک لەو شێوە ژیانە، بچیتە ناو ئەو کۆمەڵە باوەڕدارەوە، ئەو ڕووگەیە وەربگریت، بە مانا دینییەکەی هیدایەت وەربگریت، ببیت بە ئیمانداریکی ئەو ئیمانە، واتا لێرەدا دەبێت باوەڕ و کردار ببنەوە بە یەک، ئەو دوانە هەماهەنگ بن، ئەوەی باوەڕت پێیەتی کردارت پێکردبێت، بەم جۆرە، چەمکە ئایینییەکان شیانی تێگەیشتنن. ئەگەر بە شێوەیەکی تر بیخەینەڕوو، باوەڕی ئایینی بەهابەخشە، واتا هەڵگری حوکمی چاک و خراپەیە بەسەر شتەکاندا، هەر بۆیە ڕووگەبەخشە، بڕاودار هەڵوێستەکانی بۆ بەهاکان بەپێی ئەو حوکمەیە کە باوەڕەکەی پێی دەبەخشێت، باوەڕدار ناتوانێت بێلاین بێت بەرامبەر بەوەی لە ژیاندا دێتە بەردەمی.

بەڵام تێگەشتن لە چەمک و زمانی زانستیی بەو شێوە نییە، مانای چەمک لە زمانی زانستدا بەندە بە ئەزموونکردنێکی تاقیگەییەوە، لەسەر ڕاست و هەڵەبوونی کردەیەک یان تاقیکردنەوەیەکی تاقیگەیی وەستاوە، زانستی ئەزموونیی خاڵییە لە بەهای چاک و خراپ، چاک و خراپ دوو حوکمی ئەخلاقیین، بەڵام ڕاست و هەڵە

دوو حوکمی زانستیین، بۆ نموونە چەمکی وەک شەرم، دڵسۆزیی و ویژدان و... هتد، ئەمانە بەهایان تێدایە، لەنێو ئایین و ئەخلاقدا مانایان هەیە، لەنێو زمانی زانستییدا بۆ نموونە لە فیزیادا شەرم  هیچ واتای نییە، یان شادبوون لە کیمیادا هیچ ناگەیەنێت.

ئەمەیە جیاوازیی نێوان شەرم و فاکتێکی دەرەکی، ویژدان و ناسینی بەردێک لە جیۆلۆجیدا، دڵسۆزیی و ئەوەی لە هاوکێشەیەکی کیمیادا دەگوزەرێت، یان بڵێیت 'خوا گەورەیە.' و 'مەریخ گەورەیە.'

ئیتر بەو ئەنجامە دەگەین کە مانا لە زمانی ئاییندا بابەتێکی ناوەکییە، بۆ نموونە وشەی 'بەهەشت' لەنێو رووگە و گەمەیەکی ئاینییدا مانای هەیە و باوەڕداران تێیدەگەن، لەو زەمینە بەدەر، ماناکەی یان دەگۆڕێت یان لەدەستی دەدات. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانی ئایین مەرج نییە ئاماژە بێت بۆ واقیع و بوونێکی دەرەکی، بەڵام زمانی زانست ئەگەر ئاماژە نەبێت بۆ واقیع یان بوونێکی دەرەکی ئەوە هیچ مانایەکی نییە.

**واتا لە زمانی زانستە ئەزموونییەکاندا بۆ هەمووانە.**

واتا لە زمانی زانستدا یان بڵێین واتای زانستیی، بابەتێکی دەرەکییە، واتا بوونێکی دەرەکی هەیە، حەقیقەتێکی دەرەکی هەیە کە ئەو مانایەی بۆ دەگەڕێتەوە، لێرەدا هەموو مرۆڤەکان چ ئاییندار بن چ بێئایین یان باوەڕدا و بێباوەڕ بە هەمان ئاست مامەڵە لەگەڵ راست و هەڵەبوونی ئەو مانایەدا دەکەن، کەواتە واتای زمانی زانستیی بۆ هەموو مرۆڤەکان هەمان گەیاندنی هەیە، بنەما لە راست و هەڵەبوونی مانا لە زمانی ئاییندا ئیمانە و لە زمانی زانستدا تاقیکردنەوەیەکی تاقیگەییە. باوەڕدار و بێباوەڕ هاوڕان لە سەر هەمان 'حەقیقەتی زانستیی'، بەڵام مەرج نییە هاوڕا بن لەسەر هەمان 'حەقیقەتی ئایینیی'.

رەخنەگرتن لە هەر مانا و چەمکێکی ئایینی هەر دەبێت لەنێو خودی ئەو زەمینە ئایینییەدا بێت، ئەگەرنا بێمانا دەبێت، بۆ زانستیش بە هەمان شێوە. هەر یەک لەو

دوو زمانە خاوەنی لۆجیکی خۆیەتی. نالۆجیکیی دەبێت ئەگەر هەمان بابەت بەم دوو لۆجیکە هەڵبسەنگێنین.

تێبینی: بیرۆکەی ئەو نووسینەی سەرەوە، لە هەردوو دەستەواژەی شێوازی ژیان (Lifestyle) و گەمەی زمان (Language Game)ەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرچاوەی هەردوو دەستەواژەکەیش کتێبی دووەمی ڤیتگنشتاینە، بە ناوی (توێژینەوە فەلسەفییەکان)، ناونیشانی کتێبەکە:

Ludwig Wittgenstein, Philosophical Investigations, tr. G. E. M. Anscombe (Oxford: Blackwell, 1953; 4th edn. 2009, tr. rev. by P. M. S. Hacker and J. Schulte).

## مشتوومڕ لەسەر جەوهەری فەلسەفەی ئیسلامی

دڵشاد کاوانی

**پوختە**

لەم بابەتەدا سەرنجەکان لەسەر فەلسەفەی ئیسلامی دەخرێنەڕوو، مشتومڕ و ناکۆکی لەسەر جەوهەری فەلسەفەی ئیسلامی و دەستەواژەی فەلسەفەی ئیسلامی دەخەینە بەر باس. هەروەها "ئایا فەلسەفەی ئیسلامی عەقیدەی ئیسلامییە یان تێگەیشتنی فەلسەفەیە؟ "مەبەست لە فەلسەفەی ئیسلامی چییە؟ پەیوەندیی فەلسەفەی ئیسلامی و ئیسلام چییە؟ فەیلەسووفە ئیسلامییەکان کێن؟ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی

وەڵامی پرسیارەکانی وەک... وشەی سەرەکی: فەلسەفە، فەلسەفەی ئیسلامی، زاراوەی فەلسەفی، فەیلەسووف. ڕوون دەکەینەوە.

## جەوهەری فەلسەفەی ئیسلامی

فەلسەفەی ئیسلامی بەشێکە لەو گەنجینەیەی فەلسەفە و حیکمەت، کە موسڵمانان پێشکەشی جیهانی دەکەن. بە واتایەکی تر فەلسەفەی ئیسلامی ناوی گشتی چەمکە فەلسەفییەکانی بیرمەندانی موسڵمانە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فەلسەفەکانی تردا نییە. چونکە فەیلەسووفە موسڵمانەکان بە دەستەواژەی فەلسەفەی ئیسلامی ناویان بردووە بەو چەمک و بوارانەی لێکۆڵینەوە کە پێشکەشیان کردووە وەک ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیکەین، ئەگەرچی لای هەندێک بیرمەندانی ئیسلامی فەلسەفە وەک زاراوە، بەکارنەبراوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە پێیان وابووە کە خەریکی دروستکردنی فەلسەفیین، چونکە ئەوان حەقیقەتەکانی فەلسەفە و ئەو حەقیقەتانەی کە بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکران، بە هەمان راستییان دەزانی. بەم مانایە، دەستەواژەی فەلسەفە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا ئاماژەیە بۆ چەمکی فەلسەفە بە مانا رەهاکەی. هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانی، میسری، هیندی و هیتی تا دوایی. زاراوەی فەلسەفی لەم فەلسەفانەدا گوزارشت لە هەر چەمکێک دەکات زاراوەی فەلسەفی لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هەمان چەمک دەرببڕێت و لەڕووی بابەت و میتۆدەوە جیاوازی نییە.

فەلسەفەکان بە هۆی کاریگەریی کێشە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە پێی جوگرافیا و ناوچەکانی تیایدا خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازیان دەبێت، هەرچەندە فەلسەفەی ئیسلامی بە مانای رەهای فەلسەفە هەمان رێچکەی فەلسەفەکانی ترە، بەڵام جیاوازە لە فەلسەفەکانی تر لەڕووی تایبەتمەندیی و دەربڕینەوەیە. بۆئەوەی نموونەیەکی سادە بهێنینەوە، فەلسەفەی ئیسلامی هەڵوێستێکی ئەرێنی لەسەر پرسی ئایین و فەلسەفە، مەعریفە و ئایین هەیە و لەجیاتی ململانێی نێوان ئایین و مەعریفە، یان ئایین و فەلسەفە، پەیوەندیی نێوان ئایین و فەلسەفەی زۆر نزیکە، و وەک ئیبن روشدی ئەندەلوسی دەڵێت: "دین و فەلسەفە هەردووکیان لە شیرن".

هەمووممان ئەوە دەزانین لە مێژووی فەلسەفەدا کاتێک فەلسەفەکان ناویان دەهێنرێت لەسەر چەندین فاکتەری وەک ناوی شوێنێکی جوگرافی، ناوی نەتەوەیەک، ناوی ئاینێک، ناوی تاکێک و هتد. هەروەها ناوی فەلسەفەی ئایینی لە ناوی ئایینەوە هەڵێنجراوە و ناونراوە، یاخود وەک قوتابخانەکانی دیکە بە تاکی بیرمەندەوە دەناسرێت "فەلسەفەی فارابی، فەلسەفەی ئیبن سینا."واتە دەستەواژەی "فەلسەفەی ئیسلامی" زاراوەیەکی هاوشێوەی ئەو زاراوانەی سەرەوەیە و دەکرێت بڵێین ناوێکە بۆ کۆکردنەوەی بیرۆکەی فەلسەفی فەیلەسووفە موسڵمانەکان، کە لە کولتووری ئیسلامی و جوگرافیای ئیسلامیدا ژیاون.

## مشتومڕی جیاواز سەبارەت بە زاراوەی "فەلسەفەی ئیسلامی."

لە فەرهەنگی ئیسلامیی سەدەی ناوەڕاست و جوگرافیای ئیسلامیدا چەمکی حیکمەت بە هەمان مانای چەمکی فەلسەفە بەکارهێنراوە، هەرچەندە فەیلەسووف و نووسەران لە زۆربەی بەرهەمەکاندا دەستەواژەی "فەلسەفە"یان بە حیکمەت یان دەستەواژەی "ویزدم" دەربڕیوە، بەڵام پرسیارێکە لە ناونانی سیستەمێک یان کۆمەڵە بیرۆکەیەک کە لە وڵاتانی ئیسلامی لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی عوسمانییەوە سەریان هەڵداوە، بۆچوون و مشتومڕی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە و هەوڵدەدەین لە خوارەوە کورتیان بکەینەوە.

زاراوەی فەلسەفەی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، سەرەتا لە رۆژهەڵاتناسەکانەوە دەستی پێکرد کە هەوڵیان دەدا لە ئیسلام تێبگەن. مشتومڕە سەرەکییەکانی ناونانی سیستەمەکانی بیرکردنەوەیە، کە بیرمەندانی موسڵمان پێشنیاریان کردووە بریتیین لە "فەلسەفەی ئیسلامی"، "فەلسەفەی عەرەبی"، "فەلسەفەی موسڵمان"، "فەلسەفە لە ئیسلامدا"، "فەلسەفەی ئیسلامیی عەرەبی" ، "فەلسەفەی ئیسلامیی رۆژهەڵاتی".

ستێنبێرگن، کرامر، تەها حوسێن و مەحمود ئەلحودەیری لەو کەسانەن کە پێشنیار و پێداگری لەسەر ناونانی ئەو بیرۆکانە دەکەن کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی کولتووری و فەلسەفی ئیسلامی لە ژێر ناوی "فەلسەفەی عەرەبی" سەریان هەڵداوە.

هۆکاری ناونانی ئەوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەلسەفەی ئیسلامی بە زمانی عەرەبی نووسراوە. بەم شێوەیە لای ئەوان هەرکەسێک فەلسەفەی عەرەبی بنووسێت، جا موسڵمان بێت، چ مەسیحی بێت، یان جوولەکە، بەو کەسانە دادەنرێت کە بەشدارن لە دروستکردنی "فەلسەفەی عەرەبی." ئەو زانایانەی کە دژایەتی زاراوەی "فەلسەفەی عەرەبی" دەکەن، پرسگەلێکی وەک ئەوەی کە فارابی یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی ئیسلامی تورک بووە و ئیبن سینا فارس بووە، ئەم بۆچوونە دەوروژێنن، بە تایبەت بۆچوون هەیە کە ناسیۆنالیزمی نووسەرانی عەرەبی وەک تەها حوسێن بووەهۆی ئەوەی کە فەلسەفەی ئیسلامی ناوی "فەلسەفەی عەرەبی" هەڵبگرێت.

جگە لەمەیش، کەسانێک هەن کە دژایەتی دەستەواژەی "فەلسەفەی عەرەبی" دەکەن و بە فەلسەفەی ئیسلامی یان "فەلسەفەی موسڵمان" ناوی دەبەن، لەوانە مێژوونووسانی فەلسەفەی ئیسلامی وەک هێنری کۆربین و مەجید فەخری، کە بۆ ئەوان گرنگ نییە فەلسەفەکە بە چ زمانێکە ...، هەرچەندە زۆربەی دەقە فەلسەفییەکان بە زمانی عەرەبی نووسراون، بەڵام ئاماژەی بە بوونی زۆرێک لە دەقی فەلسەفی بە زمانی تورکی و فارسیش کردووە و پێی وایە کە گونجاوترین زاراوە فەلسەفەی ئیسلامییە و ئەم فەلسەفە تەنیا فەلسەفەی فەیلەسووفە موسڵمانەکان دەگرێتەوە، هەرچەندە فەیلەسووفی جولەکە و مەسیحی کە لە جیهانی ئیسلامیدا ژیاون بە زمانی عەرەبی نووسیویانە. ئەو دەقە فەلسەفیانەی کە هەیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە نەشیاوە هەڵگری ئایینی جیاواز لە نێو فەلسەفەی ئیسلامیدا هەژمار بکرێن. تەنانەت ئەگەر ناوی "فەلسەفەی ئیسلامیی تورک، یان فارس و هند"یش بێت، هەر فەلسەفەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ موسڵمانانی نەتەوەکان، چەمکێکی پێچەوانەی واقیع و پراکتیکیش دروست دەبێت. بە پێی روانگەیەکی تر، دەستەواژەی "فەلسەفەی ئیسلامی" ناتوانێت مانای تەواوی چەمکی فەلسەفە لە دەستەواژەی "فەلسەفەی ئیسلامی"دا بە گشتی بدات، هەروەها ناتوانێت گوزارشت لە فەلسەفەیەکی رەها بکات.

زانایانی وەک القیتفی، ئیبن ئوسەیبە، بەیحاقی و ئەلئیلشتانی، لە مێژوونووسە کلاسیکییەکانی موسڵماناندا، فەیلەسووفەکانیان بە "الفلسفة الاسلامیە" و "فلاسف الاسلام" ناوبردووە، کە بە واتای "فەیلەسووفە ئیسلامییەکان" دێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش گونجاوترە فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفانەی باوەڕیان بە ئیسلام هەیە، بەبێ گوێدانە وڵات و زمان، یان نەتەوە، لە ژێر پۆلی "فەلسەفەی ئیسلامی"دا وەک فەیلەسووفی ئیسلامی پۆلین بکرێت. لە لایەکی ترەوە فەلسەفەی فەیلەسووف و بیرمەندانی موسڵمان ناوی "فەلسەفەی ئیسلامی"یان پێدەدرێت، دەچێتە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی فەلسەفەی جیهانی ئیسلامییەوە.

دەستەواژەی "فەلسەفەی ئیسلامی" بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وڵاتانی وەک هیندستان، ئێران، پاکستان، تورکیا بەکاردێت و هەروەها مێژوونووسانی فەلسەفی میسری وەک ئەهوانی و ئیبراهیم مەدکور، بەرهەم و بابەتەکانیان سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لە جیهانی سەدەی ناوەڕاستی ئیسلامیدا بە "فەلسەفەی ئیسلامی" ناوزەد کردووە " یان ناویان لێنراوە "فەلسەفەی ئیسلامی" لە بەرهەمەکانیاندا. "ئەو زاراوەیەیان بۆ بەکارهێناوە.بەکارهێنانی دەستەواژەی "فەلسەفەی ئیسلامی" بۆ قۆناغەکانی دوای پچڕانی یەکڕیزیی سیاسی موسڵمانان وازی لێهێنرا و هەر جوگرافیایەک دەستی کرد بە ناونانی ئەو بیرۆکە فەلسەفی و چەمکە فەلسەفیانەی کە لەناو ئەواندا سەریان هەڵدا بە ناوی ناوچەیی گۆڕدرا. نموونەی فەلسەفەی میسری، فەلسەفەی ئێرانی، فەلسەفەی هیندی، تورکی. هەندێک کێشە، وەک ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و تایفەگەری، وایکردووە فەلسەفەکانی گەلانی ئیسلامی بە ناوی قەومی و جوگرافیای خۆیانەوە ناوزەد بکرێن. بەڵام فەلسەفەی بیرمەندانی موسڵمانی ئەمڕۆ یان ئەو کۆمەڵە فەلسەفانەی کە لەناو گەلانی ئیسلامیدا سەرهەڵدەدەن، نەک هەر راستن کە بە "فەلسەفەی ئیسلامی مۆدێرن" یان "فەلسەفەی ئیسلامی" بە گشتی ناوببرێن، بەڵکو لە روانگەی پەرەپێدانی بەرهەمەکەوە لە دووبارە دروستکردنەوە و زیندووکردنەوەی چەمک و سیستەمی بیرکردنەوەی ئیسلامی رۆڵێکی گرنگی تایبەت دەگێڕێت.

## پەیوەندی فەلسەفەی ئیسلامی بە ئیسلامەوە

سەبارەت بە دەستەواژەی ئیسلام لە زاراوەی "فەلسەفەی ئیسلامی"دا بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک لە نووسەرانی وەک هێنری کۆربینیش قورئان بە سەرچاوەی سەرەکی فەلسەفەی ئیسلامی دەزانن، دەڵێن کە زۆربەی ئیلهامەکانی لە قورئانەوە وەرگرتووە. یان وەک ئان .لای. ئەو وەک جولەکە، جولەکەیەک یان مەسیحییەک، هەرچەندە بەرهەمی فەلسەفی عەرەبی بنووسێت، بە فەیلەسووف نازانرێت. لەبەرئەوەی فەلسەفەی ئیسلامی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئیسلامدا هەیە، نەشیاوە ناموسوڵمانەکان بخرێتە ناو پۆلی فەلسەفەی ئیسلامییەوە، چونکە ئەوان لە دروستکردنی فەلسەفی خۆیاندا سەرچاوە ئیسلامیەکان بەکارناهێنن.

بەگوێرەی روانگەیەکی تر، "فەلسەفەی ئیسلامی" بە ئیسلام تێدەگەین و بەپێی ئەم بۆچوونەیش فەلسەفەی ئیسلامی بریتییە لە شیکردنەوەی فەلسەفییانەی ئەو مانایانەی لە قورئان و فەرموودە دەرهێنراون یان خستنەڕووی فەلسەفەی قورئان و فەرموودەیە، بە جۆرێکی دیکە واتە رۆحی قورئان و فەرموودەیە. بۆ ئەوانەی فەلسەفەی ئیسلامی وەک فەلسەفەی ئیسلام یان وەک ئایین سەریهەڵدا. نەیارانی ئەم بۆچوونە دەڵێن، ئیسلام فەلسەفە نییە، و مەبەست لە فەلسەفەی ئیسلامی ئەوە نییە فەلسەفەی ئیسلام هەبێت وەک ئایین، بەڵکو "فەلسەفەی کولتووری ئیسلامی" یيە بە مانای سەرچاوە و سەربەخۆییەکەی.

قبوڵکراوترین روانگەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە ئەوەیە: "فەلسەفەی ئیسلامی" ئەو بۆچوونە فەلسەفییانەیە کە فەیلەسووفە موسڵمانەکان لەسەر پرسە فەلسەفییەکان دەریدەبڕن، فەلسەفەی ئیسلامییش وەک فەلسەفەکانی تر چەمکێکی فەلسەفی بە مانایەکی رەها روون دەکاتەوە.

## مانای گشتیی فەلسەفەی ئیسلامی

ئەگەر تەماشای تەفسیری مێژوونووسە فەلسەفییە موسڵمانەکانی وەک ئیبن نەدیم و القیتفی و ئیبن ئەبی ئوسەیبە بکەین، ئەو روانگە فەلسەفییەی کە بە دەستەواژەی

"فەلسەفەی ئیسلامی" خستووەتەڕوو، لەسەر بنەمای ناوی فەیلەسووفە موسڵمانەکانە کە لە ژێر کاریگەریی ئەرستۆ و ئەفلاتون بوون، وەک کیندی و فارابی و ئیبن سینا، لە بابەتەکانی فەیلەسووفانی ئیسلامیدا، راستتر دەبێت بڵێین بۆچوونەکان مەبەستن. بەڵام بەم شێوەیە، زانستە بنەڕەتییەکانی وەک کەلام، سۆفیزم و فیقهی ئیسلامی کە دەستکەوتێکی گرنگی مێژووی فیکری ئیسلامیین، لە فەلسەفەی ئیسلامی دوور دەخرێنەوە.

مێژوونووسانی هاوچەرخی فەلسەفە وەک هێنری کۆربین و ئەلقودەیری و ئیبراهیم مەدکور باسیان لەوە کردووە کە فەلسەفەی ئیسلامی دەبێت فەلسەفەی ئیسلامی و عیرفان و فیقهی ئیسلامی لەخۆ بگرێت، دەتوانین بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەم ئارگیۆمێنتە بۆ دوو لق دابەش بکەین.

**یەکەم:** فەلسەفەی ئیسلامی، فەلسەفە بە مانا رەهاکە دەگرێتەوە، واتە ئەو سیستەمە فەلسەفییەی کە زانایانی موسڵمان پێشنیازیان کردووە.

**دووەم:** فەلسەفەی ئیسلامی فەلسەفەی رەها و کەلام و عیرفان و زانستە ئیسلامییەکانی تر لەخۆدەگرێت. روانگەی دووەم لە سرووشتی گەنجینەیەک و کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە، کە لە دەوری هۆشی ئیسلامی و تێگەیشتنی ئیسلامی کۆکراونەتەوە و بۆچوونێکە لەلایەن بەشێک لە مێژوونووسانی فەلسەفەی ئیسلامییەوە پشتیوانی لێکراوە. لە خوارەوە با پۆلێنکردن یان جۆرەکانی فەیلەسووفی ئیسلامی جیا بکەینەوە، لەوانە روانگەی دووەم بە گشتی و روانگەی یەکەم بە تایبەتی، هەروەها با روونی بکەینەوە کە کام گرووپی رەوتی فەلسەفی ئیسلامی لەسەر روانگەی دووەم دامەزراون.

### فەیلەسووفانی ئیسلامی

1-رەوتی فەلسەفە (فەیلەسووفان): ئەم قەوتە دابەش دەبێت بەسەر گرووپە جیاوازەکانداو لەوانە مەششاییەکان و ئیخوان سەفا و ئیشراقی و گرووپەکانی تر.

2-موتەکلیمون (ئەهلی کەلام): لە چەمکی موعتەزیلە و ئەشعەری و ماتوریدی دروست دەبن. نووسەران وەک فەیلەسووفەکان بیرمەندن کە لەسەر تەواوی بوارەکانی فەلسەفەی سەرەکی دەنووسن، وەک زانین، بوون، گەردوون و بەهاکان.

3-موتەسەویفون (ئەهلی تەسەوف): یەکێکە لە گرنگترین بزووتنەوە فەلسەفیەکان لە جیهانی ئیسلامدا، بە فەلسەفەی تەسەوفیش ناودەبرێت. بزووتنەوەیەکی فەلسەفی ئیسلامی گرنگە کە لە دەوری فەلسەفەی وەحدەت الجود (یەکێتی بوون)ی ئیبن عەرەبی دابەش بووە بەسەر گروپە جۆراوجۆرەکاندا و بە کارە بەرفراوانەکانی لە بوارەکانی مەعریفە، بوون، گەردوون، فەلسەفەی مرۆڤ و... فەلسەفەی ئەخلاقی.

4-زانایانی فیقهی (فیقهناسانی ئیسلامی): ئەوان دامەزرێنەری فیقە، یان زانستی یاسایین لە فەرهەنگی زانستی ئیسلامیدا، هەروەها ئەوانەن لە ئە نجامی بە کارهێنانی ئەقڵ سەبارەت بە کێشە کردارییەکان تیۆریا دروست دەکەن. لە ئەنجامی خستنەڕووی چەندین تیۆریا لە بوارەکانی فەلسەفەی یاسا، فەلسەفەی لێکدانەوە، فەلسەفەی ئەخلاق، فەلسەفەی مەعریفە، قوتابخانەی فیقهی وەک حەنەفی و شافیعی و مالیکی و حەنبەلی سەریان هەڵداوە و دەتوانین وەک قوتابخانەی تایبەت بانگەشەی بۆ بکەین، چونکە ئەوانیش تیۆریستە ئیسلامییەکانن، بەڵام تا ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر تێڕوانینە فەلسەفییەکانیان کەم تا زۆر وەک قوتابخانەی فەلسەفیی لایان لێ نەکراوەتەوە، ماوەتەوە بڵێین، تەنیا وەک ڕێچەکەیەکی فیقهی ماونەتەوە، ئەوە ئەرکی توێژەران و پسپۆڕانی زانستە فەلسەفییەکانە لێکۆڵینەوەیان لەبارەیانەوە بکەن.

5-زماننناسان: دامەزرێنەری نەحوی (ڕێزمان) و بەلاغەت (جوانکاری) زمانن لە جیهانی ئیسلامدا، ئەو بیرمەند و فەیلەسووفانەن کە بە گەڕان بە دوای پرسەکانی وەک پەیوەندیی نێوان زمان و ئەقڵ، زمان و لۆژیک، و زمان و ماناوەن.

**ئەنجام**

بە کورتی "فەلسەفەی ئیسلامی" ناوی سیستمێکی بیرۆکە و ئەو فەلسەفەیە لەسەر بنەمای چەمکی ئیسلامی و لەسەر بنەمای بیرۆکەی فەیلەسووفانی پێش ئیسلام بەتایبەتی ئەفلاتون و ئەرستۆ، سەری هەڵداوە. چونکە گەڕانە بە دوای زانین و

زانست و زانستە مەعریفییە لێکنەدراوەکان لەڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا. سڕینەوە و نەفی کردنی فەلسەفە لە ئیسلامدا، لەناوبردنی رابردووە و لەناوبردنی زانست و مێژووە، ئەمەش پێچەوانەی ڕێزگرتنی ئیسلامە بۆ رۆح و مەعریفە، مەترسیدارە بۆ کوشتنی ئەزموونی حیکمەت و هەژموونی بیری ئیسلامی. کەواتە فەلسەفەی ئیسلامی، هەم سیستمێکی بیرکردنەوەی ئەزموونییە، کە بە ئەزموونی رابردوو پەرەی پێدراوە و هەم رۆحی تێگەیشتنی وەحییە لە ئیسلام.

## سەرچاوەکان


**عەرەبی**

– عنوان الكتاب: الفلسفة الإسلامية. المؤلف: الشيخ كامل محمد محمد عويضة. الناشر: دار الكتب العلمية. الطبعة: الأولى 1995م.

– عنوان الكتاب: معجم مصطلحات الفلسفة في النقد والبلاغة العربيين. المؤلف: سلام أحمد إدريسو. الناشر: عالم الكتب الحديث. الطبعة: 2015.

– عنوان الكتاب: تهافت الفلاسفة. المؤلف: أبو حامد الغزالي. الناشر: دار كيرانيس للطباعة والنشر. الطبعة: 2014. الصفحات: 335. المجلدات: 1.

– كتاب الفلسفة والدين في مدينة الفارابي الفاضلة. المؤلف: دكتورعزمي طه السيد أحمد. دار النشر: عالم الكتب الحديث. سنة النشر: 2015. عدد الصفحات: 185.

**فارسی**

– کتاب فلسفه اسلامی از الف تا ی. نویسنده: پیتر اس گراف پیتر اس گراف. مترجم: سعید شفیعی. انتشارات: مولی. تعداد صفحه: 192. سال انتشار. شمسی: 1400. سال انتشار میلادی: 2007. سری چاپ: 3.

– کتاب تاریخ فلسفه اسلامی. از آغاز تا درگذشت ابن رشد ـ نویسنده: سیدحسین نصر، عثمان یحیی، هانری کوربن. مترجم: سیداسدالله مبشری. ناشر: فیدیپلاس. سنه: ۱۳۸۸.

**ئینگلیزی**

- History of Islamic Philosophy. Edited By Oliver Leaman, Seyyed Hossein Nasr. Copyright 2001.

- The Biographical Encyclopedia of Islamic Philosophy. Oliver Leaman (Anthology Editor). 2008. https://www.routledge.com/.

# رۆڵی سیستمی یاسایی لە بەدامەزراوەییکردنی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا

مستەفا مەلەکیان

لە فارسییەوە: دڵشاد فایەق حەمەتۆفیق

سەرەتا ئەوە بخەمەڕوو کە باسەکەم نابەستمەوە بە سیستمی یاسایی، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی خۆم خەریک دەکەم بە دامودەزگای یاساییەوە، بەشێکی سیستمی یاسایی دامودەزگای یاساییە، ئەوەی کە لە دامودەزگای کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدات فراوانترە. پێش ئەوەی باسەکەی خۆم بخەمەڕوو، سەرەتا بۆچوونی خۆم دەربارەی هەریەک لە خودی یاسا و خودی ئەخلاق باس دەکەم، دواتر

دەپەرژێمە سەر کاریگەریی رۆڵی یاسا لە بەدامەزراوەییکردنی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا .

هەر بەو شێوەیەی کە لە زۆر شوێنی دیکەدا ئەوەم باس کردووە یاسا و ئەخلاق دوو دامەزراوەن بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت نرخی هەریەکێکیان لەوی تر کەم بکرێتەوە، بەو مانایەی کە هەرگیز ناتوانرێت بە هەبوونی یاسا، لە ئەخلاق بێنیاز بین، بە پێچەوانەیشەوە. کەسانێک لە رابردوودا و لە ئێستایشدا ئەوە دەخەنەڕوو کە هاوڵاتیانی هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر ئەخلاقییانە بژیین، نیازێکیان بە یاسا نامێنێت، خاوەنانی ئەو بۆچوونە لە هەڵەدان، چونکە ئەوەی کە سیستمی کۆمەڵایەتی بونیاد دەنێت، تەنیا بریتی نییە لە وابەستە بوون بە ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگەیەوە، یان کەسانێک لە رابردوودا و لە ئێستایشدا بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر کۆمەڵگەی وڵاتێک سیستمێکی یاسایی دادپەروەرانە و پسپۆڕانەیان هەبێت، چیدیکە نیازێکیان بە ئەخلاق نامێنێت، بە بۆچوونی من هەردووکیان نادروستن، هیچ یەک لەو دوانە واتە یاسا و ئەخلاق بێ نیاز نین لە یەکتر. ئەگەر دارای ئەخلاق بووین دیسان نیازمان بە یاسا هەیە، ئەگەر یاسایەکی بە مانای تەواو دادپەروەرانەمان هەبێت، دیسانەوە نیازمان بە ئەخلاقە، هیچ یەکێک لەم دوانە ناتوانن جێنشینی یەکتر بن و ناتوانن کارکردی ئەوی تریان هەبێت، ناشتوانن دژدەنگ بن بەرامبەر یەکتری بۆچی؟ چونکە لە سێ رەهەندەوە یاسا و ئەخلاق جیاوازن لەیەکتری.

## یاسا و ئەخلاق لە سێ رەهەندەوە جیاوازن

### رەهەندی یەکەم: ئامانجی هەریەک لە یاسا و ئەخلاق ئێجگار جیاوازە

دامودەزگای یاسا بۆ ئامانجێک داڕێژراوە، ئەخلاقیش بۆ ئامانجێکی تر، بێگومان پێویستمان بە هەردوو ئامانجەکە هەیە، چونکە هەریەک لەو دوو ئامانجە ناتوانن شوێنی ئەوی دیکەیان بگرنەوە. ئامانجی یاسا لە بەربڵاوترین مانادا دروستکردنی کۆمەڵگەیەکە کە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت: (رێکخستن، ئاسایش، خۆشگوزەرانی، دادپەروەریی و ئازادی). یاسا کۆمەڵگەیەک بونیاد دەنێت کە دارای ئەو

تایبەتمەندییانە بێت، مەبەستم لە خۆشگوزەرانی، رەفاهیەتی کۆمەڵایەتییە نەک سامانی تایبەت و کەسیی.

هەندێک لە یاسادانەرانی ئێستا و هەندێک لە فەیلەسوفانی یاسا، یەک دوو تایبەتمەندیی تریان بۆ ئەو ئامانجانە زیاد کردووە، گەشەسەندن و ئاشتیشیان بۆ زیاد کردووە، بۆی هەیە کەسانێک بێن یەکسانییش بدەنە پاڵی. سەرکەوتنی یاسا یان سەرنەکەوتنی دامودەزگای یاسایی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەوە هەڵدەسەنگێنم کە چەندێک لەم ئامانجانەوە نزیکە، یان چەندێک لەم ئامانجانە بەجێماوە و نەیتوانیوە پێیان بگات، بەڵام هەرگیز ئامانجی ئەخلاق ئەمانە نییە، ئەخلاق لە فراوانترین مانایدا ئامانجی خودشکۆفایی (self-fulfillment) تاکە، لەڕاستییدا ئێمە لە ئەخلاقدا کاتێک ئەخلاقییانە دەژین بە شتێک بگەین کە بە خودشکۆفایی گوزارشتی لێدەکەین، ئێمە دەمانەوێت لە ئەخلاقدا هەموو باشییەکانی خۆمان بکەین بە کردار، هەموومان با کانگایەک لە بزوێنەری باش دێینە دونیاوە، من ئەخلاقیی دەژیم، ئێوە ئەخلاقیی دەژین، بۆ ئەوەی ئەم باشیانە خۆیان دەربخەن و ببن بە کردار، ئەو ئامادەگییەی لە مندا بۆ چاکە هەیە پێبگەن، بێگومان ئەم پێگەیشتن و بەئاواتگەیشتنە گوزارشتی فراوانی لێدەکرێت، نامەوێت بچمە ناو ئەو وردەکارییەوە.

**رەهەندی دووەم: چوارچێوە و زەمینەی کاری ئەخلاق و یاسا**

یاسا بابەتێکی کۆمەڵایەتییە، ئێمە خەریکین دەربارەی یاسا دەدوێین، مەبەستمان لە پەیوەندیی:

-پەیوەندیی مرۆڤە بە جگلە خۆیەوە، کاری یاسا ئەوکاتەیە کە من خەریکی پەیوەندییم لەگەڵ ئەوانی تردا، کاری یاسا لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتییە، یاسا پەیوەندیی من لەگەڵ تۆ و لەگەڵ سروشتی دەوروبەرم رێکبخات، ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ دەوروبەر هەمە، کاریگەریی هەیە لەسەر ئەو پەیوەندییەم کە لەگەڵ تۆدا هەمە، بە زمانێکی سادەتر بڵێم بۆ نموونە: ئەگەر بڵێین لە پەیوەندیی لەگەڵ سروشتدا نابێت زیادەڕۆیی بکرێت، لەبەرئەوەیە کە مرۆڤەکانی تر مافیان لەو سروشتەدا هەیە.

-یاسا لە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خوادا، ئەگەر باوەڕت بە خودا هەبێت و لە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هیچ قسەیەکی بۆ وتن نییە، یاسا ناڵێت لە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خودا و لە پەیوەندیی لەگەڵ خۆتدا دەبێت چی بکەیت و چی نەکەیت، یاسا تەنیا دەپەرژێتەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی تۆ، واتە تۆ لەگەڵ خودا (علی الفرض) و لەگەڵ خۆت (علی التحقیق) پەیوەندییت هەیە، لێرەدا پرسیاری (دەبێت چی بکەم؟) پەیوەندیی بە منەوە هەیە، بەڵام ئەخلاق بەو شێوەیە نییە، تەنیا لە لایەنی کۆمەڵایەتیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە لایەنی کەسێتیشدا خۆی دەبینێتەوە، پەیوەندیی من لەگەڵ خۆم، پەیوەندیی من لەگەڵ خودا، ئەوانە دەچنە چوارچێوەی حوکم و ڕێسای ئەخلاقییەوە، ئەوەیش جیاوازیی دووەم.

**ڕەهەندی سێیەم: دەربارەی شێوازی دەرکەوتن**

شێوازی دەرکەوتنی یاسا دیسان لەگەڵ شێوازی دەرکەوتنی ئەخلاق جیاوازە. شێوازی دەرکەوتنی یاسا هێز و ئیجبارییە، واتە ئەوە گاڵتەیە ئەگەر کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە فڵانە یاسا لە فڵانە پەرلەمان دەرچووە و وتویانە ئاساییە و هیچ کێشەیەک نییە ئەگەر هاوڵاتی ئەم یاسایە جێبەجێ نەکات، ئەمە زۆر بێ مانایە، یاسا لە زەمینەی ئیجبارییدا ماناداره، یاسا پێشێل کردن بە تاوان دادەنرێت، هەمیشە دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پشتیوانی یاسا بێت، ئەم دەسەڵاتە دادگایە یان پۆلیسە یان هەندێک لە دامودەزگای ترە، ئەمانە پشتیوانیی لە یاسا دەکەن.

بەڵام ئەخلاق ڕێک پێچەوانەی ئەمەیە، ئەخلاق تەنیا لە زەمینەی ئازادیی ڕەهادا مانا پەیدا دەکات، واتە هەر بەو شێوەیەی کە گاڵتە بوو (ئەگەر یاسایەکی بەرکار لە فڵانە پەرلەماندا هەر کەسێک ویستی پشتیوانیی بکات و هەرکەسیش نەیویست دژایەتی بکات)، لێرەیشدا بۆ ئەخلاق گاڵتەیە بڵێین مرۆڤ دەبێت خاکی بێت، بەڵام ئەگەر خاکی نەبوو دەبرێتە بنکەی پۆلیس، گاڵتەیە بڵێین مرۆڤ نابێت حەسوود بێت، ئەگەر هەواڵ هات کە تۆ حەسوودیت، دەتگرین و دەتبەین بۆ دادگا. یان بڵێن دەبێت مرۆڤ دڵی بسووتێت و بەرامبەر خەڵکانی تر هاودڵ بێت، هەرکەس وا نەبێت سزا دەدرێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەخلاق کاتێک من خودشکۆفا دەکات کە بتوانم ئەخلاقییانە

بژیم، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا (خاکیبوونی من، هاودەردیی من، شەفەقەتی من و هەست و ئەخلاقی من) کاتێک من خودشکۆفا دەکەن کە ئازادیی ڕەهادا هەبێت، کاتێک بتوانم حەسوود بم وە بشتوانم نەبم، هیچ کەس نەتوانێت بەرامبەرم بوەستێت، ئیتر ئەوکاتە هاوکاریی خود شکۆفایی خۆمم کردووە، ئەگەر حەسوود بم زیانم بە خودشکۆفایی خۆم گەیاندووە. یەکێک لە کێشەکانی ئێمە ئەوەیە دەیانەوێت حوکم و ڕێسای ئەخلاقی بە زەبری هێز بسەپێنن. ئەمانە نازانن ئەو کەسەی بە زەبری هێز حوکم و ڕێسای ئەخلاقی ڕەچاو بکات، سەرە دەرزییەک خودشکۆفایی پەیدا نەکردووە. لە ئازادیی ڕەهادا ئەوە ڕوودەدات دەبێت، بتوانم ئەخلاقییانە بژییم و بشتوانم ئەخلاقی نەژیم. دەربارەی یاسا ئازادییەکی لەم شێوەیە نییە، واتە تۆ یا دەبێت یاسایی بژییت یان ئەگەر بە پێی یاسای کۆمەڵگەیەک یان وڵاتێک مامەڵەت نەکرد، بە تاوانبار دادەنرێیت، بەڵام بۆ ئەخلاق وانییە، من دەبێت بتوانم خاکی بم و بشتوانم خۆبەزلزان بم، ئەخلاقییانە ژیان هەرگیز بەزۆر نییە.

کاتێک یاسایەکمان هەبێت و دەسەڵاتێکی جێبەجێ کردنیش پشتیوانی بێت، ئەخلاقیشمان هەبێت کە تێیدا تەنیا ویژدانی ئەخلاقیی خۆم دەیەوێت پارێزەری بێت، ئیتر لێرەدا لەگەڵ دوو دیاردە سەروکارمان هەیە، هیچکامیان ناتوانن لە زەمینەی جگە لە خۆیان بە ئامانجی خۆیان بگەن، لە یاسادا هەرکەس پێشێلی کرد و نەیەوێت هاوڵاتییەکی باش بێت، دەبێت سزای تاوانەکەی وەربگرێت، بەڵام لە ئەخلاقدا ئەگەر کەسێک وتی من هاوڵاتییەکی باشم و ڕێز لە یاسای وڵات دەگرم، بەڵام نامەوێت ئەخلاقییانە بژیم، لێرەدا هیچ کەس ناتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت. لەم سێ ڕەهەندەوە یاسا و ئەخلاق جیاوازن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەتوانن زۆر هاوکاری یەکتر بن.

ئەگەر یاسایەک باش بێت، ئەوکات دەتوانرێت بگوترێت کە ئەخلاق یارمەتی دراوە، یان هاوکاریی کراوە، بەمانایەکی تر ئەخلاق دەبێتە کرۆکی، لەنێو هاوڵاتییانی کۆمەڵگەیەکدا کە سیستمە یاساییەکەی سیستمێکی لەبارە، ئیتر ئەخلاق وەک کرۆکێک خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر بتەوێت لەنێو هاوڵاتییانی کۆمەڵگەیەکدا ئەخلاق ببێتە کرۆک، دەبێت یاسای ئەو کۆمەڵگەیە یاسایەکی باش بێت. سەرەتا ئەوە بڵێم

سەلامەتی یاسا بەوە دەبێت کە یاسا پسپۆڕانە و دادپەروەرانە بێت، پسپۆڕانە بێت بەو مانایەی کە یاساناسان واقیعی پەیوەست بە (جەستە، زەین، دەروون و بۆنە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ) چاک بناسن، بەو ئەندازەیەی هەتا من لە پێکهاتە و کارکردی جەستە، زەین، دەروون و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ شارەزاتر بم، یاساکانم پسپۆڕانەتر دەبن.

ناکرێت هەرچییەک ناوبنرێت رێسا و یاسا مرۆڤی پێ رێکبخرێت، من ئەگەر بیست ساڵ هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی پشیلەیەک فێری سەما ببێت، دواتر پشیلەکە سەما فێر نەبوو، ناکرێت من پشیلەکە بە خەتابار بزانم، دەبێت بڵێم خۆم تا چ ئەندازە خەتای خۆم بووە کە نەمزانیوە پشیلە بەو پێکهاتە جەستەییەوە توانای سەماکردنی نییە. تۆ ئەگەر ئەم هەوڵەت بۆ ئاژەڵێکی تر، تەنانەت بۆ فیل تەرخانت بکردایە، سەرکەوتنت زیاتر دەبوو، بۆچی؟ چونکە پێکهاتەی جەستەی پشیلە توانای سەماکردنی نییە. هەر بەو شێوەیە حوکم رێسای یاسایی دەبێت پێکهاتەی جەستە، زەین، دەروون و لایەنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ رەچاو بکرێت. یاساکانیان هەمیشە کێشەی تێدایە چونکە مرۆڤیان نەناسیوە.

کەواتە تایبتمەندیی یەکەمی یاسا ئەوەیە پسپۆڕانە بێت، تایبەتمەندیی دووەم ئەوەیە دادپەروەرانە بێت. پێدەچێت من بتوانم پسپۆڕانە یاسا دەربکەم، بەڵام دادپەروەرانە نەبێت، تایبتەمەندیی یەکەم تایبەتمەندییەکی (factual)ە، پەیوەندیی بە جیهانی واقیعەوە هەیە، تایبەتمەندی دووەم پەیوەندی بە بەهاوە هەیە، یاسای لەبار واتە یاسای پسپۆڕانە و دادپەروەرانە. ئێستا دەمانەوێت بڵێین ئەم یاسا پسپۆڕانە و دادپەروەرانەیە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەخلاق رۆبچێتە ناو ناخی کۆمەڵگا و ببێتە دەروونی.

**کاریگەرییەکانی پسپۆڕیی و دادپەروەریی لە یاسادا لەسەر ئەخلاق**

**یەکەم:** کاتێک سیستمی یاسا لەبارە، تێچووی ئەخلاقیبوون دێتە خوارەوە، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان ئەنگێزەیان زیاتر بێت بۆ ئەخلاقیبوون. هەرچەند سیستمی یاسایی نالەبار بێت، واتە نا پسپۆڕانە و نا دادپەروەرانە بێت، کەسانێک کە

خەریکن ئەخلاقییانە دەژیین، تێچووی ئەخلاقییبوونیان دەچێتە سەرەوە، تێچووی ئەخلاقییبوون وەک تێچووی هەرشتێکی ترە، کە ئەگەر تا ئەندازەیەک بەرز بوویەوە، ئیتر مرۆڤەکان رەغبەتیان لەدەست دەدەن، تۆ سەرنج بدە کاتێک لە بازاڕ دەتەوێت شمەکێک بکڕیت، تا ئەندازەیەک کە گران بوو دەتوانیت بیکڕیت، بەڵام لەو ئەندازە گرانتر بوو ئیتر ناتوانیت بیکڕیت، چونکە لەگەڵ ئەقڵانییەتی کردەییدا ناسازگارە، ناکرێت بگوترێت هەر نرخێک لەسەری دابنرێت بیکڕیت، بەو شێوەیە نییە، ئەقڵانییەتی کردەیی ئەوە دەخوازێت کە نرخی هەر کاڵایەک تا ئەندازەیەکە، لەو ئەندازەیە زیاتر بوو ئیدی دێمە دواوە و نایکڕم.

لە سیستمە یاساییە لەبارەکاندا تێچووی ئەخلاقییبوون کەمە، من گومانی ئەوەم نییە کە ژیانی ئەخلاقیی هەمیشە تێچووی هەیە، هیچ کۆمەڵگەیەک نییە تەنانەت لە ئایدیاڵترین کۆمەڵگەیشدا ژیانی ئەخلاقیی باجی دەوێت، ئەخلاقییبوون بە بێ باج نابێت، بەڵام ئەو باجە تا ئەندازیەک بێت کە بەرگەی بگرین. ئەگەر من لە کۆمەڵگەیەکدا بژیم یاساکەی ئەوەندە نالەبار بێت کە من نەتوانم بە بێ بەرتیلدان خانوویەکم هەبێت، ئیدی چاوەڕێی بەرتیلنەدان لەمن مەکە، چونکە ئیتر ناتوانم ئەو باجە بدەم کە لەبەر ئەخلاقییبوونم خۆم و ژن و منداڵم بێ خانە و لانە بکەم، بەڵام ئەگەر لە سیستمێکی یاسایی لەباردا بژیم، هەرگیز ئەخلاقییبوونی من بە نرخی بێ خانووبوونی من تەواو نابێت، یەکەمین کارکردی ئەوەیە کە تێچووی ئەخلاقییبوون کەم دەکاتەوە، بە تێچوویەکی کەم کە مرۆڤەکان ئەنگێزەیان بۆ ژیانی ئەخلاقیی زیاتر بێت.

**دووەم:** کاتێک سیستمی یاسایی لەبار بێت سەرپێچیکردن لە رێسای ئەخلاقیی کەم دەبێتەوە، چونکە هیچ پێویستم بەوە نییە لە رێسای ئەخلاقیی لابدەم. تەماشاکە لە سیستمی یاسایی نالەباردا من لەم رژێمەدا مانگانە پێویستم بە ئەوەندە دینار هەیە بۆ پێویستییەکانی ژیانم، بەڵام ئەو یەک لەسەر پێنجی مووچەکەم پێدەدات، من بۆ چوار بەشەکەی تر دەبێت چی بکەم، ئەگەر سیستمی یاسایی رێکوپێک بێت، ئیتر من نیازێکم نییە لە ئەخلاق لابدەم، بەڵام ئەگەر سیستمەکە رێکوپێک نەبوو، بۆچی نا، لە

ڕێساکانی ئەخلاق سەرپێچی دەکەم، لەکاروبارمدا کەمتەرخەمی دەکەم، گرانفرۆشی دەکەم، ... هتد. بەڵام کاتێک من پێویستم بە ئەوەندە دینار هەیە بۆ پێداویستییەکانی ژیانم، ئەو برە پێویستەم پێدەدرێت، ئیتر ئەنگێزەی گرانفرۆشی لە مندا کەم دەبێتەوە، ناچار نیم لە ڕێسای ئەخلاقیی لابدەم، لەبەرئەوە یاسا دەتوانێت مرۆڤ ناچار بکات لە ڕێسای ئەخلاقیی لابدات، دەشتوانێت ئەم نیازی لادانە لە مرۆڤدا کەم بکاتەوە، پێویستی بەوە نەبێت سەپێچی ڕێسای ئەخلاقیی بکات.

**سێیەم:** سیستمی یاسایی لەبار شەرمەزاریی و ریسوایی زیاتر دەخاتەڕوو، بەو مانایەی کە ئەگەر من ئەنگێزەیەکی سەرەتاییشم بۆ سەرپێچی هەبێت، بۆ ئەوەی شەرمەزاری بەردەم خەڵکی نەبم، فڵان رەفتار ناکەم، واقعییەت ئەوەیە تۆ دەبێت بە یەکێک لەم سێ ئەنگێزەیە ڕێسای ئەخلاقی پیادە بکەیت:

1- یان باوەڕت بە خودا هەیە کە دەتەوێت پێچەوانەی دەستووری خودا کارنەکەیت.
2- یان ویژدانی ئەخلاقییت هێندە زیندووە سەرپێچی ڕێسای ئەخلاقیی ناکەیت، بۆ ئەوەی ئازاری ویژدان نەچێژیت،

3- یان لە ترسی ئەوەی شەرمەزار و ریسوای بەردەم خەڵک نەبیت.

**چوارەم:** کاتێک سیستمی یاسایی لەبارە خەڵکی وا هەست دەکەن کە هەمووبمان سەرنشینی کەشتییەکین، ئەگەر رزگارمان بوو ئەوا هەمووبمان رزگارمان بووە، ئەگەریش تیاچووین ئەوا هەمووبمان تیادەچین، ئەمە بەلای منەوە ئێجگار گرنگە کە هاوڵاتیانی کۆمەڵگەیەک خۆیان بە سەرنشینی یەک کەشتی بزانن، ئەم کەشتییە لە بەندەرێکەوە بەڕێ دەکەوێت بۆ بەندەرێکی تر، ئەگەر لە ڕێدا ڕووداوێک پێش هات، هەموویان تیادەچن، و نوقمی دەریا دەبن، ئەگەرنا، هیچ ڕووداوێک پێش نەهات، ئەوا هەموویان بەسەلامەتی دەگەنە شوێنی مەبەست. ئەگەر لەڕاستییدا ئێمە ئەو هەستەمان هەبێت کە (هەمووبمان سەرنشینی کەشتییەکین و تیاچوونی تیاچوونی خۆمانە و رزگابوونیشی رزگاربوونی خۆمانە)، گومانی تێدا نییە ئەگەر بچوکترین کێشەیەک لەم کەشتییەدا پەیدابێت، هەریەک تا ئەو ئەندازەی کە توانامان هەیە هەوڵ دەدەین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، چونکە هەر کەمتەرخەمییەک

تیاچوونی هەموومانە. بەڵام ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا من هەست بکەم سەرنشینی کەشتییەکم، بەڵام هەندێک لە سەرنشینانی ئەم کەشتییە بەلەمی یەدەگیان هەیە، ئەگەر کەشتییەکە تێکشکا بەلەمە یەدەگەکەیان دەخەنە ناو دەریا و خۆیان رزگار دەکەن، ئیدی هەستکردن بە سەرنشینیی هاوبەش لێرەدا نامێنێت، لێرەدا هەست دەکەین ئەگەر بەسەلامەت گەیشتین هەموومان دەگەین، بەڵام ئەگەر تیاچووین هەموومان تیاناچین. سیستمە یاساییە نالەبارەکان بەلەمی یەدەگ دروست دەکەن، هەندێک لەوان دەتوانن لە رێسای ئەخلاقیی سەرپێچی بکەن، هیچ کەڵکەڵەیەکیان نەبێت کە نوقم دەبین، چونکە قەرار نییە ئەوان تیابچن، ئەوانی ترن کە تیادەچن. بوونی سیستمێکی یاسایی تەواو پسپۆڕانە و دادپەروەرانە ئەو هەستەمان پێدەبەخشێت کە هیچ کەس بەلەمی یەدەگی نییە، لەبەرئەوە هەر کێشەیەک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەکەمان رووبدات زیان بە هەموومان دەگەیەنێت، لەم رووەوە ئەنگێزەی سەرپێچیکردنی ئەخلاق کەمتر و کەمتر دەبێتەوە، بە مانایەکی تر دەبێت جۆرێک لە (Egalitarianism) یەکسانخوازیی هەبێت، بەو مانایە نا کە هەمووان بەیەک ئەندازە سەروەت، ناوبانگ، هێز و دەسەڵاتیان هەبێت، بەڵکو بەو مانایەی کە ئەگەر مەترسییەک دووچاری کۆمەڵگە بوویەوە، بەیەک ئەندازە رووبەڕووی هەمووی ببێتەوە، ئەگەر ئەم هەستە لە کۆمەڵگەدا بکەوێتە سەرپێی خۆی، ئەوکات ئەنگێزە بۆ لادان لە رێسای ئەخلاقیی زۆر کەم دەبێتەوە.

**پێنجەم:** خاڵێکی تر ئەوەیە ئەگەر رێسای یاسایی لەبار بێت، ئاستی ئەخلاقییبوون گەشەدەکات، نموونەیەک بهێنمەوە، تەماشابکە، گریمان لە سیستمێکی یاسایی نالەباری وەک سیستمی یاسایی کۆمەڵگەی ئێمە، تۆ ئەگەر بتەوێت ئەخلاقییانە بژییت، دەبێت بەدوای چیدا بگەڕێیت، دەبێت بەدوای پێداویستییەکانی خەڵکی تردا بگەڕێیت، چونکە کەسانێک هەن هێشتا خۆراکیان نییە، پۆشاکیان نییە، شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە، پێداویستی سەرما و گەرمایان نییە، ئێستا تۆ لەم کۆمەڵگەیەدا ئەخلاقییبوونی خۆت چۆن پیشان دەدەیت، دەچیت پێداویستیی ژیانی ئەم هەژارانە دابین دەکەیت، بەڵام ئێستا گریمان سیستمێکی یاسایی بە تەواوی مانا لەبارمان هەبێت، خەڵک بۆ پێداویستیی ژیانیان پێویستیان بەکەس نەبێت، تۆ ئەگەر بتەوێت

ئەخلاقییانە بژییت، چی دەکەیت، دەڕۆیت نیازەکانی پلەی دواتریان جێبەجێ دەکەیت، نیازی پلە سێ پلە چوار پلە پێنج.

پێداویستییەکانی ژیان لە خوارەوەی هەڕەمەکەدایە، نیازە فیزیۆلۆجی و بایۆلۆجییەکانن، وەک خۆراک و پۆشا ک و نشینگە... لە سیستمی یاسایی لەباردا ئەم نیازانە خودی یاسا دابینیان دەکات، کەواتە ئەگەر من بمەوێت ئەخلاقییانە بژییم بمەوێت خزمەتی هاوڵاتییانی خۆم بکەم، پێویست ناکات بڕۆم بەدوای پێداویستیی ژیانیاندا، بەڵکو دەڕۆم بە دوای نیازە زەینی و دەروونییەکانیاندا دەگەڕێم، هەستی عیشق تیایاندا گەشە پێدەدەم، متمانە بە خۆبوون تیایاندا بەرزدەکەمەوە، گەشە بە خاکیبوون دەدەم، عیزەتی نەفس لە ناخیاندا دەچێنم. بەڵام کاتێک سیستمی یاسایی خراپە، ئیدی عیزەتی نەفس، متمانە بەخۆبوون و عیشق گاڵتەیە، ئەگەر بتەوێت هاوکاریی بکەیت، دەبێت بڕۆیت نانێک ئاوێک بگەیەنیت بە ماڵێک، بە مانایەکی سادەتر بڵێم، هەر مرۆڤێک جەستە، زەین و دەروونی هەیە، لەسیستمی یاسایی خراپدا کاتێک تۆ دەتەوێت ئەخلاقییانە بژییت، دەچیت پێداویستییە جەستەییەکانی خەڵک پڕ دەکەیتەوە، دەرفەتی ئەوەت نییە بگەیت بە زەینیان، بگەیت بە دەروونیان، لەم سۆنگەیەوە بە شێوەیەکی گشتی سیستمە یاساییە نالەبارەکان جۆرێک ماددییەتی ئەخلاقییمان تێدا دروست دەکەن، ماددییەتی ئەخلاقی واتە تەنیا جەستەی مرۆڤەکان ببینم.

نموونە دەهێنمەوە، لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، وڵاتێکی وەک سویسرا لەم کۆمەڵگەیەدا ئەگەر بتەوێت ئەخلاقییانە بژییت، دەڕۆیت بە دوای ئەو کەسانەدا کە لە ئازاری تەنیایی دەکێشن، چیرۆکیان بۆ دەخوێنیتەوە، تۆ هەرگیز سەرنجی ئەوەت داوە لە وڵاتی ئێمەدا، کەسێکی ئەخلاقی داستان و چیرۆک بۆ خەڵک بخوێنێتەوە، دەڵێن بابەگیان خەڵکی برسی زۆرن، تۆ برۆ نیازەکانی ئەوان پڕ بکەرەوە، چونکە نیازە فیزیۆلۆجییەکان لە نیازەکانی تر لەپێشترن. لێرەدا نیازە زەینی و دەروونییەکانیان وەک خۆی دەمێنێتەوە، واتە نیازە جەستەییەکان دەبێت یاسا بۆیان دابین بکات نەک ئەخلاق.

تا ئێستا لە رووی ئەخلاقییەوە بینیوتە یارمەتی کەسێک بدەیت کە رووبەڕووبوونەوەی مەرگی لا ئاسانتر وەک لە ژیان، تۆ مانا بە ژیانی بدەیت، ئەگەر کەسێکی ئەخلاقی بیت، ئەمە چەند کارێکی گەورەیە. خۆتان شاهیدی ئەوەن ئێمە تا بمانەوێت لە کەسێکی ئەخلاقی نموونە بهێنینەوە دەڵێین یارمەتی هەژاران دەدات، قەرزی قەرزاران دابین دەکات، خانوو بۆ کەسێک دروست دەکات.

لێرەدا کۆتایی پێدێنم، ئەم بابەتەی من وادەزانم هەموو شتێک نەبێت، بەڵام بەهەرحاڵ، لەو باوەڕەدام ئەگەر سەرنجی ئەمانە بدەین هەم بۆخۆمان و هەم بۆ کۆمەڵگەیشمان بە سوود دەبێت، بەڵێ کۆی ئەوەی کە ویستم بیگەیەنم ئەوەیە کە سیستمی یاسایی دەتوانێت هاوکار بێت لە (بەدامەزراوەییکردنی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا) کە من پێنج دانە لەو رەهەندانەم لە خزمەتی بەرێزتاندا خستەڕوو.

**تێبینی:** ئەم بابەتە سیمینارێکە، مستەفا مەلەکیان لە ساڵی 2017 لە زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران پێشکەشی کردووە.

# فەلسەفەی زمان

## دیدی ئەزموونگەرای کلاسیك بۆ واتا

نووسین: جۆن فێنێڵ

لە ئینگلیزییەوە: ئاری عەلی ئەمین

### ١: واتا لای ئەزموونگەرای کلاسیک

من لێرەدا نەخشەی دید و نوێنەرایەتییەکی تایبەت لە واتا دەکێشم، کە پێدەچێت بەم شێوەیە باو و مەعقول بێت. ئەم دیدەیش ئەوەیە کە جۆن لۆک لە کتێبەکەیدا (توێژینەوەیەک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ) باسی دەکات. بۆیە دەگەڕێمەوە بۆئەم دیدەی لۆک وەک (واتا لای کلاسیکە ئەزموونگەراکان)[١]، ڕاستییەکەی ئەم دیدە کەوتبووە بەر ڕەخنەی فرێگە و ڕاسڵەوە. لەبەرئەوە بۆ تێگەیشتن لەم دیدە و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەبێت لەو پاڵنەرانە تێبگەین کە لە پشت گوتاری فرێگە و ڕاسڵەوەن وەک جێگرەوە بۆ دیدی جۆن لۆک بۆ واتا. لەمەیش زیاتر، فرێگە و ڕاسڵ دامەزرێنەرانی (فەلسەفەی شیکاریی)ین، تێگەیشتن لەم کێشانە واتا تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی پشت دامەزراندنی فەلسەفەی شیکاریی. ئەم تێڕوانینە ئەزموونگەراییەی سەرەتای مۆدێرنە بۆ واتای زمانەوانی سێ ئەدگاری سەرەکی هەبوو:

١.ناجەوهەریبوونی زمان

٢.واتا وەک بابەتێکی خودیی و ئەقڵیی(ئایدیا)

٣.پێشینبوونی پەیوەندیی ناونان

گوتاری فرێگە و راسڵ بە توندیی ئەو سێ خاڵەی سەرەوە رەت دەکاتەوە.

### ١,١ناجەوهەرییوونی زمان

ئەمە بەگشتیی بنەمایەکی نموونەییە بۆ فەلسەفەی سەرەتای مۆدێرنە، ئیتر ئەزموونگەرایی بێت یان ئەقڵگەرایی. لەم تێڕوانینەدا زمان 'تەنیا بەرگ'ی هزرە، ناجەوهەریی و رێکەوتە یان هەر مەرجێکە و بەس، 'هەرەمەکی، لەخۆوە، ناسروشتی' لە چەمکەکانی جۆن لۆکن، زمان بەرگێکە کرۆکی جەوهەری واتای داپۆشیوە، کرۆکی ئەو جەوهەرەیش هزر یان بیرۆکەی ئەقڵییە.

'سوود و ئاساییشی کۆمەڵگە بەبێ بوونی ئاڵوگۆڕی هزرەکان فەراهەم نابێت، بۆ ئەمەش مرۆڤ دەبوو هەندێک نیشانەی دەرەکیی مەعقول بدۆزێتەوە، بۆ گواستنەوەی بیرۆکە نەبینراوەکانی، هزرەکانی مرۆڤ لەم *ئایدیا* نەبیراوانە پێکهاتوون. بۆ ئەم مەبەستە هیچ شتێک هێندەی دەنگە پاراوەکان چ لە فراوانی و چ لە خێراییدا گونجاو نیین، ئاسان و هەمەجۆریشن. لێرەوە پێدەچێت لەوە تێبگەین کە *وشەکان* بە سروشت سازگارن بۆ ئەم مەبەستە، وەک *نیشانە/دال بۆ ئایدیا/مەدلولەکان*، ئەمەیش نەک بە رێگەی پەیوەندییەکی سروشتی، بەڵکو گەیاندنی هەر *ئایدیایەکی* تایبەت بە نیشانەی تایبەت، چونکە ئەگەر پەیوەندی دال و مەدلول سروشتی بێت ئەوا هەموو مرۆڤەکان تەنیا یەک زمانیان دەبوو، بەڵام بە دانانێکی هەڕەمەکییانە فڵان وشە فیسار ئایدیا دەگەیەنێت. پاشان وشەکان دەبنە دالی مەعقولی ئایدیاکان، ئەوەیش کە ئایدیاکان دەیگەیەنن دەلالەتگەلی گونجاو و ناکاون.'

Locke, Essay, III.2 §. 1

لێرەدا مەبەستی سەرەکیی ئەوەیە کە هزر و ئایدیا ئەقڵییەکان یەکەی سەرەتایی واتاکانن. واتاکان بە هزرەکان و ئایدیا ئەقڵییەکاندا دەناسرێنەوە. هزر و ئایدیا لە زماندا سەربەخۆن و دەکەونە پێش دەربڕینەکەیانەوە، کە هەر لەوکاتەدا ساز دەبن و پەیوەندییان تەواو ناجەوهەرییە و هەر بە ڕێکەوتە. لای جۆن لۆک ئایدیاکان لە زەیندا یەکەی بنەڕەتیی واتاکانن، لەم سۆنگەوە ئایدیا و واتاکان جێبایەخی فەیلەسوفانن و لەڕووی مرۆیی و مەعریفییەوە بابەتی توێژنەوەن. لای لۆک هزر و ئایدیا ئەو شتانەن کە دەکرێت هەمووکەس هەیبێت و تەواو سەربەخۆن  لە بەکارهێنانی زمان، بۆ نموونە دەکرێت کەسێک نەتوانێت زمان بەکاربهێنێت، بەڵام لەڕووی هزرییەوە هیچ کێشەی نەبێت، لەبەرئەوەی کە هزر و ئایدیاکان دەقاوقدەق خۆیانن و سەربەخۆیانە واتا بەرهەم دێنن و پێشین و سەربەخۆن لە زمان. لەڕاستییدا نەک هەر لۆک، بەڵکو هەموو ئەزموونگەرا و ئەقڵگەراکانی سەرەتای مۆدێرنە هەر وا بیریان دەکردوە، راجیایی دەربارەی ئەوەی کە ئەم بیرۆکانە لەکوێوە دێن سەری هەڵدا، (ناکۆکییەکە دەربارەی ئایدیا زگماکی و ئایدیا بەدەستهاتووەکان بوو) هەروەها دەربارەی ئەوەیش بوو کە ئایدیاکان چ جۆرێکن (سادەن، تایبەتن، ئاڵۆزن نابەرجەستەن ...هتد). بۆنموونە، لە ئەقڵگەراکان، کەسێکی وەک دیکارت دەیگوت کە هەرچەند مرۆڤ دەتوانێت بیر لە شێوەیەکی ١٠٠٠هەزارلا، هەروەها ١٠٠١ هەزار و یەک لا بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت وێنەیەکی کتومتی ئەو شێوە ١٠٠٠ یان ١٠٠١ لایەی هەبێت. لەڕووی وێنەوە، هەموو ئەوەی کەسێک دەکرێت هەیبێت، وێنەی شێوەیەکی فرەلایە، ئەو کەسە وابیردەکاتەوە کە ئەو شێوەیە هەندێک ئایدیا پیشان دەدات، (وەک ئایدیای شێوەی هەزارلا) کە وێنەی نییە، هەروەها لە ئەزموونێکی بەرهەستەوە وەرنەگیراوە، بەڵام زگماکیین.

کێشەی بابەتی ئایدیا ئیشی راستەقینەی فەلسەفەی سەرەتای مۆدێرنە بوو، فەلسەفە پێویستە دەربارەی چییەتی و ریشەی ئایدیاکان روون بێت،

دوای ئەوە دەبێت سەرنجی بخاتە سەر پرسی زمانەوانیی واتا، وەک بابەتێکی دووەمین رەچاو بکرێت و سەقامگیر بێت.[٢]

هزر و ئایدیاکان یەکەی سەرەکی واتان، بوونیان سەربەخۆ و پێشینەیە لە دەربڕینیان لە زماندا. بەم پێیە دەربڕینی زمانی نابێتە جەوهەری واتاکانیان، بەڵکو تەنیا پۆشاکی هزرن و زیادەیەکی ناجەوهەری و بەسوودن بۆ مەبەستی تایبەت. پیشاندەری ئەوەیش حەقیقەتی بوونی ئەو هەموو زمانەیە. دەربڕینی هەمان واتا بە چەندین دەربڕینی جیاواز لە هەمان زماندا، یاخود لە چەندین زمانی جیاوازدا. بۆ نموونە وشەکانی (کەروێشک، خەروێ، هەوریشە) چەند دەربڕینێکن بۆ هەمان واتا.

هەرچەندە لای لۆک دەربڕینی زمانی بۆ واتا جەوهەر نییە، بەڵام هەر پێویستە، یەکەمین پێویستبوونیشی گەیاندنە. لێرەوە بە بۆچوونی لۆک زمان لای هەرکەس بۆخۆی سەبارەت بە بوونی واتا پێویست نییە، بەڵکو زمان سەبارەت بە ئێمە و ئەوانی تر بۆ پەیوەندیی پێویستە. بەپێی دوومین خەسڵەتی سەنتەرییانەی واتا لای لۆک، زمان بۆ پەیوەندیی پێویستە، ئەم باسەیش ریچارد رۆرتی زرنگانە بەناوی ئایدیای 'ئایدیا' بۆی گەڕاوەتە.[٣]

## ٢,١ ئایدیای 'ئایدیا'

دیسان ئەم خەسڵەتەیش تایبەت نییە بە لۆک، بەڵکو لای هەموو فەیلەسوفانی سەرەتای مۆدێرنە هەیە، کە هزر و ئایدیاکان یەکەی سەرەتایی واتان، تایبەت و خودیین، بابەتە ئەقڵییەکان بەردەستن بۆ تاکی بیرکەرەوە.

'وشەکان... لەدەمی هەر کەسێکەوە گۆ دەکرێن، ئایدیای ئەو کەسە دەردەبڕن، منداڵێک هیچ دەربارەی کانزاکان نازانێت، هەر ئەوە نەبێت کە بۆ نموونە وشەی ئاڵتون دەبیستێت، بۆ هەرشتێک کە رەنگی زەرد و

درەوشاوە بێت وشەی ئاڵتون بەکاردێنێت، ئیتر لە ئایدیای خۆیدا هەر زەردێک ئاڵتونە، بۆیە بەو بەشە زەردەی کلکی تاوسیش هەر دەڵێت ئاڵتون. لەمەیش زیاتر کاتێک کە ئاڵتون بەکاردێنێت، رەنگ و کێشی ئەزموون دەکات، لێرەدا ئایدیای ئاڵۆزتری سەبارەت بە ئاڵتون لا دروست دەبێت... بەم شێوەیە هەرکەسێک دەتوانێت ئەو ئایدیایەی کە خۆی هەیەتی دەریببڕێت، ئەو کەسە نایشتوانێت ئەو ئایدیایەی بوەستێنێت و وەک دالێکی جێگیر بۆ ئایدیایەکی ئاڵۆز.

Locke, Essay, III.2 §. 3

ئایدیاکان خودا یان سروشت لە ئێمەدا چاندوونی، یان لە ئەزموونەوە بەدەست هاتوون، بوونەتە هزر، ئیتر بە وێنای ناوەکی ئەقڵیی بێت یان وێنەی دەرەکی شتەکان، ئایدیاکان موڵکی تایبەتی ئەو تاکانەن کە بیریان لێدەکەنەوە، تەنیا من هزری خۆم دەزانم و تۆیش هی خۆت، تۆ هزری من نازانیت و منیش هی تۆ نازانم، بەهۆی ئەوەی کە ئایدیاکان تەواو تایبەتن و ناوەڕۆکێکی ئەقڵیین، بۆیە ناکرێت دەروونبینی بۆ زەینی هیچ کەسێک بکرێت. هەربۆیە 'واتا' جگەلەم ئایدیایانە کە لە زەینی تاکی بیرکەرەوەدایە هیچی تر نییە، ئەوانیش تەواو تایبەت و خودیین. ئێستا ئەم تێگەیشتنەی کە دەڵێت 'واتا' پەیوەندی و تێگەیشتنی ئایدیای ئەوانی تر دروست ئەکات، زۆر کێشەدارە: ئەگەر واتا تایبەتە و بەردەست نییە بۆ ئەوانی تر، بەڵام خۆ بۆ پەیوەندییکردن دەبێت ئەوانی تریش هەمان ئایدیایان هەبێت، چونکە پەیوەندیی دەکاتە گواستنەوەی ئایدیاکان، لەملایشەوە دەڵێین کە ئەوان تەواو تایبەتن. ئەمە چۆنە؟ وەڵامەکە لەم چیرۆکەی لۆکدا ئاوایە: ئەوە دەکرێت، ئەویش بە هۆی دەزگای زمانەوەیە، گواستنەوەی ئایدیا تایبەتەکان لە زەینی یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بەهۆی ناوەندێکی دەرەکیی گشتییەوە دەبێت، ئەو ناوەندەیش زمانە. پێدەچێت چیرۆکەکە نزیک بەمە بێت: ئایدیایەکی تایبەتی ئەقڵییم هەیە،

کاتێک وشەی 'سەگ' بەکاردێنم، کاتێک ئەمە لەڕێگەی ناوەندێکی دەرەکیی گشتییەوە کە زمانە دەردەبڕم، بە وتن یان بە نووسین. ئەم وشەیە بوونێکی دەرەکیی هەیە و بەردەستە، ئیتر بە بینین یان دەنگ بێت، یان بەهۆی ئەوەی کە ئەوانی تر لەو زمانە تێدەگەن کە بەکاریدێنم، یان شێوەی نووسینی وشەی سەگ، لێرەوە وێنا و ئایدیای سەگ لە زەینی منەوە دەگوازرێتەوە بۆ زەینی ئەو، بەم شێوە ئایدیاکەی من بەو کەسە دەگات و تێی دەگات.

**کێشەی ئەو چیرۆکە:** هەموو ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە لە گرێیەکەوە سەرچاوە دەگرێت' بەهۆی ئەوەی کە ئەوانی تر لەو زمانە تێدەگەن کە بەکاریدێنم '، ئەمە دەکاتە ئەوەی (لانیکەم لای لۆک) کە بڵێت ئەوانی تر بە دەربڕینی وشەکان لە ئایدیاکەی ناو زەینم تێدەگەن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئەوانی تر چۆن لەمە تێدەگەن؟ وەرگرتنی ئەو تێڕوانینەی کە ئەوانی تر چۆن تێدەگەن، لۆک بەرەو ئەو گریمانەیە دەبات کە پێشتر ئەو ڕووداوە ڕووی دابێت. ئەگەر ئایدیاکە سەبارەت بە هەردوو لا زۆر تایبەت بێت (وەک لە تیۆریای ئایدیادا هاتووە)، ئەوا دەبێت هەمان وشە لەزەینی هەرکەسێکدا ئایدیایەکی تایبەت بگەیەنێت، بۆ نموونە وشەی سەگ لای من ئایدیای سەگ دەگەیەنێت و دەکرێت لای کەسێکی تر پشیلە یان درەخت بگەیەنێت. جا زۆر سەیرە، لۆک وەک بڵێی ئەوەی پێشکەشی کردووە کێشەیەکە و درکی کردووە:

بەڵام وشەکان تەنیا ئایدیای تایبەت دەگەیەنن، ئەوەی وشەیەک چ ئایدیایەک بگەیەنێت تەواو هەڕەمەکی و دوور لەڕێکەوتنە، ئەوەیش ڕوونە کە زۆرجار مرۆڤ شکست دێنێت لە وروژاندنی ئەوانی تردا (تەنانەت ئەگەر هەمان زمانیش بەکاربهێنن)، باسی هەمان ئایدیا ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کەسێک ئازادییەکی پێشێلنەکراوی خۆی هەیە تا لەڕێگەی وشەکانەوە چ ئایدیایەکی پێخۆشە دەری ببڕێت، هیچ کەسێکیش

ئەو دەسەڵاتەی نییە وا لەوانی تر بکات لە بەکارهێنانی هەمان وشەدا هەمان ئایدیایان هەبێت کە ئەم بۆ ئەو وشەیە هەیەتی.

Locke, Essay, III.2 §. 8

ئەگەر ئایدیاکان تایبەت بن، ئیتر هیچ گەرەنتییەک نییە ئەوەی لە زەینی ئاخێوەر و بیسەردایە هەمان ئایدیا بن. بەپێی دیدی خودگەرای رادیکاڵ ناتوانرێت ئەمە رەت بکرێتەوە. لەوەیش زیاتر، تەنانەت ئەگەر ئێمە رێکبکەوین و ئاقڵانە و سەرکەوتووانە گفتوگۆ بکەین، هێشتا ئەمەیش گەرەنتی ئەوە ناکات کە ئایدیاکانمان یەکە و پەیوەندیی رووی داوە. کەیسی شەبەنگی هەڵگەڕاوە ئەم ئەگەرە روون دەکاتەوە: وا دابنێ X کاتێک تەماتەی رۆمی، گڵۆپی وەستانی ترافیک...هتد، دەبینێت، دەڵێت رەنگیان سوورە، بەڵام ئەو ئایدیایەی کە شکڵی گرتووە لە زەینی X دا بە بەکارهێنانی هەمان وشەی سوور بۆ ئەو شتانە، هەمان ئایدیایە کە Y هەیەتی کاتێک سەیری چیمەنێکی تێراو، سێوی سەوز و گڵۆپی رۆیشتنی ترافیک دەکات. ئەمە سەرەڕای لێکچووی رەفتاری زمانی، با گریمانەی لێکنەچووی رەفتاری زمانییش بکەین، وەک: هەردووکیان لە سووردا ئەوەستن و لە سەوزدا دەڕۆن و ...هتد)، کاتێک X وشەی 'سوور' بەکاردێنێت بۆ هەمان شتە (سوور)ەکانی کە Y وشەی 'سوور'ی بۆ بەکاردێنێت، ئەو ئایدیایەی لای X پەیوەندیی بە وشەی 'سوور'ەوە هەیە ئایدیای سەوزە، لەکاتێکدا ئەو ئایدیایەی لە زەینی Y دایە لە بەکارهێنانی وشەی 'سوور'دا ئایدیای سوورە، واتە بۆ X شتە سوورکان سەوزن و بۆ Y شتە سوورەکان سوورن، هیچکامیان نازانن وشەی 'سوور' لای ئەوی دیکە ئاماژەیە بۆ چی. ئەمە پێدەچێت شیمانەیەکی تیۆریی چەمکی 'ئایدیا' بێت بۆ واتا، ئەوە پیشان دەدات کە لێکچووی رەفتاری دەرەکیی، زمانی و نازمانی، لێکچووی ئایدیا(واتا) ی لێ ناکەوێتەوە. بە کورتی، لێکچووی زمانی نابێتە داخواز بۆ دروستکردنی لێکچووی واتا. لەمەیش

زیاتر، ئەم سیناریۆیە ئەوە پیشان دەدات کە یان پەیوەندی روونادات، (چونکە لای لۆک باسەکە گواستنەوەی هەمان ئایدیایە لە زەینێکەوە بۆ یەکێکی تر) یان ئەگەر رووبدات ئەوە گواستنەوەی هەمان ئایدیا نییە لەنێوان زەینەکاندا. لەهەردوو باردا، کردەی پەیوەندیی بەم تیۆرییایەی لۆک (گواستنەوەی زمانیی ئایدیا زەینییە تایبەتە بنەڕەتییەکان) روون ناکرێتەوە. بۆیە ئەوەی بەلای لۆکەوە وابوو کە زمان باشە بۆ (روونکردنەوەی شیمانەی پەیوەندیی)، چیتر هیچ باش نییە.

ئەوەی کە ئایدیای 'ئایدیا' ناتوانێت پرسی پەیوەندی روونبکاتەوە، یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی فرێگە کە دیدی ئەزموونگەرای کلاسیک رەت بکاتەوە. فرێگە ئارگیۆمێنت دەدات، ئەگەر ئێمە لەوە تێگەیشتووین کە واتا بابەتێکی تایبەت و خودیی و ئەقڵییە لە زەینی تاکدا، ئیتر چۆن پەیوەندیی روودەدات. بەڵام فرێگە بەو ئەنجامە دەگات کە ئەمە بچوککردنەوەی (reductio) واتایە لای خودگەراکان. لای فرێگە واتا، تایبەت و خودیی یان یەکەیەکی دەروونی نییە، بەڵکو زیاتر واتا، بابەتییە و زیاد لە تاکێک دەکرێت هەیبێت. بەمەیش فرێگە توێژینەوەی واتا ( study of meaning) جیادەکاتەوە لە بەدواداچوونی هەر تاکێک لە دەروونناسییدا .(the investigation of any given individual’s psychology) ئەم دژەدەروونناسییەیە کە فرێگەی پێ ستایش دەکرێت، واتاکان، هزرەکان و چەمکەکان شتی زەینی نیین تا دەروونی تاکێکی تایبەت پڕبکەنەوە، توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان واتا، هزر و چەمکەکان، کە لۆجیکە، توێژینەوەی ئەزموونی نییە وەک ئەوەی چۆن تاکە بیرکەرەوەکان بە رێکەوت بیر دەکەنەوە یان هزرە تایبەتەکانیان پەیوەست دەکەن (§. 4.2). واتاکان لای فرێگە دانەی گشتیی و بابەتیین، ئەمە وا دەکان کە زیاد لە کەسێک واتای لابێت. لێرەوە پەیوەندیی و تێگەیشتنی پێگەیشتوو شیمانەکروان، لە دیدی فرێگەوە ئاخێوەر و بیسەر

هەردووکیان شتێکی بابەتی و گشتیی وەردەگرن، ئەم شتە لە گشتیبوونەکەیدا بۆ هەردوولا بەردەستە.

### ٣,١ پێشینبوونی پەیوەندیی ناونان

سێیەمین خەسڵەتی چیرۆکی لۆک ئەوەیە کە چۆن بەم چیرۆکە مۆدێلسازیی بکات بۆ (پەیوەندیی واتا بەگشتیی) و (ئاماژەی ناو بەتایبەتی). ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە چۆن دەنگێک یان نووسینێک لەسەر پەڕەیەک دەتوانێت بنوێنێت یان ئاماژەبکات، لۆک ئەو پەیوەندییەی نێوان ناوەکان و ئەو شتانەی هەڵگری ناوەکانن، واتا پەیوەندیی ناو و ناونراو وەک پارادایم وەردەگرێت. بەم پێیە لای لۆک ئەو ڕێگەیەی ناوەکان واتای خۆیان وەردەگرن دەبێتە قاڵبێک بۆئەوەی کە چۆن هەموو دەربڕینە جیاوازەکان لە زمانێکدا واتای خۆیان وەردەگرن. لای ئەو هەموو دەربڕینێک هەمان ئەرکی سیمانتیکیی ناوەکانی هەیە. ئەمە چۆن دەبێت؟ ناوێک یەکسانە بە ئاماژە بۆ شتێک، یان نواندنی شتێک، یان لە شتێک نراوە، ئیتر ئەو ئاماژە و نواندن و ناولێنراوە دەبنە واتاکەی. بۆ نموونە: ناوەکانی 'بێرتراند راسڵ' و 'رێکس'، ئاماژەن بۆ ئەو شتانەی کە ناوەکانیان هەڵگرتووە، بێرتراند راسڵ واتا بێرتراند راسڵی پیاو، رێکس واتە ئەو سەگەی کە ناوی رێکسە، ئیتر من تێدەگەم ئەو دوو ناوە ئاماژەن بۆ چ دوو تاکێکی تایبەت. لەبەرئەوەی لۆک لەپشت 'پەردەی ئایدیاکان'ـەوەیە لە سەرەتای مۆدێرنە، زۆر بەوردیی، لای لۆک پەیوەندییمان لەگەڵ شتەکاندا راستەوخۆ نییە، وەک ئەوەی لەگەڵ راسڵی مرۆڤ و ڕێکسی سەگدا هەمانە، بەڵکو لەڕێگەی کاریگەریی هەستەکان یان ئایدیاکانمانەوە پێیان دەگەین، وەک ئایدیای راسڵ و ڕێکس، لای لۆک ئەو ناوانە ئایدیای راسڵ و ڕێکس دەنوێنن، (ئەو ئایدیایانە شتانێکی تایبەت دەنوێنن). کێشەی ئەم چەمکی ناونانی واتایەش ئەوەیە کە زۆرتر تەنیا لە ئاستی ناودا ئیش دەکات (ئەگەرچی لای راسڵ تەنانەت بۆ ناویش

ئیش ناکات)، ئەمە لەکاتێکدا بەتەنیشت ناوەکانەوە زمان زۆر جۆری جیاواز لە دەربڕین لەخۆدەگرێت کە بەم مۆدێلەی لۆک ئەرکە سیمانتیکییەکەیان فام ناکرێت.

من بەشێکی دیاریکراو، زۆر سنووردار لە زمانی سروشتیی دادەنێم کە هەندێک جۆری جیاوازی دەربڕین بەرهەم دێنێت و ئەو کێشانە پیشان دەدەن کە بۆ ئەم تیۆری ناونانی واتایە دروستی دەکەن. ئەم رستەیە وەربگرە: رێکس سەگە. واتاداربوونی لە بەشە واتارەکانی پێکهاتووە. واتای هەر یەک لەبەشەکانی رستەکە چییە؟ ئەم رستەیە لە ناوێکی تایبەت'رێکس' کە یەک تاکی تایبەتی تاقانە دەنوێنێت، یان ئایدیای 'رێکس' دەنوێنێت، کە واتاکەیەتی، بەڵام خۆ رستەکە ئەم دەربڕینەیش لەخۆدەگرێت: '... سەگە'، ئەم دەربڕینە بارە/گوزارەیە، یان تێرمی گشتییە، ئەمە یەک تاکی تایبەتی تاقانە نانوێنێت، بەڵکو بەسەر زۆر تاکی تایبەت یان جیاوازدا جێبەجی دەکرێت. رستەکانی: 'بێرتراند راسڵ بەریتانییە.' 'گۆتلۆب فرێگە ئەڵمانییە.' مێلبۆرن جەنجاڵە.' لە هەمان فۆرمن کە 'رێکس سەگە' هەیەتی، هەموویان ناوی تایبەتیان هەیە: 'بێرتراند راسڵ'، 'گۆتلۆب فرێگە'، 'مێلبۆرن'، ئەو ناوانە بنەن/نیهادن، هەریەکەیان باری خۆیان هەیە، کە ئەدگارێکی گشتییە، بەریتانیبوون، ئەڵمانیبوون، جەنجاڵبوون، بوون بە بار/گوزارە بۆ ناوێکی تاکی تایبەت. دوایین جۆری دەربڕین کە دەمەوێت بیناسێنم، ئەوەیە کە زۆرتر بە نەگۆڕە لۆجیکییەکان یان بە (ئیشپێکەری رستە یان لێکدەری رستە) ناسراوە، وەک:(نا، و، یان، ئەگەر... کەواتە، ئەگەر تەنیا ئەگەر) ئەمانە ئەو پەیوەندییە ئەنجامگیرییە پیشان دەدەن کە لەنێوان رستەکاندایە، واتا لە رستەکاندا ئەم نەگۆڕە لۆجیکییانە بەکارهاتوون، ئەم پەیوەندییە ئەنجامگیرییەش ئیشی لۆجیکی رستەییە و ئەو فۆرمەڵەیان دەکات. لە نموونەی 'رێکس پشیلە نییە.' یان هاوبەهاکەی 'وانییە بڵێین رێکس پشیلەیە.' دەربڕینی 'وانییە بڵێین ...' هاوپێچ دەبێت بە رستەیەکی تەواوەوە، 'رێکس پشیلەیە.' بەمەش رستەیەکی تری تەواو

پێکدەهێنێت، (واتە لەسەر رستەیەکی سادە ئیش دەکات بۆ پێکهێنانی رستەیەکی لێکدراو.) هاوشیوەی 'و'، ئەگەر'... 'کەواتە' ...هتد، 'رێکس سەگە و بێرتراند راسڵ بەریتانییە.'، ئەگەر رێکس سەگ بێت کەواتە مێلبۆرن جەنجاڵە.' (ئەمانە لێکدەری دوو رستەیین، چونکە ئیش لەسەر دوو رستەی سادە دەکەن بۆ پێکهێنانی رستەیەکی لێکدراو.) ئەم سێ جۆرەی دەربڕین (ناو/نیهاد، بار/گوزارە، ئامڕاز) ئەمانە لە زۆرترینی زمانە سروشتییەکاندا هاوبەشن، هەرچەندە بەشێکی سنووررداری ئەو زمانانە پێکدێنن، بەڵام بەسن بۆئەوەی کێشە بۆ ئەو دیدە بنێنەوە کە پێی وایە واتای زمانەوانی دەکرێت بە تەواوی لەلایەن پەیوەندی ناونانەوە بەدەست بێت.

**سێ کێشەی پێکداچوو دێنەو ئاراوە:**

**کێشەی یەکەم دەربارەی بار/گوزارەکانە**

بەپێی تیۆریای ناونانی واتا کە لێرەدا بەرباسە، واتای تێرمێک (یان ئایدیای زەینیی شتێک) ئەوەیە کە دەیگەیەنێت. لەکاتێکدا کەمتازۆر روونە کە ناوی تایبەت چی دەگەیەنێت، 'رێکس' ئاماژەیە بۆ ئەم تەنیا سەگە (یان ئایدیای ئەم تەنیا سەگەیە)، بێرتراند راسڵ ئاماژەیە بۆ ئەم تەنیا کەسە (یان ئایدیای ئەم تەنیا کەسەیە)، بەڵام ئەی تێرمی گشتیی وەک 'سەگ'، 'بەریتانی' ئاماژەن بۆچی؟ خۆ ئاماژە نیین بۆ هیچ سەگێک یان شتێکی بەریتانی (یان هیچ ئایدیایەک بۆ سەگێک یان شتێکی بەریتانی)، واتا وەک وتنی 'رێکس' و 'بێرتراند راسڵ' نییە، چونکە ئەگەر وتنی 'رێکس' و 'سەگ' وەکیەک بن، واتا ئایدیا و ئاماژە بن بۆ تەنیا سەگێکی تایبەت، یان وتنی 'بێرتراند راسڵ' و 'بەریتانی' ئاماژە و ئایدیا بن بۆ تەنیا کەسێکی تایبەت، ئیتر ناکرێت 'سەگ' و 'بەریتانی' بەکاربهێنین بۆ هیچ ناو و ئایدیایەکی تر، واتا ئیتر ناتوانین بڵێین 'فیدۆ، رین تین تین و لاسی سەگن.' یان 'شازادە ولیەم، شازادە کەیت و بیگ بان بەریتانیین.' کەواتە پەیوەندی ناونان

بریتییەلە پەیوەندی نێوان تێرمێکی تایبەت و تاکە شتێکی تایبەت، ئەم تێرمە ئەو تاکە شتە تایبەتە دەنوێنێت، بەڵام بارەکان/گوزارەکان بەم ڕێگەیە فام ناکرێن، ئەوان لەو جۆرەی دەربڕین نیین کە ئاماژە بن بۆ تاقانە تایبەتەکان، بۆیە بەم مۆدێلی ناونانە فام ناکرێن. چونکە 'سەگ' تەنیا ڕێکس ناگرێتەوە، بەڵکو چیواوا، بۆردە کولی، تێریەی سکۆتلەندی و...هتد دەگرێتەوە. واتا 'سەگ' ئاماژەیە بۆ ژمارەیەک لە تاکی تایبەت لە شت یان (ئایدیای کۆمەڵێک شتی تایبەت.) بۆیە پرسیارێک دێتە پێش: ئەوە چی دەگەینێت و چۆن ئەوە دەستنیشان دەکرێت کە وشەی 'سەگ' ئەو شت و ئایدیایانە دەگەیەنێت؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، لۆک بنەمای 'ئایدیا ئەبستراکتەکان' رادەگەیەنێت، کە هەوڵێکە بۆ مۆدێلسازیی ئەو واتایەی کە بار/گوزارەکان دەیگەیەنن لە مۆدێلی پەیوەندیی ناوناندا.

پرسی دواتر، کە دەبێت رەچاوی بکەین، ئەوەیە کە *چۆن وشەی گشتیی سازدەکرێت*. هەموو ئەو شتانەی کە هەن تایبەتن، چۆن دەیانکەین بە تێرمی گشتیی، ئەو چییەتییە گشتییەی کە بڕیارە ئاماژەی پێبکەن لەکوێ دێنین؟ وشەکان دەبنە گشتیی، بەو پێیەی دەبنە نیشانە بۆ ئایدیای گشتیی، ئایدیاکانیش بە جیابوونەوەیان لە دۆخی جیاوازی شوێنکاتدا، یان هەر ئایدیایەک کە پێدەچێت ئاماژە بێت بۆ بوونێکی تایبەت، دەبنە گشتیی. بەهۆی ئەم ئەبستراکتکردنەوە، دەتوانن نوێنەرایەتی زیاد لە دانەیەک بکەن، هەرکامێکیان دەبنە هاوتای ئەو ئایدیا ئەبستراکتە، لێرەدا ئایدیای کەسێک دەربارەی وشەی 'مرۆڤ' جیاوازە لە ئایدیای پیتەر و پاوڵ دەربارەی مرۆڤ، یان ئایدیای ئەو کەسە بۆ ئەسپ جیاوازە لە ئایدیای بۆسفالۆس بۆ ئەسپ، بەڵام بە لابردنی هەندێک شت کە تایبەتن بە هەر تاکێک و هێشتنەوەی زۆریَ لە ئایدیا تایبەتە ئاڵۆزەکان، بۆ چەند بوونێکی

تایبەت، وا دەردەکەوێت کە ئەو کەسانە لە ناوهێنانی ئەو ناوە تایبەتانە هاوڕا بن.

Locke, Essay, III.3, §. 6, §. 9

لە تیۆریاکەی جۆن لۆکدا بۆ واتا، رستەی 'رێکس سەگە.' روونە کە واتادارە، ئەو دەربڕینانەی کە رستە پێکدێنن، ئەوانیش واتادارن سەبارەت بەو شتەی کە ئاماژەی پێدەکەن، 'رێکس' بێگومان ئاماژەیە بۆ رێکس (یان ئایدیای رێکس)، لاکاتێکدا تێرمی گشتیی 'سەگ' (یان باری 'سەگە') ئاماژە نییە بۆ هیچ سەگێکی تایبەت (یان ئایدیای هیچ سەگێکی تایبەت)، بەڵکو هەڵگری ئایدیای سەگبوون یان سەگێتییە، بەم پێیە ئەوە دەگەیەنێت کە باری 'سەگە' بۆ هەموو ئەو تاکانەیە کە سەگبوون دەیانگرێتەوە(واتا سەگەکان). ئەمەیە پێمان دەڵێت بارەکان/گوزارەکان لای لۆک ناوی ئایدیا و شتە تایبەتەکان ناهێنن، واتا نابنە ناوی تاک و تایبەت، ناوێک یان ئایدیایەکی تاک و تاقانە و تایبەت، بەڵکو دەبنە هەڵگری خەسڵەت و ئایدیای گشتیی، بەم ریگەیە شتەکان واتادار دەبن.

ئیتر دەبپرسین ئەم ئایدیا گشتییانە چیین و چۆن پێکدێن؟ ئایدیای گشتیی سەگ ئایدیای بوونەوەرێکە چەند ئەدگارێکی هەیە، F1....Fn، بەهۆی ئەم کۆمەڵە ئەدگارەوە تێدەگەین کە سەگبوون چییە، پێکڕا ئەم ئەدگارانە شتێک بەناوی سەگبوون پێکدێنن. رێکس، فیدۆ، رین تین تین و لاسی و ...هتد (یان ئایدیای ئەوانە) هەموو ئەو ئەدگارانە هاوتان لەگەڵ ئایدیا ئەبستراکتەکەدا، هەموویان مەرجەکانی سەگبوون دەهێننەدی، بۆیە وشەی سەگ بۆ هەموویان دەگونجێت. هەرچەند بنەمای ئەبستراکتبوونی ئایدیاکان کێشەکەی دیارە، لای پێشینانی مۆدێرن باش درکیان کردووە (کێشەیەک کە ئێستا پرۆڤەی لەسەر ئەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بێرکلی) (٤) ئایدیای گشتیی سەگ کە ئاخێوەرێک لای خۆیەوە سازی دەکات، ئەو ئایدیا گشتییە پەیوەستە بە تێرمی گشتیی 'سەگ'ەوە، ئەو ئایدیا

گشتییەش لە ئەدگارەکانی $F_1 \ldots F_n$ پێکدێت، ئەدگارەکانیش ناتوانن بە وێنەی تەواوی یەک سەگی تایبەت دیاری بکەن، چونکە ئەگەر وا بووایە، ئەوا زۆر شت دەکرانە دەرەوە لە سەگبوون، کە بەڕاستی هەر پێیان دەوترێت 'سەگ'. بۆ نموونە ئایدیای ڕێکس، سەگی دراوسێکەم، ناتوانێت هەموو ئایدیا گشتییەکانی سەگی تێدا بێت کە پەیوەستە بە تێرمی گشتیی 'سەگ'ەوە، چونکە ئایدیای (گەماڵ، گەورە، قاوەیی کاڵ، تیسک کورت، ئەڵمانیی شوان، گوێ شۆڕ)، هەموو سەگەکان ناتوانن وەڵامدەرەوەی ئەو خەسڵەتانەی ناو کەوانەکە بن، واتا ناکرێت هەموو سەگەکان هەڵگری ئەو خەسڵەتانە بن. چونکە ئەگەر تێرمی گشتیی 'سەگ' تەنیا بریتیبووایە لەو چەند خەسڵەتە، ئیتر نەدەکرا هەموو سەگەکان سەربە تێرمی 'سەگ' بن. ئایدیای سەگ دەبێت بە یەکسانی هەموو سەگەکان بگرێتەوە، دەبێت 'دابڕاو' و 'ئەبستراکت' بێت لە هەر تاکە ئایدیایەکی تایبەت کە سەگ هەیەتی و تاکوتەرا هەمان ئایدیا لەم یان لەو بوونەوەری تریشدا هەیە. بەم ڕێگەی ئەبستراکتکردنە، ناکرێت بۆئەوەی بە شتێک بگوترێت سەگ، ئایدیا گشتییە ئەبستراکتەکەی بریتی بێت لە: (گەورە نەک بچووک، قاوەیی کاڵ نەک بەڵەک، تیسکن نەک تیسک کورت، گەماڵ نە دەڵ و ...هتد)، بەڵکو زیاتر دەبێت ئایدیای گشتیی پەیوەست بێت بە تێرمی گشتییەوە، ئەم تێرمە گشتییە دەبێت ئەو 'گشت'ە بگرێتەوە، واتا تێرمە گشتییەکە گشتگیر بێت، هەروەها دەبێت بە ئاشکرا ئایدیا بێت بۆ شتانێک نە بچووک نە (نا بچووک)، نە قاوەیی نە (نا قاوەیی)، نە بەڵەک نە (نا بەڵەک)، نە تیسکن، نە (نا تیسکن)، نە گەماڵ نە (نا گەماڵ)... هتد. بۆیە ئەو ئایدیا و وێنەیەی کە پەیوەستە بە چەمکی 'سەگ'ەوە ئەگەر تەنیا هەموو سەگەکان بگرێتەوە ئەوا دەبێت خۆی داببڕێت لە خەسڵەتە تایبەتەکانی سەگێکی دیاریکراو(یان ئایدیای سەگێکی دیاریکراو)، هەربۆیە ئەم ئایدیایە وەک ئەوەی لۆک دەڵێت دەبێت 'ئایدیای ئەبستراکت' بێت ئەگەر بۆ ئەوە بێت کە تێرمی 'سەگ' پەیوەست بکات بە هەموو ئەو ئایدیا و شتانەوە کە

سەگ دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە روون نییە کە ئەم ئایدیا ئەبستراکتانە تەنانەت هەماهەنگ بن یان هیچ ناوەڕۆکێکیان هەبێت، وادیارە کە ناوەڕۆکی دژیەکیان هەبێت یان هەر ناوەڕۆکێکیان نەبێت. ئەو شتە دەبێت چی بێت کە لە هەموو بارەکاندا بۆ X نە X ـە و نە (نا X)ـە؟ ئەمە وادیارە کە X خەسڵەتی نییە، یان هیچ خەسڵەتێکی نییە، ئائەمەیش هاودژە، دیسان ئەوە دەمان خاتەوە بەردەم پرسیارە رەسەنەکەمان: چۆن تێرمە گشتییەکان جێبەجێ دەبن بەسەر ئەو کۆمەڵە شت/ئایدیایەی کە دەیگەیەنن؟ بۆیە دادپەروەرانە دیارە کە بڵێین مۆدێلی ناونانی واتا دەچێتە نێو کێشە سەرەتاییەکانەوە، یان دەچێتە پاڵ کیشە هەڵپەسێرداراوەکانەوە، چونکە ئێمە هێشتا لەپای ئەوەداین کە بار چۆن واتا دەدات.

**کێشەی دووەم، دەربارەی نەگۆڕە لۆجیکییەکانە**

ئەم رستانە، 'وا نییە کە رێکس سەگە.' یان 'رێکس سەگە و بێرتراند راسڵ بەریتانییە.' ئەو رستانە واتادارن، بەڵام دیسان ئەگەر وابێت، هەر لە باسی واتاوە، کە پێکهێنەری رستەکان شت یان ئایدیای شت دەگەیەنن. ئێستا 'رێکس' سەگێکی تایبەت دەگەینێت کە رێکسە (یان ئایدیایە بۆ ئەو سەگە)، 'بێرتراند راسڵ' ئاماژەیە بۆ پیاوێکی تایبەت کە بێترتراند راسڵە (یان ئایدیایە بۆ ئەو پیاوە)، وادابنێ ' ... سەگە' ئایدیای ئەبستراکتی سەگبوون ... دەگەیەنێت، هەروەها '... بەریتانییە' ئایدیای ئەبستراکتی بەریتانیبوون دەگەیەنێت. بەڵام ئەی 'نییە'، 'و' چی دەگەیەنن؟ وادابنێ کە بیرۆکەی ئەبستراکتی ئەو دوانە، 'نییە'، 'و' نەرێ و لێکدەرن، بەڵام چۆن شێوە بەم ئایدیایانە بدەین یان چۆن پەیوەندییان پێوە بکەین؟ ئەگەر ئەوانیش هاوشێوەی ئایدیای ئەبستراکتی سەگبوون و بەریتانیبوون بن، کە لەڕێگەی ئەبستراکتکردنی ئەزموونەوە بۆ سەگی فیزیکی و شتی بەریتانی بەدەستمان هێناون، کەواتە بەگریمانەیی ئایدیای ئەبستراکتی

'نەرێ' و 'لێکدەر' یش هەر لەڕێگەی ئەزموونەوە بەدەستمان هێناون، (ئەویش بە 'نەرێ'یەکی تایبەت و 'لێکدەر'ێکی تایبەت، وەک ئایدیای 'سەگ'ێکی تایبەت و 'پیاو'ێکی تایبەت، مەبەست رێکس و بێرتراند راسڵە). وێڕای بوونی تایبەتمەندییە ئەبستراکتەکان، بەڵام بەو ئاسانییەش بەردەست نیین بۆ ئەزموونەکانمان، وەک بوونە فیزیکییەکانی رێکس و راسڵ. بەڵام خۆ ئەگەر تایبەتمەندییە ئەبستراکتەکان سەبارەت بە ئەزموونمان بەردەستیش بن، ئەوا نەرێ  و لێکدەر ئایدیای گشتیین، کەواتە ئەو کێشەیەی کە پێوەی سەرقاڵین ئەوانیش دەگرێتەوە.

**کێشەی سێیەمی ئەم دیدەی لۆک بۆ واتا:**

**پرسی روونکردنەوەی (یەکێتی سێنسی رستە)یە.**

بە سادەیی، رستەکان یەکێتییەکی دابەشنەبووی وتایان هەیە، ئەگەر کەسێک ئەو دیدەی لۆک بۆ تێرمەکان پێڕەوبکات، واتا لەنێودەچێت. لە مۆدێلی ناوناندا، واتای تاکە وشەیەک ئەو ئایدیا یان شتەیە کە  وشەکە ئاماژەی پێدەکات، رستەیش لە تاکە وشەکان پێکدێت، بۆیە واتای رستەیەک دەکاتە ئەو ئایدیا و شتانەی کە دەربڕینە پێکهێنەرەکانی رستەکە ئاماژەی پێدەکەن، بەڵام ئەگەر واتای رستە لەسەر ئەم مۆدێلی بلۆکە تێبگەین، ئەوا یەکێتی سێنس کە خەسڵەتێکی پێکهێنەری واتای رستەییە دەفەوتێت. لەسەر ئەم مۆدێلە، تێگەیشتن لە رستەیەک تێگەیشتە لە کۆی تێرمە پێکهێنەرەکانی، ئەمەیش هیچ بەس نییە بۆ زانینی واتای رستەیەک. چونکە ئەگەر رستەیەک لیستێک وشە بێت، ئەوا ئەو رستانەی کە لە هەمان وشە پێکهاتوون، دەبێت هەمان واتایان هەبێت، بەڵام ئەمە وا نییە. بۆ نموونە؛ ' بروتوس قەیسەری کوشت.' و 'قەیسەر بروتوسی کوشت.' دوو رستەن رێک لە هەمان وشە پێکهاتوون، بۆیە بەپێی تیۆریاکەی لۆک بێت، دەبێت هەردووکیان هەڵگری هەمان شت (یان ئایدیا) بن، لەبەرئەوە دەبێت هەمان واتایان هەبێت، بەڵام وا نییە. ئەمە

ئەوە پیشان دەدات کە ناتوانرێت واتای رستە لە واتای یەکبەیەکی لیستی وشەکانەوە وەربگیرێت. رستەکان هەرگیز شتەکان لیست ناکەن(ئەم شتە، ئەم شتە...هتد) بەڵکو یەکێتییەکی واتایی دەردەبڕن (واتا دەڵێن: شتەکان ئەوە و ئەوەن). بۆیە رستەکان دەربڕی رێکخستنێکی بونیادنراوی شت (یان ئایدیاکانن)، ئەوان تەنیا شتەکان ناژمێرن، بنەمای رێکخستن و یەکێتی سێنس بۆ رستەیەک بە واتای ئەوەی کە چی دەگەیەنێت ئێجگار گرنگە. ئەگەر وەک لیستی ناوەکان لە رستە تێبگەین ئەوە رستەکان فەتاون. کێشەی یەکەم و سێیەم، واتا کێشەی بار و یەکێتی رستە، ئاشکرایە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، لە هەندێ رەهەندیشەوە رەنگدانەوەی یەکترن: ئەگەر بارەکان وەک ناو فام نەکرێن (ئەمە ئەنجامی کێشەی یەکەم بوو)، رستەکانیش لە بار و ناوەکان پێکبێن، پاشان رستەکانیش لیستی ناوەکان نەبن (ئەمە ئەنجامی کێشەی سێیەم بوو)، بەم پێیە ئەگەر رستە بریتی نەکرێت لە لیستی ناوەکان (کێشەی سێیەم) و رستەکانیش لە بار و ناوەکان پێکبێن، کەواتە بارەکان ناون نیین (ئەنجامی کێشەی یەکەم).

بە بەکارهێنانی لۆک وەک مۆدێلێک، باسێکی واتام خستەڕوو، ئیتر ئەگەر ئەو تێڕوانینە بۆ واتا لە ئەقڵی باویشدا وا نەبووبێت، لانیکەم تا کۆتایی سەدەی نۆزدە دیدی نەریتی سەرەتای مۆدێرنە بوو (بە هەندێ کەم و زیادەوە لای میڵ). ئەم دیدە بوو کە فرێگە و راسڵ بە کێماسییەکی قووڵیان دەزانی و گوتارە لۆجیکییە سیمانتیکییەکەی خۆیان لە بواری واتای زمانەوانیدا بۆ دارِشت و وەڵامیان دایەوە. لەڕاستییدا ئەوان بەرپرسن لە ئاماژەدان بە گەلێک لەو کێشانەی کە سەبارەت بەم دیدە گەنگەشەم کردووە. ئەوان گەشەیان بە دیدێکی تری واتای زمانەوانی دا کە ئەو سێ خەسڵەتەیان رەتکردەوە کە پێشتر ناساندمان (١.ناجەوهەریبوونی زمان، ٢.واتا وەک بابەتێکی خودی و ئەقڵی(ئایدیا)

٣.پێشینبوونی پەیوەندی ناونان)، لەجێی ئەو سیانە سێ بنەمای دژیان دامەزراند:

١.وەرچەرخانی زمانەوانی

٢.دژەدەروونگەرایی

٣.پێشینبوونی رستە

ئەوانە سێ ئەدگاری سەنتەریین بۆ سەرەتای نەریتی شیکاریی و سیمانتیکی لۆجیکیی، هەرچەندە کەسانی تر نارِزایین لەسەر وردەکاریی ئەو خاڵانە، بەڵام فریگە و راسڵ هاورِان لەسەر ئەم ئەدگارە گشتییانە. لێرەدا ئەوا ناساندنەی دیدی ئەزموونگەرای کۆتایی پێدێنم و دەچمە سەر ئەو سێ خاڵەی کە فریگە و راسڵ لە دژی سێ خەسڵەتەکەی دیدی ئەزموونگەری کلاسیک دایان مەزراند و گەشەیان پێدا.

**٤,١ وەرچەرخانی زمانەوانی، دژەدەروونگەرایی و پێشینبوونی رستە**

لە بەرامبەر دیدی ئەزموونگەرای کلاسیکدا، راسڵ و فریگە میتۆدێک دەگرنەبەر کە بە 'وەرچەرخانی زمانەوانی' ناسراوە. ئەمە کاری ئەو گریمانەیە دەردەخات کە زمان رەنگدانەوەی بونیادی واتایە، بۆیە ئەگەر کەسێک شیکاریی بۆ زمان بکات، ئەوە توێژینەوەی لە چییەتی و پەیوەندییە بونیادییەکانی نێوان واتاکان کردووە. خاڵی هەرە دیاری دەسپێکی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە چیتر وەک تێگەشتنەکەی سەرەتای مۆدێرنە، واتا شت و بابەتی تایبەت و خودیی نییە(ئایدیا یان هزری زەینی کەسی بیرکەرەوە نییە) کە نەتوانرێت وەک بابەتێکی دەرەکیی بەدواداچوونی بۆ بکرێت. لەگەڵ وەرچەرخانی زمانەوانییدا ئیتر زمان دەبێتە بابەتێکی دەرەکیی و بونیادەکانی کراوە دەبن تا هەمووان توێژینەوەی تێدا بکەن، لێرەوە شیمانەی تۆکمەیی زانستییانە و توێژینەوەی دروستتر فەراهەم دەبێت. لێرەدا جۆرێک لە هزری

پێگەیشتوو و بەهێز دێتە ئاراوە، ئەویش ویستی بەدواداچوونێکی زانستییانەتر و ڕێزدارتری واتایە کە شانبەشانی وەرچەرخانی زمانەوانی هاتەکایەوە، ئەو هزرەیش ئەوەبوو کە بێژەی زمانەوانی سەبارەت بە واتا ناجەوهەریی نییە، بەڵکو بەشێکە لێی. بە پێچەوانەی دیدی ئەزموونگەرای کلاسیکەوە، ئەو تێگەیشتنەی ئێمەیان گۆڕی لەوەی کە زمان و واتا تەنیا پەیوەندییان هەبێت، بەڵکو ئەگەری توێژینەوەی تۆکمەتر و زانستیتری دەربارەی واتا هێنایە ئاراوە. ئەمەیش بەو دوو واتایە دێت کە زمان بۆ واتا پێویستە، واتایش بۆ هەمووانە، هەروەها واتایش بۆ زمان پێویستە، زمانیش هەر بۆ هەمووانە. بۆیە سەرنج بدە، فریگە و راسڵ تاکە یەک زمانی سروشتی ناکەن بە مەرج بۆ بیرکردنەوە، واتا کەسێک بۆئەوی دەربڕینەکانی واتای هەبێت، هەر زمانێک دەتوانێت ئەو ئیشە بکات، ئیتر بۆ نموونە ئینگلیزی، ئەڵمانی یان هەر زمانێکی تر بێت. بۆیە گریمانەی ئەوان ئەوەیە بۆ دەربڕینی هزرەکانمان پێویستمان بە زمانە تا واتا و هزر بێنە ئاراوە، یان پێویستمان بە هەندێک ناوەندی پیشاندەرە بۆ گەیاندنی واتا. وەرچەرخان بەرەو لۆجیکی فۆرماڵ و پاڵنەری ئەوەی کە فۆرمی لۆجیکیی ژێرخانی زمانە سروشتییەکانە، بەشێکە لە وەرچەرخانی زمانەوانی، چونکە وادانراوە ئەم لۆجیکە فۆرماڵە کە ژێرخانی هەموو زمانە سروشتییەکان ناوەندی نواندنی واتا بێت.

ئەوەش دژ بە ئایدیا ی 'ئایدیا'یە، کە تێیدا واتا لە ئایدیایەکی خودییەوە و لە زەینی بیرکەرەوەیەکدا دەستنیشان دەکرا، فریگە (بە تایبەت) سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێت واتا لە هەر شتێکی خودیی جیابکرێتەوە. (بینیمان ئەم تێڕوانینەی فریگە دەست بە دەست لەگەڵ وەرچەرخانی زمانەوانیدا هات). چیتر واتا بابەتێکی دەروونناسیی نییە لە کاتێکی دیاریکراودا و لە زەینی تاکێکدا تایبەت بێت بە خۆیەوە، بەڵکو واتاکان شتگەلێکی گشتیین، نێوانخودیین و دەکرێت بۆ زیاتر لە کەسێک بگوازرێنەوە. لێرەوە لای فریگە، واتاکان بابەتیین، بەڵام فریگە پێی وابوو

ناکرێت بەئاسانی واتاکان لە شتە فیزیکییەکاندا و لەو جیهانەی کە وشەکان ئاماژەی پێدەکەن دەستنیشان بکرێن. جگەلە ریفرێنس، لای فرێگە لایەنێکی دیکەی گشتیی و بابەتی بۆ واتا هەیە کە نافیزیکییە. فرێگە ئەم لایەنە نافیزیکییەی واتا ناودەنێت سێنس (sense) بە ئەڵمانی (sinn)، سێنس بوونێکی نافیزیکیی ئەبستراکتە، لەڕووی بوونناسییەوە لە فۆرمی ئەفلاتوونی نزیکە، بەم هۆیەش زۆرجار فرێگە لە واتادا بە ئەفلاتوونگەرا دادەنرێت. ئەم دیدەی کە واتاکان دانەی بابەتی و نادەروونیین، دەکاتە دژەدەروونگەراییە بەناوبانگەکەی فرێگە، لای فرێگە ئەمە ڕێک لەگەڵ ئەو رۆڵەدا دەگونجێت کە لۆجیکی فۆرماڵ لە واتادا دەیگێڕێت. فرێگە لۆجیکی فۆرماڵی مۆدێرن جێگیردەکات، ئەو لۆجیکەی کە خۆی رابەرایەتی دەکرد و لە کتێبی (Begriffsschrift) دا گەشەی پێدا، بۆ شیکاریی واتا لە رستەی زمانی سروشتیدا. لێرەوە واتا ئەوەیە کە لۆجیک توێژینەوەی لەسەر دەکات و ئاشکرای دەکات، بەڵام کاری لۆجیک ئەوە نییە تاکێکی دیاریکراو چۆن بیردەکاتەوە، یان ئەو رایەڵە و کردە دیاریکراوە دەروونییە نییە کە تاکێک پێیدا گوزەردەکات. بگرە کاری لۆجیک توێژینەوەیە لەوەی کە تاکەکان **دەبێت** چۆن بیربکەنەوە، ئەمەیش دەکاتە پەیوەندیی دروستیی بابەتییانەی نێوان هزرەکانیان. بۆیە لای فرێگە ئەو شتانەی کە لۆجیک توێژینەوەیان لێدەکات-هزرەکان یان واتاکان- دەبێت بارێکی نادەروونی و بابەتیان هەبێت.

لە دژی ئایدیای لۆک، کە دەیگوت دانەدانەی وشەکان ئامڕازی سەرەکیین بۆ گواستنەوەی واتا و دواتر رستەکان دێن و تەنیا کۆکراوەی واتای دانەدانی وشەکانن، ئەمەیش سەری دەکێشا بەرەو کێشەی روونکردنەوەی یەکێتی سێنسی رستە. فرێگە نەبەردیی نواند کە 'بنەمای زەمینە' (context principle)ی خستەڕوو، ئەم بنەمایە واتا تەنیا لە زەمینەی رستەدا وشە واتای هەیە. لەگەڵ بنەمای زەمینەدا ئیتر واتاسازیی لە وشەوە تیشکی گواستەوە بۆ رستە، لێرەدا چیتر رستەکان

لەبری وشەکان دەبنە ئامرازی سەرەکیی گواستنەوەی واتاکان. بۆیە لەبری ئەوەی دەستپێک لە دانەدانەی وشەکانەوە بێت و دواتر بەیەکەوەیان بنێین تا واتای رستە پێک بێت، یەکسەر لە رستەوە دەست پێبکەین و لەوێدا بۆ واتای وشە بگەڕێین. نابێت تێڕوانین وابێت کە تاکتاکی وشەکان بە تەنیا واتای خۆیان هەیە، بەڵکو دەبێت واتایان لەو بەشدارییە کارایەوە فام بکرێت کە واتای رستەی لێ پێکدێنن.  بە دەربڕینێکی سادە، واتای وشەیەک هەرچییەکە کە لەو رستەیەدا هەیەتی کە تێیدا هاتووە.  بۆیە دەبینین کە 'بنەمای زەمینە' چ رۆڵێکی سەنتەریی هەیە، ئەمە تەنیا تێزێکی راشکاوانەی فرێگە نییە، بەڵکو لەڕووی میتۆدناسییەوە لە 'تیۆریای پەسن' (Theory of Descriptions)ی راسڵیشدا سەنتەرییە (§. 5.1)، هەروەها پێشگریمانەی راست و هەڵەبوونی واتای ئامرازەکانی رستەیە (مەبەست لێی ئەوەیە چۆن لە واتای ئامرازە لۆجیکییەکان کۆڵراوەتەوە)، هەر ئەمەیش چەمکی سەرەکی تێزی گشتگەراییەکەی کواین بوو (§. 9.3).

## ٥,١ شیکاریی لۆجیکی

بۆ ئەنجامگیریی لەم وێنە گشتییەی وەرچەرخانی زمانەوانی و ریشەکانی فەلسەفەی شیکاریی، پێویستە شتێک دەربارەی چەمکی 'شیکاریی لۆجیکی' بڵێم، چونکە ئەمە ئەو ناوەی بە فەلسەفەی 'شیکاری' بەخشی. فرێگە و راسڵ تەکنیکی شیکاریی لۆجیکی یان وەرگرتنی لۆجیکییان هێنایە ناو میتۆدناسیی فەلسەفەوە، هەروەها پارادایمێکی تەواو نوێی فەلسەفییان دامەزرادن، ئیتر ئەوەی لێکەوتەوە کە بە 'فەلسەفەی شیکاریی' ناسرا. شیکاریی لۆجیکی بۆ رستەکانی زمانی سروشتی یان شیکاریی بۆ رستەکانی زمانی ئاسایی، بە مەبەستی دەرخستنی راستبوون و ژێرخانی فۆرمی لۆجیکییە. واتا ئەو فۆرمەی کە پەیوەستە بە پەیوەندییە ئەنجامگیرییەکان یان مەرجەکانی راستبوون (یان واتای

حەرفی)، ئەو شیکارییەی کە فریگە و راسڵ رابەرایەتییان دەکرد و بووە ریگەی زاڵ لە گوتاری پرسیارە فەلسەفییەکانی زۆربەی بوارەکانی فەلسەفەی ئەنگلۆ-ئەمەریکایی لە سەدەی بیستەمدا. ئایدیای بنچینەیی پشت تەکنیکی شیکاریی فەلسەفی ئەوەیە کە زمانی ئاسایی'ریزمانی رووکەش' فۆرمی ژێرخانی لۆجیکیی رستەکان دەشاریتەوە و دەیشیوینیت، ئەمەیش بەرەو کیشە فەلسەفییەکان سەردەکیشیت. بۆیە کیشە فەلسەفەییەکانیش لیکەوتەی ئەم ناوەندە گومڕاکەرەی دەربڕین (واتا زمانی سروشتی)ین، شیکاریی لۆجیکی، فۆرمی ژێرخانی لۆجیکی و راستیی رستەکان ئاشکرا دەکات، هەر ئەمەیش کرا، یەکسەر کیشەکان نامینن. بۆ پیشاناندانی ئەوەی کە ریزمانی رووکەشی زمانی ئاسایی فۆرمی لۆجیکی دەربڕینەکەی دەشیوینیت، سەرنجی ئەم رستانە دەدەین، 'ئۆرویڵ رۆمانی ١٩٨٤ی نووسی.' و 'کەسیک رۆمانی ١٩٨٤ی نووسی.' لیکچوونی ئەو دوو رستەیە لەڕووی ریزمانی رووکەشەوە، بەتایبەت 'ئۆرویڵ' و 'کەسیک' هەمان پیگەی بکەری ریزمانییان لە رستەکاندا هەیە، ئەو بڕوایە دروست دەکەن کە هەردووکیان بە هەمان ریگە هەمان واتا دەدەن، وشەی 'کەسیک' لۆجیکییانە هەمان ئیشی وشەی 'ئۆرویڵ' دەکات، واتا وەک ناویکی تایبەت. بەڵام ئەمە وانییە، 'ئۆرویڵ' و 'کەسیک' زۆر فۆرمی لۆجیکیی جیاوازیان هەیە، کە بەهۆی جیاوازیی لە دروستیی ئەم دوو ئارگیۆمینتە تەریبەدا پیشان دراون: (٥)

ئۆرویڵ هەیە.

ئۆرویڵ ١٩٨٤ی نووسی.

کەواتە نووسەری ١٩٨٤ـە.

----

کەسیک هەیە.

کەسێک ١٩٨٤ی نووسی.

کەواتە نووسەری ١٩٨٤ـە.

ئارگیۆمێنتی پێشوو لەڕووی قیاسەوە دروستە (واتا ئەگەر پێشەکییەکان ڕاست بن ئەنجامەکەیش دەبێت ڕاست بێت)، لەکاتێکدا ئاگیۆمێنتی دووەم ئاشکرایە کە دروست نییە. ئەمەیش واتا کە ئەوان پەیوەندیی ئەنجامگیریی جیاوازیان هەیە، ئەوەی لۆجیکییانە لە یەکێکیانەوە دەکەوێتەوە هەمان ئەوە نییە کە لۆجیکییانە لەوی تر دەکەوێتەوە، ئیتر پەیوەندییە ئەنجامگیرییەکان پیشاندەری فۆرمە لۆجیکییەکەن (هەڵبەت لەوێشەوە واتای جیاوازیان دەبێت)، ئەو دوو جۆرە دەربڕینە فۆرمی لۆجیکیی جیاوازیان هەیە (بۆیە بە زۆر ڕێگەی جیاواز واتادارن).

نموونەیەکی تری گرنگی فەلسەفی لە بەهەڵەدابردنی چییەتی زمانی سروشتی، بەهۆی لێکچوونەکانی ڕێزمانی رووکەشی ئەم رستانەوە روونکراوەتەوە، 'سۆکرات یۆنانییە.' 'سۆکرات هەیە.' ئەو دوو رستەیە ئەو بۆچوونەمان لادروست ئەکەن کە '...هەیە' بارە و لەڕووی واتا سازییەوە هەمان ئەرکی باری ئاسایی وەک 'یۆنانییە' ی هەیە، کانت باوەڕی وابوو کە وا نییە، 'بوون بارێک نییە'، درکی ئەمە کلیلی دەرخستنی ئەو هەڵە لۆجیکییە بوو کە ئەو پێی وابوو لە (ئارگیۆمێنتی ئۆنتۆلۆجی)دا بۆ بوونی خودا هەبوو. کانت ئارگیۆمێنت دەدات کە 'هەیە' وێڕای بوونە 'ڕێزمانییەکەی'  وەک بار، بەڵام ئیشێکی زۆر جیاوازی هەیە لە چاو ئەوەی 'ڕاستی' یان 'دەستنیشانکردن' وەک بار هەیەتی. هیچ شتێکی زیاترمان پێناڵێت دەربارەی ئەو شتەی بەرباسە چییە(واتا هیچ زانیارییەکی زیاتر ناگەیەنێت دەربارەی ئەو شتە، یان هیچ خەسڵەت و ئەدگارێکی ئەو شتە دەستنیشان ناکات)، بەڵکو زیاتر بانگەشەدەکات کە شتیک هەیە کۆمەڵێک خەسڵەت و ئەدگاری هەیە کە بەرباسن(واتا ئەوانەی کە بارە ڕاستەقینەکان دیارییان دەکەن). لۆجیکی فرێگە هەم بۆ

دیدی کانت دەربارەی بوون و هەم بۆ دیدی پێشوویش قسەی خۆی بردەسەر، ئەویش پێویستیی جیاکردنەوەی دەربڕینەکانی چەندێتی (وەک: هەموو کەسێک، هەندێ کەس، هیچ کەسێک، هەمووشتێک، هەندێک شت، هیچ شتێک) لە ناوی تایبەت، چونکە لە سیستەمی لۆجیکە فۆرماڵەکەیدا فریگە واتا لە (Begriffsschrift)دا بە سیمبول 'بوون' و دەربڕینەکانی کوانتیتی لە بار و ناوی تایبەت جیاکراونەتەوە. بەم جۆرە دەربڕینگەلی وەک هەموو کەسێک، هەندێ کەس، هیچ کەسێک، هەمووشتێک، هەندێک شت، هیچ شتێک ..هتد و جۆری تری دەربرینگەلی جیاوازی لۆجیکی لە ناوە تایبەتەکان، هەروەها 'بوون' جیادەکاتەوە لە بارە راستەقینەکان. کتێبی (Begriffsschrift) باسی بوون و 'هەندێک' بڕیارەوتە لە تێرمی existential quantifier (یان باشتر بڵێین پێکهاتەیەک لە نەرێ و universal quantifier)، ئەمەیش لەڕووی فۆرمی لۆجیکییەوە لە ناو و بارەکان جیاوازە، لێرەدا ناو و بارەکان بە پیت دەنووسرێن نەک بە وشە. بەهەمان شێوە، لە تیۆریای پەسنی راسڵیشدا هەر هەمان ئەم شیکاریی لۆجیکییە ئیش دەکات، کە شیکاریی فۆرمی لۆجیکیی رستەکانە، ئەویش دەربڕینە ئاماژەییەکان لە خۆدەگرێت، بەجۆرێک کە ئیتر لە کۆتاییدا ئەم رستانە وەک پێشوو تەماشا نەکرێن. بە وتەی راسڵ، فەزیلەتی ئەم کارە ئەوەیە کە چیتر هەندێک مەتەڵی واتایی نامێنێت. ئەوەی کە پێی دەڵێین 'ئایدیۆلۆجیای شیکاریی لۆجیکی' ئەو بۆچوونەیە کە زمانی ئاسایی، راستی و ژێرخانی فۆرمی لۆجیکیی دەشارێتەوە، ئەوەیش بۆخۆی سەرچاوەی لێتێکچوونی فەلسەفییە، شیکاریی لۆجیکی ئەمانە راست دەکاتەوە و فرۆمە لۆجیکییە راستەکە ئاشکرا دەکات و بەڵێنی روونکردنەوە دەدات.

گرنگە تێبینی ئەوە بکرێت، وێڕای لێکچوونی هەندێک بەکارهێنان، بەڵام فریگە و راسڵ لە تەکنیکی شیکاریی لۆجیکییدا بەگشتی هەندێک رووگەی جیاوازیان هەیە. سەبارەت بە فریگە، هزری پشت شیکاریی لۆجیکی

ئەوەیە کە زمانی سروشتی فریودەرە، نەک ئەوەی کێماسی(لۆجیکیی) هەبێت، ئەوەیش دەبێت بگۆڕێت (راسڵ زیاتر لە بانگەشەی دووەمەوە نزیکترە، کە بنەماییترە). زمانی ئاسایی ئایدیاڵ نییە بۆ نواندنی پەیوەندیی ئەنجامگیریی رستەکان، بۆ فۆرمی لۆجیکییان، یان ئەو بونیادەی کە پەیوەستە بە ئەنجامی لۆجیکییەوە، یان دروستیی لە سەلماندندا. لێرەوە بە واتای وشە ناوی (Begriffsschrift) لە begriff چەمک و schrift نووسین 'چەمک-نووسین' یان 'نووسینی لۆجیکی' دێتەئاراوە. هەرچەندە فرێگە وا بیری لەم دیدە نوێیە نەدەکردوە وەک چاکسازیی لە زمانی سروشتییدا، یان وەک جۆرێک زمانی کامڵ کە دەبێت جێگەی زمانە سروشتییەکە بگرێتەوە، وەک ئەوەی راسڵ بیری دەکردەوە. بەڵکو لای فرێگە دەبوو لە دۆخی دیاریکروادا وەک تەواوکارێکی زمانی سروشتی تەماشابکرێت، بەتایبەت لەو شوێنەدا کە وا باشە و دەبێت فۆرمی ئەو زمانە ئاشکرابکەین کە پەیوەستە بە ئەنجامی لۆجیکیی و بە دروستیی سەلماندنەوە. فرێگە لە پێشەکی (Begriffsschrift)دا لێکچوونێک لە نێوان چاوی ئاسایی و وردبیندا دەکات، بۆ روونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان زمانی سروشتی و داڕشتنی لۆجیکی، زمانە سروشتییەکە بەروارد دەکات بە چاو، داڕشتی لۆجیکییش بە وردبین. لە زۆرترینی دۆخەکاندا و بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان، چاوی مرۆڤ بۆ چاودێریی لە وردبین باشترە. تەنیا هەندێک ئامانج وردبینییەکی وا دەخوازێت کە بە وردبین دەکرێت نەک چاوی ئاسایی. ئەگەرنا، لە زۆرترین زەمینەدا ئێمە وا باشترە بە زمانی ئاسایی خۆمان دەرببڕین وەک لە زمانی چەمک نووسین، بەڵکو ئەو زمانی چەمکنووسینە تەنیا لە کاتی ئیشی هەڵسەنگاندنی ئارگیۆمێنت و ئەنجامگیرییدا بەکاردێنین، واتا لەو شوێنانەدا کە جەختمان لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی زمانە کە پیوەستە بە خەملاندنی دروستیی سەلماندنەوە، (Begriffsschrift) ناوەندێکی باشترە بۆ دەربڕین. بۆیە، لای فرێگە، زمانی لۆجیکی چاکسازییەکی

گشتیی نییە، هێشتا لەوەیش کەمترە کە زمانێکی کامڵ بێت و لە هەموو شوێنکاتێکدا جێگەی زمانی سروشتی بگرێتەوە، بەڵکو چاکسازییەکە لە زمانی سروشتییدا لە زەمینەیەکی بەرتەسک و دیاریکراودا بۆ مەبەستی تایبەت، کە ئەویش هەڵسەنگاندنی دروستیی ئەنجامەکانە بەکاردێت.

**تێبینی:**

1. J. Locke, An Essay Concerning Human Understanding, ed. P. H. Nidditch (Oxford: OUP, 1975).

لە کتێبی (Philosophical Investigations)دا زۆر سەرنجی دەربارەی هەمان تایبەتمەندیی تێڕوانینی لۆک بۆ زمان لای ئۆگەستین تۆمار کردووە، ئەوەی لێرەدا بە 'دیدی ئەزموونگەرای کلاسیک بۆ واتا' ناومان هێناوە، ڤیتگنشتاین لەو کتێبەیدا بە 'وێنەی ئۆگەستینی' ناوی دێنێت. هەرچەندە ڤیتگنشتاین لەوێدا ئارگیۆمێنت دەدات کە وێڕای جیاوازییگەلێک لەنێوان لۆک لەلایەک و فرێگە-راسڵیش پێکەوە لەلایەکی تر، دیدی فرێگە-راسڵ هێشتا بە قووڵی لە 'نوێنەرایەتیگەرایی' دا دیدی لۆکی-ئۆگەستینی هاوبەشی پێدەکەن، هەر ئەم خاڵەیش دەبێتە بنەمای رەخنەی ڤیتگنشتاین لە فرێگە و راسڵ لە فەلسەفەی دواتریدا.

2. ئەم لەئیمتیازخستنەی زمان لە مێژوودا تەنیا لە قلێپکردنەوەی میڵ ـوە لە ناوەندی سەدەی نۆزدەدا دەست پێدەکات. راستییەکەی، لە کتێبی یەکەمدایە (نەک لە سێیەمدا وەک لۆک دەڵێت)، لە کتێبی (سیستەمی لۆجیک)لەژێر ناونیشانی (لە ناو و بڕیارەوتەکاندا)، یەکەم چاپتەری کتێبەکە ئەوەیە: (لە پێویستبوونی دەسپێکی شیکاریی زماندا).

3. R. Rorty, Philosophy and the Mirror of Nature (Princeton: Princeton UP, 1979), 192–209.

4. G. Berkeley, Principles of Knowledge (London: Penguin, 1988), §. 13.

5. بۆ ئەم جیاوازییەیان لە فۆرمی لۆجیکییدا لویس کارۆڵ دەمەلاسکێیان دەکاتەوە لە کتێبی:

Through the Looking Glass (New York: Random House, 1966), 105:

'I see nobody on the road,' said Alice.

'I only wish I had such eyes,' the King remarked in a fretful tone. 'To be able to see

Nobody! And at that distance, too!'

**ژێدەر و خوێندنەوەی زێدەتر:**

Berkeley, George. Principles of Knowledge. London: Penguin, 1988.

Carroll, Lewis. Through the Looking Glass. New York: Random House, 1946.

Hacking, Ian. Why Does Language to Philosophy? Cambridge: Cambridge, UP, 1975.

Hylton, Peter. Russell, Idealism, and the Emergence of Analytic Philosophy. Oxford: Clarendon, 1990.

Kenny, Anthony. Frege. London: Penguin, 1975.

Locke, John. An Essay Concerning Human Understanding, edited by P. H. Nidditch. Oxford: Oxford UP, 1975.

Quine, W. V. O. 'Five Milestones of Empiricism'. In Theories and Things, 67–72. Cambridge, MA: Harvard UP, 1981.

Rorty, Richard. Philosophy and the Mirror of Nature. Princeton, NJ: Princeton UP, 1979.

## ناسینی خودا بەبێ بەڵگە:

## ئایا باوەڕبوون بە خودا پێویستی بە بناغەیەك هەیە؟

نووسین: مایکڵ پیتەرسن، بروس رایشنباخ، ولیەم هاسکەر، دەیڤد بەیسینگەر

لە ئینگلیزییەوە: موسعەب ئەدهەم

سیمۆن ڤێی (1909–1943) عاریفی فەڕەنسی، یەکەمین ئەزموونی خۆی لەگەڵ خودا بەم جۆرە باس دەکات:

لە ساتێکی ئازاری بەهێزی جەستەییدا، ئەو کاتەی دەمویست  هەست بە عیشق بکەم، بە بێ ئەوەی بمەوێت ناوێک بەو عیشقە ببەخشم و بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک ئامادەیی ئەوەم هەبێت "چونکە من هەرگیز بەرهەمە عیرفانییەکانم نەخوێندبوویەوە"، هەستم بە ئامادەگییەک کرد کە لە هەر مرۆڤێک، دیاریکراوتر، یەقین هێنەرتر و واقیعیتر بوو، هەرچەندە نەدەچوویە نێو هەستەکان و هێزی خەیاڵەوە".

ئەزموونی سیمۆن ڤێی لە خودی خۆیدا جێگەی سەرنجی زۆرە، چونکە لە پێشینەی ئەودا پێشەکییەکی لەو جۆرە بوونی نەبوو تاکو بۆ ئەزموونی عیرفانی ئامادەی بکات. ئەو لە خێزانێکی یەهودیی سیکۆلاریست، بە شێوەیەکی نازانمگەرایانە(Agnosticism) پەروەردە بووبوو، هەر بەو جۆرەی خۆی دەڵێت، هیچ یەکێک لەو بەرهەمە عیرفانییانەی نەخوێندبوویەوە کە دەیانتوانی بۆ ئەزموونێکی لەمجۆرەی ئامادە بکەن. ڤێی کە فێرکاریی فەلسەفی بینیبوو و خوێندبووی، بەڵگەی لەمەڕ بوونی خودا و دژەکانی بوونی خودای خوێندبوویەوە و دوچاری گومانێکی چارەسەرنەکراو بووبوویەوە. بە هەرحاڵ ئەو پاش

ئەزموونەکەی نووسی: کاتێک ئێمە لە حاڵەتی نان خواردنداین و تەنانەت ئەو کاتەی خواردوومانە، دەزانین نان واقیعییەتی هەیە و راستە. ئێمە هەرگیز لەبارەی واقیعیبوونی نانەوە، دوچاری گومان نابین. بەڵام فەیلەسوفان گومانیان لەمەڕ واقیعییەتی جیهانی شتە بەرهەستەکانەوە کردوە. ئەم جۆرە لە فەیلەسوفان بە تەواوی لە پێگەی قسەدا گومانیان هەیە، بەڵام لە پلەی کرداردا بە چەشنێک رەفتار دەکەن کە یەقینیان "بەرامبەر جیهانی دەرەکی" بۆ هەر تاکێکی ئاقڵ، بە تەواوی ئاشکرایە.

هەر لەسەر ئەم پێوەرە، کاتێک خودا واقیعییەتی خۆی بۆ کەسێک ئاشکرا دەکات، ئەو کەسە بە ئاسانی دەتوانێت گومان لەم واقیعییەتە بکات. ئەم جۆرە گومانانە بە تەواوی پەیوەستن بە پێگە و پلەی قسەوە و بە جۆرێک لە راهێنان، بۆ بەهێزکردنی هێزی عەقڵانی دەژمێردرین.

لێرەدا بانگەشەی سیمون ڤێی بە تەواوی روون و جێگەی سەرنجە. لە لایەکەوە ئەو دەڵێت: فەیلەسوفان لەبارەی "واقیعییەتی جیهانی دەرەکی"یەوە گومانیان کردوە و ئێمە دەتوانین بەم گومان و دوودڵییانە بەشداری عەقڵانیمان هەبێت "واتە، توێژینەوەیان لەبارەوە بکەین، هەوڵبدەین وەڵامیان بدەینەوە و ...هتد" لە هەمانکاتدا ئەم دوودڵییانە، یەقینمان لەمەڕ واقیعییەتی ئەو نانەی خواردوومانە، لەناو نابات. لە لایەکی ترەوە، فەیلەسوفان گومان و دوودڵییان لەبارەی بوونی خوداوە هەبووە و بە سوود وەرگرتن لە بەڵگە ئایینییەکان و دژە ئایینییەکان چوونەتە نێو ململانێوە لەگەڵ یەکتردا، هەموو ئەمانە باش و پەسەنکراون و لەڕاستییدا بە راهێنانێکی زەینی باڵا دەژمێردرێن، بەڵام ئەم گومانانە بە هیچ جۆرێک یەقینی کەسێک کە "خودا واقیعییەتی خۆی بۆ ئاشکرا کردووە" لە نێونابات، هەر بەو جۆرەی گومانگەلی فەیلەسوفان لەمەڕ واقیعییەتی نان و درەختەکان و بەردەکان، لە نێوبەری یەقین نییە.

ئەگەر بڵێین زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەی کە تێبینییان لە بابەتی بوونی خودا هەبووە پێچەوانەی بۆچوونی ڤێی-ن، شتێکی زیادەمان نەوتوە. هەر بەو جۆرەی خودی ڤێی ددانی بەوەدا ناوە، ئەم جۆرە یەقینانەی لەسەر ئەزموون وەستاون، زۆربەیان بە ناونیشانی یەقینگەلی "بە تەواوی زەینی" رەتکراوە دەژمێردرێن، ئەم ئەزموونانە پێش ئەوەی ببنە پاڵپشتی ئێمە، دەبێت بە بەڵگەی ئەقڵانی "نەک بە تەواوی سۆزاوی" پتەو و بەهێز بکرێن. بە دەستەواژەیەکی تر، ئێمە دەبێت لێکۆڵینەوە لە بوونی خودا لە دوو توێی نیشانە و بەڵگەکاندا بکەین. وا پێدەچێت رێگەیەکی سروشتیی بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتی سەرەوە بەمجۆرە بێت: لە لایەکەوە، هێزی کۆی ئەو بەڵگە جۆراوجۆرانەی بۆ بوونی خودا هێنراونەتەوە و بوونیان هەیە، هەڵدەسەنگێنین و لە لایەکی ترەوە هێزی ئەو بەڵگانەی لەسەر شەڕ بینا کراون و ئەو بەڵگانەی تریش لە دژی بوونی خودا هێنراونەتەوە، هەڵدەسەنگێنین. پاش ئەوە، ئەم دوو کۆمەڵە بەڵگە لە تەنیشت یەکەوە دادەنێین و هێزی هەریەکەیان بەرامبەر ئەویتریان هەڵدەسەنگینین. ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەوە دیاری دەکات کە ئایا باوەڕبوون بە خودا مەعقولە یان نا. ئەگەر بابەتی شەڕمان بە بەڵگەیەکی بەهێز دژی بوونی خودا دۆزییەوە و هیچ یەکێک لەو بەڵگانەی کە بەڵگەی بوونی خودان، بە بەهێز نەزانی بە بەراورد بە بەڵگەکانی نەبوونی خودا، ئەوا دەست هەڵگرتن لە باوەڕبوون بە بوونی خودا کارێکی مەعقولە. لە کاتێکدا ئەگەر بەڵگەکانی بوونی خودا بەهێز بن و بەڵگەکانی نەفیکردنی خودا پوچەڵ بکرێنەوە، باوەڕبوون بە خودا مەعقولە. ئەگەریش دەربکەوێت هێزی ئەو بەڵگانەی بۆ بوون نەبوونی خودا هێنراونەتەوە، بە تەواوی بەرامبەر و یەکسان بن، ئەوە ئاقڵانەترە بڕیار لەسەر شتێکی هەڵواسراو بدەین، واتە، نە باوەڕمان هەبێت و نە ئینکارییش بکەین.

## بەڵگەگەرایی (Evidentialism)

دیدگای سەرەوە لە رووی زاراوەییەوە بە بەڵگەگەرایی ناودەبرێت. هەر بەو جۆرەی پێشتر باسکرا ئەم رێگە و شێوازە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتەی باسی لێوەکرا، بە شتێکی سروشتی دێتەپێشچاو. لەڕاستییدا هێندە سروشتییە کە گەلێک لە فەیلەسوفان ئەمەیان بە بێ چۆن و بۆچی پەسەند کردوە. هەڵبەتە دەبێت سوور بین لەوەی زۆرێک لە خەڵکی ئاسایی، لەوانە ئایینداڕانی ئاسایی و گشتی، بە تەواوی بەمجۆرە بیر ناکەنەوە. زۆربەی ئایینداران لەبارەی ئەو بەڵگانەی بۆ بوونی خودا یان دژی بوونی هێنراونەتەوە، زۆر تێڕامان ناکەن و رەنگە هەستیش بەوە نەکەن شتێکی زۆریان لە دەستدابێت. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بۆ نموونە بە درێژایی خولێکی فێرکاری فەلسەفی پێشینە و سەرەتایی، کۆمەڵە شتێکیان لە بارەی ئەم بەڵگانەوە فێربوون، بۆ هەڵسەنگاندنی بەهێزی و هێزی ئەم بەڵگانە، بە دەگمەن بە جیدی هەوڵدەدەن، هەروەها ئەم تاکانە بە دەگمەن باوەڕی خۆیان بە سەرنجدان لەم بەڵگانە دەوڵەمەند دەکەن. ئەمانە هەر بەو شێوەیەی خۆیان باوەڕدار یان بێباوەڕ دەمێننەوە، بە بێ ئەوەی بەرامبەر ئەم بەڵگانە خۆیان بخەنە ئەرک و ماندووبوونەوە.

راستە زۆربەی خەڵکی بەشێوەی بەڵگەگەرایی لەبارەی خوداوە بیرناکەنەوە، بەڵام فەیلەسوفانی بەڵگەگەرا بە گرنگیدانی زۆر بۆ ئەمکارە قایل نیین. بەڵگەگەراکان دەڵێن بەداخەوە زۆربەی خەڵکی لە پلەی داوەری لەبارەی باوەڕە گرنگەکانیانەوە، بە تایبەت باوەڕی ئایینیان، زۆر نائەقڵانی بیر دەکەنەوە. خەڵکی بە بەڵگەی جۆراوجۆری دەروونی، کۆمەڵایەتی و سۆزداری باوەڕ بە کارێک یان شتیک دەکەن، بەڵام بۆ پیشاندانی ئەوەی کە فڵان باوەڕ پشتی بە بەڵگە بەستووە یان رەنگە راست بێت، ئەم جۆرە بەڵگانە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە. بە هەرحاڵ ژمارەی ئەو کەسانەی کە "بەڵگە" و "راستێتی" گرنگە بۆیان، واتە ئەو کەسانەی کە نایانەوێت بە تەواوی شوێنکەوتووی سۆزەکانیان بن،

بەداخەوە زۆر کەمن. کەسانێکی لەمجۆرە دەتوانن و ئەرکیانە بە پشت بەستن بە بەڵگە و ئارگیۆمێنت، باوەڕی ئایینی خۆیان دەوڵەمەند بکەن.

یەکێک لە گرنگترین ئەو پێشکەوتنانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری فەلسەفەی ئاییندا دروست بووە و هاتۆتەدی، دەرکەوتنی ئەو فەیلەسوفانەیە کە بە توندی بەڵگەگەرایی ڕەت دەکەنەوە. ئەم فەیلەسوفانە "بەو مانایەی لە بەشی سێیەمدا هێنامان"، (ئیمانگەرا) نیین، واتە باوەڕی بونیادیی هەر کەسێک لە هەڵسەنگاندنی ئەقڵانی بە پارێزراو نازانن، بەڵکو بە بۆچوونی ئەمان، باوەڕە ئایینییەکان بە تەواوی دەتوانن شیاو و پەسەند بن، تەنانەت ئەگەر هیچ بەڵگەیەک پاڵپشتیان نەبێت. بە زۆری ئەم دیدگایە ناو دەنێن مەعریفەناسی چاککراو (Reformed epistemology)، چونکە ئەم دیدگایە هاوشێوەی هەندێک لە بۆچوونە گرنگەکانە لە لقی چاکسازی تێداکراو (یان کالڤینیستی)ی پرۆتستانتیزم. هەڵبەتە ئەم دیدگایە خۆی لە خۆیدا پەیوەندی لۆژیکیی بەم لقەی مەسیحییەوە نییە، واتە تاکێک کە قایلە بە مەعریفەناسی چاککراو، بە پێویست نابێت (کالڤینیست)ی یان تەنانەت مەسیحی بێت. سێ نوێنەری گرنگی مەعریفەناسی چاکسازی تێداکراو بریتین لە ئالڤین پلەنتینگا (Alvin Plantinga) (‎-1932)، نیکۆلاس وڵتەرستروف (Nicholas Wolterstorff) (‎-1932) و ویلیام پی ئاڵستۆن (William P. Alston) (1921-2009).

## ڕەخنە لە بەڵگەگەرایی

بۆئەوەی بۆمان دەربکەوێت بۆچی ئەو بیرمەندانەی بە مەعریفەناسی چاککراو قایلن، ڕەخنە لە بەڵگەگەرایی دەگرن، باشتر وایە لە هەنگاوی یەکەمدا، دەرک و تێگەیشتنێکی وردتر لە مانای بەڵگەگەرایی بەدەست بهێنین. (نیکۆلاس وڵتەرستروف) بەمجۆرە بانگەشەی بەڵگەگەراکان ڕوون دەکاتەوە:

**یەکەمین خاڵێک** بەڵگەگەراکان جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە، ئەگەر تاکێک مەسیحییەت یان هەر ئایینێکی دیکە هەڵبژێرێت، بە بێ ئەوەی ئەو باوەڕبوونەی شیاو بێت، ئەو تاکە تووشی هەڵە بووە. **دووەمین خاڵێک** کە بەڵگەگەراکان جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە باوەڕهێنان ئەو کاتە شیاوە کە تاک باوەڕە ئایینییەکانی لەسەر بنەمای باوەڕەکانی دیکەی پەسەند بکات، واتە بەرمەبنای ئەو باوەڕەی کە بەڵگەی بەهێز بۆ ئەو باوەڕە ئایینیەی فەراهەم بکەن، هیچ ئایینێک وەرگیراو نییە، مەگەر ئەو کاتەی مەعقول بێت و هیچ ئایینێکیش مەعقول نییە، مەگەر ئەو کاتەی لە لایەن بەڵگەکانەوە پاڵپشتی لێ بکرێت. ئەمەیە قەیرانی بەڵگەگەراکان.

چ شوێنێکی ئەم بۆچوونە شایەنی ڕەخنەگرتنە؟ ئەم خاڵەی کە دەبێت بە تەواوی باوەڕە شیاوەکان وەربگیرێن و پەسەند بکرێن، ئەمە دوورە ببێتە جێگەی رەخنە و نارەزایی، مەگەر ئەوکاتەی نامەعقولبوون پەسەند بکەین. ئەم خاڵەش بە تەواوی ژێری پەسەندی دەکات بەوەی کە باوەڕە ئایینییەکان بە مەرجێک مەعقولن، کە بەڵگەکان پاڵپشتیان لێ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەو جۆرەی بینیمان، لێرەدا کێشەیەک شاردراوتەوە.

سەرەتا دەبێت سەیر بکەین و بزانین کتومت مەبەست لە پاڵپشتیکردنی باوەڕێک لە لایەن بەڵگەوە چییە. لەم رووەوە دەتوانین چەندین روانین و دیدگای جۆراوجۆر هەڵبژێرین، بەڵام زۆربەی فەیلەسوفانی بەڵگەگەرایی نوێ بە دیدگای مەعریفەناسی قایلن کە بە بناغەگەرایی لایەنی زۆرینە (Strong foundationalism)ناو دەبرێت. بۆ دەرککردنی ئەم دیدگایە، سەرەتا دەبێت باس لە بناغەگەرایی بکەین و پاش ئەوە سەرنج لە  لایەنی جیاوازیی و رووی جیاکاریی بناغەگەرایی لایەنی زۆرینە بدەین.

بناغەگەرایان باوەڕەکانمان بۆ دوو دەستەی جیاواز دابەش دەکەن. ئێمە لە لایەکەوە کۆمەڵە باوەڕێکمان هەیە کە لەلایەن باوەڕەکانی ترمانەوە پشتیوانیی دەکرێن، دەتوانین ئەم باوەڕانە ناو بنێین باوەڕی

بەرهەمهاتوو، بەڵام وا پێدەچێت کۆمەڵە باوەڕێکی دیکە هەن کە بە بێ پشتبەستن یان گەڕانەوە بۆ باوەڕەکانی دیکەمان وەرمانگرتوون، ئەمانەش باوەڕی بناغەیی ئێمەن و پایە و بنەمایەک بەرهەم دەهێنن کە لە کۆتاییدا هەموو پێکهاتەی باوەڕەکان و مەعریفییەکانمان لەسەر ئەوان وەستاون.

هەڵبەتە دەکرێت باوەڕێکمان بە شێوەی بناغە و پایەیەک وەرگرتبێت "واتە، پەسەنکردن و وەرگرتنی ئەو باوەڕە، ئەوە نەبێت کە بیناکراو بێت لەسەر باوەڕانەی تر کە بەڵگەی ئەون" بەڵام ئەم کارەی ئێمە بە تەواوی نامەعقول بێت، بۆ نموونە، ڕەنگە ئێمە کەسێک بە تاوانبار بزانین تەنها لەبەرئەوەی حەزمان لێی نییە و پێی خۆشحاڵ نیین. بەڵام پێدەچێت لە هەندێک هەلومەرجدا تاکێک دەتوانێت هەندێک لە باوەڕەکانی بە بێ پشت بەستن و دەستگرتن بە باوەڕکانی ترییەوە، بە شێوەیەکی ڕاست و شیاو وەربگرێت. ئەم دەستە باوەڕە کە وەرگرتن و پەسەندکردنیان بە بێ هەر جۆرە بەڵگەیەک مەعقولە، باوەڕی بناغەیی واقیعیی و ڕاستیی ئێمەن.

لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنک هەیە کە دەبێت بناغەگەراکان وەڵامی بدەنەوە، ئەویش ئەوەیە: دەتوانین کام لە باوەڕەکان بە بناغەیی بزانین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە دیاری دەکات  کە دەبێت باوەڕەکانی هەر تاکێک لەسەر چ "بونیاد"ێک بینا بکرێت و بەم شێوەیە یارمەتییەکی زۆری دەرککردنی پێکهاتەی کۆتایی باوەڕەکان دەدات.

ئێستا دەتوانین بناغەگەرایی زۆرینە ڕوون بکەینەوە. ئەوەی بناغەگەرایان دەکاتە لایەنی زۆرینە، بۆچوونیانە لەمەڕ ئەو بڕیارەوتانە کە دەتوانرێت بە ناونیشانی بڕیارەوتەی بە ڕاستیی بناغەیی وەربگیرێن. بە بۆچوونی ئەمان، دەبێت ئەو باوەڕە بە باوەڕێکی بناغەیی بژمێردرێت کە نادروستبوونی مەحاڵ یان تاکو ڕادەیەک مەحاڵ بێت. ئەگەر بونیادەکان تاکو ئەو جێگەیەی بۆ مرۆڤ دێتەدی، بەهێز بکرێن، دەزگای باوەڕی

بونیادکراویش کە لەسەر ئەم بونیادانە وەستاوە، بەهێز و پتەو دەبێت. بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە بەگشتی باوەڕیان وایە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەبێت بە تەواوی دوو دەستە لە باوەڕەکان بە ڕاستیی و پایە و بناغە بزانین ئەوانیش: باوەڕە بەڵگەنەویستەکان و هەڵەهەڵنەگرەکان (incorrigible)، باوەڕە بەڵگەنەویستەکان ئەو باوەڕانەن هەر کەس لێیان تێبگات، ددان بە ڕاستییەتیاندا دەنێت، بۆ نموونە: دەتوانین ئاماژە بە ڕاستییەکی سادەی ماتماتیکی وەکو (1+2= 3) بکەین. بەڵام باوەڕی هەڵەهەڵنەگرەکان، بە هۆی ئەزموونە بێ پەردەکانی هەر تاکێکن، وەکو "من هەست بە ئازار دەکەم"، "وا دەزانم شتێکی سوور دەبینم". ڕەنگە شیمانەی بوونی هەڵە لەم جۆرە باوەڕانەدا هەبێت و ڕەنگە نەیشبێت، "ئەم بابەتە هێشتا قسەی لەسەرە." بەڵام پێدەچێت ئەم جۆرە باوەڕانە تاکو رادەیەک و بە نزیکییەکی زۆر لە هەر جۆرە گومانێکی وێناکراو، پارێزراو بن. ئەگە بتوانین باوەڕەکانی تر لەسەر ئەم جۆرە بونیادە بەهێزانە بینا بکەین، وا پێدەچێت گەیشتن بە مەعریفەی راستەقینە، بەهێز و وتوێژهەڵنەگر بێتەدی. بە کورتی دەتوانین بۆچوونی بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە بەم جۆرە روون بکەینەوە: قبوڵکردن و وەرگرتنی باوەڕێکی تایبەت بە تەواوی، ئەو کاتە مەعقولە کە ئەو باوەڕ یان بەڵگەنەویست بێت، یان هەڵەهەڵنەگر و یان بە سوود وەرگرتن لە شێوازە وەرگیراوە و قبوڵکراوەکانی بەرهەم هێنان و هەڵێنجانی لۆژیکی، لە باوەڕ بەڵگەنەویست یان باوەڕە هەڵەهەڵنەگرەکان، هەڵێنجێنرا بێت.

کاتێک (ۆڵتەر ستۆرف) باس لە قەیرانی بەڵگەگەراکان یان بیروباوەڕە ئایینییەکان دەکات، وا پێدەچێت بەڵگەگەراکان دژایەتیان لەگەڵ ئاییندا هەیە، بەڵام بە پێویست بەمجۆرە نییە. لەڕاستییدا ژمارەیەک لە قەرینەگەراکانی وەکو کانت (1596–1650)، لاک (1632–1704) و لایبنێتس (1646–1716) باوەڕیان وابوو بە تەواوی دەتوانرێت بە

جۆرێک بەرگری لە باوەڕبوون بە بوونی خودا و بیرباوەڕە ئایینییەکانی تر بکرێت کە لەم قەیرانە بە سەرکەوتوویی بێنە دەرەوە. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەیەکی زیاتر لە فەیلەسوفان بەم ئەنجامە گەیشتن کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی گونجاو بە پێوەرەکانی بەڵگەگەرایی بەرگری لە ئایین بکرێت، ئەگەر ئەم خاڵە راست بێت، لە واقیعدا ناچار بەڵگەگەرایی و ئایین لە دژی یەکترن.

بەڵام هەڵەی بەڵگەگەرایی و بناغەگەرایی لایەنی زۆرینە رێک لە کوێدایە "بە چاوپۆشین لەو دژیەکییەی زۆرجار لەگەڵ ئاییندا هەیانە"؟ بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە سادەیە. ئەگەر بناغەگەرایی لایەنی زۆرینە بەسەر خۆیدا بشکێنینەوە و یان لەگەڵ خۆیدا رووبەڕووی بکەینەوە، دەبێتەوە دژی خۆی، یان دەتوانرێت بگوترێت خود- وێرانکەرە. "واتە، بە دەربڕینی تایبەتی بە فەیلەسوفان، ناسازگاریی دەروونی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە." بۆ دەرککردنی ئەم خاڵە، سەرنج دەدەین لەو بڕیارەوتەیەی پێشتر لە روونکردنەوەی بۆچوونی بناغەگەرایی لایەنی زۆرینەدا هێنامانەوە:

**-پەسەند کردن و وەرگرتنی باوەڕێکی تایبەت بە تەواوی کاتێک مەعقولە کە ئەو باوەڕە یان بەڵگەنەویست بێت یان هەڵەهەڵنەگر یان بە سوود وەرگرتن لە شێوازە وەرگیراوە قبوڵکراوەکانی بەرهەمهێنان و هەڵێنجانی لۆژیکی، لە باوەڕە بەڵگەنەویست یان باوەڕە هەڵەهەڵنەگرەکان هەڵێنجێنرا بێت.**

ئایا خودی ئەم بڕیارەوتەیە بناغەگەرایانە (بەڵگەنەویست)ە؟ رەنگە بڵێن نەخێر! لەڕاستییدا کەسانێکی زۆر دەرکی ئەم بڕیارەوتەیان کردووە و تێڕامانی وردیان لەبارەوە کردوە، بەڵام بە راستیان نەزانیوە. لەسەرووی ئەوەشەوە ئەم بڕیارەوتەیە، هەواڵێکی (هەڵەهەڵنەگر) لە ئەزموونێکی بێ پەردەی تاکێک نییە، واتە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ بڕیارەوتەی: "وا دەزانم

شتێکی سوور دەبینم"دا نییە. سەرەنجام بە هیچ شێوەیەکی مەعقول ناتوانین ئەم بڕیارەوتەیە لە بابەتە بەڵگەنەویستەکان یان هەڵەهەڵنەگرەکان، هەڵێنجێنین، تاکو بەم هۆیەوە بەڵگەدار بێت. لەبەرئەوە دەتوانین بەم ئەنجامە زۆر سەرنج راکێشە بگەین کە: "ئەگەر بناغەگەرایی لایەنی زۆرینە راست بێت، قبوڵکردنی مەعقول نییە. بەم شێوەیە بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە گرفتاری دۆخێکی زۆر ئاڵۆز دەبن.

بناغەگەرایی لایەنی زۆرینە لەگەڵ کێشەیەکی دیکەدا رووبەڕووە کە بە هەمان ئەندازە شێلگیرە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر بناغەگەرایی لایەنی زۆرینە راست بێت، کەواتە لە زۆرترینی ئەو شتانەدا کە بیر دەکەینەوە شتێک دەزانین، لە هەڵەداین. ئەم خاڵە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە، پێش ئەمە لە روونکردنەوەی بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە ئەوەمان پیشاندا کە خوازیاری بونیادێکی تەواو بەهێزن، تاکو پێکهاتە و بینای مەعریفەی لەسەر بونیاد بنێن. بە بۆچوونی ئەوان ئەگەر ئێمە بە تەواوی ئەو باوەڕانەی گومانهەڵنەگرن بە ناونیشانی (بناغە) وەربگرین، دەتوانین باوەڕەکانی ترمان لەسەر ئەو (بناغە)یە بە دڵنیایی و یەقینێکی زۆر زیاترەوە بونیاد بنێین.

بە داخەوە چەندین جار سەلماوە کە ئەم بەرنامە شکۆدارە بەرهەمی نابێت. ئەگەر زۆرێک لە باوەڕە ناسراوەکانمان "واتە، ئەو باوەڕانەی بە بێ ساتێک دوودڵی بە راستیان دەزانین"، لەگەڵ پێوەرەکانی بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە هەڵسەنگێنین، دەبینین پاڵپشتێکیان نییە. بۆ نموونە ئێوە لە کوێ دەزانن زیاتر لە (45) خولەکە زیندوون؟ ئەوەی کە ئێوە زیاد لە (45) خولەک ژیاون، شتێکی بەڵگەنەویست نییە. بە هەر حاڵ رەنگە زانایەکی زۆر بلیمەت بە ئێوەی کلۆن کردبێت، واتا بە شێوەیەکی نارەگەزیی "واتە، بە بێ ئەوەی دوو رەگەز بە شدارییان لە دروستبوونی ئێوەدا کردبێت" ئێوەیان زۆر کردبێت، بەو مانایە ئێوەی بەرهەم هێنا بێت!

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم باوەڕە لە هیچ یەکێک لە ئەزموونەکانی ئێوەدا هەواڵێکی هەڵەهەڵنەگر نییە. ڕەنگە ئێوە بڵێن ژیانی خۆتان بە درێژایی ساڵانی ڕابردووی دوور بە یادی خۆتان دەهێننەوە، بەڵام ئێمە لە کوێ بزانین ئەمانە یادەوەریی واقیعیی ئێوەن کە لە کۆمەڵە کاروبارێک بەڕاستیی ڕوویانداوە، نەک ئەو باوەڕانەی کە بۆ نموونە بە هۆی زانایەکەوە لە مێشکی ئێوەدا چێنرا بێت؟ هەڵبەتە جۆری دیکەی باوەڕ ناسراو و دیاریش بوونیان هەیە کە پێوەرەکانی بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە لەبارەیانەوە ڕاست نییە، واتە بە پێوەرەکانی ئەمانە ڕاست نیین. ئێمە باوەڕمان وایە درەختەکان، کێوەکان و ئەو شتە فیزیکییانەی دەبینرێن، لەڕاستییدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە درککردنی ئێمە بوونیان هەیە و لە دەرەوەی درکی ئێمەن. هەروەها باوەڕمان وایە مرۆڤەکانی تر"بە پێچەوانەی مرۆڤە ڕۆبۆتییە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان" بەڕاستیی هەست بە خۆیان دەکەن و ئەزموونی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەگەر دیدگای بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە بە هەند وەربگرین، دەبێت دەست لەم بیروباوەڕانە هەڵبگرین، بەڵام هەر ئەم کارە ئەوە پیشاندەدات لە بناغەگەرایانی لایەنی زۆرینە شتیکی تەواو نادروست بوونی هەیە.

بۆ زۆرینە وا دەردەکەوێت بەڵگەگەرایی کە لەسەر بناغەگەرایی زۆرینە دامەزراوە ڕەت دەکرێتەوە. هەرچەندە ڕەتکردنەوەی بناغەگەرایی زۆرینە بەو واتایە نایەت کە هەر دەبێت دەستبەرداری بەڵگەگەرایی ببین. لەوانەیشە کەسێک ڤێرژنێکی بەڵگەگەرایی وا قبوڵ بکات کە لەسەر بنەمای بناغەگەرییەکی ناکلاسیک دامەزرابێت، هەروەها ڕێگەی بدات تا مەودایەکی بەرینتر لە باوەڕەکانی وەک بنەمایەکی دروست قبوڵ بکات. پلەنتینگا خۆی بناغەگەراییەکی لەم ڤێرژنەی هەڵگرتووەتەوە. بەڵام مەعریفەناسی چاکسازیکراو دەپرسێت: ئایا بناغەگەراییەکەی ئازادکراوی لەو شێوە دەتوانێت بەشێوەکی لۆژیکیی شیمانەی باوەڕە بناغەییە دروستەکان کە لەسەر ئەزموونی ئایینیی بیناکروان ڕەت بکاتەوە؟

دەکرێت گونجاوگەرای بەڵگەگەرامان (coherentist evidentialism) هەبێت، گونجاوگەرایی ئەو جیاکردنەوەیەی بناغەگەراکان سەبارەت بە دابەشکردنی باوڕەکان بۆ باوەڕی بناغەیی و باوەڕی وەرگیراو ڕەت دەکەنەوە، لەبری ئەو جیاکارییە، گونجاگەراکان دەڵێن: هەموو باوەڕەکانمان بە ڕێگەی گونجاندن دەپشکنرێن، مەبەست لەو گونجاندنەیش واتا لەگەڵ هەموو باوەڕەکانی ترماندا "لە سیستمێکی یەکگرتووی هەماهەنگدا سازاون". لێرەدا ناچینەناو شایستەییەکانی گونجاگەرییەوە. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەندێک سیستمی باوەڕی ئایینی توند پێکەوە گونجاون، بۆیە ئاسۆکانی پیشاندانی نائەقڵانیبوونی ئایین بەتایبەت لەسەر بنەمای گونجاوگەرایی زۆر گەش نابێت.

لەم دواییینەدا کەسانێک کە خۆیان بە بەڵگەگەرا ناودەبەن، دان بەوەدا دەنێن کە هەرچەند ئارگیۆمێنتی بەڵگەیی یەکلاکەرەوە بۆ پشتیوانی یان لە دژی باوەڕی ئایینیی لە ئارادا نییە، بەڵام ئارگیۆمێنتی شیمانەیی زۆر هەن کە باوەڕی جۆراوجۆری ئایینیی ڕەت دەکەنەوە یان پشتڕاست دەکەنەوە، بۆ نموونە بوونی خودا. هەرچەندە گفتوگۆی بەرچاو لەنێوان باوەڕدار و بێباوەڕاندا لەسەر بەهێزیی ئەم ئارگیۆمێنتانە.

بەڵام تا ئێستا، هەموو ئەوانە هەر بە دیوی نەرێنیدا کەوتوونەتەوە. ئایا شتێک لە بەهای ئەرێنی بۆ ئایین سەرهەڵدەدات ئەگەر بەڵگەگەرایی ڕەت بکرێتەوە؟ بۆ بەدواداچوونی ئەم باسە دەبێت بچینە لای ئالڤین پلەنتینگا.

سەرچاوە:

Petrson, Michael. Reichenbach, Bruce. Hasker, William. Basinger, David. Reason & Religious Belief, An Introduction to The Philosophy of Religion. (New York:

Oxford University Press, 2013). Fifth Edition. Chapter 6. 113–118.